# کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

حامید گەوهەری



ناوی کتێب: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
نووسینی: حامید گەوهەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٤٦
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٢١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## چەند راوبۆچوون دەربارە چاپی یەکەمی کۆمەڵەی ژ. ک

کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان جاری یەکەم ساڵی ١٩٩٨ لە وڵاتی سوید لە ستۆکهۆلم بڵاوکرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەی، ژمارەیەک نامەم لەلایەن دۆستان و خوێنەرانییەوە پێ گەیشت. لە زۆربەی نامەکاندا دەستخۆشییان لێکردووم و بەڕێنوێنی باش و بەکەڵکیان هانیانداوم کە پتر هەوڵی نووسینی بابەتی مێژوویی و دیاردە و ڕووداوەکانی کوردستان بدەم. چەند وتاری ڕەخنەگرانەش لەسەر کتێبەکەم لە گۆڤارەکاندا کەتە بەرچاو، کە بەتێکڕا بوونە هۆی خۆشحاڵیم و پتر هانیاندانم بۆ بەشوێن کەوتنی داخوازەکانیان.

لەناو نامە و بڵاوکراوەکاندا، بڵاوکراوەی بەڕێز ئەفراسیاو هەورامی پترلە هەمووان بۆ من جێگەی سەرنج و دوور لە چاوەڕوانی بوو. ناوبراو پێشتر وەرگێڕاوی چەند بەڵگەنامەی ڕووسیی بۆ ناردبووم، کە لە ئەرشیوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بەدەستی هێنابوو. لە لاپەڕەی ٧ی چاپی یەکەمی (ژ. ک)دا ئاماژەم بۆ ئەو بەڵگەنامانەی کاک ئەفراسیاو کردووە و دوای سوپاس و ڕێزم بۆ ناوبراو ڕامگەیاندووە، کە بەڵگەنامە ڕووسییەکانی هی کاک ئەفراسیاون و لە پاشکۆی کتێبەکەدا بەناوی خۆی بڵاویان دەکەمەوە. کەچی لە بڵاوکراوەکەی ئەفراسیاودا وادەردەکەوێ کە ناوبراو چاوەڕوانی ئەوە بووە کە من کتێبەکەم دوای حەوت ساڵ لێکۆڵینەوە بەناوی ئەو بنووسم و بڵاوی بکەمەوە.

لە بەشی مێژووی چەککردنی شارەبانی مهابادا کەڵکم لە نوسینێکی ژەنراڵ حەسەن ئەرفەع و بەڵگەنامەیەکی ئەرشیوی ڕووسیە وەرگرتووە، کە دەرکەوت هەردوو لە نووسینی مێژووی چەککردنی شارەوانیدا هەڵەیان کردووە. دوو تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوس و ئەفشارپەنا لە میاندواو، مێژووی دروستی چەککردنی شارەبانی مهاباد ڕوون دەکەنەوە. لەو چاپکراوەدا ئەم هەڵەیەم ڕاستکردووەتەوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئەو دۆست و نووسەرە بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر چاپی یەکەمی ژ. کافیان نووسیوە و چاپی دووەمیان دەوڵەمەند کرد. بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەزمانی تورکی ئازەربایجانی بڕواننە پاشکۆی کتێبەکە.

حامید گەوهەری

٢٠٠٣/١/١ سوید



## چەند وتەیەک دەربارەی مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

تا ئێستا دوو نامیلکە و گەلێک وتار و نووسراوەی کورت بەشێوەی پچڕپچڕ لە کتێب و گۆڤاراندا دەربارەی ژیان و چۆنیەتی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «ژ. ک» لەلایەن نووسەرانی خۆماڵی و بێگانەوە بڵاوکراونەتەوە. لەناو ئەو نووسراوانەدا کەمن ئەوانەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو ڕێکخراوەیە، قەوارەی تەشکیلاتی، بەسەرهات و لەنێوچوونیان بەبەڵگە بۆ خوێنەران ڕوونکردبێتەوە، یان تەنانەت ناو و مێژووی دامەزرانیان بەدروستی نوسیبێ. نووسراوەی ئەو بەڕێزانە جیا لە چەند دانەیان کە لەو بەشە و بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم، دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر هەڵوەشانی ژێکافدا، لە زمانی خەڵک وەرگیراون و حاڵەتی بیرەوەرییان هەیە، یاخود لە نووسراوەی نووسەرانی بێگانەی وەک «ویلیام ئیگلتن جونیز» و «ئارچیڤ ڕۆزڤێلت» وەرگیراون و جیا لە دووپات و چەند پاتکردنەوەی گوتنی ئەوان شتێکی نوێیان تێدا بەرچاو ناکەوێ. لەبەر ئەوە، هەرچەندە پتر لەنیو سەدە بەسەر هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا تێپەڕیوە، ژیان و بەسەرهاتەکانی هەروا تەمگرتوون و لە تاریکیدا ماونەتەوە و دوور نەبوو بەدرێژەکێشانی شەڕی سارد لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا یان بەوتەیەکی تر یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و وڵاتە سەرمایەدارەکان، ئەو ڕازە بنگڵ ببوایە.

بەم هەلومەرجە سیاسییەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا سەری هەڵدا، دەرگای ئەرشیڤی حیزبە کۆمۆنیستەکان کرایەوە و گەلێک بەڵگەی نهێنی و شاردراوە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوە بندەستەکان، لەوانە نەتەوەی کورد و ئازەری ژێردەستی ئێران، کەوتنە دەست کەسانی وردبینی خاون تێبینیی نەتەوەیی. ژمارەیەک لەو بەڵگانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەنەتەوەی کورد، کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «ژ. ک»، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری کوردستانەوە هەیە، کە من ئەم کتێبەم لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگانە و ژمارە بەڵگەیەکی تر نووسیوە.

ئەو بەڵگانە بەشێوەی جیاواز و لەلایەن کەسایەتیی جیاوازەوە بەمن گەیشتوون، کە پێویستە لێرە ئاماژەیان بۆ بکەم و وێڕای سوپاسی فراوانم بۆ ئەو ئازیزانە ئەوانیش لە ئامادە بوونی ئەم بەرهەمە مێژووییەدا بەشەریک و بەشدار بناسێنم.

١- بەڵگە نووسراوەکان بەزمانی ئازەری لەلایەن کاک حوسێن بەخشی دانیشتووی ئاڵمان بەمن گەیشتوون و بەیارمەتیی مێژوونوسی ئازەری زمان کاک «جەواد موفرەد» کردوومن بەکوردی. لەم بارەیەوە سوپاسی کاک حوسێنی بەخشی و کاک جەواد موفرەد دەکەم.

٢- بۆ نووسینی سەرچاوەکانی بەرگی ١-٦ی گۆڤاری نیشتمان، لە کتێبی دوکتۆر جەماڵ نەبەز بەناوی «گۆڤاری نیشتمان- زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف» کەڵکم وەرگرتووە.

٣- بەرگی ٧، ٨، ٩ی گۆڤاری نیشتمان جارێک لەلایەن دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور و جارێکیش لەلایەن کاک حەسەنی قازییەوە بەمن گەیشتووە، کە بەگەرمی سوپاسیان دەکەم.

٤- ڕۆژژمێرەکانی کۆمەڵەی ژ. ک و دیاریی کۆمەڵە ژ. ک بۆ لاوان، کە بریتین لە: دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی. گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمانپەروەریدا، لەلایەن دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوورەوە بەمن دراون.

٥- بەڵگەنامە نووسراوە ڕووسییەکان، لەلایەن کاک ئەفراسیاو هەورامی لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراڵ بەدەست هاتوون. کاک ئەفراسیاو بۆخۆی ئەوانەی کردووەتە کوردی و هەشت بەڵگەی بۆ گۆڤاری گزینگ و گۆڤاری ڕابوون ناردووە. منیش دوای خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە گۆڤاری گزینگی ژمارە ١١ و ١٣ و گۆڤاری ڕابوونی ژمارە ٢٢-١٩٩٧دا، بەنامە و تەلەفۆن پێوەندیم بەکاک ئەفراسیاوەوە گرت و پێم ڕاگەیاند کە چەند ساڵێکە لەسەر مێژووی ژ.ک دەکۆڵمەوە و گەلێک بەڵگەی بەنرخم دەست کەوتووە و خەریکم لە کتێبێکدا بڵاویان دەکەمەوە. داوام لێکرد ئەگەر دەربارەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەڵگەیتری لایە و دەیەوێ بڵاویان بکاتەوە، بۆ منیان بنێرێ، کە لە کتێبەکەمدا بەناوی خۆی کەڵکیان لێوەرگرم. کاک ئەفراسیاو لە وەڵامدا وەرگێڕانی ١٩ بەڵگەی ڕەشنوسی بۆ ناردم. دوای سوپاس بۆ بەڕێزیان و دەستەی نووسەرانی گزینگ و ڕابوون، لە ژمارەیەکیان کە پێوەندییان بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە هەیە بەناوی کاک ئەفراسیاو هەورامییەوە کەڵک وەردەگرم.

٦- بەشێک ئاگاداریی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی دوکتۆر عەزیزی زەندی (عەزیز



ئاڵمانی) و وێنەکەیم لەلایەن «میدیە زەندی»، کچی خوالێخۆشبوو عەزیزی زەندییەوە پێ گەیشتوون، کە جێگەی سوپاسی فراوانە.

٧- هەر بەڵگەیەکیتر کە لەو کتێبەدا کەڵکم لێوەرگرتبێ لە شوێنی خۆیاندا پەراوێزم بۆ کردوونەتەوە و ئاماژەم بەسەرچاوە و خاوەنەکانیان کردووە.

٨- گوتم، ئەو ژمارە کتێب و نووسراوانەی کە تا ئێستا دەربارەی ژێکاف بڵاوکراونەتەوە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵەیان بەدروستی بۆ خوێنەران ڕوون نەکردووەتەوە و بگرە دەربارەی ناوی کۆمەڵە و مێژووی دامەزرانیشی بەهەڵە چوون. بۆ ئەوەی لە بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبەدا ناچار نەبم لە مەبەستی دەستنیشانکراو لابدەم و پەنجە بۆ ئەو نووسراوانە ڕاکێشم، پێویستە لێرە لەو بەشەدا بەکورتی ئاماژە بۆ چەند نووسراوەیەکیان بکەم، کە بوونەتە سەرچاوەی نووسینی زۆربەی نووسەرانی دوایی، دەربارەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ژێکاف.

ئا- دامەزرانی ژ. ک. دەربارەی مێژووی دامەزرانی (ژ. ک)دا گەلێک زانیاریی دژ بەیەکتر و ناڕاست بڵاو کراوەتەوە:

١- گۆڤاری ڕۆژی نوێ لە لاپەڕەی ٦ی ژمارەی ١٠ی ساڵی یەکەمیدا کە لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی دامەزرانی ژ. ک نوسیویەتی:

«کاتێ کە لەشکری ئینگلیز هاتە (سنە)وە، لەشکری سوریش هاتە مەهاباد و ناوچەکانیکەی کوردستانەوە... حیزبی ئازادیخوازی کوردستان بڕیاریدا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێ، وە نەک هەر ئەوە بەڵکوو ناوی خۆشی گۆڕی وە ناوی خۆی نا (ژ. ک) ژیانەوەی کورد[1].»

دوکتۆر جەماڵ نەبەز دەربارەی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان دەڵێ: «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان حیزبێکی نهێنی بووە، زانیاریمان زۆر نییە، هەر هێندە دەزانین کە ئەم حیزبە بەسەرۆکایەتیی دوکتۆر عەزیزی زەندی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٩دا لە نێوچەی موکریان دامەزرێنراوە. ئەم حیزبە هەتا مانگی ئابی ١٩٤١، واتە ئەو کاتەی کە لەشکری سۆڤیەت هاتە ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەر مابوو. چونکە

١- گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی «کۆمەڵەی ژێکاف» و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، ل٣٠، نووسینی د. جەماڵ نەبەز.

بەیاننامەیەک لەو حیزبە بەجێماوە کە بەخێرهاتنی لەشکری سۆڤیەت دەکات بۆ کوردستان، کە ئەمەش هەر لە مانگی ئابی ١٩٤١دا بووە. پاش ئەمە حیزبی ئازادیخوای کوردستان بەجارێک نێوی نەماوە. ئەورەحمانی زەبیحی، کە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بەرێوەبەری گۆڤاری «نیشتمان»، لە پەنجاکاندا پێمی گوت کە گوایە عەزیزی زەندی بەهۆی ئەوەوە کە هێندێ لە هاوکارەکانی بە«ناپاک»یان داناوە، دوورکەوتوونەتەوە لێی، و بەوە حیزبی ئازادیخوازی کوردستان تێکچووە، و ئەوجا ماوەیەک کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بێڕێکخراو ماونەتەوە، هەتا بەنهێنی «کۆمەڵەی ژێکاف»یان لە ساڵی ١٩٤٢دا دروست کردووە، و بۆ ئەمەش یەکەم کۆبوونەوەیان لە باخێک کردووە لە نزیک مەهاباد و لەو ڕۆژەدا بڕیاریان داوە «کۆمەڵەی ژێکاف» دامەزرێنن.»

٢- ویلیام ئیگلتن جۆنیز لە لاپەڕەی ٦٥ی کتێبی «کۆماری کورد لە ١٩٤٦»دا وەرگێڕاوی (سەید محەمەدی سەمەدی) دەڵێ: «کۆمەڵەی ژێکاف لە ٢٥ی خەرمانان (شەهریور)ی ساڵی ١٣٢١- ١٦ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٢ لە باخی حاجی داود لە شاری مهاباد دامەزراوە.»

٣- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە لاپەڕەی ٧٦ی کتێبی «کورد و کوردستان» کە ساڵی ١٩٦٤ لە براتسلاڤا (چیکۆسلۆڤاکیا) بەزمانی سلاڤی و ساڵی ١٩٦٥ بەزمانی ئینگلیزی بڵاوی کردووەتەوە، دەربارەی مێژووی دامەزرانی ژ. ک دەڵێ: «پاش ئەوەی دوا بنکەی پۆلیسی ئێران لە ساڵی ١٩٤٤ لە مهاباد کۆکرایەوە، ئەوجا خەڵک بۆخۆی بوو بەفەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە. لەو کاتەدا ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستانە بەنێوی «کۆمەڵەی ژیانی کورد» دەستی کرد بەچالاکی نواندن لە کوردستاندا[2].»

دوکتۆر قاسملو لە لاپەڕەی ١٨ی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا لە نووسینی پێشووی خۆی پەشیمان بووەتەوە و ئەم جارە دەربارەی مێژووی دامەزرانی ژ. ک نووسیویەتی: «دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ١١ کەس بوون کە لە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢١- ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٤٢ی زایینی لە مهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەیان دامەزراند.»

٤- کەریمی حسامی لە لاپەڕەی ٤٢ی کتێبی «کۆماری کوردستان یان خودموختاری»دا

٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٣١.



کە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوی کردووەتەوە دەربارەی مێژووی دامەزرانی ژ.ک نوسیویەتی: «لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و وردە بۆرژوازی شاری مهاباد کۆمەڵەی ژی.کاف (ژیاندنەوەی کورد)یان دامەزراند.»

حسامی لە لاپەڕەی ١٦١ی کتێبی «پێداچوونەوە»دا کە ساڵی ١٩٩٦ لە سوید بڵاوی کردووەتەوە، لە نووسینی پێشووی پەشیمان بووەتەوە و نووسیویەتی «وەک دەزانین کۆمەڵەی ژ. ک لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١- ١٦ی ئوتی ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مهاباد دامەزراوە.»

٥- عەبدولقادر دەباغی لە لاپەڕەی ٩ی «ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژی-کاف»، ١٤/١٢/١٣٦١ی هەتاوی، کە لەلایەن بەشی ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە چاپ دراوە، دەربارەی دامەزرانی ژ. ک دەڵێ: «لە خەرمانانی ١٣٢١ی هەتاوی چەند کەسێک لە باخێکدا کۆبوونەوە و بنچینە و بناغەی کۆمەڵەیەکی تەواو میللی و نەتەوایەتییان داڕشت کە لە دوارۆژدا بەتیشکی ڕووناکی هێنەری، ڕۆژە پرشنگ هاوێژەکەی کوردستانی ڕووناک کردەوە.»

٦- سەید محەمەدی سەمەدی لە لاپەڕەی ١١ی کۆکراوەی خۆیدا بەناوی «ژی.کاف چ بوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟»دا دەربارەی مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، پەنجە بۆ وتەی مەلا قادری مودەڕیسی ڕادەکێشێ و دەنوسێ: «ئەو تێن و مەیلە لە ٢٥ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٤٢ شکڵی گرت.»

٧- ئارچی ڕۆزڤێڵت لە لاپەڕەی ٩ی کتێبی کۆماری کورد لە مهاباد وەرگێڕانی خالد عەزیزی، دەربارەی مێژووی دامەزرانی ژ. ک دەڵێ: «لە ١٦ی مانگی ئاگۆستی[3] ساڵی ١٩٤٣، دە پازدە کەس لە هوردە بۆرژوا و ڕووناکبیرەکانی مهاباد کۆمەڵەی ژی-کاف، (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد)یان دامەزراند.»

٨- دوکتۆر جەماڵ نەبەز لە لاپەڕەی ٣٢ی گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی «کۆمەڵەی ژێکاف» و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا دەڵێ: «گۆڤاری نیشتمان وەرامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە کەی «کۆمەڵەی

٣- ١٦ی ئەگۆستی ساڵی ١٩٤٣ دەبێتە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی.

ژێکاف» دامەزراوە. لە لاپەڕەی (٢)ی ژمارە (٢)ی نیشتماندا هەواڵێک نووسراوە کە جەژنی سەری ساڵی کۆمەڵە لە ٢٥ی گەلاوێژ گیراوە، کە ئەمەش ساڵڕۆژی دامەزراندنی «ژێکاف»ە.

ئەمانە بەشێکن لەو بۆچوونانەی، کە دەربارەی مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف نووسراون. وەک دەبینین زۆربەیان نوسینی ویلیام ئیگلتن جۆنیزیان کردووەتە سەرچاوەی نووسینەکانیان، کە ئەویش مانگی گەلاوێژی بەهەڵە کردووەتە (شهریوەر- خەرمانان). مانگی گەلاوێژی کوردی دەبێتە مانگی «مرداد»ی ئێرانی نەک مانگی شهریوەر. دەربارەی مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەکرێ پەنجە بۆ دەیان وتاری دیکەش ڕاکێشین، کە ئەوانیش لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونانەدان و هەر بەم جۆرە دەربارەی مێژووی دامەزرانی ژێکاف دواون.

وەک دوکتۆر جەمال نەبەز دەڵێ: «وەڵامی دروست و ڕاستەقینەی ئەو پرسیارە، کە کەنگێ کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە، دەبێ لە گۆڤاری نیشتمان و بەڵگەنامەکانی تری ژێکافدا بدۆزیتەوە.» بەڵگەنامەکانی ژێکاف لەوە دەدوێن کە بەر لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵەیەک لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ لە مهاباد دامەزراوە، کە ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە. ئەو کۆمەڵەیە بەداگیرکردنی ئێران لەلایەن سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، ئینگلیز و سۆڤیەت و جێگیربوونی سوپای ئینگلیز و سۆڤیەت لە کوردستاندا، تاکە ڕێکخراوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دوای ئەمە هەروەکوو مامۆستا زەبیحی بۆ دوکتۆر جەمال نەبەزی گێڕاوەتەوە، بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستاندا، «عەزیزی زەندی» و غەفوری مەحموودیان کۆمەڵەیان بەجێهێشتووە و کۆمەڵە لە ئاکامی ناکۆکیی لەنێوان ئەندامانیدا هەڵوەشاوە. بەخۆکشاندنەوەی عەزیزی زەندی و مەحموودیان لە کۆمەڵە، ئەندامە بەجێماوەکانی لەگەڵ ژمارە ڕووناکبیرێکی‌تری شاری مهاباد یەکیان گرتووە و لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١هەتاوی کە دەبێتە ١٦ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤٢ی زایینی، ڕێکخراوەکەیان زیندوو کردووەتەوە. لەو گۆڕانکارییەدا ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان هەڵگرتوە و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان لە جێی داناوە و مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان بەمێژووی خەباتی ژێکافەوە لکاندووە و بەناوی کۆمەڵەی ژ. ک ناساندوویانە.



ب- ناوی ژێکاف. دەربارەی ناوی کۆمەڵەش گەلێک ئاگاداریی ناڕاست بڵاوکراوەتەوە، کە دەکرێ بەکورتی ئاماژە بۆ چەند دانەیەکیان بکەم:

١- لە بەشی مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.کدا، ئاگاداریی نووسینی گۆڤاری ڕۆژی نوێ دەربارەی ناوی ژ. ک بووین، کە دەڵێ:

«کاتێ کە لەشکری ئینگلیز هاتە (سنە)وە، لەشکری سوریش هاتە مەهاباد و ناوچەکانیکەی کوردستانەوە... حیزبی ئازادیخوازی کوردستان بڕیاریدا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێ، وە نەک هەر ئەوە بەڵکوو ناوی خۆشی گۆڕی وە ناوی خۆی نا (ژ. ک) ژیانەوەی کورد.»

٢- ویلیام ئیگلتن جۆنیز لە لاپەڕەی ٦٧ی کتێبی «کۆماری کورد لە ١٩٤٦»دا وەرگێڕاوی سەید محەممەدی سەمەدی، ناوی «کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان»ی بۆ ژ. ک بەکار هێناوە.

٣- دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە لاپەڕەی ٧٦ی کتێبی کورد و کوردستاندا کۆمەڵەی ژ. ک بە«کۆمەڵەی ژیانی کورد» دەناسێنێ، بەڵام لە لاپەڕەی ١٨ی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا، ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی بۆ ژ. ک بەکارهێناوە.

٤- کەریمی حسامی لە لاپەڕەی ٤٢ی کتێبی «کۆماری کوردستان یان خودموختاری»دا دەربارەی ناوی ژ. ک دەڵێ: کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و وردە بورژوازی شاری مهاباد کۆمەڵەی ژێکاف (ژیاندنەوەی کورد)یان دامەزراند.» ناوبراو لە لاپەڕەی ١٦١ی کتێبی «پێداچوونەوە»شدا، ژ. ک بە«کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد» دەناسێنێ و لە ژێر سەردێری ناوی کۆمەڵەی ژێکافدا دەڵێ: - «بەبڕوای من پڕ بەپێستی بارودۆخی ئەودەمی کوردستان و لەگەڵ ویست و ئامانجی نەتەوەی کورد یەکیدەگرتەوە. ڕاستە هاتنی ئۆردووی هاوپەیمان و ڕوخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی کوردی لە ژێردەستی و زۆرداری حکومەتی عەجەم ڕزگار کردبوو، بەڵام ژیاندنەوەی بیر و هۆشی نەتەوایەتی و توانای مەعنەوی و گێڕانەوەی هێزی هیوا بەخۆبوونی کورد بوو بەئەرکی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ. ک.»

٥- ئارچی ڕۆزڤێلت لە لاپەڕەی ٩ی کتێبی کۆماری کورد لە مهاباد وەرگێڕانی خالد عەزیزی، ناوی «کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد»ی بۆ ژ. ک بەکار هێناوە.

٦- دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕەی ٣١ی گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی «کۆمەڵەی

ژێکاف» ، ژێکافی بە«کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» ناساندووە و لە بەشێک لە نووسینەکەیدا دەڵێ: ئێمە با لێرەدا لەوە بگەڕێین کە قاسملو نێوی ژێکافی بەهەڵە نووسیوە و بە«کۆمەڵەی ژیانی کورد»ی داناوە، ڕاستییەکەی ژ. ک- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردە نەک کۆمەڵەی ژیانی کورد......

٧- مەحموودی مەلا عیزەت لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبی کۆماری میللی مهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، کە ساڵی ١٩٨٤ لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆدا چاپ کراوە، کۆمەڵەی ژێکافی بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ناساندووە.

٨- پرۆفیسۆر لازاریڤ لە لاپەڕەی ١٧٧ی کتێبی «بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی هەرە تازەدا» کە ساڵی ١٩٨٧ لە مۆسکۆ بڵاوی کردووەتەوە، ناوی «ژیانەوەی کوردستان»ی بۆ ژێکاف بەکارهێناوە(٤).

٩- گۆڤاری ڕێگا کە لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٧- ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ١٩٤٨، نزیکەی دوو ساڵ دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، تەنیا ژمارەیەکی لەلایەن غەنی بلوریان و محەمەدی شاپەسندی و بەهاوکاریی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی لە باشووری کوردستان لە گوندی «سیتەک» دەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا، لەژێر سەردێری «ڕێگا» نووسیویەتی، «اورگانی کومەلەی ژیانی کورد.» غەنی بلوریان دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو ناوە بۆ گۆڤارەکەیان دەڵێ: «بۆ ئەمە ئەو ناوەمان هەڵبژارد و کەڵکمان لە ناوی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی ژێکاف وەرنەگرت، کە هەڤاڵانی بەندییکراو و ئەو کەسانەی کە لەژێر چاودێریی پۆلیسدا بوون، توشی چەرمەسەری و لێدان و شکەنجە نەبن.

بە کورتی هەتا ئێستا ناوەکانی «کۆمەڵەی ژیانی کورد» ، «کۆمەڵەی ژیانی کوردستان» ، «کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد» ، «کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان» ، «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» و «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» بۆ ژێکاف بەکار هێنراوە.

هەروەک دەزانین، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەسەر بنەما و بنچنەی نیشتمانی و بۆ ئازادکردن و تێکخستنەوەی جەستەی زامدار و لەتوکوتکراوی کوردستان دامەزراوە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەم بڕوایەدا نەبوون، کە کورد نەماوە و دەبێ زیندووی بکەنەوە.

٤- لە لاپەڕەی ١٦٩ی کتێبی پێداچوونەوە، نووسینی کەریم حسامی وەرگیراوە.



ئەوان باوەڕیان بەشێوازی سروشتی ژیان هەبووە و زیانیویانە کوردیش وەک نەتەوەکانی‌تر دەمێنێ و ژمارەی دەچێتە سەر. ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە بوونی حەقیقیی بۆ کورد نەبووە، نیشتمانی کورد بووە، کە لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا هەر ڕۆژەی کوتێکی لێ خراوەتە سەر خاکی داگیرکەران. لەبەر ئەوە و بەپێی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵە، ناوی تەواوی ژێکاف، «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» بووە. کۆمەڵە لەم ڕوانگەیەوە ناوی ئۆرگانەکەی خۆی ناوە گۆڤاری «نیشتمان» و «دایکی نیشتمانی» هێناوەتە سەر شانۆ و ناوی گۆڤاری «هاواری نشتمان»یش بەتێکڕا لە ناوی کۆمەڵە وەرگیراون و ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی دامەزرێنەرانی و هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بووە. تەنانەت هەڵبژاردنی سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبیش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕێبەران، شاعیران و نووسەرانی کورد لەو سەردەمدا نەتەوەکەیان پێ زیندوو بووە.

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان
نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان(٥)»

جیا لەو هەڵە نووسینانەی کە دەربارەی ناو و مێژووی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بینیمان، زۆربەی ڕووداو و چالاکییەکانی کۆمەڵەش بەهەڵە تۆمار کراون یان بەمەبەستی سیاسیی کەڵکیان لێ وەرگیراوە یان باسیان لێ نەکراوە. بۆ نمونە هەرکەسە بەشێوەیەک دەربارەی دەستبەسەرداگرتنی ناوەندی شارەبانی (پۆلیس) مهاباد دواوە و زۆربەی نوسەران بۆ نووسینی ئەو بەشە، کتێبی کوردەکانی «حەسەن ئەرفەع» ، (سەرۆکی نووسینگەی سوپا )ی ئێرانیان کردووەتە سەرچاوەی نووسینەکەیان، کە ئەویش نووسینەکەی دوور لە هەڵە نییە. ژمارەیەکیش، لەوانە دوکتۆر قاسملو، ساڵی ١٩٨٣ لەنێوان کۆنگرەکانی ٥-٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، کە حیزبەکەی لە گێژاوی بەربەرەکانی ناوخۆییدا بوو، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٩٤٥ی، کە ڕۆژی

٥- ئەم هۆنراوەیە کە بووەتە سرودی نەتەوایەتیی کورد، یونس ڕەئووف «دڵدار» هۆندوویەتیەوە. دڵدار لە ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە دایکبووە. ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی هیوا و بۆ ماوەیەک سکرتێری ئەو کۆمەڵەیە بووە. ١٩٨٤/١١/١٢ کە تەنیا ٣٠ ساڵی تەمەن هەبوو، چرای پرشنگداری ژینی کوژایەوە.

هەڵكردنی ئاڵای كوردستانە لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە، بەمەبەستی سیاسی كردە ڕۆژی چەككردنی شارەبانی مەهاباد. بەم بۆنەیەوە، ئەو ڕۆژە بەڕۆژی چوككردنی شارەبانی مەهاباد و ڕۆژی پێشمەرگەی حیزب ناسێنرا. دیارە زۆر بابەتی هەڵەكراویتریش هەن، كە لەم كتێبەدا لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبن.

لە كوتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێیم كە كاك فەرهاد شاكەلی ئەم كتێبەی بۆ بژار كردووم و هەڵەكانی بۆ ڕاست كردوومەتەوە، كە جێگەی سوپاسی فراوانە.

حامید گەوهەری
ستۆكهۆڵم **١٩٩٨**



## سەرەتا

شەڕی چاڵدیران لەنێوان ئیمپراتۆریەتەكانی سەفەوی و عوسمانییدا بەنوختەگۆڕانێكی گرنگی مێژووی نەتەوەی كورد و كوردستان دەژمێررێ. لەو شەڕەدا كە **٢٣**ی ئاگۆستی ساڵی **١٥١٤**زاینی بەهێرشكردنی لەشكری سوڵتان «سەلیمی عوسمانی» بۆ سەر لەشكری شا «سمایلی سەفەوی» دەستی پێكرد، كوردستان بوو بەگۆڕەپانی شەڕ و پێكدادانی نێوان دەوڵەتەكانی سونەی عوسمانی و شیعەی ئێران كە دامەزرێنەكەی شا سمایلی سەفەوی بوو. چونكە كوردەكان لە لایەک سونە بوون و لە لایەكیترەوە شەڕەكە لە هەرێمی ئەواندا ڕوویدابوو، زۆربەی سەرۆک عەشیرەتە كوردەكان لەو شەڕەدا پشتی عوسمانیەكانیان گرت و لە ئاكامدا سوڵتان سەلیم توانیی لەشكری شاسمایل بشكێنێ.

شكانی سەفەوییەكان لە شەڕی چاڵدیراندا، سەرەتای دابەشبوونی خاكی كوردستان بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا. ئێران هەرچەندە لە شەڕی چاڵدیراندا شكا، بەڵام شەڕی لەگەڵ عوسمانی بەزوویی كۆتایی پێ نەهات و هەر دوو دەوڵەت بۆ سەقامگیركردنی دەسەڵاتی پتری خۆیان بەسەر كوردستاندا دەیان ساڵ بەربەرەكانیی یەكتریان كرد، تا سەرئەنجام سوڵتان «موراد»ی چوارەم توانیی بەسەر شا «سەفیەدین»ی ئەوەڵدا زاڵ بێت و لە ساڵی **١٦٣٩**ز لە شارۆچكەی «زوهاو» پەیمانی دابەشكردنی كوردستانی پێ مۆر بكات. لە ڕاستیدا سوڵتان سەلیمی گەورە ئەم پەیمانەی لە ساڵی **١٥٥٥**زاینی بەسەر شا «تەهماسب»ی یەكەمدا سەپاندبوو. بەپێی پەیمانی زوهاو سێ لەچواری خاكی كوردستان كەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی سونەی عوسمانییەكان و یەک لە چواریشی چووە ژێر دەستی دەوڵەتی شیعەی ئێران[1].

هەوڵ و تێكۆشانی دەوڵەتەكانی ئێران و عوسمانی دوای شەڕی چاڵدیران بۆ دەستەمۆكردنی سەرۆک عەشیرەتە كوردەكان و داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر كوردستاندا بەئاسایی ئەنجامی نەگرت و كوردەكان ئامادە نەبوون بەئاسانی خۆ بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵگرن. لەبەر ئەوە، بۆ بەچۆكداهێنانی

١- كورد، تورک وعەرەب، نووسینی سیسیل ج ئیدمۆندس، وەرگێڕانی نووسەری ئەم كتێبە.

عەشیرەتەکان توشی گەلێک شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر ڕاپەڕینی «خانی لەپ زێڕینی برادۆست» بوو، کە ساڵی ١٦٠٨ز دژی دەسەڵاتدارییەتی شا «عەباسی سەفەوی» لە قەڵای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی لەلایەن «ئوسکارمان»ی ئاڵمانی لە ناوچەی مهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربڵاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتیی تێدا دەبینرێ.

هەستی کوردایەتی لەناو عەشیرەتە کوردەکاندا لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا سەری هەڵداوە و بووەتە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتیی ژمارەیەک نووسەری کورد. لەوانە، «فەقێ تەیران» و «مەلای جەزیری» بۆ نوسینەکانیان لە زمانی زگماکی کوردی کەڵکیان وەرگرتووە و «ئەحمەدی خانی»ش داستانی مەسنەویی مەموزینی نووسیوە. مەموزینی ئەحمەدی خانی یەکەم نووسراوەی کوردە کە لەژێر پەردەی بەیتی مەموزیندا هەستی ناسیۆنالیستی کورد زەق دەکاتەوە. بەڵام بیری پاشکەوتووی دەرەبەگایەتی لە قۆناخی فیۆدالیزمی ئەو سەردەمی کوردستاندا و بەهێزبوونی بیری ئیسلامی لەناو کوردە دەسەڵاتدارەکاندا، پێشی بەهەڵدانی دروست و بەجێی ئەو هەستە نەتەوایەتییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشت بەشێوەی سروشتی گەشە بکات و پەرەبستێنێ و بگاتە ئاستی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد لەو قۆناخەدا.

کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بەدەست سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان هەڵدەسوڕا. ئەوان لە پلەی میرەکانی «هەکاری»، «بۆتان»، «بادینان»، «سۆران»، «بابان»، «ئەردەڵان» و «موکری»دا، نزیک بەهەموو کوردستانیان بەدەستەوە بوو. هەرکام لەو میرە کوردانە بەداب و ڕەسمی ئەوکاتە، خاوەنی دەزگای بەڕێوەبەری حکومەتیی و هێزی پارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتی نەتەوەیی یەک بگرن و دەوڵەتی کورد دامەزرێنن و بچنە ژێر فەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە. ئەوان هەمیشە بۆ ڕاگرتن و بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان هەوڵیان داوە و ئەگەر ژیان و سەربەستیی ناوچەکەیان لە مەترسی کەوتبێ، ماوەیەک دژی نەیاران بەربەرەکانیان کردووە، تا سەرئەنجام دەوڵەتەکانی تورک و ئێران بەکۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا، کۆتاییان بەژیانی ئەو میرنشینانە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوان لە کوردستاندا هێنا.

گرنگترین بزووتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شێخ «عوبەیدوڵڵای نەهری» لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەنجامی گرت. شێخ کە ڕێبەرێکی



ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسیی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بەهاریکاریی «بەحری بەگ بەدرخان» توانی سەرۆک عەشیرەتەکانی «زەرزا»، «گەورک»، «مامەش»، «پیران» و «مەنگوڕ» لێکنزیک کاتەوە و بەدروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، هەرێمەکانی «ماکۆ»، «خۆی»، «سەڵماس»، «ورمێ»، «شنۆ»، «مهاباد» و «مەراغە» ڕزگار بکات. لەشکری شێخ بەرەو «تەورێز» دەچێ، کەچی لەوێ بەدەست دەوڵەتەکانی تورک و ئێران دەشکێ و پاشەکشەی پێدەکرێ. شێخ لەلایەن تورکەکانەوە دەگیرێ و لە «ئەستەمبوڵ» دەستبەسەر دەکرێ و سەرئەنجام بۆ «مەکە» دوور خرایەوە و لە ساڵی ١٨٨٢دا لەوێ کۆچی دوایی کرد(٢).

دوای شکانی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کوردە ڕووناکبیرەکانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی بەئەزموون وەرگرتن لە بزووتنەوەگەلییەکانی وڵاتانی ئەورووپا، لە فیکری دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە دەکەون، تا لەو ڕێگایەوە، سەرەڕای هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەیان بەربەرەکانیی داگیرکەرانی کوردستان بکەن. «میقداد مەدحەت بەدرخان» لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لە «قاهیرە» بڵاوکردەوە(٣). ڕۆژنامەی کوردستان ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو لە ژیانی سیاسی، ڕۆشنبیری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورددا.

لە ساڵی ١٩٠٠وە تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیی و دابەشکردنی کوردستانی ژێردەستی تورکیا بەسەر سوریا و دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقدا، نەتەوەی کورد گەلێک چالاکیی ڕێکخراوەیی بەشێوەی دامەزراندنی کلوب و کۆمەڵە هەبوو. ساڵی ١٩٢٠، بەپێی پەیمانی «سیڤر» هەلێکی لەبار بۆ کورد ڕەخسا کە دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنێ، بەڵام بەدەسەڵات گەیشتنی «مستەفا کەمال» لە تورکیا و مۆرکردنی پەیمانی «لۆزان» لە ١٩٢٣دا، ئەم ئاواتەی کوێرکردەوە و بووە هۆی ئەوە کە کێشەی کورد بۆ ماوەی نزیک بە ٧٠ ساڵ لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لەبیر بکرێ و بزووتنەوەی کوردستان ببێتە بازاڕی سەودا و مامەڵەی نێوان دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیستیی و وڵاتە سەرمایەدارەکان و هەر جارەی لایەنێک بەقازانجی خۆی کەڵک لە کێشەی کورد وەرگرێ، تا سەرئەنجام ڕووسیە و هاوپەیمانەکانی ناوی پیرۆزی سیستمی سۆسیالیستییان لەسەر

٢- کوردەکان، لاپەڕەی ٣٥، نوسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی نووسەری ئەم کتێبە.
٣- کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، کۆکردنەوەی دوکتۆر کەمال فوئاد.

خۆیان هەڵگرت و ئاگری شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان کوژاندەوە.

کوردستان بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا گەلێک ئاڵوگۆڕی نوێی سیاسیی بەسەردا هات. ڕەزا شا لەساڵی **١٩٢١** لە ئێران بەدەسەڵات گەیشت و لە **٢٥**ی ئۆکتۆبەری ساڵی **١٩٢٢**دا بۆ تواندنەوەی کورد پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ مستەفا کەمال مۆر کرد. ناوبراو ساڵی **١٩٢٥** سوپای ئێرانی نوێکردەوە و بەشێوەیەکی مۆدێرن ڕێکیخست و سیستمی سەربازگیریی ئیجباریی دامەزراند. فەرمانی چەککردنی گشتیی عەشایری ڕاگەیاند و عەشیرەتەکانی چەککرد. عەشیرەتی «جەلال»ی لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ «قوچان» و دەوروبەری «مەشهەد» و لەبەرکردنی بەرگی کوردیی یاساخکرد و نەیهێشت لە دەزگا حکومەتییەکان، خوێندنگەکان و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا کورد بەزمانی زگماکی بدوێن. بزووتنەوەکانی «سمایل ئاغای سمکۆ»، «مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕێ»، «جافرسوڵتانی هەورامی» و «حەمە هەتیو»ی سەرکوت کرد. مەلا خەلیل، مەلایەکی ناسراوی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مهاباد بوو، کە دژی یاساخکردنی بەرگی کوردی ڕاپەڕیبوو.

مستەفا کەمال ساڵی **١٩٢٢** بەپشتگیریی کوردان دەوڵەتی کۆماری تورکیای دامەزراند. ناوبراو هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتەکەیەوە دژی کوردان ڕاپەڕی و عەشیرەتە کوردەکانی چەککرد و کۆمەڵێکی زۆری لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ شارە تورک نشینەکانی «ئانادوڵ.» چەند بزووتنەوەی لە ناوچەکانی «سیواس»، «بینگول» و «ساسون» سەرکوت کرد. ساڵی **١٩٢٤** لەبەرکردنی بەرگی کوردی و ئاخفتن بەزمانی کوردیی یاساخکرد و ڕایگەیاند تورکیا وڵاتی تورکانە و تەنیا تورکی لێ دەژی. مستەفا کەمال زۆر بێڕەحمانە سەدان گوندی کوردانی سوتاند و بزووتنەوەکانی شێخ سەعید، سەید ڕەزا و ڕاپەرینی ئاراراتی سەرکوت کرد. ڕاپەرینی ئارارات لەلایەن کۆمەڵەی «خۆیبوون»ەوە سەرۆکایەتی دەکرا. خۆیبوون ڕێکخراوەیەکی سیاسیی کورد بوو، کە بەئامانجی ئازادکردنی کوردستان، بەیەکگرتنەوەی چەند کۆمەڵەی کوردی بەسەرۆکایەتیی «ئیحسان نوری پاشا» دامەزرا. خۆیبوون یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی **١٩٢٧** لە «بحمدون»ی «لبنان» بەست. تا ساڵی **١٩٣١** خەباتی کرد و بەشکانی بزووتنەوەی ئارارات لەناو چوو[٤].

٤- تاریخچە جنیشهای ملی کرد از قرن ١٩ تا پایان جنگ جهانی دوم، لاپەڕەی ١٠٧، نووسینی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی بە نازناوی سعید بدل.



فەیسەڵی یەکەم لە دووی خەرمانانی ساڵی **١٩٢١** کرا بەشای عێراق. ئەم وڵاتە تا ساڵی **١٩٣٠** لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی (قیم) ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکاندا بوو. لە ساڵی **١٩٣٢**دا بەوڵاتێکی سەربەخۆ ناسرا و بەئەندامی شورای وڵاتە یەکگرتووەکان وەرگیرا. دوای پێکهاتنی وڵات و دەوڵەتی نوێ لە عێراق، کە بەشێکی کوردستانیش خرایە سەر ئەو وڵاتە، زمانی کوردی و ڕێزگرتن لە داب و نەریتی کوردی لەو بەشەی کوردستان یاساخ نەکراو لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموودەوە هەتا ئێستا شۆڕش و بزووتنەوە کوردییەکان ئەم دەستکەوتەیان بۆ نەتەوەی ئێمە پاراستوە و کوردی ژێردەستی عێراق بەهەموو دەرد و ئازاری نەپساوەیانەوە توانیویانەتی لە بواری سیاسی و فەرهەنگییدا چالاک بن و منداڵانیان لە خوێندنگەکانی کوردستاندا زمانی زگماکی بخوێنن. بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، شێخ مەحموودی حەفید لە مانگی گوڵانی ساڵی **١٩١٩**دا دەوڵەتی پاشایەتیی کوردی ڕاگەیاند. ئینگلیزەکان دژی دەوڵەتی شێخ مەحموودی ڕاپەڕین و بۆ شکاندنی بزووتنەوەی شێخ «ئەحمەدی بارزانی» و «مەلا مستەفای بارزانی»ش ڕاستەوخۆ هاوکاریی سوپای عێراقیان کرد.

## دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ک

نەتەوەی کورد لە ڕەوتی ژیانیدا بەپێی تێکەڵاوی ڕەگەزی، ژیانی نیوە کۆچەری و پێداویستییەکانی کاری ڕۆژانەی زۆری گوێنەداوەتە سنورە دەستکردەکانی دوژمن لەناو خاکی کوردستانداو سەرەڕای زەبروزەنگ و توندوتیژیی داگیرکەران نەیهێشتووە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان کوردی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان لێک بپچڕێ.

کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی زایینی قۆناغی هۆشیاربوونەوە و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و پەرەستاندنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکانی نیشتمانی کوردە. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان لە لایەن «میقداد مەدحەت بەدرخان»، پەسەندکردنی پەیمانی «سیڤەر» بۆ سەربەخۆکردنی بەشێک لە خاکی کوردستان، دامەزرانی دەوڵەتی کورد لە لایەن شێخ مەحموود، بزووتنەوەکانی شێخ سەعید، سەید ڕەزا، سمایل ئاغای سمکۆ، سەرهەڵدانی پەیتاپەیتای بزوتنەوەکانی ناوچەیی و دروستبوونی دەیان کۆمەڵە و یانەی سیاسی و فەرهەنگی و بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامەی جۆراوجۆری کوردی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا، بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەن کە کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیدا پێی ناوەتە قۆناغی هۆشیار بوونەوەی سیاسی و بیری نەتەوایەتیی پەرەیستاندووە. ڕووناکبیرە خەباتگێڕە کوردەکان لەم ڕوانگەیەوە هەمیشە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەبووە و هاوکاریی یەکتریان کردووە و نەیانهێشتوە پێوەندی سیاسیی نێوان بەشەکانی کوردستان لێک بپچڕێ. ئەوان لە پلەی پێشڕەوانی نەتەوەی کۆڵۆنی کورددا، دوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی «سیڤەر» و پەسەندکردنی پەیمانی «لۆزان»، لەنێو جەوی دیکتاتۆرییەت و زەبروزەنگی داگیرکەرانی کوردستاندا، کە هێشتا خەیاڵی تواندنەوەی کورد و خاکی کوردستانیان لە مێشکدایە، بەچەشنی ڕووناکبیرانی وڵاتانی جیهان، کە بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرەو دامەزراندنی ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی چوون، بەپێی بارودۆخی زاڵ بەسەر کوردستاندا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەی سیاسی جەماوەری هەنگاویان هەڵگرت.



دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، عێراق و تورکیا بەزانیاری لەو «بیرە ڕزگاریخوازییە هەڵقوڵاوە» لەناو ڕووناکبیرانی نەتەوەی کورددا، ئیزنیان نەداوە کورد بەشێوەی دیموکراتی و بەئاشکرا باس لە مافە سیاسییەکانی خۆی بکات و بۆ بەرگریکردن لەو، هەوڵیان داوە کوردی ڕزگاریخواز بەجیاوازیخواز بناسێنن و خەبات و تەنانەت ویستە سەرەتاییەکانی لە چوارچێوەی نەرم و نیانی لابدەن و ئاوێتەی شەڕ و پێکدادانی چەکدارانەی بکەن و سەرئەنجام بەهێزی سەربازی و بەچەک وەڵامی داواکارییەکانی بدەنەوە. هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو سیاسەتە تەنیا چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەتی خۆیانی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو سەرەڕای گشت ناکۆکییەکانیان، بۆ کپکردنی دەنگی کوردان هەمیشە بەیەکەوە هاوکارییان کردووە. بۆ نمونە، ئەوان لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٧دا، لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان یەکیان گرت و بەبەشداربوونی نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز لە کۆشکی «سەعدئاباد»ی تاران کۆبوونەوە و پەیمانێکی دە خاڵییان مۆر کرد، کە لە مێژوودا بە پەیمانی «سەعدئاباد» دەناسرێ. ئەو دەوڵەتانە لە بەندی حەوتی پەیمانی سەعدئابادا بەڵێن دەدەن کە هیچ جموجۆڵێکی چەکداریی دژ بەخۆیان لە ناوچەدا نەهێڵن و ئیزنی تێکۆشانیش بەهیچ ڕێکخستنێک نەدەن، کە دژی بەرژەوەندی ئەوان پێک بێ. هەروەها بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان لێک بپچڕن، پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی سنوورە دەستکردەکانیان کردبووە خاڵی سەرەکیی پەیمانەکەیان[١].

بەرلە دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ک لە مهاباد، لە باشووری کوردستان «کۆمەڵەی لاوان» دامەزرا. ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٤دا گۆڤاری «دیاریی لاوان»ی بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٣٥، کۆمەڵەیەکی نهێنی لە سلێمانی دامەزرا، کە ناوی «کۆمەڵەی پێشڕەوی نیشتمان» بوو[٢]. هەرچەندە ئەو دوو کۆمەڵانە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بەژیان بدەن، بەڵام توانییان تا ئەو ڕادەیە شوێن لەسەر مێشکی کوردە ڕووناکبیرەکانی بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات دانێن کە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانی هەنگاو هەڵگرن. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە پلەی یەکەم

١- دەقی پەیمانی سەعد ئاباد.

٢- گۆڕانکارییە ڕامیارییەکان لە عێراق ١٩٤١-١٩٥١ نووسینی جەعفەر عەباس حەمیدی، وەرگێڕانی فەهد گردوانی.

ڕێکخراوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو. بەوردبوونەوە لە بەڵگەنامەکانی ژ. ک دەردەکەوێ، ژ. ک هەمان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە، کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١- ١٦ ئاگۆستی ١٩٤٢، ناوی خۆی گۆڕیوە و بووەتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە هەلومەرجێکدا پێکهات، کە دیکتاتۆریەتی ڕەزا شا باڵی ڕەشی بەسەر کوردستاندا کێشابوو. ڕەزا شا دەیویست بەیارمەتیی مستەفا کەمال «ئاتاتورک» نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بتوێنێتەوە. چونکە کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی تەواو نهێنی بووە و دەزگای ڕاگەیانەنی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری نەبووە، بەڵگەیەکی لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشان یان گۆڕینی ناوی لێ بەجێنەماوە، بەڵام «قاسمی ئیلخانی زادە» کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، لە دامەزراندنی پێوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا، لە دانیشتنێکدا ئەم دیاردەیەی بۆ حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز ڕوونکردووەتەوە، کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەمان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانە. «ماکسیمۆڤ م» باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٣/١١/١٩٤٤- ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٣یدا پەنجە بۆ ڕاپۆرتی حەسەنۆڤ ڕادەکێشێ و دەڵێ:

– «بەپێی ڕاپۆرتی هاوڕێ حەسەنۆڤ کە لەگەڵ قاسمی ئیلخانی زادە سەبارەت بەپارتی ژێکاف هەیبووە، وا دەردەکەوێ کە ئەم پارتییە پێش هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران لە دایکبووە.» ماکسیمۆڤ ئینجا لە کەوانەدا دەڵێ: «دیارە مەبەست لە پارتی ئازادیخوازی کوردستانە[٣].»

جیا لە قاسمی ئێلخانی زادە کە بەشێوەی ڕەسمی لە لای حەسەنۆڤ ئاماژەی بۆ کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان کردووە و چۆنیەتییەکەی لە ڕاپۆرتی ماکسیمۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە، هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ک لە هیچکام لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ئاماژەی بۆ بەم دیاردەیە نەکردووە و بگرە مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانی بەناوی خۆی تۆمار کردووە. تەنانەت لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، دەربارەی هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاکی

٣- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٩٤/ ئو ٣٠/ د ٦٦/ پ ٣٤٨/ لاپەڕەی ٥٦. لە پاشکۆدا بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە، کە ئەفراسیاو هەورامی کردوویەتە کوردی.



کوردستان نوسیویەتی:

«بەبۆنەی هاتنی لەشکری سوور بۆ مهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نووسی و دەست بەدەست بڵاوی کردەوە و ڕایگەیاند هەرکەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات، لاپەڕەیەکی لە ڕوو بنوسێتەوە و بیدات بەکەسێکی تر. حیزبی ئێمە لەو بڵاوکراوەیەدا لەشکری سووری بەناوی لەشکری ئازادکەری نەتەوەی کورد ناساند. دوای هاتنی لەشکری سووری سۆڤیەت بۆ ئێران دەرکەوت حیزبی ئێمە لەناو حیزبەکانی دیکەدا حیزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بەفاشیست بووە.»

کورد لە قۆناغی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەتەواوی لە شار و گوندەکان نیشتەجێ نەبووە و دوای شەڕیش هەرچەندە ژمارە گوندێکی زۆر سازکرابوون لە کوردستاندا، بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی کوردستان بەپێی پێداویستییەکانی ژیانی ئاژەڵداریی ناچار بوون بەرەو لەوەڕگە و کوێستانەکان کۆچ بکەن و چەند مانگی ساڵ لەو جێیانە بژین. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس «مینۆرسکی» لە دائیرەتولمعارفی ئیسلامیی ساڵی ١٩٢٥دا دەڵێ: «ژمارەی کورد لە کوردستانی ئێران نیو ملیۆن و لە کوردستانی تورکیا یەک ملیۆن و نیوە.» بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٣-١٩٢٤ لە عێراق، ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای موسڵ ٤٩٤٠٠٧ کەس بووە. لەو ژمارەیە ١٨٩٠٠٠ کەسیان لە هەرێمی سلێمانی و ١٧٠٦٥٠ کەسیشیان دانیشتووی هەرێمی هەولێر بوون. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا نزیک بەنۆ ملیۆن کەس بووە[٤]، کە لە ڕووبەری ٥٤٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی کوردستاندا ژیاون. لە سێ ملیۆن کوردی ژێردەستی ئێران لە سەردەمی کۆمەڵەدا، ٣٠٠,٠٠٠ کەسیان لە شارەکان و ٢,٧٠٠,٠٠٠ کەسیشیان لە گوندەکان ژیانی نیوە کۆچەرییان هەبووە[٥]. لە کۆی ئەم ژمارەیە، تەنیا نزیکەی پێنج لە سەدی کوردان خوێندەوار بوون و ئەوانیتر بەتایبەت ژنانەکان خوێندەوارییان نەبووە. گوندەکانی کوردستان خوێندنگە و بنکەی تەندروستی و پزیشکیان نەبوو. بۆ نمونە شارێکی وەک مهاباد تەنیا خوێندنگەیەکی هەبووە. کوردستان هەرچەندە خاوەنی گەلێک کانزای بەپیتە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان هێشتا هەوڵیان نەداوە بنکە

٤-گۆڤای نیشتمان ژمارە ٥، لاپەڕەی ٣، ڕێبەندانی ١٣٢٢.

٥- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، لاپەڕەی ١٠، نووسینی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو.

و کارگای سنعەتیی پێشکەوتووی لێ دامەزرێ و بەشێوەی جۆراوجۆر پێشیان بەگەشەکردنی کوردستان گرتووە و خەڵکەکەیان بەهەژاری هێشتووەتەوە.

ئاوی زۆر و کێڵگە و لەوەڕگەی بەپیتی کوردستان سەرچاوەی ئەسڵیی داهاتی خەڵکەکەی بووە، بەڵام لەم بارەیەشەوە چونکە دەغڵودانی کوردستان بەئامراز و کەرەسەی کۆن و پاشکەوتوو بەدەست هاتوون! بەرهەمی کوردستان تەنیا بەشی خەڵکی خۆجێی کردووە. لە لایەکی‌ترەوە کوردستان ئەو کاتە سەردەمی دەرەبەگایەتیی پشتسەر نەنابوو، ئابوورییەکەی بەپێی داب و نەریتی دەرەبەگایەتی بەڕێوە چووە و وەرزێڕانی خاوەنی زەویی خۆیان نەبوون و بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتیان چووەتە ناو گیرفانی دەرەبەگەکانەوە و بۆ خۆیان لەوپەڕی هەژاری و دەستەنگیدا ژیاون.

لەو هەلومەرجە ناسکەی کوردستاندا کۆمەڵێک لاوی ڕووناکبیری بەهەستی شاری مهاباد، بەپێی داب و نەریتی ئەوکاتی شەوانی ڕەمەزانی کوردستان هەر شەوەی لە ماڵێک کۆبوونەتەوە و یاریی «جۆرابێن»یان کردووە. ئەوان لەو کۆبوونەوانەدا بەرەبەرە بەگوێگرتن لە دەنگی قەوانی سەید «عەلی ئەسغەری کوردستانی» و خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد، بەتایبەتی شیعرەکانی حاجی «قادری کۆیی» بەرەو باسی سیاسی ڕاکێشراون و سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتوون، کە بەچەشنی براکانیان لە باشوور و باکوری کوردستان کۆمەڵەیەک دامەزرێنن. هەوێنی فیکری دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بۆ یەکەمجار لە دەروونی ئەو ژمارە لاوانە هەڵقوڵیوە. ئەوان هەرچەندە بەژمارە کەم بوون، بەڵام خۆڕاگر و بەتاقەت و لەخۆبردوو بوون و توانیویانە لەژێر کۆنترۆڵی توند و تیژی حکومەتی ئێراندا کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان دامەزرێنن[٦].

هەیئەتی ناوەندی ژ٠ک لە ڕاپۆرتێکی گشتیدا، کە لەسەر چۆنیەتیی دامەزراندنی ژ٠ک، مێژووی خەباتی، چۆنیەتیی دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، قەوارەی تەشکیلاتی، پرۆگرام، شێوەی ئەندام وەرگرتن و ژمارەی ئەندام، پێوەندی لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و چەند

٦- ئاڵەکۆک، نووسینی غەنی بلوریان. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم کتێبە. مامە غەنی بە جێگەی کەڵک وەرگرتن لە ناوی کۆمەڵەی ڕزگاریخوازی کوردستان کەڵکی لە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف وەرگرتووە.



بابەتی‌تر بەنامەی ژمارە ٤٤٤ی ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣- ٢٨ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٤ بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردووە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان نەکردووە و ناڵێ چۆن کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بوو بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، بەڵام مێژووی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانی بەمێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان گرێداوە و دەربارەی دامەزران و مێژووی ژ٠ک نووسیویەتی:

– «حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵی توند و تیژی حکومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە. تا ئەو جێیەی کەسێک بەتەواوی جێی متمانەی ئێمە نەبایەت، داوای ئەندامەتیی لێ نەکراوە و سیاسەتی ئێمە لەم بارەیەدا ئێستاش هەر بەم جۆیە. لە مانگی مای ساڵی ١٩٣٩دا، کوردەکانی عێراق داوای پێوەندییان بەحیزبی ئێمەوە کرد. هەر لەو مانگەدا ئەندامێکی نوێنەری حیزبی ئێمە چووە ناوچەی سەرسنوری عێراق و چاوی بەدوو ئەفسەری کوردی عێراقی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیاردرا هاوکاریی دوولایەنە پەرەی پێ بدرێ. دوو کوردی مەدەنی «سویل»یش لەو کۆبوونەوەیەدا بوون. بەهۆی خیانەتی یەکێک لەو ئەفسەرانە بەناوی «فایق ئەمین» حکومەتی عێراق بەبڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی زانی بوو. عێراق لەبەر ئەوەی کە لە پەیمانی «سەعدئاباد»دا بوو، چۆنیەتیی ئەم دیدارە و بڕیارەکانی بەئێران ڕاگەیاند و ئێرانیش کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی توند. حکومەتی ئێران بەپەلە هێزی چەکدارەکانی خۆی هۆشیار کردەوە، کە کوردەکانی ناو سوپاکەی بخەنە ژێر چاودێری و شوێنی گرنگی سەربازییان پێ نەسپێرن. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوچۆی کوردستانی عێراقیان دەکرد، لە ناوچەی خۆیان دوور خرانەوە. ژمارەیەکی بەرچاویان لە ئەندامانی ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانە دوور خستەوە. کردەوەی زاڵمانەی حکومەتی ئێران هەلی بۆ ئێمە ڕەخساند، کە بەشی ڕاگەیانەنی حیزب چالاک بکەین و هەستی بێزاریی خەڵکیش لە حکومەت ڕێگەی بۆ ئەم بزاڤەی ئێمە دژی حکومەت خۆشکرد[٧].»

هەر وەکو غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٩ی ئاڵەکۆکدا ئاماژەی بۆ کردووە، حوسێنی فروهەر و محەمەدی ڕاتبی دوو «ئەندامی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان» لەناو دوور

٧- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بە زمانی تورکی ئازەربایجانیی بڕوانە پاشکۆی کتێبەکە.

خراوەکاندا بوون و بۆ هەرێمی «شیراز» و «کرمان» دوور خراونەتەوە و لاوێکیش بەناوی «حاجی خەسرەوی» گیراوە. جیا لەوە، عەزیزی زەندیش ساڵی **١٩٣٩** چووەتە ئاڵمان و دوای جێگیربوونی سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکان لە ئێران گەڕاوەتەوە مهاباد.

بەپێی ئەم بەڵگەیەی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ک کە لە چۆنیەتی دامەزرانی کۆمەڵە دەدوێ، دەردەکەوێ کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە مانگی یونی ساڵی **١٩٣٨** زاینی دامەزراوە. دوای گەڕانەوەی بەشێک لە ئەندامانی لە زیندان و تەبعید و سەفەری دوورە وڵات، ناکۆکییان لێ پەیدا بووە. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا و دوکتۆر جەمال نەبەزیش ئاماژەی بۆ کردووە، ئەندامانی کۆمەڵە بڵاوەیان بەڕێکخراوەکەیان کردووە و بەکردەوە کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان هەڵوەشاوە. دوای تێپەڕبوونی نزیک بەساڵێک بەسەر هەڵوەشانی کۆمەڵەدا، حوسێنی فروهەر و چەند هەڤاڵی دیکەی لەگەڵ ژمارە ڕووناکبیرێکی‌تری مهاباد یەکیان گرتووەتەوە و لە **٢٥**ی گەلاوێژی ساڵی **١٣٢١**- **١٦**ی ئاگۆستی ساڵی **١٩٤٢** ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازییان گۆڕیوە و کردوویانە بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لە ڕۆژژمێرە تایبەتییەکانی خۆیدا بۆ ساڵی **١٣٢٢**هە- **٤٣-١٩٤٤**ز و ساڵی **١٣٢٣**هە- **٤٤-١٩٤٥**ی زاینیدا ئاماژە بەمێژووی دامەزرانی ژ. ک دەکات و دەڵێ کۆمەڵە لە ڕۆژی **٢٥**ی گەلاوێژ دامەزراوە.

ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ. ک لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەدا ئاماژەیان بەڕۆژیی دامەزرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان نەکردووە و نەیانگوتوە کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لەچ ڕۆژێکدا دامەزراوە و تەنیا پەنجەیان بۆ ساڵ و مانگی دامەزرانەکەی ڕاکێشاوە. لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لەنێوان ڕۆژانی **١١**ی جۆزەردان و **٩**ی پوشپەڕی ساڵی **١٣١٧**ی هەتاوی واتە مانگی یونیی ساڵی **١٩٣٨** دامەزراوە و مێژووی خەباتیشی سەرەتا بەناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان و پاشان بەناوی کۆمەڵەی ژ. ک تۆمار کراوە(٨).

---

٨- «اسفندیار بزرگمهر» لە کتێبی بەسەرهاتەکانی ژیانیدا بە ناوی «کاروان عومر»، کە ساڵی **١٣٧٢** لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە، لە فەسڵی حەوتەم، «دیدار از آذربایجان و کردستان»، لاپەڕەی **٩٧**دا ئاماژە بە چالاکییەکانی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان لە مهاباد دەکات و پەنجە بۆ گرتن و دوورخستنەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە لایەن دەزگا پۆلیسیەکانی ڕەزا شاوە ڕادەکێشێ، بەڵام ناوی گرتووەکانی و دوورخراوەکانی نەنووسیوە.



## ناوی تەواوی کۆمەڵەی ژ. ک

لە بڵاوکراوەکانی ژ. کدا ناوی تەواوی کۆمەڵە نەنووسراوە و ناوی کۆمەڵە تەنیا بەدوو پیتی ژ.ک ناسنێراوە. ئەم ناڕوونییە هەلی بۆ ژمارەیەک نووسەر ڕەخساندووە کە بەسەلیقە و بۆچوونی خۆیان جۆرە ناوێک بۆ ژ. ک بەکار بێنن و لە ئاکامدا کەمبوون ئەوانەی ناوی دروست و تەواوی کۆمەڵەیان بۆ ژ. ک بەکار هێنابێ.

هەروەکو لە لاپەڕەکانی ١٦-١٧دا گوتم، کۆمەڵە لەسەر بنەما و بنچینەی نیشتمانی و بۆ ئازادکردن و تێکخستنەوەی جەستەی زامدار و لەت و کوت کراوی کوردستان دامەزراوە.

ئەگەر بەوردی چاو بەمێژووی جوگرافیای سیاسیی کوردستاندا بخشێنرێ لە لایەک دەردەکەوێ سەردەمێک «هەگماتانە»، «مەندەلی»، «موسڵ»، «ئەرزەڕۆم»، «ئەرزەنجان» و... بەشێک بوون لە خاکی کوردستان، بەڵام دوژمن بەپەیڕەویکردن لە سیاسەتی تواندنەوەی کورد ئەو جێیانەی لێ زەوت کردووە، لە لایەکی ترەوە بەوردبوونەوە لە نێوەڕۆکی وتارە نووسراوەکانی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ١-٩ و سەرنجدان بەبار و دۆخی کوردستان دوای هەڵوەشاننەوەی پەیمانی «سیڤەر»، کە سەربەخۆیی بەشێک لە خاکی کوردستانی تێدا گونجابوو و پەسەندکردنی پەیمانی «لۆزان» لەلایەن «دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە»، شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕین و بزووتنەوە کوردییەکان و یاساخکردنی زمان و فەرهەنگی کوردیی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێرانی و بەتورک، فارس و عەرەبکردنی کوردستان، هەر جارەی لە لایەکەوە بەشێک لە خاکی کوردستان بەرتەسک کراوەتەوە و خراوەتە سەر وڵاتی داگیرکەرانی کوردستان. ئەم کارەساتانە، ڕووناکبیرە کوردەکانی ناچار کردووە بۆ بەرگریکردن لە تواندنەوەی پتری کوردستان، کە بەشێکی بەهۆی کۆچ پێدانی بەزۆرەملێی کوردان لە شوێنی ژیانیان و یاساخکردنی زمان، فەرهەنگ و شوێنەوارە کوردییەکان و تێخزاندنی تورک، فارس و عەرەب لە کوردستاندا ئەنجامی گرتووە، بەتێکخستنەوەی خاکی چەند پارچەکراوی کوردستان، ئەو وڵاتە بژێننەوە، تا کوردستان لە نەمان ڕزگاری بێ و کورد بتوانێ چەشنی گەلانی‌تری جیهان لە وڵاتی خۆیدا بەسەربەستی بژی.

دامەزرێنەران و ڕێبەرانی کۆمەڵە بەزانیاری لە هەلومەرجی ئەو کاتی جیهان، کە گەلانی کۆڵۆنی هەوڵی ئازادکردنی نیشتمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان داوە، بەم ئاکامە گەیشوون کە ئەگەر کورد خاکەکەی لە دەست بچێ، ئیتر ناتوانێ پێناسەی نەتەوایەتیی خۆی بسەلمێنێ و داوای مافی چارەنوسی خۆی بەدانانی دەوڵەتی ناسیونالی کوردی بکات. دامەزرێنەران و ڕێبەرانی کۆمەڵە لەم ڕوانگەیەوە هەموو تیۆری و سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای نیشتمانی و لە چوارچێوەی ئازادکردنی خاکی کوردستاندا دامەزراندووە.

کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بەزانیاریی لەم ئامانجە بۆ ئازادکردنی کوردستان پێک هاتبوو. کاتێکیش هەڵوەشا و ناوی کرا بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەر ئەو ئامانجەی هەبووە و ویستوویەتی بەتێکخستنەوەی خاکی کوردستانی لەتلەتکراو کوردستان بژێنێتەوە و دەوڵەتی دیموکراتی کورد دامەزرێنێ. بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دەربارەی ناوی تەواوی ژ. ک ئەم نارِوونی و شکوگومانە لەناو دەبەن. حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە شاری تەورێز کە پێوەندی ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی بەنوێنەرانی هەیئەتی ناوەندیی ژێکافەوە هەبووە و لایەنی پێوەندیگری سۆڤیەت لەگەڵ ژ. ک بووە، لە ڕاپۆرتێکدا بەڕوونی پەنجە بۆ ناوی تەواوی کۆمەڵە ڕادەکێشێ و دەڵێ:

– «زەبیحی وتەکانی ئێلخانی زادەی دووپات کردەوە و وتی: «ئەم ڕێکخراوە نزیکەی دوو ساڵە پێک هاتووە و ناوی پارتی ژ. کاف بەواتای پارتی ژیانەوەی کوردستانە»[1].

١– بەڵگەنامەی ژمارە ف ٠٩٤/ ئو ٣٠/ د ٦٥/ پ ٣٤٨ ل ١٤٩ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ. دەتوانن ئەم بەڵگەیە لە لاپەڕەی ٥٣ی ڕابوونی ژمارە ٢٢– ١٩٩٧شدا بخوێننەوە.



## دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

دەربارەی ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیش پێویستە ڕابگەیەنم کە لە بەڵگەنامەکانی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. کدا ئاماژە بۆ ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەکراوە، بەڵام نووسراوەی نووسەرە خۆماڵی و بیانییەکان و وتەی شاهیدانی زیندوو دەسەلمێنن، کە هەوێنی فیکریی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە سەرەتادا لە مێشکی ئەو کەسانە هەڵقوڵیوە کە لە کۆڕی شەوانی ڕەمەزانی ساڵانی ٣٦– ١٩٣٧دا بەشدارییان کردووە[1] و بەسەرۆکایەتیی عەزیزی زەندی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان دامەزراندووە. ژمارەی دروستی ئەو بەشدارانە ڕوون نییە، بەڵام لە ڕووداوەکانی دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان دەردەکەوێ، عەزیزی زەندی، حوسێنی فروهەر، حوسێنی مکایلی، کەریمی یاهو، غەفوری مەحموودیان و محەممەدی ڕاتبی لە بناغەدانەران و دامەزرێنە سەرەکییەکانی کۆمەڵە بوون. ئەوانە بوون، کە دوای پێوەندی گرتن لەگەڵ کوردی بەشی باشوور کەوتوونەتە بەر پەلاماری حکوومەتی ڕەزاشا و حاجی خەسرەوی گیراوە و حوسێنی فروهەر و محەممەدی ڕاتبی لە مەهاباد دوورخراونەتەوە و عەزیز زەندیش چووەتە وڵاتی ئاڵمان[2].

دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە و جێگیربوونی سوپای سۆڤیەت لە باکور و ناوەندی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠–٢٥ی ئاوگۆستی ١٩٤١دا، حوسێنی فروهەر و هەڤاڵانی لە زیندان و شوێنی دورخستنەوە و عەزیزی زەندی لە ئاڵمان گەڕاونەتەوە مەهاباد. دوای گەڕانەوەی ئەو ژمارەیە، کۆمەڵەی

١– ئاڵەکۆک نووسینی غەنی بلوریان. کۆکردنەوە و ئامادە کردنی نووسەری ئەم کتێبە.

٢– لە بەرگی یەکەمی کتێبی «اسناد احزاب سیاسی ایران (١٣٢٠–١٣٣٠)»، کە لەلایەن «بهروز طیرانی» کۆکراوەتەوە و «انتشارات سازمان اسناد ملی ایران» لە ساڵی ١٣٧٦ چاپی کردووە، ڕاپۆرتێکی «سەیفوڵڵای نانەوازادە (سەهبا)»، خوێندکاری «دبیرستان نظام»ی تارانی دەبینرێ، کە لە هاوینی ١٣٢١–١٩٤٢دا دژی چالاکیی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، بە تایبەت خەباتگێڕی چالاک محەممەدی نانەوازادە ئاراستەی ئۆرگانەکانی باڵای سوپای ئێرانی کردووە.

ئازادیخوازی کوردستان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی ناکۆکیی ئەندامانی و لە ئاکامدا عەزیزی زەندی و غەفوری مەحموودیان کۆمەڵەی بەجێهێشتووە و لە ئاکامدا کۆمەڵە هەڵوەشاوە. لەبەر ئەوەی کە مهاباد و ناوچەی موکریان ئەوکاتە دەسەڵاتی داگیرکەرانی بەسەرەوە نەبووە، ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان دوای دوورکەوتنەوەی عەزیزی زەندی و مەحموودیان لە کۆمەڵە، لەگەڵ ژمارەیەکی‌تر لە نیشتمانپەروەرانی دانیشتووی مهاباد، کە خاوەن بیری نەتەوەیی بوون و باوەڕیان بەسەربەخۆیی کورد و تێکخستنەوەی خاکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کورد هەبووە، یەکیان گرتووە و ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان گۆڕیوە و بەسەرۆکایەتیی حوسێنی فروهەر و بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان درێژەیان بەخەبات داوە. ئەوانەی لەم گۆڕانکارییەدا پتر ناویان بەدەرەوە و لە بەڵگەنامەکان و نووسراوەکانی ژ. ک و ڕاپۆرتی کاربەدەستانی سۆڤیەتدا ناویان هاتووە بریتن لە:

قاسمی قادری قازی مامۆستای خوێندنگە، عەلی ڕیحانی بازرگان، عەلی مەحموودی مامۆستای خوێندنگە، مستەفای سوڵتانیان بازرگان، عەبدولڕەحمانی کەیانی بازرگان، ئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان) بازرگان، عەبدولڕەحمانی زەبیحی گەنج، حوسێنی فروهەر (حوسێنی زێڕینگەران) بازرگان، محەممەدی یاهو کارمەند، مەلا عەبدوڵلای داودی (مەلای حەجۆکێ) ڕووناکبیر، محەممەد ئەمینی شەرەفی بازرگان، سەدیقی حەیدەری بازرگان، محەممەدی نانەوەزادە و محەممەد دڵشاد ڕەسوڵی کوڕە بازرگان.

لە بڵاوکراوەکانی ژێکافدا دەردەکەوێ، دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە سەرەتادا بەگشتی جیا لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژ بەهیچ کام لە دەوڵەتانی دنیا نەبوون و ئامادە بوون دەست بۆ هەر دەوڵەتێک ڕاکێشن کە ئامادەی یارمەتیکردن بەکورد بێ، بەڵام دوای دامەزراندنی پێوەندی کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، چوارچێوەی خەبات و تاکتیکی کۆمەڵە لە باری هەڵبژاردنی دۆست گۆڕاوە و بەم مەبەستە کە دەوڵەتی ئینگلیز بەشێوەی ڕاستەوخۆ دژی بزووتنەوەی شێخ مەحموود هاوکاری ڕژێمی عێراقی دەکرد و لەمپەری خستبووە بەر دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و نەیهێشتبووە کیانی کورد



بەڕەسمی بناسرێ، بەپاڵپشتی سۆڤیەت دژی دەوڵەتی ئینگلیز ڕاوەستاوە[٣]، کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

بەرلەوەی کە کۆتایی بەو بەشە بێنم باشترە زنجیرەی باسەکە بەرنەدەم و ئاماژەیەکی کورت بەژیان و بەسەرهاتی عەزیزی زەندی و چەند دامەزرێنەری سەرەکیی ژ. ک بکەم کە لە سەرەتاوە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوون:

١- حوسێنی فروهەر ناسراو بە«حوسێنی زێڕینگەران» گەنجێکی ڕووناکبیر و خوێندەوارێکی نەسرەوتووی شاری مهاباد بوو. سەرەتا بۆ کڕینی کوتاڵ هاتوچۆی کوردستانی بندەستی عێراقی کردووە و لەوێوە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی لەگەڵ خۆی هێناوە و گەیاندوویەتە دەست هەڤاڵە ڕووناکبیرەکانی و ماوەیەکیش کارمەندی ئیدارەی ماڵیەی شاری مهاباد بووە. فروهەر یەکێک بووە لە بناغەدانەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان. ساڵی ١٣١٧- ١٩٣٨، لەلایەن پۆلیسی ڕەزا شاوە گیراوە و بۆ شاری «کرمان» دوورخراوەتەوە و دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١ گەڕاوەتەوە مهاباد.

دوای دوورکەوتنەوەی عەزیزی زەندی لە کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، فروهەر لەگەڵ چەند کەسێکی‌تر کە پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان گۆڕیوە و کردوویانە بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. هەروەکوو مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٦٠ی «چێشتی مجێور»دا ئاماژەی بۆ کردووە، حوسێنی فروهەر ئەندامی ژمارە یەکی ژێکاف و سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بووە. ناوبراو هەروەها لە کۆماری کوردستاندا پلەی سەرهەنگیی هەبووە بەڵام بەهۆی لەژێرپێ نانی دیسیپلینی سەربازی، دەرەجەی لێ وەرگیراوەتەوە. مرۆڤێکی زۆر ئازا و چاونەترس بووە، دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی گیراوە، بەڵام لەو کاتەدا کە ویستوویانە لەگەڵ «عەبدوڵلای ڕۆشنفیکر»، «حامیدی مازووچی»، «ڕەسوڵی نەغەدەیان» و «محەممەدی

٣- وتاری «ئەستێرەییێکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کورددا» کە دوای بڕیاری ڕۆژی ٢٣ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢ی قەڵای سارمێ لە لاپەڕەی ٢ی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٣-٤دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و «جوانمێری و مەردوم دۆستی بریتانیای گەورەی» خستۆتە پاڵ دەوڵەتی ئینگلیز، پێش دامەزرانی پێوەندی ژ. ک لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نووسراون.

نازمی[٤]» ئەفسەرانی کۆمار بیبەنەوە مهاباد و ئیعدامی بکەن، لەبەر ئەوەی کە پێشتر لە کۆماری کوردستاندا دەرەجەی لێ ئەستاندرابووەوە، لە مەرگ ڕزگاری بووە و وەبەر بەخشینی شای ئێران کەوتووە. دوای ماوەیەک لەگەڵ ڕێبەرانی‌تری کۆماری کوردستان لە زیندان ئازاد کراوە.

حوسێنی زێڕینگەران دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە کۆڵی نەدا و لە پلەی شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوودا، دەستی لە خەبات دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران هەڵنەگرتووە. لەبەر ئەوە چەند جاری دیکەش گیراوە و پتر لە پازدە ساڵ لە زیندانەکانی تەورێز، تاران و «بەرازجان»دا ڕاگیراوە و سەرئەنجام بەهۆی نەخۆشیی دەردەباریکە «سیل» لە زیندان ئازاد کراوە و لە تەمەنی پیرییدا بەم نەخۆشییە سەری ناوەتەوە و تەرمی پیرۆزی لە شاری مهاباد بەخاکی نیشتمان سپێرراوە.

٢- عەزیزی زەندی ناسراو بەعەزیز ئاڵمانی ساڵی ١٢٧٧هەتاوی ١٨٩٨ی زایینی لە گوندی «قالوێی زەندان» لە ناوچەی مهاباد چاوی بەژین کردووەتەوە. لە حوجرەی فەقێیان و لە لای مام ڕەسوڵ ناوێک، کە کەسایەتییەکی موسوڵمانی خوێندەوار بووە، قورئانی خوێندووە و هەر لە لای ئەو مام ڕەسوڵە خوێندنی سەرەتایشی تەواو کردووە. لە سەرەتای مێرمنداڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە مهاباد و بۆتە کەوش دووروو (پینەچی).

لە ساڵی ١٣١٧- ١٩٣٨ لەگەڵ حوسێنی مکایلی، کەریمی یاهو، حوسێنی فروهەر، غەفوری مەحموودیان و چەند کەسی‌تر کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانی دامەزراندووە. ساڵی ١٣١٨-١٩٣٩، لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، کە هاوڕێیانی لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە گیراون و دوورخراونەتەوە، لەگەڵ چەند گەڕیدەی خاچهەڵگر چووەتە ئاڵمان و یاسای خوێندووە و بووەتە پارێزەر. ساڵی ١٣٢٠-١٩٤١ دوای جێگیربوونی سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکان لە ئێران و کوردستان، گەڕاوەتەوە مهاباد و ماوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سجیل کاری کردووە. عەزیزی زەند دژی پێوەندی کۆمەڵە لەگەڵ

٤- حوسێنی زێڕینگەران ویستبووی سێ تاوانبار سزا بدات، کە بە هۆی پێوەندی گرتن بە ڕژێمی ئێران لە لایەن کۆماری کوردستانەوە لە شارەوانی مهاباد بەندی کرابوون. ناوی ئەو سێ کەسانە لە وتاری « عەیبەی بزانن مەلعونینە» لە لاپەڕەی ٣ ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٨دا بڵاوبووەتەوە و ئەوانە بریتین لە: مەلا عەبدولڕەحمانی سرونجداغی، محەمەدی فاروقی و هەمزەی قاوەچی خەڵکی نەغەدە.



یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و سپاردنی کاری کوردستان بەڕووسەکان بووە. بەم هۆیەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان ناکۆکیی لێ پەیدا بووە و بەلایەنگری کردن لە ئاڵمانی نازی تاوانبار کراوە. دوکتۆر عەزیزی زەندی بەم بۆنەیەوە لەگەڵ غەفوری مەحموودیان حیزبی ئازادیخوازی کوردستانی بەجێهێشتووە و بۆ پارێزگاری کردن لە گیانی خۆی و بنەماڵەکەی چووەتە شاری تەورێز و لەوێ نیشتەجێ بووە. دوای چوونی عەزیز بۆ تەورێز، غەفوری مەحموودیان لە گەڕەکی جولەکانی شاری مهاباد لە بەردەرگای ماڵی «باباجو»ی تاجر تیرۆر کراوە. بەپێی ڕاگەیاندراوی ژمارەی ١٩١٢٥- ١٠/١/١٣٢٦- ١٩٤٧/٣/٣٠ی ڕوکنی ٢ی لەشکری چواری سوپای ئێران لە ورمێ، کە لە بەشی دوایی ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێ، یەکێک لەو تاوانانەی کە دادگای سەربازیی سوپای ئێران خستوویەتە پاڵ پێشەوا قازی محەمەد، کوژرانی غەفوری مەحموودیان بووە.

عەزیزی زەندی کەسایەتێکی خوێندەواری خاون قەڵەم بووە. ناوبراو کتێبی «ئیرشاد و لمزنبین» (ڕێنوێنی گوناحکاران)ی، کە کتێبێکی ئایینی خاچهەڵگرانە لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی و لە لاپەڕەی ٢٤٥ی وەرگێڕاوەکەیدا کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێ نووسیوییەتی:

«تەواو بوو کتێب ارشاد المذنبین دە ساوجبلاغی مکریدا دە ١٩٢٦ میلادیدا مطابقی ٧ی مانگی شوالی ١٣٤٤ محمدی (س) کە ترجمە کرا لە زبانی ئینگلیزی بەسەبەبی فقیر عاصی میرزا عزیز زندیە مشهور بەئاڵمانی.»

ئەم کتێبە ئێستاش لە کتێبخانەی کۆنگرە Library of Congressی ئەمریکایە. دوکتۆر عەزیزی زەندی بەر لە دامەزرانی حکومەتی ئازەربایجان بەسەرۆکایەتیی پیشەوەری، بەناچار تەورێزیشی بەجێهێشتووە و چووەتە تاران و لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥- ١٩٤٧وە وەک پارێزەر لە وەزارەتی «داد» دامەزراوە و کاری پارێزەریی لە ئەستۆ گرتووە و ئیتر نەگەڕاوەتەوە کوردستان. ناوبراو پێنج کوڕ و سێ کچی هەیە، کە لە هەموان ناودارتر میدیە خانی زەندییە کە لە تەمەنی سێزدە ساڵەیەوە لە بەشە کوردییەکانی ڕادیۆ ئێران کاری وێژەریی کردووە. میدیە ماوەیەک هاوسەری هونەرمەندی ناسراوی کورد خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک بووە.

عەزیزی زەندی لە ٢٤ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٥١-١٩٧٢، لە تەمەنی ٧٤ ساڵەییدا

بەنەخۆشیی شێرپەنجە (سەرەتان) لە تاران کۆچی دوایی کردووە و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی «بەهەشتی زەهرا»ی تاران بەخاک سپێرراوە[٥].

٣- عەبدولڕەحمانی زەبیحی ساڵی ١٩٢٠ زاینیی لە مهاباد چاوی بەژین کردووەتەوە. لە سەرەتای منداڵییەوە خولیای زمانی شیرینی کوردی بووە و لەو ڕێگایەدا بەپلەی هەرە بەرزی زمانەوانیی کوردی گەیشتووە. هەرچەندە مەرگ مەودای پێنەدا، کە نووسینی قاموسەکەی تەواو بکات، بەڵام بەم حاڵەش بەرگی یەکەمی قاموسەکەی کە تەنیا پیتەکانی «ئا» و «ب»ی تێدا تۆمار کراوە، گرنگترین قاموسی زمانی کوردییە، کە تا ئێستا لە چاپ دراوە.

زەبیحی لە پێشگوتنی قاموسەکەیدا دەڵێ: هێشتا منداڵ بووم گرۆگاڵی زمانەوانی سەراسوێی خاوی مێشکمی لێگرتم و دەستی کرد بەسەرەتاتکێ و چاوشارکێ دەگەڵم، هەر دەرسێکی دەمخوێند دەمکرد بەکوردی، وشە سەخت و ڕەقەکانم بەکوردی مانا لێ دەدایەوە.

دەگەڵ «هەژار»ی دۆستم کە ئەوسا «فەقێ» بوو دەمانەویست کە قسە دەکەین کەس تێمان نەگا، لە کۆمەڵگای مەهاباتا بەتایبەتی لەناو ئافرەتانا جۆرە زمانێکی لاپرەسەنی باو بوو، کە دەنگی «ز» یا «سک»یان لە هەموو کەرتێکی وشەیەک زیاد دەکرد و بەڕەوانی گفتوگۆی پێ دەکرا و ناویان نابوو: «ئەزەتۆزۆ- یا- ئەسکەتۆسکۆ»، ئەمە و نووسین بەحیسابی «ئەبجەد» یا بەوتەی فەقێیان «خەتی شەجەری» و .... لەو کارانە بوون کە بەچاکی لێیان ڕاهاتبووین و نامەمان بۆ یەکتری پێ دەنووسی.

مامۆستا زەبیحی جیا لە شارەزایی تەواو لە زمانی کوردییدا، زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕانسەیی و تەنانەت ڕووسی و ئینگلیزیشی زانیوە. ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەی بەزمانێکی پاراوی تورکی بۆ کاربەدەستانی ڕووسیا نووسیوە. دوای هەڵوەشانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە ساڵی ١٩٤١دا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە زیندوو کردنەوەی ئەو ڕێکخراوەیەدا، کە بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەستی بەخەبات کردووە. مودیری ئیدارەخانەی نیشتمانی و لێپرسراوی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت بووە و بۆ ماوەیەک سەرۆکی کۆمەڵە بووە. ناوبراو لەگەڵ قاسمی

---

٥- ئاگاداریی لەسەر کار و ژیانی عەزیزی زەندی لە میدیەی زەندی وەرگیراوە.



قادری قازی و محەمەد دڵشادی ڕەسوڵی، پێنج مانگ بەرلە هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتی مەئموورییەتی حیزبییدا لەلایەن هێزی ژاندارمەریی ئێرانەوە لە ناوچەی ورمێ گیراوە و دوای هەشت مانگ ڕاگیران لە زیندان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئازاد کراوە. ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی ٣ی ژمارەی ١٤ ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤- ١٣ی فێبرواری ١٩٤٦دا، لەژێر سەردێڕی (مزگێنی) ڕایگەیاندووە:

وەڵام گەیشتوە کە سێ کەس ئازادیخوازی ئێمە: عبدالرحمن زبیحی و دڵشاد و قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لەلایەن کاربەدەستەکانی فاشیست مایی ئێرانی بەناحەق بەدیل گیران و یەکڕاست بردنیانە تاران لە حمدی خودا دەگەڵ ئازادی ئێمە ئەوانیش ئازاد کراون و ئەم ڕۆژانە خزم و کەس و برایان بەوان شاد دەبن.

زەبیحی و ڕەسوڵی دەگەنەوە مهاباد و قاسمی قادری بەهۆی نەخۆشی لە تەورێز دەمێنێتەوە. زەبیحی و دڵشاد لە مهاباد لەلایەن خزم و هەڤاڵان و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەگەرمیی پێشوازییان لێ دەکرێ. زەبیحی کە بەهۆی مەئموریەتی حیزبیی ناتوانێ سەردانی یەکە یەکەی پێشوازییکەران بکاتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، لاپەڕەی ٣، ژمارەی ١٨، ڕۆژی شەمە ٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤-٢٣ی فێبرواری ١٩٤٦دا، لەژێر سەردێڕی (سوپاس و معذرت) ڕادەگەیەنێ:

عدەیەک لە برایان کە بەتشریف هێنانی خۆیان مفتخریان کردبون لەبەر ماموریتیک کە پیم ڕجوع کرا نەم توانی بچمەوە خذمتیان و حضورا سوپاسی بی پایانی خۆمیان پیشکەش بکەم؛ بەهوی ئەم چەند ووشەیە داوای لی بوردن دەکەم.

ئیتر بژی کوردستانی ئازاد عبدالرحمن زبیحی

مامۆستا زەبیحی کەسایەتییەکی چالاک بووە لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆماری کوردستاندا و دەیان وتاری بەنرخی بەنازناوی «بیژەن ٢» و «ع بیژەن» لە نیشتماندا بڵاو کردووەتەوە و خاوەنی «ڕۆژنامەی مرۆ» بووە، کە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بووە و لەنێو ئەواندا بڵاوکراوەتەوە. دواتریش کە لە زیندان ئازاد کراوە بەناوی عبدالرحمن زبیحی وتار و وەرگێڕاوەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەرچاو دەکەون. نووسینەکانی لە

ڕۆژنامەی کوردستاندا و هەڵگرتنی دروشمی (بژی کوردستانی ئازاد) لە وەڵامی پێشوازییکەرانیدا نیشانەی هەستی پاکی زەبیحییە بەکۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد.

زەبیحی دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ڕووی کردە باشووری کوردستان. ماوەیەک لە لای شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود لە گوندی سیتەک گیرساوەتەوە و دوایی لەگەڵ مامۆستا هەژار و مامۆستا حەسەنی قزلجی دوو خەباتگێڕی تری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان یەکی گرتووەتەوە. بۆ ماوەک بەنازناوی «عیسا» لە سوریا و «عولەما» لە عێراق هاوکاریی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە.

زەبیحی دوای شکانی شۆڕش مەزنی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، لە بەغدا مایەوە و بەرە بەرە لە بەشێک لە کارە پێوەندییدارەکان بەکورد و کوردستانەوە هاوکاریی ڕژێمی سەدام حوسێنی کرد. ڕژێمی عێراق لە زستانی ساڵی ١٩٨٠دا، زەبیحی لەگەڵ مەلا «جەلالی حوسێنی» و «حامیدی حەمە تایر بەگی جاف»[٦] بەدوو ئۆتۆمبیلی «پیکاب»ی پڕ لە چەک ناربووەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا یارمەتی بەمەلا جەلال نوێنەری دەفتەری مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی بکات، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی خەبات[٧]. یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکان کە حامید بەگی تێدا بوو، لەنێوان «باشماخ» و مەریوان لە ٤٠-٥٠ مەتری

٦- حامید بەگ بەکرێگیراوی دەزگای پاراستنی ڕژێمی عێراق بوو. لە ناوچەی هەورامان هاوکاریی ڕژێمی بەعسی دەکرد. لە ساڵی ١٩٨١، بەنامەی کۆمیتەی هەورامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نەوسوودەوە هاتە مهاباد تا بەدەفتەری سیاسی حیزب رابگەیەنێ، کە ئامادەیە دەست لە هاوکاری کردنی بەعس هەڵگرێ و بێتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە. ناوبراو چاوی بەسێ ئەندامی دەفتەری سیاسی کەوت و بڕیاردرا، بەرپرسایەتیی پێشمەرگەکانی ناوچەی جوانڕۆ پێ بسپێرن، بەڵام بەر لەوەی کە مهاباد بەجێبهێڵێ، لەلایەن پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانەوە لە هۆتێل کەیانی مهاباد دزرا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هۆی هاتنی بۆ مهاباد کوشتیان.

٧- شێخ جەلال ئەوکاتە بە ناوی دەفتەری مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی خەباتی دەکرد. ڕژێمی عێراق زەبیحی و حامیدی حەمە تایر بەگی جافی بە کۆمەڵێک چەکەوە ناردبووە ناوچەی مەریوان، کە لە دامەزراندنی دەفتەری مامۆستادا یارمەتی مەلا شێخ جەلال بکەن. من ئەوکاتە لە لایەن شورای نیزامیی (پێشمەرگە)ی حیزبی دیموکراتەوە چووبووم کە لە ڕێکخراوەکانی سنە، دیواندەرە، دێگوڵان و مەریوان هێزێکی پێشمەرگە ڕێکبخەم و مەلا محەمەدی جوانڕۆیی (بابی تارا) وەک فەرماندەی ئەو هێزە بناسێنم. ئەو هێزە لە پێشمەرگەکانی سنە، کامیاران، و مەریوان پێکهات.



بازگەی «بایەوە» لە بەفر چەقیبوو و حامید بەگ و چەکەکان کەوتبوونە دەست پێشمەرگەکانی لکی مەریوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە دوای پێوەندیی لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات و بەفەرمانی حیزب، حامید بەگ و چەکەکان تەسلیمی مەلا جەلالی حوسێنی کرانەوە.

مامۆستا زەبیحی لە ساڵی ١٩٨٢وە بێسەروشوێنە و هیچ بەڵگەیەک لەسەر ونبوونی بەدەستەوە نییە. نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا بەناوی «پەنجەکان یەکتر دەشکێنن»، ڕادەگەیەنێ کە زەبیحی لەنێوان «سۆنێ» و قەڵادزێ ونبووە، کە هێزە کوردییەکانی هەردوو بەشی تێدا بووە. مەبەستی نەوشیروان لەوەی کە هێزە کوردییەکانی هەردوو بەشی تێدا بووە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانە و بەو نووسینەی دەیەوێ بڵێ، مامۆستا زەبیحی لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بێسەروشوێن کراوە، کە ئەمە هەرگیز ڕاست نییە.

کەریمی حسامی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ونبوونی زەبیحی دەکات و دەڵێ: «دوو حەوتە بەر لەوەی کە بۆ خۆم لە ساڵی ١٩٨٢دا بەدەست ڕژێمی عێراق بگیرێم، دۆستە کوردەکانم لە بەغدا پێیان ڕاگەیاندم، مامۆستا زەبیحی لە ئێران گەڕاوەتەوە و نزیکەی دوو حەوتوو دەبێ لە بەغدا ونە.» ناوبراو ئینجا پەنجە بۆ گوتنی یەکێک لە زیندانەوانەکانی زیندانی بەغدا ڕادەکێشێ، کە گوتوویەتی عەبدولڕەحمان مەعدووم و لەبەر ئەوە ڕای وایە کە زەبیحی بەدەست ڕژێمی عێراق کوژراوە.

مامۆستا هەژار لە بیرەوەرییەکانیدا پەنجە بۆ بێسەروشوێن چوونی زەبیحی ڕادەکێشێ و دەڵێ ناوبراو لە ئێران و لە نزیکی تەورێز بێسەروشوێن کراوە، بەم جۆرە تا ئێستا دیار نییە لە کوێ ونبووە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەمە ڕوونە، کە زەبیحی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە نێرراوەتە ئێران و لەوە دەچێ بەهۆی پێوەندیگرتنی بەیەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە وەک «عەبدوڵڵای ئیسحاقی» (ئەحمەد تۆفیق) و زۆر کەسی دیکە بەدەست ڕژێمی عێراق بێسەروشوێن کرابێ. لەبەر ئەوە وتەی کەریمی حسامی پتر لە ڕاست دەچێ تا هی نەوشیروان مستەفا ئەمین.

لەو دوایانەدا، عەلی کەریمی خوشکەزای مامۆستا زەبیحی، کۆکراوەیەکی بەشێوەی وتووێژ و چاوپێکەوتن لەسەر ژیانی و بەسەرهاتەکانی مامۆستا زەبیحی لە قەوارەی کتێبێکدا بڵاو کردووەتەوە. لەناو کۆکراوەکەیدا ناوی چەند کەسێکی دوژمن بەمافەکانی گەلی کورد و کۆماری کوردستان و تەنانەت پێشەوا قازی محەمەد دەبینرێ. یەکێک لەو

کەسانە سەرهەنگ عیسا پژمان، خزمەتکاریی شا و ساواکە، کە زیانێکی زۆری بەبزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە باشووری کوردستان گەیاندووە. کەریمی لە کۆکراوەکەیدا زۆری هەوڵداوە، کە زەبیحی و پێشەوا قازی محەمەد لە تەرازوییەک بنێ و بەیەکەوە هەڵیانسەنگێنێ و تەنانەت وا بەخوێنەرانی کۆکراوەکەی بگەیەنێ کە زەبیحی دژی هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و پێک هاتنی حیزبی دیموکرات بەجێی ئەو بووە، بەڵام تیری بەخەتا ڕۆیشتووە، چونکە هەروەک ئاماژەم پێ کرد زەبیحی پێنج مانگ بەرلە هەڵوەشانی کۆمەڵە و دامەزرانی حیزبی دیموکرات لە تاران زیندانی بووە. هەروەها هەر کەسێک لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆیدا پلە و پایە و جێگەی لە مێژوودا دیارە.

عەلی کەریمی هەروەها هەوڵی داوە بەکەڵک وەرگرتن لە ناوی زەبیحی و ئاشکرا کردنی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئەو، بەدەستکەوتێکی سیاسی و مەعنەوی بگات، کەچی بەهۆی تێبینییە ناڕاستەکانی، لێفەی لەسەر هەتیو هەڵگرتووە و نەک هەر بۆخۆی قازانجی لێ نابات، بەڵکوو کۆکراوەکەی بوو بەهۆی دابەزاندنی کەسایەتی مامۆستا زەبیحی نووسەر و خەباتگێڕی سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆماری کوردستان. ئەوەی زەبیحی لە دواسالانی مەرگیدا توشی هاتبوو و بەشێک لە خەباتگێڕان ئاگاداریی نەبوون، ئاشکرای کرد و لێی لە قاو دا. تەنانەت وای کرد کە شارەزایان چەند کتێب و نامیلکە و وتار بەدژی زەبیحی بلاو بکەنەوە و ڕاستییەکانی دوا ساڵەکانی ژیانی زەبیحی بۆ خوێنەران ڕوون بکەنەوە، کە جێگەی داخە.

٤- قاسمی قادری کوڕی قازی قادر کوڕی میرزا ڕەحمان کوڕی میرزا عەبدوڵڵای قازی، کارمەندی ئیدارەی پەروەردەی شاری مهاباد و مامۆستای خوێندنگەکانی ئەو شارە بووە. دوای هەڵوەشانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە ساڵی ١٩٤١دا، یەکێک بووە لە کەسایەتییە هەرە بەتەمەنەکانی کورد، کە بەشداریی کردووە لە زیندوو کردنەوەی ئەو ڕێکخراوەیەدا. ئەندامی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بووە و لەگەڵ مامۆستا زەبیحی و مامۆستا هەژار بەشدار بووە لە کۆبوونەوەی سێ سنووری لە بناریی دالانپەر و چەند کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤیەتدا. لە نامەیەکدا کە کۆمەڵە لەسەر داوای کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز دەربارەی ئەندامانی خاوەن بیروباوەڕ و ئەمەگناس ئاراستەی کردووە، ناوی قاسمی قادری دەبینرێ.

قازی لە مەئمورییەتێکی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەدا، لەگەڵ زەبیحی و ڕەسوڵی لە



نزیک بەندی ورمێ لە کەمینی سوپا و ژاندارمەکانی ورمێ کەوتووە و دوای هەڵوەشانی ژ. ک و دامەزرانی کۆماری کوردستان ئازاد کراوە. بۆ ماوەیەک بەهۆی نەخۆشیی لە تەورێز ماوەتەوە و دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان چووتە ورمێ و لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو شارەدا مامۆستایەتی کردووە. دوکتۆر قادری مەحموود زادە (ئاسۆ) لە بیرەوەرییەکانیدا پەنجەی بۆ ئەو یارمەتییانە ڕادەکێشاوە کە قاسمی قادری لە ساڵانی دوای ڕوخانی کۆماری کوردستاندا بەکوردەکانی مهابادی کردووە. قاسمی قادری لە ساڵانی ١٣٤١ یان ١٣٤٢هەتاویدا کە دەبێتە ٦٢-١٩٦٣زایینی لە مهاباد کۆچی دوایی کردووە و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی ئەو شارە بەخاکی نیشتمان سپێرراوە.

## ستروکتوری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیدا لەسەر پایەی کەتلە، ئیدارەی مەحەلی، ئیدارەی ناوەندی، کۆنفرانسی مەحەلی و کۆڕی باڵای ڕاوێژی هەیئەتی ناوەندیی دامەزراوە. ئەم ڕەوتە هەتا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بووە و لەو ساڵەوە، بەرە بەرە قەوارەکەی هەڵوەشاوە و وەک پارتییەکی دەرگا ئاوەڵەی لێ هاتووە. شوێنی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لە مەهاباد بووە. هەرکام لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، شنۆ، ورمێ، سەردەشت، سەقز، سنە، تاران، کرماشان، هەولێر و سلێمانی(١) ئیدارەیەکی مەحەلی و پێنج کەتلەیان هەبووە. هەرکام لە کەتلەکان پەنجا و پێنج ئەندامیان هەبووە، کە بەتێکڕا بوونەتە ٢٧٥ کەس و بەزیادکردنی ژمارەی ئەندامانی ئیدارە مەحەلییەکان گەیشتوونەتە نزیکەی ٣٠٠ ئەندام. هەیئەتی ناوەندیی ئیدارە مەحەلییەکان لێپرسراوی کاروباری ناوچەی خۆیان بوون. هەیئەتی ناوەندی ژ.ک لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ مۆلۆتۆف نووسیویەتی:

> «بەپێی نامەی گەیشتوو لە ئیدارەی مەحەلیی کرماشانەوە، ئەو ئیدارەیە نوێنەری بۆ «لوڕستان» دیاریی کردووە و بەدوای ئەوەدا هەواڵێکی تازەمان پێنەگەیشتووە.... بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی ورمێ و دەوروبەری، ئیدارەی مەحەلی «شنۆ»مان بەرفراوان کردووەتەوە و دەسەڵاتی پترمان داوەتێ و ژمارەیەکی زۆرمان نوێنەر بۆ ناردووە.»

هەیئەتی ناوەندی و هەیئەتە مەحەلییەکان و کەتلەکان بەیەک شێوە ڕێکخراون. هەرکامیان سەرۆک، سکرتێر، لێپرسراوی لێژنەی ڕاوێژ، لێپرسراوی ئابووری و لێژنەی ڕاوێژیان هەبووە. کارەکانی ژ.ک بەرێگەی ڕاوێژکردن ئەنجامیان گرتووە و ئەگەر لە خەباتی ناوخۆی حیزبدا، ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی حیزب ڕوویدا بێ، لێژنەی ڕاوێژ

١- ناوی ئیدارە مەحەلییەکانی ورمێ، سەقز، سنە و تاران لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ٢٨-٣٠ کۆمیسارۆڤ سەرکۆنسولی سۆڤیەت بەژمارەی ف ٠٤٩/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤/ ل١٢-١٣ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤدا نووسراون و ئەوانی تر لە ڕاپۆرتی ئاراستەکراوی کۆمەڵە بە مۆلۆتۆڤدا.



چارەسەری کردوون. هەموو ساڵێ بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی ژ.ک، ئیدارە مەحەلییەکان کۆنفرانسیان بەستووە و نوێنەرانی خۆیان بەشداریی کۆڕی باڵای ڕاوێژی هەیئەتی ناوەندیی کردووە. لەو کۆنگرانەدا، لە خەباتی ساڵی پێشوویان کۆڵیوەتەوە و پلانی خەباتی ساڵی نوێیان داڕشتووە(٢).

بەڵگەنامەکانی ژ. ک پێشان دەدەن کۆمەڵە تا ئەو کاتەی ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە، هیچ کۆنگرەیەکی پێک نەهێناوە، بەڵام دوای گۆڕینی ناوی و بوونی بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دوو کۆنگرەی بەستووە. کۆنگرەکانی ژ.ک هەموو ساڵێ لە یەک کات و زەماندا نەبەستراون و کۆنگرەکانی بەپێی هەلومەرجی خەبات پێک هاتوون، بۆ نموونە جەژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی کۆڕی باڵای ڕاوێژی هەیئەتی ناوەندی (کۆنگرە) بەڕێوە چووە، جارێک لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٢-١٩٤٣ لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەدا پێک هاتووە و هەواڵەکەی لە لاپەڕەی ٢ی نیشتمانی ژمارە ٢دا بلاوکراوەتەوە و ساڵی دواییش لە مانگی یانواری ١٩٤٥زایینی واتە بەفرانبار- ڕێبەندانی ١٣٢٣هە ئەنجامی گرتووە. هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەیەوە لە یەکی یانواری ١٩٤٥ز بۆ سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە شاری تەورێز نووسیویەتی: «بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب پڕ بەدڵ سلاوتان ئاراستە دەکەین.» هەیئەتی ناوەندی هەروەها لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ مۆلۆتۆف دەربارەی شێوەی پێکهێنانی کۆبوونەوەکانی ژ. ک دەڵێ:

> «بۆ ئەوەی پتر بایەخ بەنهێنییەکانمان بدەین، حیزبی ئێمە لە هەوای لەباردا لە چیاکان و لە کاتی سەرمادا لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەکانی خۆی دەبەستێ.»

ئەو ستروکتورەی کە کۆمەڵەی لەسەر دامەزرابوو، لە ساڵی ١٩٤٥وە بەرەبەرە هەڵوەشاوە و کۆمەڵە وەک پارتییەکی دەرگا ئاوەڵەی لێهاتووە، کە دەرگاکەی بەسەر چاک و خراپدا کراوەتەوە. ئەم کردەوەیە ڕێگای بۆ هەڵوەشان و لەناوچوونی کۆمەڵە خۆشکردووە. کۆمەڵە لە مانگی مارسی ١٩٤٥دا، دوو ئەندامی خۆی کە ناوەکانیان ڕوون نەکراوەتەوە لەگەڵ عومەر خانی شەریفی ناردووەتە ناوچەی «سەڵماس» تا ئیدارەی مەحەلیی کۆمەڵە لەو ناوچەیە دامەزرێنن. نوێنەرانی کۆمەڵە لە گوندی «زەندەشت» کە

٢- بەڵگەنامەی ژ. ک. بۆ بینینی بڕوانە پاشکۆ.

گوندی عومەر خان بووە، کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ «مەمەد قۆتاس ئاغا» سەرکردەی تایفەی مەمەدی، «تاهیر خانی سمکۆ» سەرکردەی تایفەی عەودویی، «حەسەن تیلۆ» سەرکردەی تایفەی دیری، «موراد برۆ» سەرکردەی تایفەی نیسانی و «شێری سمایل» سەرکردەی تایفەی پسگا پێکهێناوە و بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە کە خاڵی یەکەم و سێیەمی دژایەتی لەگەڵ ستروکتوری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەبووە، ئیدارەی محەلی و ڕێکخراوی کۆمەڵەیان لە ناوچەی سەڵماس دامەزراندووە:

١- ڕێکخراوی کۆمەڵە دەبێ لەناو تایفە و تیرەکاندا لەلایەن سەرکردەکان یاخود گەورەی تایفە و تیرەکانەوە بەڕێوە بچێت و بەشێوەی نهێنی کار بکات.

٢- ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵە دەبێ لەنێوان ٦٠٠ - ١٠٠٠ ئەندامیان هەبێ و لەو ژمارەیە ئیدارە محەلییەکان پێک بێن. ئەگەر لە ١٠٠٠ ئەندام زیاتر بن، دەبێ دوو ئیدارەیان لێ پێک بێ.

٣- ڕێکخراوەیەک کە ژمارەی نەگاتە ٦٠٠ کەس ئیدارەی محەلی پێک ناهێنێ و بەڕێوەبەریی ئەم بەشە دەدرێتە دەست گەورەی تایفە و ئەویش دەبێ یاریدەدەر و سکرتێرێکی هەبێ.

٤- ڕێکخراوەکانی ژێکاف دەبێ لەسەر پرنسیپی ناوچەیی بێت و لە ڕێگای هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە و لە ناوەندەوە ڕێبەرایەتی بکرێ.


٥- ناوەند ناوی نهێنیی هەیە و لە نووسینەکاندا تەنیا ناوە نهێنییەکانی ئیدارە محەلییەکان دەنووسرێ.

کۆمەڵە بەم پرنسیپە نوێیەوە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥دا ڕێکخراوەکانی خۆی بەبەشداربوونی گشت پیاوی هۆزە کوردییەکانی شکاک لە هەرێمی سەڵماس دامەزراندووە[٣].

گۆڕانکاریی لە ستروکتوری کۆمەڵەدا بەگوێرەی هەر بڕیارێک بووبێ، دژی پرۆگرامی کۆمەڵە بووە. ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە لایەک لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت، سەرۆک هۆزەکانی بەدوژمنی ڕێکخراوەکەیان و گەلی کورد ناساندووە و لە لایەکیتریشەوە لە ناوچەی سەڵماس دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی داوەتە دەست سەرۆک عەشیرەتەکان.

٣- ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ، لاپەڕەی ١١٣-١٥٢ ساڵی ١٩٤٥.





شێوەی ڕێکخستنی ئیدارە مەحەلییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

## ئامانجی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەمەبەستی ئازادکردنی نەتەوەی کورد و تێکخستنەوەی هەرێمە لێکدابڕاوەکانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزراوە و ڕێکخراوەیەکی نیشتمانی، نەتەوەیی و دیموکراتی بووە. کۆمەڵە بەهۆی ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە بوویەتی، لە ماوەیەکی کورتدا پتر لە نیوەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و ڕووناکبیرانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستانیش پشتیان گرتووە. هەیئەتی ناوەندی ژ. ک لە یەکەم ژمارەی نیشتماندا دەربارەی ئامانجی کۆمەڵە نووسیویەتی و دەڵێ:

«کۆمەڵەی ژ. ک بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکیی و خۆخۆریی، پووڵ پەرەستیی و بێگانە دۆستیی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بەهەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم، کە هەموو کوردێک بەسەربەستی تیادا بژی.»

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک هەروەها لە ڕاپۆرتی ئاراستەکراوی بەمۆلۆتۆف، دەربارەی ئامانجی کۆمەڵە دەڵێ: پرۆگرامی خۆمان پێشتر ئاراستەی ئێوە کردووە و ئێستاش کورتەی ئەوتان پێشکەش دەکەین.

«ئامانجی حیزبی ئێمە تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کوردی ژێردەست و خزمەتکردن بەهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی گەلانی جیهانە.»

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک هەروەها لە نیشتمانی ژمارە شەشەمدا پەنجە بۆ بەندەکانی ۷، ۸ و ۱۱ی مەرامنامەی کۆمەڵە ڕادەکێشێ و لەم بارەیەوە دەڵێ:

۷- بەبۆنەی متدین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بەدینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستاندا تەنیا دینی مقدسی ئیسلام بەرەسمی دەناسێ



و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێ گەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافقات بەربەرەکانێکی بەشیدەت ئەکا.

۸- مەسلەکی کۆمەڵە دیموکراتییە و لەم پێناوەدا بۆ خۆشی ژیانی بەشەر کوششت دەکا.

۱۱- کۆمەڵە هەموو قەبیلە و عەشیرەتەکانی کورد بەچاوێک تەماشا دەکا و بۆ برایەتی هەموان کوششت دەکا- ڕەخنەگری و انتقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە ڕووی دڵسۆزی کورد دایە و تێوەیەکە حەز بەلە نێوچوونی ئاکار و ڕەفتاری ناشیرین لەنێو کوردەواریدا دەکا.

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک هەروەها لە نیشتمانی ژمارە پێنجەمیشیدا ئاماژەی بەخاڵێکی تری مەرامنامەکەی کردووە و نووسیویەتی: بۆ وەڵامی هێندێک لە نەفام و تێنەگەیشتووان بەندێکی مەڕامنامەی کۆمەڵە دەنووسین:

«کۆمەڵەی ژ. ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت و سولح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانوون و نیزامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی مقدسی ئیسلام تەطبیق ئەکرێ و ئینجا ئەخرێتە کار.»

کۆمەڵەی ژ.ک ڕێکخراوەیەکی ئاشتیخواز بووە و بۆ بەجێگەیاندی پرۆگرامەکەی و بەئامانج گەیاندنی نەتەوەی کورد ڕێگای خەباتی ئاشتیخوازانەی هەڵبژاردووە و ویستوویەتی لەو ڕێگایەوە کورد بەئامانج بگەیەنێ؛ تا ئەو کاتەی ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە و هەلومەرجی خەباتی نیوە ئاشکرای بۆ نەڕەخساوە، بەشێوازی حیزبێکی نهێنی توانیویەتی خۆی ڕاگرێ و نەهێڵێ دوژمن بەویستی خۆی زەفەری پێ بەرێ و دوای گۆڕینی ناوی و نیوە ئاشکرا بوونیشیدا هەر دوو لایەنی خەباتی نهێنی و نیوە ئاشکرای ڕەچاو کردووە و تەنانەت ڕێکخراو و لێپرسراوانی ناوی نهێنییان هەبووە. هەیئەتی ناوەندی ژ. ک زۆر شێلگیرانە بۆ یەکێتیی و یەکبوونی کورد و ڕاکێشانی ڕووناکبیران و خوێندەوارانی کورد بۆ ناو ڕیزی کۆمەڵە هەوڵی داوە و دژی تاقمگەرایی و ناوچەگەرایی بووە و لەم ڕێگایەدا گەلێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. هەر وەکوو لە مەرامنامەی ژ. ک، بابەتە نووسراوەکانی گۆڤاری نیشتمان و بەڵگەنامەکانیدا دەردەکەوێ لە ڕێبازی ئاشتیخوازی و شارستانیەت پێڕەوی کردووە و ویستوویەتی بەدور لە شێوازی خەباتی چەکدارانە کوردستان تێکخاتەوە و دەوڵەتی کورد

دامەزرێنێ. هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لەم ڕوانگەوە دەڵێ:

«زۆر کەس وا لێک دەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بەزۆر و نیروی چەک لە دیلی ڕزگار بکرێت، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵە چوون و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە، چونکە چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کورد دایە لە بەرامبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەمانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات، ئەبێ کورد بزانێت ئیمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللە پرژێن و تۆپ و تانک و فڕۆکە و ......و...... تۆقتۆقەیەک زیاتر نییە، تەنیا ڕێگەیەک ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی بی‌با و بروا بەشەقامی شارستانییە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی[1].»

کۆمەڵەی ژێکاف تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی پرۆگرامەکەی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی نەگرتووتە بەر، بەڵکوو بەئاگادار بوونی ڕێبەرانی لە کۆمەڵگای کوردەواری و ڕادەی هۆشیاریی و پلەی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد، دروشمی ئاشتیخوازی کردووەتە ئامانج و ڕێگای ئاشتیخوازانەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەڵبژاردووە و تەنانەت کاتێک «خەلیل فەهیمی» وەزیری کاربی ئێران ڕۆژی ١٤ی یانواری ١٩٤٤-٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٢ سەردانی مهابادی کردووە، ئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان) بەنوێنەرایەتیی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە، بەلەبەر چاوگرتنی دۆخی ئێران لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئەم گەلاڵەی خوارەوەی بەناوی «ستراتیژی کاتیی کۆمەڵە» ئاراستە کردووە:

«دوای بیست ساڵ دیکتاتۆری واتە پاش ئاگۆستی ١٩٤١ دەوڵەتی ئێران بەدنیای ڕاگەیاند کە لە ئێران کۆتایی بەدیکتاتۆرییەت هاتووە و دیموکراتییەت جێگیر بووە. ئەم ڕاگەیاندنە بۆ سێ ملیۆن گەلی کورد لە ئێران زۆر هەواڵێکی شادی هێنەر بوو. گەلی کورد وا تێگەیشت کە لە ئێراندا کۆتایی بەدرۆ و دەلەسە و چەوساندنەوە و پیلانگێران هاتووە و کوردەکان دەتوانن ئێستا لەو ئازادییە کەڵک وەرگرن.

هەروەکوو لە ڕۆژنامەکانی تاران دەردەکەوێت، ئەم هەموو بەڵێنانە بەدرۆ دەرهاتن و نە تەنیا کوردەکان بەڵکوو گەلانی ئێرانیش ئازادیی دیموکراتییان بەدەست نەگەیشت. بەبۆنەی هاتنی ئێوەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە سەفەرەکەتان بۆ کوردستان داواتان لێ دەکەین ئەم

١- گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ١ پوشپەڕی ١٣٢٢، لاپەڕەی ٢.



داخوازیانەی کوردان بگەیەنن بەپەرلەمانی ئێران:

١- زمانی کوردی لە کوردستاندا ببێت بەزمانی ڕەسمی.

٢- فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، هەروەها نووسین لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کوردستاندا بەزمانی کوردی بێت.

٣- بەلانی کەمەوە لە شەو و ڕۆژێکدا دوو سەعات بەرنامەی ڕادیۆی تاران بەکوردی بڵاو بکرێتەوە.

٤- داواکاری خاڵی یەک و دوو دەبێ پەرلەمانی ئێران بڕیاریان لەسەر بدات. ئەم داواکارییانە تەنیا تایبەتن بەکاتی شەڕ، دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی دەبێ کێشەی کورد بخرێتە بەردەست و ئێمە هیواداریین کە لە کۆنفرانسێکی ئاشتیدا کێشەی کورد چارەسەر بکرێت[2].

کاربەدەستانی سۆڤیەت لە ئێران، ڕۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥ ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان و هەلومەرجی کۆمەڵەی ژێکاف ئاراستەی «گ. م. دیمیترۆڤ» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت کردووە. لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بۆ پرۆگرامی کورتخایەنی کۆمەڵە کراوە و دەڵێ، پرۆگرامی مینیمۆمی کۆمەڵەی ژێکاف ئەم داخوازانەی خوارەوەن:

– ڕیفۆرمی عەرزی: دەست بەسەرداگرتنی تەواوی عەرزە دەوڵەتییەکان، مەوقووفەکان و فیۆداڵییەکان و دابەشکردنی بەلاشیان بەسەر زەحمەتکێشان و جوتیاران و ئاژەڵداراندا.
– گەڕاندنەوەی زەوی ئەو جوتیارانەی کە لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکان و فیۆداڵەکانەوە بەشێوەی نایاسایانە دەستیان بەسەردا گیراوە.
– هەوڵدان بۆ پێشخستنی بازرگانیی و پیشەسازیی لە ناوچە کوردنشینەکاندا.
– دابینکردنی مافی زەحمەتکێشان، جوتیاران، ئاژەڵداران و پیشەسازان.
– خەبات دژی دەسەڵاتی فیۆداڵی و دەوڵەتی ناوەندی.
– هەوڵدان بۆ پێشخستنی خزمەتگوزاریی گشتی وەک لەشساخی، فێرکردن و بارهێنان.

٢- ڕاپۆرتی ٢٦ی فیبرواری ساڵی ١٩٤٤ی حەسەنۆڤ. بەڵگەنامەی ژمارە ف ٠٩٤/ ئو ٣٠/ د ٦٦/ پ ٣٤٨/ ل١٢٤-١٢٦ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ.

– هەوڵدانی بێوچان بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕادیکاڵانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردان.

هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ک، ئیدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان، ئەندام و لایەنگرە نووسەر و شاعیرەکانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی دروشمە بنچینەییەکانی ژ. ک بەرنە ناو جەماوەر و ئەوان لە دەوری ڕێکخراوەکەیان کۆ بکەنەوە، گەلێک وتار، پەخشان، شیعر و بانگەوازی جۆراوجۆریان لە نیشتماندا بڵاوکردووەتەوە و لەو بەرهەمانەدا لە ئامانجی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵە بۆ خەڵک دواون. م. ش. هێمن (محەمەد ئەمینی شێخ السلامی) شاعیری بەتوانای سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە لەلایەن کۆماری کوردستانەوە شەرەفی شاعیری نەتەوەیی پێبەخشرا، لە شیعری «کوردم و.....» ، لە لاپەڕەی ١٩ی نیشتمانی ژمارە ٢، لە خەزەڵوەری ١٣٢٢دا دەڵێ:

کوردم و داوای حقووقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە ملکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم
ملکی کوردستان ئیرسی بابو و باپیری منە
ئیدعای حەق و میراتی حەلاڵی خۆم دەکەم
هەر وەکوو باران لە چاوم دێتە خوارێ ئەشکی خوێن
هەر زەمانێک بەرژەوەندێکی لە حاڵی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە فیکری میللییەت
من لە لام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم
من لەدەست بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام و خاڵی خۆم دەکەم
ناسحا بەس پێم بڵێ فیکری محاڵە فیکری تۆ
نەسحەتم ناوێ ئەمن فیکری مەحاڵی خۆم دەکەم
ڕۆژێ شێخم دیت و پێم گوت هەتبێ حیسسی میللیەت
پێی گوتم من چم لەوانە داوە سواڵی خۆم دەکەم
من ئیتر ماهوت و شاڵی ئەجنەبی ناکەم لەبەر
ڕانکوچۆغەی خۆم لە بوزوی ڕەنگی شاڵی خۆم دەکەم
چیدیکە زەحمەت لەبۆ منداڵی خەڵکی ناکێشم
علم و زانست و هونەر فێری منداڵی خۆم دەکەم



با دەرێژم خوێنی پاکی خۆم لەسەر ئەم مەقسەدە
یانە فیکرێک بۆ برای ڕووت و ڕەجاڵی خۆم دەکەم
چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن
گەر مدارا وا دەگەڵ ئەم ڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم

ئەمەش بانگەوازی (ئەی لاوی کورد)ە کە ئەندامێکی کۆمەڵە بەنازناوی «م. ئاریا» کە ئاڵای کوردستانی بەخەڵاتی پێبەخشراوە، نووسیویەتی و لە لاپەڕەی ٢٢ی نیشتمانی ژمارە ٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەی لاوی کورد

لە ڕێگای وەدەست هێنانەوەی سەربەخۆیی کوردستان، لە پێناوی سەربەستیی کورد، بۆ لەناوبردنی هەموو ئەم چەوتی و ناڕەوایانەی لە کوردەواریدا هەیە بۆ ئەستاندنی حەقی مەشروعی خۆت و دوایی هێنان بەم حاڵە پەرێشانەی ئێستای قەومەکەت و بەربەرەکانی دژی ئەوانەی حەز بەدیلی و ئێخسیریمان ئەکەن، هەڵستە!

ژیان بەبێ سەربەستی و سەربەخۆیی چییە؟ ڕابە! دایکی نیشتمان چاوەنواڕی قیامی تۆیە؛ قیامێکی وا کە لە جادەی شارستانیەتی دەرنەکەوێت؛ قیامێکی وا هەموو چارەڕەشی و نەگبەتییەکی لەسەر نەتەوە و هاونیشتمانەکانت هەڵبگرێت. هەڵستە، نهزەتێکی بکە چونکو سەورەی لاوەکان دەسمایە و خەزێنەی ڕۆژی تەنگانەی نیشتمانە؛ هیوا و ئومێدی ڕزگار بوون چ خۆشە ئەم ڕۆژە کە دەنگی لاوەکانی کورد بۆ وەگیر خستنی سەربەستی ئەم میللەتە مەزلوم و حەقخوراوە دنیا بخاتە جونبش و خولانەوە.

ئەی لاوەکانی کورد ڕێککەون قودرەت و اقتدار لە ڕێککەوتنا شیردراوەتەوە بەنیروی یەکێتیی و برایەتی بەشەمشیری نیشتمانپەروەری ئەم دەستانەی بەناحەق بۆ سەر وڵاتی ئێوە درێژ کراون و ئەستۆی براکانت ڕێکدەکوشن بپەڕێنە و خاکی پاکی کوردستان بێنە وێنەی بەهەشتی خۆش و خورەم.

ئەی لاوی هێزداری کورد تێبکۆشە تا وەکو باپیرەکانت لە وڵاتی «نابری» «کوردنەن» «کوردیەن»دا بەدنیایان نشاند ئەتۆش هێز و توانایی خۆت

پێشانی دانیشتوکانی ڕوی زەوی بدەی، مەگەر نازانی حەقی مەشروعی تۆ لەناو دەچێ مەگەر نازانی چۆن بەناحەق و زوڵم ئەم خاکە پیرۆزەی تۆیان دابەشکردووە و هەر پارچەیەکی خراوەتە ژێر حوکمی دەوڵەتێکی بێگانە، کە بەئارەزوی خۆیان لە هەموو ئەم نعمەتانەی خوا بەخشیویێتی بەکوردستان کەڵک ئەستێنن و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد نەپەرژێتە سەر فکر و خەیاڵی ئازادی خۆی هەر ڕۆژە بەنەوعێک سەری گەرم ئەکەن، ڕۆژێکی بەپارەو دراو عەشیرەتەکانمان هەڵدەخەڵەتێنن و ئەیانکەن بەبەرهەڵست و مانعی کاری لاوەکان؛ جارێکی تر بەوەسیلەی کاربەدەستەکانی خۆیان تۆوی نفاقیان لەناودا ئەپرژێنن و بەگژ یەکیاندا ئەکەن تا یەکتر بکوژن. ئاخر تا کەنگێ وا بێ مبالاتی دەبێ بۆچی مەگەر تۆ گوێت لە ئاە و ناڵەی دایکی نیشتمان نییە وا بەدەست بێگانەوە ئەگری و ئەناڵێنی، ڕاپەڕە و بکەوە فریای دایکی نیشتمان کە لە تۆ زیاتر کەسی نییە بگاتە هاواری.

نوێنەرانی ژ. ک کاتی دامەزراندنی هەیئەتی محەلی لە هەرێمی سەڵماس ئامانجەکانی ژ.ک بەشێوەی خوارەوە بۆ لایەنگرانیان شی کردووەتەوە:

- مەبەستی پارتی لە گەیشتنی کورد بەسەربەخۆیی، کوردی بەشەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە دەگرێتەوە.
- ژ. ک دەیەوێ کۆتایی بەراوڕووت و دژایەتیی نێوخۆیی بێنێ.
- کوردی هەموو بەشەکانی ئێران، عێراق و تورکیە ڕێک بخات.
- چارەسەر کردنی کێشەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کورد بخرێتە بەردەستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا[٣].

چونکە هەر سێ دەوڵەتی هاوپەیمان دژی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بوون و یەکێتی سۆڤیەت ئەم داواکارییەی بەویستێکی پێش وەخت بۆ نەتەوەی کورد زانیوە، لەلایەن کۆنسولەکانیەوە بەڕاشکاوی دژی ئامانجی سەربەخۆیی خوازانەی ژ. ک پروپاگەندەی کردووە. لە نفوزی خۆی لەناو سەرۆک عەشیرەتەکان و گوندییەکاندا کەڵکی وەرگرتووە و نەیهێشتووە بیری ڕزگاریخوازانەی ژ. ک لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا گەشە

٣- ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ، ل١١٣-١٥٢ ساڵی ١٩٤٥ز، لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ.



بستێنێ و تەنانەت هەوڵی داوە کۆمەڵە لەوەی کە هەیە پتر بەهێز بێ. لەم چوارچێوەیەدا کۆنسولی سۆڤیەت لە «ماکۆ» لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٥ی خۆیدا دەنووسێ:

– «عومەر خان و هاوڕێیانی بۆ دامەزراندی لقی کۆمەڵەی ژ. ک و بەدەست گرتنی کاروباری ئەم ناوچەیە، چەند جاران لە مانگی سێپتەمبەردا نوێنەری خۆیان ناردووەتە لای سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی هەرێمی ماکۆ، کە لەم بارەوە کۆنسولی خۆمان لە تەورێز و باڵوێزخانەمان لە تاران ئاگادار کردووە. هەروەها لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ نوێنەرانی کورد هەموو کاتێک پێمان ڕاگەیاندوون کە کێشەی پێکهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ڕیئالی نییە و پێش وەختە. ئێمە ئامۆژگاریمان کردوون کە پێوەندی بەرێکخراوە دیموکراتە ئێرانییەکانەوە بگرن و بەم چەشنە دەتوانن بەمافە دیموکراتییەکان بۆ گەلی کورد بگەن. ئەوان بەڵێنیان داوە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانمان بن. بەم چەشنە عومەر خان نەیتوانی لەناو کوردەکانی هەرێمی ماکۆ لقی کۆمەڵەی ژ. ک دامەزرێنێ[٤].

٤- هەمان سەرچاوە.

## شێوەی ئەندام وەرگرتن و ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەلەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە بنەماڵەییەکان لە کوردستاندا و باری سایکولۆژیی خەڵکی کورد لە قۆناغی ئەوکاتی کوردستاندا، هەوڵی داوە بەدوو شێوە ئەندام وەرگرێ. یەکەم وەرگرتنی ئەندام بەشێوەی تاکەکەسی و بەستراوە بەکەتلە و ئیدارە محەلییەکان و دووەم ئەندامی نەبەستراوە بەکەتلە و ئیدارە محەلییەکانی ژێکاف، کە ئەو بەشەیان پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەهەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەوە هەبووە. ئەندامی نەبەستراوە بەڕێکخراوەکانی ژ. ک پتر لەو جێیانە نیشتەجێ بوون، کە ڕێکخراوەی ژێکافی لێ نەبووە یاخود ئەوانە کەسایەتییەکانی ناسراوی ناوچەکان بوون و لە دەرەوەی هەیئەتە محەلییەکان و کەتلەکان کاریان بۆ ژ. ک کردووە. کۆمەڵەی ژ. ک هەروەها بەمەبەستی جێ خۆشکردن لەناو بنەماڵەکاندا هەوڵی داوە سەرۆکی بنەماڵەکان بەئەندام وەرگرێ و لە ڕێگای ئەوانەوە ئەندامانی بنەماڵەکان بکێشێتە ڕیزی کۆمەڵەوە. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە دەربارەی ئەو شێوە ئەندام وەرگرتنە و ژمارەی ئەندامانی بۆ مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی نووسیوە:

- «ئەگەر هەڵسوکەوتی بنەماڵە کوردەکان لەبەرچاو بگرین لە کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێ، بەشدارییکردنی هەر ئەندامێکی بنەماڵە لە دیاردەیەکدا، ئەندامانیتری بنەماڵەکەش تێیدا بەشداریی دەکەن. بەکەڵک وەرگرتی لەو ڕەوتە هەوڵمان داوە بەڕادەی توانا سەرۆکی بنەماڵەکان بەرەو حیزب ڕاکێشین.» ڕاپۆرتی کۆمەڵە هەروەها دەربارەی ژمارەی ئەندامانی نەبەستراوە بەکەتلە و ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵە دەڵێ:
- «لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و زۆربەی گوندەکاندا ژمارەیەکی بەرچاومان ئەندامی نەبەستراوە بەڕێکخراوەکان هەیە.»

هەیئەتی ناوەندی لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ یاسای ئەندام وەرگرتنی کۆمەڵە لە پێڕەوی نێوخۆی ژێکافدا دەکات و دەنوسێ:

- ئەندامانی نوێ لەلایەن ئەندامانی کۆنەوە بەحیزب دەناسرێن و ئەندامانی کۆن بەهەموو شێوەیەک ئەندامی نوێ دەستەبەر دەکەن.



- کەسانێک لە حیزبی ئێمەدا بەئەندام وەردەگیرێن کە خاوەن ڕابردووی خاوێن بن و کار بکەن و بێکار نەبن.
- پرۆگرامی حیزبی ئێمە قبووڵ بکەن.
- بڕیارەکانی حیزب بەڕێوە بەرن.
- پێوەندییان بەڕێکخراوێکی دیکەوە نەبێ . «ئەگەر پێوەندییان بەڕێکخراوێکی دیکەوە هەبێ، پێویستە پێشتر حیزب ئاگادار بکەن و دەبێ پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بپچڕن، ئەگەرنا بەئەندام وەرناگیرێن. ئەوانەی دەبن بەئەندامی حیزب نابێ پێوەندیی سیاسییان بەحیزبێکی دیکەوە هەبێ.»
- بۆ ئەوەی ئەندامانی تازە وەرگیراو بەئامانجەکانی حیزب وەفادار بمێننەوە، پێویستە بەقورئان سوێند بخۆن، کە نهێنییەکانی حیزب دەپارێزن و لای کەس تەنانەت لای دایک و باوکیشیان نایاندرکێنن.
- ئەندامی حیزب دەبێ بۆ پەرەپێدانی حیزب هەوڵ بدات و لە ڕادەی تواناداپەسەندکراوەکانی حیزب بەجێ بگەیەنێ و ئەوەی لە دەستی دێ بۆ حیزبی ئەنجامی بدات.
- بەبێ ئیزنی حیزب مافی پێوەندیگرتنیان بەحیزبێکی سیاسی یان کەسانی سیاسیی حیزبیترەوە نییە.
- ئەندامی حیزب بەڵێن دەدەن لە هەر کارێکدا بەرژەوەندییەکانی حیزب و ئەندامانی حیزب لەبەرچاو بگرن.
- هەرکام لە ئەندامانی حیزب مانگێ بەلانی کەمەوە تمەنێک دەدەن بەحیزب. ئەوانەی باری ئابوورییان باشە بەڕادەی توانا یارمەتی بەحیزب دەکەن و لە بەرامبەردا ڕەسید وەردەگرن. هەیئەتی ناوەندی ژ. ک لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ:

> «بۆ ئەوەی ئەندامانی حیزب بەپلەی باڵای بەرپرسایەتی بگەن، حیزب تەماشای کار و پیشەی شەخسی ئەوان لە دەرەوەی حیزب ناکا و تەنیا ڕادەی خەبات و لێوەشاوەیی هەڵسوڕانی ئەندامانی لەناو خۆی حیزبدا لە بەرچاو دەگرێ. ئەندامانی حیزب بەهۆی خەبات و تێکۆشانی شێلگیریان بەرپرسایەتییان دەدرێتێ و بەپلەی باڵای حیزب دەگەن.»

بەم پێیە ئەندامانی هەڵسوڕ و خاوەن بیروباوەڕی کۆمەڵە لە سەرەتادا هەمیشە جێگەیان

لەناو حیزبدا دیار بووە و پاداشی خەباتی سادقانەی خۆیان وەرگرتووە. بۆ نموونە دەبینین لە لاپەڕەی ١٠ی نیشتمانی ژمارە پێنجدا ئاماژە بەسیامەک (عەبدولقادری دەباغی) ئەندامی ژمارە ٥٧ کراوە، کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢-١٩٤٤ چووەتە باشووری کوردستان و ئیدارەیەکی مەحەلیی دامەزراندووە، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە سوپاسی خزمەتی بەنرخی بەڕێزیانی کردووە. هەروەها مودیری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژێکاف عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە وەڵامی نامەیەکی حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێزدا، کە ناوی ژمارەیەک ئەندامی هەڵسوڕ و بەبیروباوەڕی حیزبی ویستووە، ئەو نامەیەی خوارەوەی ئاراستە کردووە:

بەڕێز سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

ناوی ژمارەیەک ئەندامی هەڵسوڕ و بەبیروباوەڕی حیزبی ئێمەتان ویستبوو، کە بەشێوەی خوارەوە پێشکەشتان دەکرێ:

١- قاسم قادری قازی، مهاباد، بەتەمەن
٢- عەلی ڕیحانی، مهاباد، بەتەمەن
٣- عەبدولڕەحمانی کەیانی، مهاباد، گەنج
٤- مەنافی کەریمی، مهاباد، گەنج
٥- محەمەدی یاهو، مهاباد، گەنج
٦- محەمەد دڵشاد، مهاباد، گەنج
٧- سەدیقی حەیدەری، مهاباد، گەنج
٨- محەمەد ئەمینی شەرەفی، مهاباد، گەنج
٩- ڕەحمانی ئێلخانی زادە، بۆکان، گەنج
١٠- عەباسی حەقیقی، بۆکان، گەنج
١١- ڕەحمانی شەرەفکەندی، بۆکان، گەنج
١٢- مامەندی قادری، نەغەدە، گەنج
١٣- مەجید خەسرەوی، نەغەدە، گەنج
١٤- محەمەدی قادری، شنۆ، گەنج
١٥- نافع، سەقز، گەنج
١٦- محەمەد سەعید حافدی، کرماشان، گەنج



١٧- تاهر هاشمی، کرماشان، گەنج
١٨- عوسمان دانش، سلێمانی عێراق، گەنج
١٩- قادر دەباغی، سلێمانی عێراق، گەنج - سەقز
٢٠- محەمەد سەعید مەلا عەلی، هەولێر، گەنج
٢١- فەتاحی غولامی، سەردەشت، گەنج
٢٢- محەمەد ئەمین شێخ السلامی، مهاباد، گەنج

مودیری بەشی ڕاگەیانەنی ژ. ک ڕەحمانی زەبیحی
١٩٤٤/١٢/٢٣

کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٤٥وە شێوازێکی نوێی بۆ ئەندام وەرگرتن و ڕێکخستنی لقەکانی گرتووەتەبەر و یاسا و پرنسیپی پێشووی لەژێر پێ ناوە. ئەم جارە لە جیاتی ئەوەی کە بەهۆی سەرۆکی بنەماڵەکانەوە، ئەندامی بنەماڵەکان بەرەو کۆمەڵە ڕاکێشێ، لەژێر بەرپرسایەتیی سەرۆک عەشیرەتەکاندا، ئەندامی عەشیرەتەکانی ڕێکخستووە، کە ئەو شێوە نالەبارە، یەکێک لەم هۆیانە بووە، کە ڕێگای بۆ جاسوس و خۆفرۆشەکان لەناو کۆمەڵەدا کردووەتەوە و هەلی بۆ ڕەخساندوون کە کۆمەڵە بەچۆکدابێنن و ڕێگا بۆ هەڵوەشانی کۆمەڵە خۆشبکەن. کۆنسوڵی سۆڤیەت دەربارەی پرنسیپی ئەندام وەرگرتن و ڕێکخستنی هەیئەتی مەحەلیی کۆمەڵە لە ناوچەی سەڵماس دەنووسێ:

لەسەر وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵەی ژێکافدا

- ژ. ک هەوڵ دەدات پتر خەڵکی خوێندەوار بێنێتە ڕیزی خۆی. وەرگرتنی ئەندام لە ژێکافدا دەبێ بەشێوەی تاکەکەسی بێت و داوای لێ بکرێ:
- بەرامبەر بەبەرپرسی ڕێکخراو سوێند بخوات.
- ئەندامی وەرگیراو لە ژێکافدا دەبێ کوردی ڕەسەن بێ. واتە هەم لە دایک و هەم لە باوکەوە.
- ئەندامی وەرگیراو لە ژێکافدا دەبێ کوردی خۆش بوێ و ڕێز لە داب و نەریتی کوردەواری بگرێ.
- ئەندامی ژێکاف دەبێ پارەپەرەست نەبێ و خۆی بەپارە نەفرۆشێ و بەم چەشنە ناموسی کورد بپارێزێت.

– ئەندامی ژ. ک دەبێ مانگانە یەک تمەن مافی ئەندامەتی بدات. دەوڵەمەندەکان دەتوانن جگە لە مافی ئەندامەتیی مانگانە هێندێ یارمەتی دراویش بدەن.

پرنسیپەکانی رێکخستنی رێکخراوەکانی پارتی

– رێکخراوی کۆمەڵە دەبێ لەنێو تایفە و تیرەکاندا لەلایەن سەرکردەکان یاخود گەورەی تایفە و تیرەکانەوە بەرێوە بچێت و بەشێوەی نهێنی کار بکات.
– ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵە دەبێ لەنێوان ٦٠٠ – ١٠٠٠ ئەندامیان هەبێ و ئیدارە محەلییەکان لەو ژمارەیە پێک دێن. ئەگەر لە ١٠٠٠ ئەندام زیاتر بن، دەبێ دوو رێکخراویان لێ پێک بێ.
– رێکخراوەیەک کە ژمارەی نەگاتە ٦٠٠ کەس ئیدارەی محەلی پێک ناهێنێ و بەرێوەبەری ئەم بەشە دەدرێتە دەست گەورەی تایفە و ئەویش دەبێ یاریدەدەر و سکرتێرێکی هەبێ.
– رێکخراوەکانی ژێکاف دەبێ لەسەر پرنسیپی ناوچەیی بێت و لە رێگای هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە و لە ناوەندەوە رێبەرایەتی بکرێ.
– ناوەند ناوی نهێنیی هەیە و لە نووسینەکاندا تەنیا ناوە نهێنییەکانی ئیدارە محەلییەکان دەنوسرێ.

کۆمەڵە بەم پرنسیپە نوێیە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ رێکخراوەکانی خۆی بەبەشداربوونی گشت پیاوی هۆزە کوردییەکانی شکاک لە هەرێمی سەلماس دامەزراندووە(١).

١– راپۆرتی کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکۆ، لاپەڕەی ١١٣–١٥٢ ساڵی ١٩٤٥ ز، لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی رووسیەی فیدراتیف.



## ژ. ک و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان

لە ٢٥ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١ەوە کە سوپای دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان جێگیر بوون و کوردستان کەوتە ژێردەستی سوپای سۆڤیەت و ئینگلیز، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران و تورکیا بەتوندی دژی داوا رەواکانی گەلی کوردستان کەوتنە جموجۆڵ و دەیان پیلانیان دژی نەتەوەی ئێمە گێڕا، کە بەشێکیان لە دانیشتن و نامە گۆڕینەوەکانی نێوان «حەیدەر ئەکتای» لێپرسراوی باڵوێزی تورکیا و «ئا. ی. ویشینسکی» وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت و «ئیدەن» وەزیری دەرەوەی بریتانیا و «کریپس» باڵوێزی بریتانیا لە سۆڤیەت و مۆلۆتۆڤ وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت رەنگ دەدەنەوە. «ئا. ی. ویشینسکی» لە یادداشتەکانی رۆژانەی خۆیدا بەژمارە ٤٤ رۆژی ١٥ی یانواری ١٩٤٢ دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ حەیدەر ئەکتای باڵوێزی تورکیا دەنووسێ:

«سەعات ١٥.٠٠ی ئیمرۆ، ئەکتای هاتە لام و لە ئەنجامی داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ئێران لەلایەن سوپایەکانی سۆڤیەت و ئینگلیزەوە، پێی ڕاگەیانم کە کوردەکانی ئێران و عێراق توانیویانە دەست بەچالاکی بکەن و بەئاراستەکردنی هێندێک داخوازی خۆیان بەدەوڵەتی ئێران کەوتوونەتە جموجۆڵ. لەبەر ئەوە دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت بەرامبەر ئەم ڕووداوانە و چالاکیی کوردەکان بێدەنگ بێ کە لە سنوورەکانی تورکیا ڕوو دەدەن. دەوڵەتی تورکیا لەم بارەیەدا لە ڕێگای باڵوێزی ئینگلیز لە تورکیا دەوڵەتی ئینگلیزتانی ئاگادار کردووە.

هوگسۆن لە وەڵامی ئەم بیرخستنەوەیەدا ڕایگەیاند، هێزەکانی سوپای ئینگلیز و سۆڤیەت پاڵپشتی بزووتنەوەی کوردان نین و ئەوان هان نادەن. دەوڵەتی تورکیا لەم وەڵامەی باڵوێزی ئینگلیز دڵنیایە و زۆر سوپاسی دەوڵەتی ئینگلیز دەکات.

باڵوێزی ئینگلیز لە ئەنقەرە هەر ئەو ڕۆژە ڕایگەیاند کە لە کاتی وتووێژی بەڕێز «و.م. مۆلۆتۆڤ» لەگەڵ بەڕێزان «ئیدەن» و «هوگسۆن» لە مۆسکۆ، مۆلۆتۆڤ هێندێک مەسەلەی دەربارەی کێشەی کورد شیکردەوە.

ئەکتای لەم بارەیەوە داوا دەکات کە بەڕێز مۆلۆتۆڤ ئاگادار بکرێتەوە تا ڕاگەیاندراوەکەی بگەیەنێتە باڵوێزی دەوڵەتی خۆی لە تورکیا.

منیش لە وەڵامی ئەکتایدا گوتم: داواکەی دەگەیەنمە هاوڕێ مۆلۆتۆڤ و دیسان ئاگاداری دەکەمەوە. ئەم چاوپێکەوتنە دە دەقیقەی خایاند و «نیکیتینکوڤا» لەوێ بوو[١].
مۆلۆتۆف لە وەڵامی نامەی ئا. ی. ویشینسکی، ڕۆژی ١٩٤٢/١/١٠، بەڕێگای ویشینسکیدا بیرخەرەوەی خوارەوەی بۆ ئەکتای ناردووە:

لە وەڵامی داخوازی باڵوێزی تورکیا، بەڕێز ئەکتای کە لە ١٩٤٢/١/١٤ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە «ئا. ی. ویشینسکی» درابوو، لەسەر هەواڵی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەنێوان وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت، کە بەداخوازی «ئیدەن» سەبارەت بەکێشەی کورد کرابوو، دەتوانین بەم چەشنەی خوارەوە پێیان ڕابگەیەنن:

> پێش ڕۆیشتنم لە مۆسکۆ لە مانگی دیسێمبەری ساڵی ڕابردوودا، بەڕێز ئیدەن سەبارەت بەپەرۆشی تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران، بیرخەرەوەیەکی دابوو بە«و. م. مۆلۆتۆڤ.» لەو بیرخەرەوەیەدا گوتراوە، دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بەبزووتنەوەی کورد لە ئێران، دوو جار باڵوێزی دەوڵەتی ئینگلیستانی لە تورکیا هۆشیار کردووەتەوە. بەتایبەتی لەسەر ئەوەی کە کوردەکان بەنیازن دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد پێک بێنن، دەستدرێژی دەکەنە سەر خاکی تورکیا. گوایە هێزەکانی لەشکری سوور کە لە ئێران جێگرن، یارمەتیی کوردە ڕاپەڕیوەکان دەدەن و ئەو کارە بووەتە هۆی ئاژاوە لە ناوچەکەدا. لەوە دەچێ هەواڵەکانی دەوڵەتی تورکیا زۆر گەورە کرابن. جگە لەوە، لە بیرخەرەوەی ئیدەندا ئاماژە بۆ نیگەرانیی تێکچوونی پێوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا و هەروەها لەگەڵ ئینگلیستانیش بەدوای ئەو ڕووداوەدا کراوە.

لە یادداشتی تورکیا بۆ ئینگلیستان هەروەها ئەوەش گوتراوە کە دەوڵەتی تورکیا ڕەنگە ناچار بێت سوپای خۆی بنێرێتە سەر سنوورەکانی. هەر لەوکاتەشدا بەڕێز «ر. بولارد» لە زمانی باڵوێزی ئینگلیستانەوە لە ئێران، لە بیرخەرەوەیەکدا دەڵێ، یەکێک لەو هۆیانەی

١- یادداشتەکانی ڕۆژانەی ئا. ی. ویشینسکی بە ژمارە ٤٤ ڕۆژی ١٥ی یانواری ١٩٤٢. وەرگێڕاوی ئەفراسیاو هەورامی. گزینگی ژمارە ١٣، لاپەڕەی ٢٦.



کە شک و گومانی پێکهێناوە، سەفەری ژمارەیەک ڕێبەر و سەرۆک عەشیرەتی کوردە بۆ باکۆ.

وەزیری کاروباری دەرەوە لە وەڵامی بەڕێز ئیدەن بەڕێگای لەندەن و هەروەها بۆ بەڕێز «کریپسو» لە مۆسکۆ ئەوە دەستنیشان دەکات، کە تەنیا بەهۆی بیرخەرەوەی دەوڵەتی ئینگلیستان کە وتەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەگێڕێتەوە، ئێمە زانیومانە کوردەکان بەنیازن دەوڵەتی سەربەخۆی کورد پێک بێنن و هەروەها کوردەکان هێرش دەبەنە سەر خاکی تورکیا. لە وەڵامدانەوەکەی ئێمەدا هەروەها گوتراوە کە دامودەزگاکانی سۆڤیەت هیچ پێوەندییەکیان بەنیاز و کردەوەی کوردەکانەوە نییە. هێزە جێگیرکراوەکانی لەشکری سوور لە ئێران، نە تەنیا یارمەتی بەو کوردانە ناکات، بەڵکوو یارمەتی بەهیچ کوردێک بۆ ئاژاوەنانەوە ناکات. بەپێچەوانە بۆ چەککردنی کوردەکان هەنگاو هەڵدەگرێت و ئەو چەکانەش لەو ناوچانەوە بەدەست دێن کە لە هێزەکانی ئێمە دوورن.

– هێزەکانی سۆڤیەت هەوڵی زۆریان داوە و دەیدەن کە نەهێڵن هیچ پێکدادانێک لەنێوان کوردەکان و ئێرانییەکاندا ڕوو بدات. لە یادداشتی وەڵامدانەوەکەدا هەروەها گوتراوە و ئەمڕۆش دەکرێ بۆ بەڕێز ئەکتای و دەوڵەتی تورکیا دووپات بکرێتەوە، کە نابێ هیچ پەرۆش بن بەرامبەر بەوەی کە لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە یارمەتی بەکوردەکانی ئازەربایجانی ئێران بۆ نانەوەی ئاژاوە لەوێ دەدرێت. سەرەڕای ئەوەش، هیچ بیانوویەک بۆ ناردنی هێزەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە نییە. بەم چەشنە دەتوانین بڵێین کە هیچ هۆیەکیش نابینرێ کە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکیادا.

بەڵام سەبارەت بەچوونی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کورد بۆ شاری باکۆ کە بەڕێز ئیدەن لە بیرخەرەوەی خۆیدا باسی لێ کردووە، دەبێ بگوترێ کە ئەم دیدارە تەنیا لایەنی فەرهەنگیی هەبووە و بەمەبەستی سیاسی ئەنجامی نەگرتووە.

ئەمە کورتەی یادداشتی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان بەڕێزان ئیدەن و مۆلۆتۆڤ لەسەر کێشەی کورد بوو، کە بەڕێز ئەکتای دەیەوێت ئاگاداری بێت و بەدەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت[٢].

کۆمیسارییای گەلیی کاروباری دەرەوە ٢٠ی ژانویەی **١٩٤٢**

٢- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ. وەرگێڕاوی ئەفراسیاو هەورامی، گزینگی ژمارە ١٣، لاپەڕەی ٢٦- ٢٧.

جیا لەوە، باڵوێزی بریتانیاش لە سۆڤیەت پەرۆشی خۆی و دەوڵەتی تورکیای لە ئاست بزووتنەوەی گەلی کورد بەباڵوێزی سۆڤیەت ڕادەگەیەنێ و لەم بارەیەوە ئیدیەن لە نامەیەکدا بۆ مۆلۆتۆف دەنووسێ:

**نیگەرانیی تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران**

ڕۆژی دووی دیسێمبەر، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە نامەیەکی سکاڵاکەرانەدا، کە بۆ باڵوێزخانەی خاوەنشکۆی ناردووە، دەربارەی مەبەستی کوردان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ شکایەتی کردووە و دەڵێ هێزە داگیرکەرەکان لە ئێران یارمەتیی کوردان دەدەن و ئەوانیش دەستدرێژی بۆ سەر خاکی تورکیا دەکەن.

پێنجی دیسێمبەر سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سەبارەت بەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی زۆر توند ڕایگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا لەوانەیە ناچاربێت سوپای خۆی بۆ سەر سنووری تورکیا ڕاگوێزێت.

بەڕێز «ر. بولارد» گوتی کە لەگەڵ هاوتای سۆڤیەتیی خۆی قسەی کردووە و پێشنیازی پێ کردووە کە لەم بارەیەدا هاوتای تورکیی خاترجەم بکات. بەڕای بەڕێز. ڕ. بولارد یەکێک لە هۆیەکانی دڕدۆنگی دەتوانێ دیداری تەبلیغاتیی ڕێبەرانی کورد و سەرۆک عەشرەکانی دیکەی کورد لە باکۆ بێ کە لەلایەن ئۆرگانەکانی سۆڤیەت وەڕێخراوە باڵوێزی سۆڤیەت ڕایگەیاند کە ئەو چاوپێکەوتنانە تەنیا لایەنی فەرهەنگییان هەبووە بەڵام ڕایگەیاند پێشتر لەو بارەیەدا هیچ ئاگادارییەکی پێ نەگەیشتووە.

یازدەی دیسێمبەر، دەوڵەتی تورکیا بەناردنی دووهەمین نامەی سکاڵای خۆی سەبارەت بەچالاکیی کوردەکان ڕایگەیاند کە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەتەوە پشتیان دەگیرێ، پێوەندیی تورکیا و تاران تێکچووە و بارودۆخێکی نائارامی پڕ لەمەترسیی پێکهێناوە.

هەرچەند ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەو بارەیەدا زۆری تێچاندنە، بەڵام مەترسییەکی واقیعیش بەرچاو دەکەوێ و ڕەنگە ئەو ڕووداوە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیی تورکیا و ڕووسیا و هەروەها ئێمەش. لەبەر ئەوە بەقازانج دەبێ کە ئەگەر دەوڵەتی سۆڤیەت کارێک بکات کە دەوڵەتی



تورکیا خەیاڵی ئاسودە بێ. بەبۆچوونی «ر. بولارد» گرفتی مەزن لەو بارەیەدا ئەوەیە کە سیاسەتی سۆڤیەت لە ناوچەی داگیرکراودا لەلایەن چەند ئۆرگانێکەوە پیادە دەکرێ کە باڵوێزی سۆڤیەت لە تاران تەئسیرێکی کەمی لەسەریان هەیە[٣].

مۆلۆتۆف لە وەڵامی ئیدەندا بۆ کریپس دەنووسێ:

– سەبارەت بەنامەی «نیگەرانیی تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران» کە لەلایەن «ئیدەن»ەوە لە ٢٠ی دیسێمبەری ١٩٤١دراوە، دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە ڕاگەیێنرێ:

تەنیا لە نامەی باسکراودا کە نووسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای کردووەتە بەڵگە، لێمان ڕوون بووەوە کە کوردەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزرێنن و هەروەها سەبارەت بەوە کە کوردەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر خاکی تورکیا. لەو بارەیەوە پێویستە بەبیرخستنەوەیە کە لەو بەشەی خاکی ئێران کە هێزەکانی سۆڤیەت تێیدا جێگیرن، پێشهاتی ئەوتۆ ڕاست نین و بەتێکڕایی لە مەبەست و ئاکاری یادکراوی کوردەکان، ئۆرگانەکانی سۆڤیەت هیچ پێوەندییەکیان بەئەوانەوە نییە.

سەبارەت بەهاتوهاواری نێوان هۆزە کوردەکان کە گوایە لەلایەن لەشکری سووری جێگیر لە ئێران وەڕێخراوە و لە نامەی یادکراودا هاتووە، هیچ چەشنە ئاگادارییەکمان نییە. بەپێچەوانەی نامەکەی تری تورکیا کە پشتی پێدەبەسترێ، سوپای سۆڤیەتی جێگیر لە ئێران نە تەنیا بەوان و هیچ کوردێکی دیکە لە پێکهێنانی ناهێمنی یارمەتی ناکات بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئاکارێک ڕەچاو دەکا کە چەک لە کوردەکان وەربگیرێتەوە. دیارە چەکەکانیش لە ناوچەیەکەوە دێن کە هێزەکانی سۆڤیەتی لێ جێگیر نین.

یەکەکانی سوپای سۆڤیەت کە ڕەوانەی باکوری ئێران کراون، هەر زۆر زوو

٣- نامەی ئیدەن لە ١٩٤١/١٢/٢٠. ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ. وەرگێر ئەفراسیاو هەورامی. گزینگی ژمارە ١١، لاپەڕەی ٢٤.

بۆ پێشگیری لە پێکهەڵپڕژانی نێوان کورد و ئێرانییەکان گەلێک هەنگاویان هەڵگرتووە و تا ئێستا هیچ چەشنە کێشە و پێکدادانێک نەبینراوە، لە نێو کوردەکاندا لەو شوێنانەی کە هێزەکانی سۆڤیەتی تێدا جێگیرن.

پێویستە بیرتان بێنینەوە کە دەوڵەتی ئێران لە ئاکار و کرداری سوپای سۆڤیەت لە ئاست کوردەکاندا، هیچ چەشنە ناڕەزایەتییەکی دەرنەبڕیوە و لەوبارەیەوە هیچ بیرو بۆچوونێکی بەباڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران ڕانەگەیاندووە. لەم پێوەندییەدا، تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی باڵوێزی ئێمە لە ئێران، یازدەی دیسێمبەری ئەمساڵ سەرۆک وەزیری ئێران بەڕێز «فروغی» لە کن باڵوێزی سۆڤیەت، باڵوێزی بریتانیای ئاگادار کردبۆوە کە ئینگلیزەکان پشتیوانییان لە کوردەکان کردووە و لە هێندێک ناوچەدا دژی ئێرانییەکان هانیان داون.

کەوابوو دەوڵەتی تورکیا ناتوانێ هیچ هۆیەکی بۆ نیگەرانی خۆی لەو ڕووەوە هەبێ کە گوایە کوردەکانی ئازەربایجانی ئێران لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە بۆ پێکهێنانی ناهێمنی هان دەدرێن و بۆ ئەم مەبەستە پاڵیان پێوە دەنرێ، لەبەر ئەوە تورکیا هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ سەر سنووری خۆی لەگەڵ ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەک کە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیمان لەگەڵ تورکان لە ئارادا نییە.

بەڵام ئەوەی چاوپێکەوتنی چەند کەسایەتییەکی کورد لە باکۆ بگرێتەوە، ئەو سەفەرە تەنیا لایەنی فەرهەنگیی هەبووە و بۆ هیچ جۆرە مەبەستێکی سیاسی نەکراوە. قسەکانی بولارد کە پێی وایە سیاسەتی سۆڤیەت لەو ناوچانەی کە هێزەکانی سۆڤیەت تیاندا جێگیرن گوایە لەلایەن ئۆرگانێکەوە دادەڕێژرێ کە باڵوێزی ئێمە کارتێکەریی کەمی لەسەر هەیە، بەتەواوی بێجێیە.

هەمووی ئەم وتانەی سەرەوە دەتوانن ببنە سەرینی خاترجەمی دەوڵەتی تورکیا ئەگەر پێویست بێ، بەڵام جێی خۆیەتی لەوبارەیەوە دەستنیشان



بکرێ کە تا ئێستا نە دەوڵەتی تورکیا و نە دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەو مەسەلەیە کە لە نامەی بەڕێز «ئیدەن»دا هاتووە، دەوڵەتی سۆڤیەتیان ئاگادار نەکردووەتەوە.

مۆسکۆ، ٢٨ی دیسێمبەری ١٩٤١[٤]

کۆمەڵەی ژ. ک پێوەندی و نزیکایەتیی بەهیچکام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە نەبووە و هەموو داگیرکەرانی کوردستانی بەچاوێک تەماشا کردووە و ویستوویەتی بەتێکخستنەوەی هەموو پارچە لێکدابڕاوەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کوردی ژێردەست، دەوڵەتی گەورەی کوردستان دامەزرێنێ. کۆمەڵە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی سنووری دەستکردی بەزاندووە و لە سلێمانی و هەولێر ئیدارەی مەحەلیی دامەزراندووە و لەگەڵ کۆمەڵەی «هیوا» یەکی گرتووە. لە مانگی ئوتی ساڵی ١٩٤٤دا، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، مامۆستا هەژار و قاسمی قادری قازی ناردووەتە گوندی (دزە). لە نزیک ئەو گوندە و لە ڕەشماڵی شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ لە بناری چیای داڵانپەر زنجیرە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی هیوا بەناوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ و سەید عەزیزی شەمزینی ڕێکخستووە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی و ئەوانە پێکەوە پرۆگرامی خەباتی هاوبەشیای دارشتووە[٥].

جێگەی سەرنجە، کۆمەڵە بۆ گەیشتن بەو ئاواتانە ڕێگای ئاشتیخوازانەی گرتووەتەبەر و بەپێی ئەو سیاسەتە تاکتیک و پلانی خەباتی خۆی دارشتووە و بەپێچەوانەی بزووتنەوەکانی پێشووی کوردستان پشتی بەچەک و شەڕی چەکدارانە نەبەستووە.

مەلا قادری مودەڕیسی یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لە لاپەڕەی ١٢ی نامیلکەی سەید محەممەدی سەمەدیدا بەناوی «ژێکاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟» دەبارەی هەڵوێستی ئاشتیخوازانە و نەرم نیانی کۆمەڵە و دەست نەبردنی بۆ چەک لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا، دەڵێ:

١- «بناغەدانەرانی ژێ. کاف لە ڕووی تەجرەبە و ڕووداوە مێژووییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە دەست بردن بۆ چەک غەیرە چارەڕەشی و بەدبەختی بۆ

٤- نامەی ئیدەن لە ١٩٤١/١٢/٢٠. ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ. وەرگێر ئەفراسیاو هەورامی. گزینگی ژمارە ١١، لاپەڕەی ٢٤.

٥- چێشتی مجێور، لاپەڕەی ٦٤-٦٥، نووسینی مامۆستا هەژاری موکریانی.

گەلی کورد هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە، یانی دیتن بەچاو و بوون لە تاریخدا ئەو مەسەلەیەی پێ سەلماندبوون نە ترسەنۆکی.»

هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە چەند ژمارەی نیشتماندا بەتوندی دژی داگیرکەرانی کوردستان هەڵوێستی گرتووە و ئاماژەی بەکردەوەی ناڕەوا و زاڵمانەی ئەوان لە ئاست نەتەوەی کورد کردووە و هۆشیاری کردوونەتەوە، کە دەست لە ویستی پاوانخوازانەی خۆیان لە کوردستان هەڵگرن. گۆڤاری نیشتمان لە لاپەڕەکانی ٣٠-٣٣ی ژمارە ٣-٤یدا لەژێر سەردێڕی تاران- ئەنقەرەدا دەڵێ:

«بێگومان هەموو کوردێک ناوی ئەم دوو شارباژێڕانەی بیستووە، بەڵام هێزێکی ئەم دوو ناوە ئەیکەنە سەر بیر و ڕەوانی نیشتمانپەروەرانی کورد گەلێک دەگەڵ ئەم هەستە فەرقی هەیە کە کوردە (ماڵ و مقام) دۆستەکان بۆیان پەیدا ئەبێ لە کاتێکا کە لەم دوو شارباژێڕەی ئێران و تورکیا ئەدوێن. چونکوو هەموو کوردێکی دڵسۆز و تێگەیشتوو ئەزانێ کە لەم دوو شارە زلەدا چلۆن چارەنوسی نەتەوەی بێکەس و کەس بێگانەی کورد وەکو تۆپی پێ (فوتبۆڵ)، یاریی پێ ئەکرێت و.....

چاک نییە تێ بگەن کوردێکی زنجیر پچڕێنەر کە چەند هەزار ساڵە زمانی خۆی ڕاگرتووە و زۆر کەم زمانی بێگانە تێیدا نفووزی کردووە بەتەنگەتاو کردنی ئەوان دەستی لێ هەڵناگری و زمانەکەی نابێتە تورکی یا فارسی ئەگەر بەدزییش بێت لەبن کێوانیشدا بێت گۆوار و ڕۆژنامەی خۆیان دەردەهێنن.»

عەبدولڕەحمانی زەبیحی ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە و لێپرسراوی ئیدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان بەنازناوی «ع. بیژەن» لە وتاری «کوردستان قووت نادرێ»، لە لاپەڕەی ١ی نیشتمانی ژمارە ٨،٧ و ٩دا نووسیویەتی:

«... کوردن هیچ تێ ناگەن چەند پیاوێکی زرینگ، هێندێک ماڵ و دراو دەگەڵ وەعدەیێکی درۆ بۆ فریودانی گەورەکانیان بەسە گەنجەکانیش بەزۆری ئەم گاورانە دادەمرکێن» ئەو ڕستەیە بیر و خەیاڵی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران و عێراقە کە چەندین ساڵە وەک زەروو بەکوردستانەوە نووساون، خوێنی دەمژن و بێهێزی دەکەن، بەڵێ خوێنخۆری پەردەیێکی



ئەستووری ئەستوور لەنێوان عەقڵ و مێشکدا پەیدا دەکا و دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن و نەفامین؛ جا پیاوی نەفامیش ئارەزووی سەیری دێتە مێشکی و وەکوو هیتلەر دەکەوێتە خولیای جیهانگیری و شاهەنشاهی- ئیتر نازانێ ئەم هەموو دونیایە ناخرێتە دەست یەکێکەوە تا ئاغایەتیی بەسەردا بکات.

دەوڵەتانی تورکیا، ئێران و عێراقیش پیت و بەرەکەتی کوردستان زۆر لەمێژە چاوی سوور کردوون و خستوونیە خولیای قوتدانی ئەم وڵاتە گەورەیە کە نیزیکەی ٤٠٠،٠٠٠ کیلۆمەترەی چوارگۆش پانایی و نۆ (٩) ملیۆنی دانیشتووی هەیە بەڵام وشیاربوونەوەی کورد قامچییەکی زۆر توند بوو کە لە جەنگی ڕابردوودا لە دەمی ئەو دەوڵەتە ئیستعماری یانە درا و حاڵیی کردن: کورد هەتا هەتایە لە ژێردەستی ئەواندا نەمێنێتەوە و بێگومان حەقی خۆی داوا دەکا-....» هەر لە نیشتمانی ژمارە ٨،٧ و ٩دا، ئەندامێکی کۆمەڵە بەنازناوی «ڕژدی- ٣٤» لە وتاری «ئاشتی»دا، کە لە لاپەڕەی ١٢ چاپ کراوە، دەنووسێ:

«... دوور نەچین ئەم کوردستانەی خۆمان کە سیاسەتی ئیستعمار خستوویەتە ژێر چەنگاڵی جەور و ستەمی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراقی هیچ و پووچ؛ چاوی وردبینی دنیای متمدن گەوایە کە ماوەیێکی زۆر درێژە هیچ کامێک لەم حکوومەتانە نانی ڕەحمەتیان نەخواردوە و دایمەن لە گۆشەیێکی کوردستاندا ئاگری شەڕ گڕی بۆ ئاسمان بەرز بۆتەوە و گەلێک زیانی ماڵی و گیانیی بەم دەوڵەتە نەگریسانە داوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کورد هەستی بەمەزلوومییەتی خۆی کردووە و دەیەوێت خۆ ڕزگار بکات.»

کۆمەڵەی ژ. ک کێشەی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی بەمەسەلەیەکی نێونەتەوەیی زانیوە و زۆر جار لەسەر بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی پەیمانی سیڤەر پێی داگرتووە و داوای لە کۆمەڵی وڵاتە یەکگرتووەکان کردووە، کە مافی نەتەوەی کورد بەڕەسمی بناسن و ڕێگا بدەن کوردیش وەک نەتەوەکانی‌تری دنیا دەوڵەتی خۆی هەبێ. لە چوارچێوەی ئەم مەبەستەدا هەیئەتی ناوەندیی ژ. ک لە لاپەڕەی ٣٢ی نیشتمانی ژمارە ٣-٤یدا لە ژێر سەردێڕی تاران- ئەنقەرە دەڵێ:

«ئەمانە هەموو نەتیجەی خوار تێگەیشتن یا لەخۆ گۆڕینی کاربەدەستانی تاران- ئانکارایە کە تێناگەن یا خۆ باش نییە بزانن مەسەلەی کورد تا ساڵی ١٩١٩ بەمەسەلەیێکی (محەلی) جێگایی دەزانرا، بەڵام لەم ڕۆژەوە کە ژەنراڵ شەریف پاشای بەدرخانی لایحەی مەشهوری خۆی تەسلیمی کۆنفرانسی ئاشتی کرد و داوای میللیی کوردی خستە ئێسکی بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی پەیمانی «سیڤەر» ئیتر مەسەلەی کورد بۆتە پرسیارێکی (بین المللی) و وازی لێ ناهێنرێ.»

ڕێبەرایەتی ژ. ک لە درێژەی نووسینەکەیدا ڕادەگەیەنێ:

گۆیا مەسڵەحەت نییە چاوێک بەدەستوورەکەی ئەتلانتیک کە لە دڵ و دەروونی وەکوو ئاوی ئوقیانوسی ئاتلانتیک ساف و ڕوونی سەرۆک ڕوزڤێلت و میستەر چەرچیلەوە هاتۆتە سەر کاغەز و مارشاڵ ستالین پێشەوای دلێری سۆڤیەتستانیش تەسدیقی کردووە بخشێنن و حاڵی بین کە حەقی ژیان دراوە بەهەموو نەتەوەییێکی پچووکی گێتیی و کوردی دە ملیۆنی وا لەتوکوت نامێنێتەوە و حەقی خۆی داوا ئەکات.»

ئەندامێکی تری کۆمەڵە بەنازناوی «ع. مرۆ ٦٧» لە لاپەڕەی ٥ی نیشتمانی ژمارە ٩.٨.٧دا لە ژێر سەردێڕی مۆسکۆ واشنگتون لوندوندا دەنووسێ:

«ئەوە هاواری هەموو کوردانە بۆ ئەو سێ دەوڵەتە گەورانە کە بۆ ڕزگاری و خۆشبەختیی گێیتی بەشەڕ دین/ کوڕ و باب و برای خۆیان بەکوشت دەدەن تا کوڕ و باب و برای نەتەوە پچووکەکان پێک شاد و شوکر بن، زەوی کێڵدراو و پڕ حاسلی بەسووتاندن دەدەن و......

کوردیش کە یەکێک لە گەلانی بەشخوراو و زۆرلێکراوە لەسەر ئەو بڕیارە لە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاریی خۆی دڵنیایە و دەهێندەی هەموو دنیا بەو بڕیارە دڵخۆشە و شانازیی پێوە دەکا: چونکە هیچ میللەتێ وا ژێرچەپۆکە و سووک و چرووک و بەشخوراو نەبووە.

دراوسێکانی ئێمە (تورک، عەرەب و فارس) ئێمەیان لەناو خۆیاندا بەشکردووە و بەچاوی دیلی و یەخسیری تەماشامان دەکەن- و هیچ چاکمان پێ ڕەوا نابین و لە هیچ خراپێک دەربارەمان خۆ ناپارێزن.



پێویستە (عەرەب، تورک و فارس)ەکان چاک بیر لە داوای میللی ئێمە (کوردان) بکەنەوە و چیدیکە خۆمان لێ گێل نەکەن و لێمان نەبنە (وشتری ناو پەمبۆ) دەستی ئێمە و داوێنی ئێوە! ئەی حکوومەتە گەورە و دادپەروەرەکانی گێیتی.»

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دەوڵەتی داگیرکەری ئێران

لەناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، ئێران دوژمنی هەرە سەرسەختی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بووە و بۆ لەناو بردنی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کورد لەوبەشەی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی گێڕاوە. هەرچەندە دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠- ٢٥ی ئاگۆستی ١٩٤١دا، ڕەزا شا بۆ دوورگەی «موریس» دوور خرایەوە و کوڕەکەی «محەمەد ڕەزا» جێی گرتەوە و دەوڵەتی ئێران بەدنیای ڕاگەیاند، کە لە ئێراندا کۆتایی بەدیکتاتۆرییەت هاتووە و دیموکراتیی جێگیر بووە، بەڵام سیاسەتی شۆڤێنیستی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی‌تر نەگۆڕا.

دوای ڕاکردنی سوپا و دەزگا پۆلیسیی و پاراستنەکانی دەوڵەتی ئێران لە مهاباد، شنۆ، نەغەدە، بۆکان، مەریوان، بانە، میاندوئاو و... حکوومەت زۆر بەپەلە پێوەندیی بەو ژمارە دەرەبەگ و کۆلکە مەلا کۆنەپەرستە کوردانەوە گرت، کە ئامادە بوون بۆ قازانجی خۆیان، بەرژەوەندی وڵات و نەتەوەکەیان پێشێل بکەن. حکوومەتی ئێران ئەو ژمارەیەی بەژەنراڵ «هوشمەند ئەفشار» فەرماندەی لەشکری چواری سوپای ئێران بەستەوە، کە ئەرکی پیلانگێڕیی و ئازاردان و تواندنەوەی کورد و کوردستانی پێ سپێردرابوو. شوێنی لەشکری چوار و ژەنراڵ هوشمەند ئەفشار لە سەقز بوو و کاربەدەستانی ئێران پتر لە سەقزەوە گوشاریان دەخستە سەر بەشی ڕزگارکراوی کوردستان.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٣- ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٤٤ی کۆمەڵە کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا هاتووە، هوشمەند ئەفشار لە سەقز دوو کوڕی سەیف اللەخان و برازایەکی حاجی ئەمینی توجاری گرتووە. کۆمەڵە لە نامەی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٣- ٥ی دیسێمبەری ١٩٤٤یدا ئاماژە بۆ نامەی ژمارە ٣٤١ی هەیئەتی ناوەندی دەکات، کە دەڵێ:

> «فەرماندەی قشونی ئێران سەرتیپ «هوشمەند ئەفشار» چووەتە سەردەشت. لەو بابەتەوە خەڵکی سەردەشت زۆر بەپەرۆشن، چونکە سوپای ئێران پێ لە هەر جێیەک دەنێ، بۆ پێشاندانی هێز و داسەپاندنی



> دەسەڵاتی، ژمارەیەک دەگرێ و زیندانی دەکات. ئێستا لەناو ئەوانەی کە لە سەردەشت گیراون، سێ کەسیان ئەندامی ئێمەن. یەکێک لە گیراوەکان خەڵکی مهابادە، کە پێی گوتراوە: بۆ ئەوەی نەوتی ئێران بدەن بەسۆڤیەت دژی کابینە قسە دەکەن و ئێمەش بەو تاوانە ئێوە دەگرین.»

لە ڕاپۆرتی ٢٨- ٣٠ یانواری کۆمیسارۆڤ دەردەکەوێ «ڕەحمانی غەنی پور» و ٢٠ کەسی‌تر لە سەردەشت بەتاوانی لایەنگرییکردن لە ژ. ک گیراون و ماڵەکانیان لێ زەوت کراوە. هەروەها ڕاپۆرتی کۆمەڵە بۆ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئەمە ئاشکرا دەکات کە لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٣دا سێ ئەندامی ژ. ک بەدەست سەرۆک عەشیرەتەکانی سەر بەرژێم لە مهاباد گیراون، بەڵام بەهۆی هەوڵی ئەندامانی کۆمەڵە گیراوەکان دوای دوو کاتژمێر ئازاد کراون. کۆمەڵە هەروەها لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ مۆلۆتۆڤ دەڵێ:

> ئێمە هەرچەندە ئەسڵی نهێنیکاریمان لەبەر چاو دەگرت، بەو حاڵەش بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی مەئمورە حکوومەتییەکانی ئێران لە ڕۆژی ٧ی مای ساڵی ١٩٤١- ١٧ی گوڵانی ١٣٢٠، شەش کەس گیران و لە زیندانی شارەبانیی مهاباد زیندانی کران. لەناو گیراوەکاندا سێ کەسیان ئەندامی حیزبی ئێمە بوون. مەئمورە حکوومەتییەکان، ماڵی گیراوەکانیان پشکنی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان دەست نەکەوت. سەرەڕای ئەوەش، حکوومەت تا هاتنی لەشکری سووری پاڵەوانی سۆڤیەت، ئەوانی لە زیندانەکانی مهاباد و ورمێدا ڕاگرت و دوای هاتنی لەشکری سوور لەگەڵ زیندانییەکانی‌تر ئازاد کران[١].

دەوڵەتی ئێران جیا لە بەربەرەکانیی چەکدارانەی دژی کۆمەڵەی ژێکاف و هاندانی دەرەبەگە کوردەکان دژی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ڕێگای ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەناو ئازادیشدا بەربەرەکانیی ژێکافی کردووە و تەنانەت بەبێ ئەوەی کە گەلی کورد نوێنەر بۆ خولی ١٤ی پەرلەمانی ئێران هەڵبژێرێ، کاربەدەستانی ئێران بۆخۆیان کەسێکیان بەناوی «حەبیبی موحیب» کردووەتە نوێنەری کوردان لە پەرلەمانی ئێراندا. هەیئەتی ناوەندیی ژێکاف بەناوی دانیشتووانی کوردستانەوە، داوای لە پەرلەمانی ئێران

---

١- مێژووی ئەو گیراوانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان.

کردووە کە نوێنەرایەتیی حەبیبی موحیب پەسەند نەکات و ڕایگەیاندووە، گەلی کورد حەبیبی موحیبی هەڵنەبژاردووە و ئەو لەلایەن ئەفسەرانی سوپای ئێرانەوە بەفڕوفێڵ کراوەتە نوێنەری گەلی کوردستان. ڕۆژنامەی «کەیهان»ی ڕۆژی ١٩٤٥/٧/٢١ بەشێکی لە نامەی کۆمەڵە چاپکردووە و ئینجا فرمێسکی تمساحی بۆ کورد هەڵڕشتوە و دژی داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە وەڵامی ژێکافدا نووسیویەتی:

«لەوانەیە بەشی نەخوێندەواری کورد نەزانن واتای «سەربەخۆیی» چییە. لە سەردەمی ئێستادا کاتێک تەنانەت گەلانی گەورە و فرە نەتەوە هەوڵی یەکگرتن ئەدەن و پشتی یەکتر دەگرن، داخوا دەکرێ باوەڕ بەو شتە بکرێت کە ژمارەیەک خەڵک لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئێران دەیانەوێ جیابنەوە. باشە ئەوانە بۆ کوێ دەچن؟ ئەگەر ئێستا نەتەوەی پازدە ملیۆنی ئێران لەچاو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان دەورێکی بچووک دەبینێت، ئەگەر بێت و ئەو هۆز و خێڵانە جیابنەوە چییان پێ دەکرێ؟ کوا «بوخارا» و «خوارەزم»، «گەنجە» و «تیفلیس»، «کوردستانی تورکیا» و «بلوچستانی ئینگلیز» کە لە ئێران جیابوونەوە، چییان بەسەر هات؟ کەیهان ئینجا هەڵدەکوتێتە سەر ژ. ک و دەڵێ: کۆمیتەیەکی وا (ژ. ک) کە بەو چەشنە باسی دەکەن لە کوردستاندا وجوودی نییە و ئەگەر وجوودی هەبێ، ئەندامانی تەنیا چەند بەکرێگیراوێکی وڵاتانی دەرەوەن[٢].»

کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ لە نامەیەکدا بەئیمزای «هاشمۆڤ» و «عەلی ئەکبەرۆڤ» دەربارەی پیلانگێڕیی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەکۆمەڵەی ژ. ک و بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی لەناو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیەدا و تەنانەت جیاکردنەوەی مهاباد ناوەندی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ژ. ک لە پارێزگای ورمێ و خستنێ سەر پارێزگای سنە و ئیدراەکردنی ڕاستەوخۆی لە تارانەوە دەنووسێ:

«دەسەڵاتدارییەتی ئێران لەهەموو لایەکەوە هەوڵ دەدات پارتی ژێکاف لە ناوەوە تێک بدات. بەکڕینی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگی

---

٢- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو لە ئێرانەوە بۆ «گ.م. دیمیترۆڤ» لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥. لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ ل ٧٢-٧٩.



کورد دەیەوێ جیاوازی بخاتە نێوان ڕیزەکانی پارتی ژێکافەوە. هێندێک جار ئەو سیاسەتەیان بۆ چووەتە سەر، بۆ نمونە ئەوانە دوژمنایەتییان خستووەتە نێوان ڕەشید بەگ و نوری بەگ و هەروەها نێوان ڕەشید بەگ و تەمەرخان و قەرەنی ئاغای مامەش و قازی محەمەد و..... هەروەها کێشە لەسەر زەوی و زار و دەست بەسەرداگرتن یاخود فرۆشتنی قەند و شەکر لەناو سەرۆکە کوردەکاندا دەبینرێ. وەک ڕامانگەیاند دەسەڵاتدارییەتی ئێران چارەسەرکردنی کێشەی کورد تەنیا لە چەککردنی کورداندا دەبینێ. چونکە مهاباد ناوەندی سیاسیی کوردانە و لەوێ باس لە کێشەی سەربەخۆیی کوردستان و چارەسەر کردنی دەکرێ، دەسەڵاتدارانی ئێران بایەخێکی زۆر دەدەن بەو شارە.

دەسەڵاتدارانی ئێران کە هیوایان بەجێ پێ قایمکردنی خۆیان لە مهاباد نەماوە، هەروەها نەیانتوانیوە سوپای ئێران بنێرنەوە ئەو شوێنە، هەوڵ دەدەن مهاباد لە پارێزگای چوارەم (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) جیا بکەنەوە بیکەنە ناوچەیەکی تایبەت سەر بەسنە، بەڵام ڕاستەوخۆ لە تارانەوە سەرپەرشتیی بکەن. مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئێران لەم کردەوەیە، ئەوەیە کە ئەم ناوەندە سیاسییەی کوردان لەژێر کارگەرییەتی سۆڤیەت بخرێتە ژێردەسەڵاتی خۆیان. زۆربەی کوردەکان دژی ئەم گۆڕانکارییەن. کاربەدەستانی ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانە بەبەردەوامی پێوەندی بەپیاوە ناسراوەکانی کورد دەگرن تا لەگەڵ لکاندنی مهاباد بەسنەوە هاودەنگی بکەن. دەسەڵاتدارییەتی ئێران تا ئێستا توانیویەتی بەڵێنیی ژمارەیەک سەرکردەی کوردی وەک: قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد، غەفوری مەحموودیان، عەولاغا و عەلی ئاغای مەنگوڕ و ژمارەیەکی تر بەدەست بێنێ. دسەڵاتدارانی ئێران هەروەها ئاماژەیان بەناوی قازی محەمەد، عومەرخانی شەریفی، نوری بەگ، تەمەر خان و... هتد کردووە و ئەوانە بەهەڵگیرسێنەری بزووتنەوەی جیاوازیخوازانە و یاخیبوون و یاخیکردنی کوردان لە دەوڵەتی ئێران تاوانبار دەکەن[٣].»

---

٣- ڕاپۆرتی کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ، لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ئو ٣٠/ د ٣٢٧/ پ ٣٦٩/ ل ٥١- ٥٤.

دەوڵەتی ئێران بۆ ڕاکێشانی دەرەبەگەکانی کوردستان بۆ لای خۆی قەند و شەکر و پارەی مانگانەیان دەداتێ و ئەوانیش ئەرکی سیخوڕی و زەبر لێدانی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵەی ژێکافیان لە ئەستۆ گرتووە. بەپێی بەڵگەنامەکانی ژ. ک، ئەوانەی لەو خیانەتەدا دەستی باڵایان هەبووە لە کوردستاندا و بەچەشنی ناوەندێک لەنێوان ڕژێم و ئەو ژمارە دەرەبەگە خۆفرۆشانەدا هەڵسووڕاون، بریتی بوون لە: «قەرەنی ئاغای مامەش» و «ئەمیر ئەسعەد» (عەلی ئاغای دێبوکری) لە مهاباد و دەوروبەری، «مەحموود خانی کانی سانان» لە ناوچەی مەریوان و «بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر» لە باشووری کوردستان، کە لە ژێر فەرمانی ئەفسەرە ئینگلیزەکانی جێگیر لە باشووری کوردستاندا دوای خیانەتی گەورە بەبزووتنەوەی شێخ مەحموود، هەوڵی شکانی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەدا. ڕۆژنامەی «باختر» لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٥/٧/٢٥یدا دەربارەی کردەوەی مەحموودخانی کانی سانان لە هەرێمی بانە دەنوسێ:

«لە کوردستانەوە هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن دەگات، بەڵام ناگەنە گوێی نوێنەرانی پەرلەمان. کار گەشتووەتە ئەو جێیەی کە تاقمەکانی مەحموودی کانی سانان شمشێریان لە ڕووی براکانیاندا هەڵکێشاوە و سوپای شاهەنشاهیش تۆپ و تفەنگی دژی خەڵکی بێ تاوان بەکار هێناوە. ئەم ڕووداوە دوای ئەو هەراوهوریایە بەڕێوە چووە، کە حیزبی ژێکاف دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی هەڵگرتووە و هەروەها داسەپاندنی حەبیبی موحیب بەنوێنەرایەتیی پەرلەمان، کوردەکانی زۆر ناڕازی و بەپەرۆش کردووە[٤].»

دوای ئەم شانۆگەرییانە، سوپای ئێران بەر لەوەی کە ناوچەی موکریان بگرێتەوە، گوشارێکی زۆر دەباتە سەر ناوچەکانی مەریوان و بانە و بۆ ئەم مەبەستەش جیا لە هێزە پرچەکەکانی سوپا بەسەرۆکایەتیی سەرتیپ هوشمەند ئەفشار لە عەشیرەتەکانی سەر بەمەحموود خانی کانی سازان، تیلەکۆ، کلباخی و فەیزوڵڵابەگی دەوری سەقز یارمەتی وەردەگرێ. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە ڕاپۆرتی خوارەوەدا کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا چاپکراوە، بۆ حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە شاری تەورێز لەم بارەیەوە دەنووسێ:

٤- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ «گ.م. دیمیترۆڤ» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا. لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ ل ٧٢-٧٩.



کۆمەڵەی ژ. ک
ئیدارەی ناوەندی
بەرواری ٧ ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٩ سێپتەمبەر ١٩٤٤
بژی کورد و کوردستانی گەورە!
بۆ بەڕێز سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

بە حورمەتەوە ڕادەگەیەنم، چەند ڕۆژ پێش قشونی ئێران ویستی بچێ بۆ «مەریوان» ، کە «حەمە ڕەشید خان» پێشی پێ گرت. دوای ئەم ڕووداوە، ژەنراڵ «هوشمەند ئەفشار» هاتە مهاباد و ویستی قشونی ئێران بگەڕێنێتەوە ئەو شارە و مهاباد وەسەر «سەقز» بخات.

سەرتیپ هوشمەند ئەفشار، «مەحموود خانی کانی سانان»ی دژی حەمە ڕەشیدخان هان داوە. مەحموود دوای تێکهەڵچوونێکی بچووک ڕایکرد.

ڕۆژی ٢٢ی سێپتەمبەر- ٣١ی خەرمانان، پۆلێکی مەزن لە سوپای ئێران لە سنەوە هاتوون و لە «سەقز» مۆڵ دراون. سەرۆک عەشیرەتەکانی «تیلەکۆ»یی، «کلباخی» و «فەیزوڵڵا بەگی»ی دەوری سەقز یارمەتییان بەسوپای ئێران کردووە. لە «ئەمیر ئەسعەد»یشیان یارمەتی ویستووە. ناوبراو بەڵێنی داوە، بەڵام تا ئێستا بۆ یارمەتیکردنیان نەچووە. قشونی ئێران و هێزەکانی عەشایریی بەرەو «مەریوان» دەچن و تانکی مۆدێرنیشیان پێیە.

لەناو کوردەکانی عێراقدا، عەشیرەتی جاف لەگەڵ شێخ «لەتیف»ی کوڕی شێخ مەحموودی ناسراو، کە چەند مانگە بە ١٥٠٠ سوارەوە لە «سەردەشت» جێیان گرتووە، لەگەڵ گروپێکی سەر بەعەشیرەتەکانی «گەورک» و «مەنگوڕ» بەهانای حەمە ڕەشید خانەوە چوون. لە ئاکامی تێکهەڵچوونێکی بچووکدا برازای حەمە ڕەشید خان بریندار بووە و حەمە ڕەشید خان لە مەریوان کشاوەتەوە و خۆی گەیاندووەتە «بانە.» لەوە دەچێ قشونی کۆکراوەی ئێران لە سەقزەوە بچێ شارەدێی بانەش داگیر بکات. لەبەر ئەوە حەمە ڕەشید خان بۆ ئێمەی نووسیوە و دەڵێ:

- «...... پولکونیک (سەرهەنگ) «سەلیم ئاتاکیشیۆڤ بەڵێنی پێ داوە، هەر کاتێک لەنێوان ناوبراو و سوپای ئێراندا شەڕ هەڵگیرسێ، دەوڵەتی سۆڤیەت یارمەتی بەحەمە ڕەشید خان دەکات یاخود پێش بەچوونی سوپای ئێران دەگرێ. بەڵگەی ئەو گوتنە لە کۆنسوڵی سۆڤیەت مەوجوودە.»

ئێستا حەمە ڕەشید خان داواتان لێ دەکات پێش بەهێرشی سوپای ئێران دژی ئەو بگرن، تا کوردەکان لە شوێنی ترەوە بەهانایەوە دەچن و یارمەتیی پێ دەگەیەنن. هەروەها ئیزن مەدەن سوپای ئێران دژی حەمە ڕەشید خان لە تانک کەڵک وەرگرێ. ئینگلیزەکان لە عێراق، تفەنگ بەعەشیرەتە کوردەکان دەدەن و وێدەچێ دانی ئەو تفەنگانە بۆ شەڕ دژی عەرەبەکان بێ.

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک

هەیئەتی ناوەندی ژ. ک هەروەها فۆتۆکۆپیی دوو تێلگرافی ڕۆژی ١٩٤٤/٩/٣٠ی حەمە ڕەشید خانی بانەی بۆ لێپرسراوانی سۆڤیەت ناردووە، کە حەمە ڕەشید خان پێشتر بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکانی بانە و مەریواندا بۆ کاربەدەستانی ئێرانی ناردبوون. ئەمەش دەقی تێلگرافەکانە کە وەک خۆی لە پاشکۆی کتێبەکەدا چاپ کراون:

**تێلگرافی یەکەم**

لە حەمە ڕەشید خانەوە بۆ تاران

بۆ خاوەن شکۆ شاهەنشا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، جەنابی سەرۆک وەزیر، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، وەزیری نێوخۆی وڵات، وەزیری داد (عەدلیە)، ئاغای سەید زیا تەباتەبایی، ئاغای ئاسف نوێنەری پەرلەمان، ئاغای سەدری قازی نوێنەری پەرلەمان، ئاغای ئەسعەد نوێنەری پەرلەمان، ڕۆژنامەی ڕەعد و ڕۆژنامەی مەردانی کار.

دوای ئاراستەکردنی تێلگرافی ژمارە ٨٩٣٥ی مانگی سێپتەمبەر، کە هەڤاڵانم لە مەریوان دوورخستەوە، بۆ دەرکردنی «مەحموود خانی کانی سازان» لە مەریوان کە گەلێک زیانی بۆ حکوومەت و خەڵکی ناوچە هەیە، بۆ هێمن کردنەوەی ناوچە هەوڵم دا و بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی ئێوە هەڤاڵانم لە مەریوان دوورخستەوە.

لە ٢٢ی سێپتەمبەردا، کە تێلگرافی ئێوەم پێگەیشت، لەلایەن فەرماندەی لەشکری چوارەوە هەڤاڵانم و بنەماڵەکەم کەوتنەبەر ئاگری چەکەکانی لەشکری چوار و زیانێکی قورسیان پێگەیشت. فەرماندەی لەشکری چوار دەبوایە سەبر بکات، ئەگەر لە ماوەی دوو ڕۆژاندا هێزەکانم لە مەریوان دوور نەکردبایەوە، ئەوجا حەقی هەبوو دەست بۆ چەک بەرێ.



چونکە کردەوەی فەرماندەی لەشکری چوار لە مەریوان زیانی بۆ حکوومەت و خەڵک هەبووە، حکوومەت پێویستە لە کردەوەی ناوبراو بکۆڵێتەوە. فەرماندەی لەشکری چوار بەکردەوەی خۆی خەڵکی ئەو ناوچەیەی لە لوتف و مەرحەمەتی دەوڵەت سارد و نائومێد کردووە. خەڵک لەو نزیکانەدا تەواوی ناوچەکانی سەرسنوور بەجێدێڵن. لەبەر ئەوە، من بەسوودی حکوومەت لە فەرماندەی لەشکری چوار شکایەت دەکەم. ئەو دەیەوێ خەڵکی ناوچەکە بەتەواوی لەناو بەرێ.

بە پشت بەستن بەکام یاسا جوتیارانی ناوچەی مەریوانیان تاڵان کرد و دەستیان بۆ ناموسیان درێژ کرد؟ ئەگەر دەوڵەت پێش بەکردەوەی خایینانەی فەرماندەی لەشکری چوار نەگرێ، ئەو ئاسایشی ناوچەکانی سەر سنوور دەخاتە مەترسییەوە و لە ئاگری خیانەتەکانی خۆیدا دەیانسوتێنێ.

محەممەد ڕەشید کوڕی قادر ١٩٤٤/٩/٣٠

**تێلگرافی دووهەم**

لە حەمە ڕەشید خانەوە بۆ تاران

بۆ جەنابی سەرۆک وەزیری ئێران، وەزیری دارایی، سەرۆکی دارایی، دوکتۆر میلیسپو، ئاغای ئاسف نوێنەری پەرلەمان، ئەغای سەدری قازی نوێنەری پەرلەمان.

هەروەکوو دەزانن لەو ڕۆژەوە کە بەرپرسایەتیی ئاسایشی بانە لەلایەن حکوومەتەوە بەمن سپێردراوە، مووچەی مەئمورە حکوومەتیەکانیش دیاریی کراوە. من بەهەموو هێزەوە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی بانە هەڵسوڕاوم و لە هەمان کاتیشدا هاوفیکرییم لەگەڵ فەرماندەکانی حکوومەت کردووە. بەهۆی شکایەتی من لە فەرماندەی لەشکری چوار، لەلایەن ناوبراوەوە دژی خەڵکی بانە بەربەرەکانی سەری هەڵداوە:

١- شەش مانگە مووچەی مەئمورانی حکوومەت لە بانە نەدراوە.

٢- بانە مافی ٢٨ تن شەکر و چایی هەیە، کە تەنیا ٢٣ تنی دراوەتێ. پارەی ئەو ٢٣ تنە بەبەڵگەی ژمارە ١٧٠ - ٢١١٦٧٥ دراوە بەبەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی دارایی سەقز. پێنج تن شەکر و چا ماوەتەوە،

بەم بیانووە کە بازاڕی بانە پارەی نەداوە، ئەو پێنج تنەیان نەداونەتێ.

ئەو گوتنانە، ئەوە دەسەلمێنن کە مووچەخۆرەکانی بانە کەوتوونەتە بەر بێ لوتفی و ڕقەبەرایەتیی فەرماندەی لەشکری چوار. «ئەگەر حکوومەت بەچەشنی دانیشتووانی ئێران ناڕوانێتە خەڵکی بانە، بۆچی ئەوانی خستووەتە ژێردەستی فەرماندەی لەشکری چوار، کە ئەو بۆچوونەکانی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەدا بسەپێنێ.» ئەگەر حکوومەت بەباشی نەڕوانێتە ئەو ناوچەیە، من بەرپرسایەتیی ئاسایشی ناوچەکە ناگرمە ئەستۆ.

محەممەد ڕەشید کوڕی قادر ١٩٤٤/٩/٣٠

عەبدولڕەحمانی زەبیحی لەو نامەیەی خوارەوەدا ئاماژە بەکردەوەکانی هوشمەند ئەفشار و نۆکەرایەتیی بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر دەکات و لە بەرامبەر ئەواندا لە دەوڵەتی سۆڤیەتی دەوێ پشتی حەمە ڕەشید خانی بانە بگرن تا لەو جێیە پاشەکشەی پێ نەکرێ.

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ٧ی ڕەزبەری ١٣٢٣- ١٩٤٤/٩/٢٩

بۆی کورد و کوردستانی گەورە

یەکێک لە کوردەکانی کوردستانی عێراق کە سەرۆکی عەشیرەتی پشدەرە بەناوی «بابەکری سەلیم ئاغا» بەویستی ئینگلیزەکان نامەیەکی بۆ «ئەمیر ئەسعەد» نووسیوە، کە پێش بەگەشەکردنی حیزبی ئێمە بگرێ.

سەرتیپ «هوشمەند ئەفشار» لە سەقز ئەو کەسانەی خوارەوەی بەتاوانی پێوەندی لەگەڵ «حەمە ڕەشید خان» زیندانی کردووە:

دوو کوڕی «سەیف الله خان» و برازایەکی. حاجی ئەمینی توجار.

سەرتیپ هوشمەند ئەفشار بۆ تواندنەوەی کوردان فەرمانی لە دەوڵەتی ئێران وەرگرتووە. سەرهەنگ «درەخشانی» پارێزەری ورمێ هاتووەتە مهاباد و شەو لە ماڵی دوکتۆر «ئەمین ئەفشار» ماوەتەوە.

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا داوای گەیاندنی یارمەتیی ئێوە بەحەمە ڕەشید خان دەکەین.

مودیری بەشی ڕاگەیانەنی ژ. ک عەبدولڕەحمانی زەبیحی



یەکێکی تر لەوانەی دژایەتی کۆمەڵەی ژێکافی کردووە، «قولی خانی بوزچلو» خەڵکی سندوسی ناوچەی نەغەدە بووە، کە هاشمۆڤ لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٨ی مارسی ١٩٤٥یدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ و دەڵێ:

- «٦ی ئاپریلی ١٩٤٥ بەخشداری سندوس قولی خانی لەگەڵ خزمەکانی لەوانە پاشا خان و ئینتسابی کە موڵکداری گەورەن، هاتە لامان و شکایەتی کوردەکانی لە ئێمە کرد و گوتی لەم دوایانەدا کوردەکان سوکایەتی بە«قەرەپەپاخ»ەکان دەکەن و ناچاریان دەکەن بچنە ڕیزی پارتی ژێکافەوە و دەیانەوێ لەنێوان کورد و ئازەرییەکاندا دوژمنایەتی پێک بێنن و لەو ڕێگایەوە دانیشتووانی ئازەریی ناوچەکە تالان بکەن و ناکۆکیی نێوان کورد و قەرەپەپاخەکان بەبەردەوامی بمێنێتەوە. خەڵکی ناوچە لە کۆنەوە گوتوویانە «ببر تەرەفندە دێنیز، ئوچ تەرەفندە دۆنگوز» (لە لایەک دەریا و سێ لایەکەی دیکەی بەراز).

قولی خان لە کۆتایی مانگی مارسی ئەمساڵدا مەتێنگێکی بەبەشدارایی ١٥٠٠ کەس ڕێک خست، کە ئاسوری، ئەرمەنی و ئازەری و کوردی تێدا بووە و بێجگە لە کوردەکان ئەوانی تر پشتی قولی خانیان گرتووە. ناوبراو دەربارەی کۆمەڵەی ژێکاف گوتی، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بەتۆبزی خەڵک لە ڕیزی ڕێکخراوەکەیاندا دەنووسن. قولی خان بەچاوێکی باش دەڕوانێتە حیزبی تودەی ئێران. هاشمۆف لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا هەروەها ئاماژە بەڕاگەینراوی حیزبی تودە دەکات و دەنووسێ:

لە ڕاگەیاندنی «ئازاد وەتەن» لێپرسراوی حیزبی تودە لە ورمێ دەردەکەوێ، کوردەکان هێزی چەکداریان دامەزراندووە و کاتێک ئەندامانی ژێکاف دەچنە گوندێک دوای پروپاگەندە بۆ هاتنە ڕیزی حیزبەکەیان، ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێ ناوی خۆی لە ژێکافدا بنووسێ، بەزۆر دەیبەن و بەقورئان سوێندی دەدەن. لەناو ئەوانەدا کە بەزۆر ناچاریان کردوون بچنە ڕیزی ژێکافەوە، ئەندامی حیزبی تودەش دەبینرێن[٥].

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ هۆشیارکردنەوەی دەرەبەگە

٥- ڕاپۆرتی هاشمۆف ١٨ی مارسی ١٩٤٥. لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٩٤/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤/ ل ٨٧- ٩٢.

کوردەکانی سەر بەڕژێمی ئێران، بەشێکی گۆڤاری نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و بەشێوەی جۆراوجۆر داوای لێ کردوون دەست لە خیانەت بەنەتەوە و نیشتمانەکەیان هەڵگرن. لەم ڕوانگەیەوە ئیدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان چەند داواکاریی، شیعر و پەخشانیی نووسەر و شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانیشی بڵاوکردووەتەوە کە بەشێکیان بەم جۆرەن:

**تەماع**

*هۆیەکی زلی دواکەوتنی کورد تەماع و پوول پەرەستییە. ئەم هەستە بەتایبەت لەناو عەشیرەتەکانی کورددا زۆر بەهێزە؛ گەلێ جار هەڵکەوتوە کە هەموو وەسایلی سەربەستی کوردستان هاتۆتە بەرهەم و لە هیچ لایەکەوە ماوە بۆ ناحەز (مخالف)ەکان نەماوەتەوە و بەجارێک هیوا براو بوون، بەڵام دەریسان وەرنەگرتوە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو عەشیرەتەکانی کورددا دراوێکی زۆریان بڵاو کردووەتەوە و نەتیجەی باشیان وەرگرتووە.*

*ئەوانەی بەدراو هەڵخەڵەتاون بیریەکی زۆر پەست و خراپیان هەیە و بەئەندازەی مناڵێک تێناگەن، کە ئەم دراوەی دوژمن ئەیانداتێ قوورقووشمە لە گەروویان ئەکا، ئەم دراوە ئەبێتە مایەی ماڵوێرانی و چارەڕەشی دوا ڕۆژی خۆیان و ماڵ و مناڵیان.*

**ئەی ئاغاوات و سەردار عەشیرەتە خۆشەویستەکانی کورد:**

*تۆزی ورد ببنەوە بزانن ئەم دراوەی دوژمن ئەتانداتێ بۆ چییە؟ بۆ بەختیاری و ڕزگار کردنی ئێوەیە؟ نا! ئێوە دەبێ بزانن ئەمانەی ئیمڕۆ بەبار دراوتان لە ناوا بڵاو ئەکەنەوە وەکوو ئێوە بێ مێشک نین و پارە بەفیرۆ نادەن؛ ئەوان دەزانن ئەم دراوە ئەبێتە مایەی دواکەوتنی سەربەخۆیی کوردستان تا چەند ساڵی ترەوە هیوایان هەیە لەم ماوەیەدا کارەساتێکی وا بکەن لە ڕوی زەویدا کورد تەنیا ناوی بمێنێت. ئەزانن بۆ؟ چونکە خاکی پیرۆزی کوردستان هێندە بەپیت و بەرەکەتە، دەس لێ هەڵگرتنی وەک گیان دەرچوونە، بەڵام ئێمە چ بکەین ئەم گەوهەرە هێژا و بەنرخە لە دەس کوردی بێکەس و هەژار دایە، کە لەبەر نفاق و دوژمنایەتی یەکتر ناپەرژێن کەڵکی*



*لێ بستێنن و بێگانەکان بەئارەزوی خۆیان گەنم، ڕون و... و... و... زۆر شتی تری بەبار لێ ئەکێشنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و برسی و ڕەش و ڕووتی وڵاتەکەیانی پێ تێر ئەکەن.*

*ئەی ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکانی کورد: ئێوە بن و خوا ئەم تەماعە (کە بەیەقینی ڕۆژێک ئەبێتە هۆی ماڵویرانی خۆتان) فرێ بدەن تا سەربەخۆیی کوردستان وەدوا نەکەویت*[٦].

ئەمەش بەشێکە لە دەردی دەروون، کە لە لاپەڕەی ١٠ی نیشتمانی ژمارە شەشەمدا بڵاوکراوەتەوە:

**دەمەتەقەی دوو کەس**

*بایز: ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟*
*لە مێژە ئاگام لە حاڵی نییە*
*باپیر: ئەمن چوزانم هیچ ناسەلمێنی*
*خەریکە دیسان قەندی بستینی*
*بایز: جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟*
*خو آغانەی بووە قەت بوو وان چاکە*
*باپیر: قەندی دەدەنێ، دەبەستن دەستی*
*هەتاکوو نەکا بیری سەربەستیی*
*بایز: لەباتی قەندیی چی دەدا قیمەت؟*
*باپیر: شەرەف و نامووس و ویجدان و غیرەت*
*بایز: دەک یاخوا جەرگی بێ پارە پارە*
*شەرەف دەفرۆشی بەپوول و پارە؟*
*هەلا هەلا بێ کەم دەوڵەمەندە؟*
*چی احتیاجی بەپوول و قەندە*
*باپیر: مەگەر نەتبیستوە بایزە ڕووت ئەتۆ؟*
*کەشک ڕەق ترە تا پتر بێ دۆ*

٦- گۆڤاری نیشتمان ژمارە یەک، پوشپەڕی ١٣٢٢، لاپەڕەی ٤-٥.

*بایز: بەخێر نەیەوە نەفامی بێ هۆش*
*نەمدی قەت پێت بی خەبەریکی خۆش*

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە بەندی ٤ی داواکارییەکانی لە سۆڤیەت ئاماژە بۆ کردەوەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان کردووە و دەڵێ:

*٤- بەهۆی کاربەدەستانی جێگیری یەکێتیی سۆڤیەت لە شارەکانی کوردستاندا، بەسەرۆک عەشیرەتە کوردەکان فەرمان بدەن کە بەکاروباری خۆیان ڕابگەن و خۆ لە کاری سیاسی وەرنەدەن و داوا دەکەین ژمارەی مەئموورەکانی خۆتان زیاد بکەن لە کوردستاندا.*

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی سەرۆک عەشیرەتەکانی سەربە ڕژێمی داگیرکەری ئێران لە پێشەکیی کتێبی «دیاری کۆمەڵەی ژ. ک بۆ لاوانی کورد» نووسیویەتی:

*- «خوێنەرە بەڕێزەکان: ئەم کتێبە بچووکەی لە پێش چاوتانە لەم سێ نامیلکەیە:*

*١- دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی: بەپارەی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە خەوی نەفامی چاپ کرا. ١٣٢٢*

*٢- گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی: بولبولی نیشتمانی کورد. بەپارەی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ هۆشیاریی ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا. ١٣٢٢*

*٣- دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمانپەروەری هاتۆتە بەرهەم. بۆ بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەرەستی لەناو ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا. ١٣٢٢*

*کۆمەڵەی ژ. ک بۆ پێشخستن و سەرخستنی کورد لە شەقامی شارستانییەتی (تمدن)دا بەهەموو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێت تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەتبازی کە سەرچاوەی هەموو چارە ڕەشی و بەسەرهاتیی تاڵ و گرینگ (سخت)ە بینیتە دەر.*

*ئەمە تومانجێکی (بوختان) زۆر زلە کە ئێمە بڵێین مەلا و شێخەکان بوونە بەرهەڵستی پێشکەوتنی کورد چونکە دیرۆک (تاریخ) بۆمان دەرئەخا کە ئەم دەستەیە گەلێ کاری باش و بەکەڵکیان ئەنجام داوە و بۆ خزمەتی کوردان تێکوشیون؛ چۆن ئەبی بەزاتێکی وەک مەلا ئیدریس بتلیسی ببێژرێت بەرهەڵستی سەرکەوتنی کورد! باوەڕمان نییە هیچ کوردێک خزمەتی ئەم پیاوە نیشتمانپەروەرەی لەبیر بچێت.*

*لەنیو شێخەکانمان جەنابی شێخ عوبەیدڵڵا، شێخ عەبدولقادر، شێخ سعید ئەبیندرێن کە هەموو کوردێک ئەزانی تەنیا لە پێناوی کوردایەتیدا خۆیان ماندوو کردووە و تا سەریان داناوە.*

*خولاسە لەنێو شێخەکانا پیاوی وەکو (شێخ یوسف شمسەدینی بورهانی) ئەبینرێت کە بەدەستوری ئەم زاتە کتێبێکی زلی وەکو (ابن حجر) کراوە بەکوردی داخەکەم وەگیر ئێمە نەکەوتووە.*

*ئەوانەی کەوا حاجی قادر و مەلا محەمەد چوون بەگژیانا شێخ و کۆلکە مەلاکانن کە خۆ ئەنوێنن؛ کەڕامەت بەخەڵک نیشان ئەدەن ئەم دەستەیە بەهیچ کلوجێک ڕێگای حەقیقەتیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو تابۆ (شێخ)شیان بەر چاو نەکەوتووە دەنا وەکوو سعدی شیرازی لە دیباچەی گوڵستانەکەیدا ئەڵێت «کانرا کە خبر شد خبری باز نیامد» بێدەنگ دائەنیشتن و وازیان لە خەڵک ئەهێنا، بەڵام عەشیرەتەکانمان کێ هەیە لە دەستیان وەڕەز نەبوو بێت، باوەڕ بکەن کارەساتی وایان هێناوەتە دی کە دنیای شارستانیت لێیان بێزارە. تەنیا ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکانن کە بوونە مایەی دووبەرەکی یا چەند بەرەکی لە کوردستاندا! تەنیا ئەوانن بەرهەڵست بۆ پێشکەوتنی کورد! کۆمەڵەی ژ. ک هەر ئەوان بەمەسئول ئەزانێت.»*

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە هەروەها لە ڕاپۆرتی ئاراستەکراوی بەمۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت دەربارەی کردەوەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان دەڵێ:

*- «بۆ بەربەستکردنی کردەوەی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە، لە دروشمی «دژی میکرۆب لەنێو خۆیدایە» کەڵک وەرگیرا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو*

دروشمە، لاوانی عەشایرمان کێشایە نێو حیزبەکەمان. دوای پیادەکردنی ئەو پلانە، بەرە بەرە دەرەبەگەکان لاواز بوون و ئێستا کەمتر دەتوانن دژی حیزب بجووڵێنەوە. ناوی ئەوان لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی ئێوە دەکرێ.»

کۆمەڵە هەرچەندە سیستمی عەشیرەتیی بەلەمپەری پێشکەوتنی کورد زانیووە، بەم حاڵەش چونکە ڕێکخراوەیەک نەبووە کە سەر بەچینێکی تایبەتی کورد بێ و بۆ ئازادکردنی هەموو پارچەکانی کوردستان و نەتەوەی کورد خەباتی کردووە، ڕەخنە و گازەندەی لە کردەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان بەواتای دوژمنایەتی کردن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێکی تایبەتی نەبووە. لەبەر ئەوە لە بەندی ١١ی پرۆگرامەکەیدا گوتوویەتی:

١١- کۆمەڵە هەموو قەبیلە و عەشیرەتەکانی کورد بەچاوێک تەماشا دەکا و بۆ برایەتیی هەموان کۆششت دەکا- ڕەخنەگری و ئینتقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە ڕووی دڵسۆزی کورد دایە و تێوەیەکە حەز بەلەنێوچوونی ئاکار و ڕەفتاری ناشیرین لەناو کوردەواریدا دەکا.

گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٢، خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٢، لە لاپەڕەکانی ٥-٧یدا تکای ئەندامێکی بەنازناوی «زوراب ٢٧»ی بەچەشنی خوارەوە دەربارەی سەردار عەشرەتەکان بڵاو کردووەتەوە:

**تکا!**

ئەی سەردار عەشیرەت و ئاغاوەت و شارستانییەکانی کوردستان ئێوە بن و خوا و پێغەمبەر تا ئیمرۆ هەرچییەکتان دەربارەی برا و خزمی خۆتان کردووە لە دڵی دەرکەن، بەڵام: لەمەوپاش ناوی عەشیرەت و شارستانی جاف و پژدەری و مەنگوڕ و مامەش دێبوکری و بەگزادە؛ کەڵهوڕ و سەنجابی لەناو خۆتان هەڵگرن و بەیەک زمان هاوار بکەن «کوردین و حەقی خومان ئەوێت» تا بەیارمەتی خوا و پێغەمبەر ئەم هاوارەمان بگاتە بەر گوێی ئەم حکوومەتە گەورانەی دەڵێن بۆ ئازادکردنی گێتی ئەجەنگن تا چاوێکیش بەداوای مەشروعی ئێمەدا بخشێنن و زمانی پازدە ملیۆن کوردی مەزڵووم بەواتەی:

«بژی ئەو حکوومەتە باشەرەفانەی بۆ ئازادیی دنیا تێدەکۆشن گۆیا بکەن»



هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە بەڕاکێشانی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە نەک هەر نەیتوانی کۆتایی بەنفووزی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران لە کوردستاندا بێنێ، بەڵکو لەنێو کۆمەڵەدا ڕێگای خۆش کرد تا هەم بۆخۆی بەبێدەنگی بەدەست سەرۆک عەشیرەتەکان لەنێو بچێ و هەم کۆماری کوردستان بەچۆکدا بێ و هەم پێشەوا قازی محەمەد ناچار بێ بەئاسانی خۆ بەدەستەوە بدات.

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و بەریتانیای مەزن

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ڕای وابووە، کە بەبێ هاوکاری و یارمەتیی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان ناتوانێ بەئامانجی نەتەوەیی بگات. لەبەر ئەوە سەرەڕای پشت بەستن بەهێزی لەبن نەهاتووی گەلی کورد، هەمیشە لاچاوێکی لە دەوڵەتە زلهێزەکان بووە و ویستوویەتی سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لەم ڕوانگەیەوە، ئیدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان لە دوو وتاراندا پێشوازیی لە دوو هەنگاوی دەوڵەتی ئینگلیز کردووە بۆ دانانی ئیستگەی ڕادیۆی کوردی لە فەلەستین و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «دەنگی گێتیی تازە» لە بەغدا. وتاری یەکەمی لە لاپەڕەی ۲ی نیشتمانی ژمارە ۳-٤، سەرماوەز- ڕێبەندانی ۱۳۲۲ی هەتاوی (۲۲ی نۆڤێمبەری ۱۹٤۳- ۱۹ی فیبرواری ۱۹٤٤) بڵاوکراوەتەوە و ئەم چەند پێشنیازەی خوارەوەی ئاراستەی بەڕێوەبەرانی[1] ئیستگەی ڕادیۆ کوردستان کردووە:

ئیستگەی ڕادیۆ کوردستان

ئەم چەند خواهیشتەمان لە گەڕێنەندە و کاربەدەستانی ئیستگە هەیە و تکای پێکهێنانیان ئەکەین:

۱- شەپۆلی ۳۷ مەترونیویی ڕادیۆ چاک کار ناکات بگۆڕدرێ باشە.

۲- لە بەشی زۆری شارەکانی کوردستانا «بروسکە» بەڕۆژ کار ناکا بەرنامەکان بخرێنە سەعاتێکی وا کە لە هەموو کوردستانا ڕۆژ ئاوا بوو بێت.

۳- ئەگەر هیچ بەرهەڵست پێشگرێک نەبێ لەسەرەتای هەموو بەرنامەیەکا، دەنا هەفتەی دوو جار مارشی کوردستان لێ بدرێ.

٤- ڕۆژێ نامەیەک بەناوی «ڕۆژنامەی ئیستگەی ڕادیۆ کوردستان» هەفتەی جارێک دەربهێنرێ و بڵاوکراوەکانی هەفتەی تێدا بنووسرێ.

٥- مۆسیقای بێدەنگ و قەوانەکان کە لێ دەدرێن ئارەزووی دڵی هەموو گوێگرەکان پێک ناهێنن، مۆسیقای بەدەنگ و قەوانی لە هەموو ڕەنگیان بۆ لێ بدەن و بەین بەینە قەوانەکان بگۆڕن.

ئیدارەخانەی گۆواری نیشتمان

ئێدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان هەروەها لە لاپەڕەی ۲٦ی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ۳-٤یدا دەوڵەتی ئینگلیز بە«جوامێر و مەردوم دۆست و ئاڵاهەڵگری ئازادیی گێتیی» ناساندووە و ڕایگەیاندووە:

ئەستێرەییێکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا
جوامێری و مەردوم دۆستی بریتانیای گەورە

کورد ماوەییەکی زۆر لەمێژە هەستی بەنەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بریتانیا کردووە، ئەم حکومەتە گەورەیە بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆرییەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروەرێنەر و پێگهێنەریی نەتەوە بچووکەکانی گێتیی بووە زۆر جاران وەکوو ئەم جارەی ئێستا لەسەر حەقی نەتەوەییەکی بچووک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زاڵ و بێدادگەر و ستەمکار بووە و ئاسایشی نەتەوەی خۆی لە پێناو ئاسودەیی مەردوم ناوە بەتایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە داویە لە کوردی بێچارە و چارەڕەش و ستەم دیتو و حکوومەتی بەریتانیا هەرجارە بەچەشنێک بووەتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتوو و مەزلومی کورد، بەڕاستی پێویستیی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەجێ گەیاندووە ئەم جارەش لە باڵوێزخانەی بەریتانیا تیشکی ئەستێرەییەکی ڕوناک درەوشا. کۆواری دەنگی گێتیی تازەیان بەکوردییەکی زۆر پەتیی بۆ دەرخستین. ژمارەی یەکەمان خوێندەوە گەلێ هێژا و بەنرخە یەزدان یارمەتیدەری خۆی و خاوەنی بێت.

بەڵام هەر وەکوو زانراوە کورد تەماعیان زۆرە و بەمانە پڕنابێت ئێمە لە حکوومەتی بەریتانیای گەورە تکا ئەکەین هەر وەکوو لە «یافا» ئیستگەییەکی ڕادیۆی بەناوی کوردستانەوە بۆ کردووینەوە و لە هەموو کوردستانا دەنگی داوەتەوە هەروەها ڕادیۆ لەندەنیش ڕۆژێ سەعاتێک لە بەرنامەی خۆی بۆ زمانی شیرینی کوردی تەرخان بکا.

بژی ئاڵاهەڵگری ئازادیی گێتیی بەریتانیای مەزن- نیشتمان

بە وردبوونەوە لە بەڵگەنامەکانی ژێکاف دەردەکەوێ داواکارییەکانی ئیدارەخانەی گۆڤاری نیشتمان لە دەزگا دەوڵەتیەکانی بەریتانیا بەر لە دامەزراندنی پێوەندیی کۆمەڵە

۱- مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران و ڕەفیق چالاک کە دوایی بوون بە ئەندامی حیزبی شیووعی عێراق، دوو بەڕێوەبەری ئیستگەی کوردیی ڕادیۆ کوردستان بوون. گۆڤاری گەلاوێژ، ۱۹٤۳ بەغداد.

لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نووسراون. دوای دامەزرانی پێوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هیچ شوێنەوارێک نابینرێ کە ئەو ڕێکخراوەیە پێوەندیی بەدەوڵەتی ئینگلیزەوە گرتبێ، یاخود داوایەکی لێ کردبێ. بەپێچەوانە، دژایەتیی ژ. ک لەگەڵ دەوڵەتی ئێنگلیز لە چەند ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەیەدا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و تەنانەت لە نامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆک بارزانی، سەرۆکی بزووتنەوی کوردی لە باشووری کوردستان کردووە، بەڕوونی بەرچاو دەکەوێ. ئیدارەی ناوەندی ژ. ک لە بەندی چواری نامەی ڕۆژی پێنجی ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٤٤دا بۆ حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەتی لە شاری تەورێز دەنووسێ:

٤- لەلایەن سفارەتی ئینگلیزەوە لە بەغدا گۆڤارێک بەناوی «دەنگی گێتیی تازە» لە ٤٨ پەڕ و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاو دەبێتەوە. سفارەتی ئینگلیز، ئەو گۆڤارە بەپۆست بۆ سەرۆک عەشیرەتە کوردە ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە. ئینگلیزەکان لەم ڕوانگەیەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە (نیشتمان) دەخوێننەوە، دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی «دەنگی گێتیی تازە.»

هەروەها کۆمەڵە لە بەندی ٨ی نامەیەکدا کە بەهۆی ئیدارەی محەلی شاری مهاباد لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٢- ١٩٤٣دا ئاراستەی سەرۆک بارزانیی کردووە، دەڵێ:

٨- لە هەمووی موهیمتر پێویستە بەصورەتێکی موستەعجەل ئیجتیهادی خۆتان بەیان بکەی بەخصوصی ڕای ئینگلیز بەرامبەر ثەورەی ئێوە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئێوە چییە چونکی ئێمە ئەزانین بەتەحقیق نابێ ئینگلیز لەم ثەورەیە بێ دەخل بێ.

جیا لەوانە، کاتێک ئینگلیزەکان لە کۆتایی مانگی جونی ١٩٤٥، بۆ پێشاندانی فیلمی سینەمایی دەچنە مهاباد. دەستەیەک کوردی مهابادی لە سینەماچییەکە دەدەن و ناهێڵن فیلمەکەیان پێشان بدەن[٢].

کاربەدەستانی بەریتانیاش بەپێی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان بەڕادەی توانا دژایەتیی

٢- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م. دیمیتروڤ» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ لاپەڕەی ٧٢-٧٩.



ژێکاف و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی ڕۆژهەڵاتیان کردووە و هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان بزووتنەوەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەناوە. ئەگەر لە سەردەمی بزووتنەوەی شێخ مەحموود و بزووتنەوەی بارزاندا، بەفڕۆکەکانیان کوردستانیان بۆمباران کردووە، لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵی لەناو بردنی بزووتنەوەی کوردیان داوە و تەنانەت ئەو ژمارە کوردانەی باشووریان کە بۆ مامەڵە و کاری تایبەت بەخۆیان هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتیان کردووە، خستووەتە ژێر چاودێری و پشکنین. یەکێک لەم شێوە پشکنینانە لە نامەی خوارەوەی زەبیحیدا ڕەنگ دەداتەوە:

– یەکێک لە کوردەکانی کوردستانی عێراق بەناوی محەمەد سەعید بۆ ئێمە دەنووسێ، من دەچوومەوە عێراق، دوو ئەفسەری ئینگلیز لە منیان پرسی:

س- بۆچی چووبوویە ئێران؟

ج- لە ئازاد بوونی ڕێگاکان کەڵکم وەرگرت و بۆ گەڕان و سەیاحەت چوومە مهاباد.

س- تەنیا چوویە مهاباد یان شوێنی دیکەش چووی؟

ج- تەنیا چوومە مهاباد.

س- لەوێ چاوت بەڕووسەکانیش کەوت؟

ج- مهاباد ڕووسی لێ نییە.

س- کوردەکانی ئێران چۆن لەگەڵ ڕوسەکان ڕەفتار دەکەن؟

ج- زۆر بەئیحترامەوە. ئەوان کوردەکانیان وەک نەتەوەیەک لە ژێردەستی ڕزگار کردووە.

س- مەگەر کوردان لەبیریان کردووە، کە ڕووسان لە شەڕی پێشوودا چ بەڵایەکیان بەسەر هێناون؟

ج- کوردان ئەمە دەزانن، کە ڕووسەکانی ئەمڕۆ جیاوازییان هەیە لەگەڵ ڕووسەکانی سەردەمی پێشوو. ڕووسەکانی ئەمڕۆ بەپرنسیپی یەکێتیی سۆڤیەت پەروەردە کراون و گشت نەتەوەکان بەجۆرێک دەبینن و زۆر عادڵانە و مرۆڤ دۆستانە تەماشای گەلی کورد دەکەن.

س- ئەفسەرە ئینگلیزەکان «بەتوڕەیی و غەرەز» گوتیان مەگەر ئینگلیزەکان چ زوڵمێکیان لە کوردان کردووە؟

ج- ئینگلیزەکان جیا لەوەی کوردەکانیان خستووەتە دەست دەوڵەتە زاڵمەکانی ئێران،

عێراق و تورکیا، تا ئێستا بەشێوەی ڕاستەوخۆ زوڵمیان لە کوردان نەکردووە.

ئەفسەرە ئینگلیزەکان لە عەدالەتی حکومەتی خۆیان سەبارەت بەکوردان دوان و گوتیان: لەمەودوا هەوڵ دەدەین بۆ ئازادیی کوردان تێبکۆشین.

عەبدولڕەحمانی زەبیحی[٣]

٣- بڕوانە بەڵگەنامەی ژ.ک بە زمانی تورکی ئازەربایجانیی لە پاشکۆی کتێبەکەدا.



## کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و یەکێتیی سۆڤیەت

بەرلەوەی کە ئاماژە بەپێوەندیی ژێکاف و یەکێتیی سۆڤیەت بکەم، بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز باشترە ئاوڕێک لە بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠٠٨- ١٣ی دیسێمبەری ١٩٤٦- ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتیی سۆڤیەت بدەینەوە، تا بزانین ئەوان چۆن و بەچ شێوەیەک لە مێژووی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ کوردان دەدوێن:

ژمارەیەک لە ڕێبەران و ڕێکخراوە کوردییەکان لە چوارچێوەی خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی، گەلێک جاران هەوڵیان داوە بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن و درێژەدانی خەباتیان، پێوەندی بەنوێنەرانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بکەن.

یەکەم هەوڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٢٢ کە کۆمیتەی ئەرزەرۆمی پارتی «خۆیبوون» بڕیاریدا، لەو ساڵەدا بەیارمەتی و پشتیوانیی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کوردستان وەدی بێنێ. لەم بارەیەوە سەرۆکی کۆمیتەی خۆیبوون (خالید بەگ)، مەرجەکانی کۆمیتەی کوردی دەربارەی کوردستانێکی ئازاد بەنوێنەرانی ئێمە ڕاگەیاند. بەداواکارییەکی لەم چەشنەش، دەربارەی یارمەتیدان بەجووڵانەوەی کورد و پشتیوانی کردن لەلایەن سۆڤیەتەوە، بەڕێز «یوسف زیا»، لەلایەن کۆمیتەی ئەستەمبوڵەوە، ڕووی کردووەتە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە ئەنقەرە. لە وەڵامی داخوازیی نوێنەری ئێمە لەو بارەیەوە، لیژنەی کۆمیساریای گەلیی وەزارەتی دەرەوە لە ڕێکەوتی ٢٨ی مارسی١٩٢٣- ٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٤ڕایگەیاند:

«نە لە کوردە جیاوازیخوازەکان دژی تورکان پشتیوانی بکرێ و نە لە ئیمپریالیزمی تورک لە ئاست کوردەکان، بەڵکوو لە خەباتی کوردان دژی ئینگلیز هاودەردی نیشان بدرێ.»

سەرەڕای ئەوەی کە دیدارەکانیان لەگەڵ ئێمە سەرکەوتووانە نەبوون، کۆمیتەی ناوەندیی کوردستان درێژەی بەسیاسەتی لایەنگریکردن لە یەکێتیی سۆڤیەتی دا و بەهۆی نوێنەری خۆی کەمال فەوزی بەگ، ڕەمز و نامەی بۆ کۆنسوڵی ئێمە لە تەورێز هاوڕێ دوبسۆن نارد. هەروەها کەمال فەوزی بەگ داوای کرد سەرەڕای بۆچوونی دەوڵەتی سۆڤیەت لە بەرامبەر

کێشەی کورد، لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ کە لە باکوری ئێران بزووتنەوەی کوردەکان ڕێبەری دەکا، پێوەندی بگیرێت و هەلێک بۆ کۆمیتەی ناوەندی بڕەخسێنێ کە چالاکییەکانی سمایل ئاغا بەرەو داخوازییەکانی کۆمیتەی ناوەندی تێپەڕ بکرێن. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لە گفتوگۆ کردن لە گەڵ کوردان خۆمان بوارد، کۆمیتەی کوردیی ڕایگەیاند کە کۆمیتە و خەڵکی کورد لایەنگری هەمیشەیی خۆیان دەربارەی سۆڤیەت درێژە پێدەدەن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ کۆنسولی ئێمە نامەیەکی لەلایەن شێخ مەحموودەوە پێگەیشت کە تێیدا داوای یارمەتی و پشتیوانیی ئێمەی کردبوو. ڕووداوەکانی دوایی کوردستانی تورکیا: لەناوچوونی ڕێکخراوەکانی کوردی و دوورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد، دەرەتانی پێوەندیی ڕێبەرانی کوردانیان لەگەڵ ئێمە بنەبڕکرد. بێ ئەوەش هێندێک دڵسارد بوونەوەش لەلایەن کوردانەوە لە ئاست ئێمە ڕوویان دا: ئێمە نەتەنیا پشتیوانیمان لە خەباتەکەیان نەکرد، بەڵکوو بزووتنەوەی ئەوانیشمان لە چاپەمەنییەکانی خۆماندا پڕ ڕەنگ نەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٦- ١٣٤٧دا کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆر جاران ویستیان بەهۆی نامە و ناردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ تەورێز و ماکۆ، پێوەندیان پێوە بکەن. لە ساڵی ١٩٢٨، بەنهێنی نامەیەک بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە ماکۆ بەرێ کرابوو بەم ناوەرۆکەی خوارەوە:

«لەلایەن (دەوڵەت)ی ئاراڕاتەوە نامەیەک بەژمارەی ٢٤ و بەئیمزای من ناردرابوو، بەڵام وەڵامێک وەرنەگیرایەوە. سەرباری ئەوەش تەتەری ئێمە هەر لەو ڕۆژەدا گیرا و هێشتا لە بەندیخانەی ماکۆ ڕاگیراوە. وردبوونەوە لە بارودۆخی سیاسی ئەو ڕاستییەی سەلماند کە خەڵکی کورد بێ یارمەتیی سۆڤیەت ناتوانێ ڕزگاریی نەتەوەیی خۆی بەدەست بێنێ...»



لەبەر ئەوەی هەوڵی کوردەکان بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئێمە، لە دەرەوە بەئەنجام نەگەیشت، کوردەکان بەنهێنی هاتنە ناو خاکی یەکێتیی سۆڤیەت تا لێرە لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکەن. چوونی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١دا، ئەو هەلەی بۆ کوردەکان ڕەخساند کە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆنسوڵخانە و یەکەکانی لەشکری سوور پێوەندیی بگرن[(١)].

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەپێی ڕاپۆرتی خۆی تا ڕۆژی ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢هە-١٣ی مای ١٩٤٣ز پێوەندیی بەهیچ دەوڵەتێکی بێگانەوە نەبووە. لەو ڕۆژەدا، ٢٥ ئەندامی ژ.ک لە چیایەک کۆبوونەتەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد هەڵکەوتووە و بە«قەڵای سارمێ» دەناسرێ. ئەندامانی کۆمەڵە لەو کۆبوونەوەیەدا پرۆگرامی حیزبەکەیان لە بەرامبەر پرۆگرامی یەکێتی سۆڤیەت داناوە و هەڵیانسەنگاندووە. لە ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندنەدا بەزۆربەی دەنگەوە بڕیاریان داوە گشت ئەندامانی حیزب بۆ نزیکبوونەوە و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هەوڵ بدەن. یەکەم ژمارەی ئۆرگانی حیزب بەناوی «نیشتمان» دوو مانگ دوای ئەو کۆبوونەوەیە بڵاوکراوەتەوە. لەو ژمارەیە و ژمارەکانی دواتری نیشتماندا، ئەندامانی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ بەئەنجام گەیاندنی بڕیاری قەڵای سارمێ، واتە ڕاکێشانی ڕای یەکێتیی سۆڤیەت بۆ لای کۆمەڵە و هەوڵ بۆ دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سۆڤیەت بەڕوونی دەبینرێ[(٢)].

لە چالاکییەکانی کۆمەڵە دوای وەرگرتنی بڕیاری کۆبوونەوەی قەڵای سارمێ دەردەکەوێ کە کۆمەڵە جیا لە پەسەندکردنی پەیمانی دۆستیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان، بڕیاری بەرفراوان کردنی حیزب، دامەزراندنی ئیدارە مەحەلییەکان، نیوە ئاشکراکردنی حیزب و کۆکردنەوەی کەسایەتییەکان و لایەنەکانی لەناو حیزبدا پەسەند

---

١- دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت (بولشڤیک)، ژمارە ٣٠٠٨، ١٩٤٦/ ١٢/١٣ ¨Ruxidn f. 17 oL. 128 ge 988 cT 233 a - 233 لە ڕاپۆرتی جێنشینی سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتیی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، سیچیۆڤ وەرگیراوە. وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامی. گزینگی ژمارە ١١، لاپەڕەی ٢١.

٢- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٤٩/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤، لاپەڕەی ١٢-١٣.

کردووه. له چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا، که هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە بەڕاشکاوی له نیشتماندا داوای له خەڵک کردووه، که له دەوری کۆمەڵە کۆبنەوە. هەیئەتی ناوەندیی ژ. ک له بەشێکی ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی مێژووی خەباتی پێش دامەزراندنی پێوەندی بەسۆڤیەتەوە بۆ مۆلۆتۆف نووسیویەتی:

– «له هاوینی ساڵی ١٩٣٩، دەنگۆ داکەوت که له سوپای سوری سۆڤیەت له سنوری باکوری ئێران دابەزیوە و دەیەوێ بخزێتە ناو خاکی ئێران. هەڵسوڕانی پێشگیریکەرانەی سوپای ئێران دژی سۆڤیەت ئەم دەنگۆیەی بەهێز کرد. ئەو هەواڵە مزگێنییەکی خۆش بوو بۆ حیزبی ئێمە، بەڵام ئەنجامی نەگرت.»

ئیدارەی ناوەندی ژ. ک له درێژەی ڕاپۆرتی مێژووی خەباتی کۆمەڵەدا نووسیویەتی:

– «کارمەندێکی خاوەن ئەزموون له ئیدارەی ماڵیە (دارای) مهاباد، ئاگادارییەکی زۆر و بەنرخی دەربارەی دەوڵەتی سۆڤیەت هەبوو. ناوبراو بەدرکاندنی ئەم ئاگادارییانە له لای ئێمە، ڕای ئێمەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. ئەو دەیویست لەنێوان ئێمە و کاربەدەستانی سیاسیی جێگرتووی سۆڤیەت له ئێران پێوەندی پێک بێنێ، بەڵام حکومەت زوو لێی دڕدۆنگ بوو و له ناوچەی مهاباد دووری خستەوە. لەو کاتەدا وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی نێوخۆی ئێران بۆ ئاشکراکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە دەستیان کرد بەهەڵسووڕانێکی هەمە لایەنە. لێپرسراوی بەشی پاراستنی سوپای ئێران له مهاباد بەهۆی سەرۆکی بانکی میللیی ئەو شارە بۆ ئاشکرا کردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە پارەی بەکەسێک دابوو، که ئەو کەسە بەهەڵکەوت ئەندامی حیزبی ئێمە بوو. ناوبراو پیلانی لێپرسراوی بەشی پاراستنی سوپا و سەرۆکی بانکی میللیی بەئێمە ڕاگەیاند و ئێمەش هەوڵماندا لەمەو دوا پتر بایەخ بەنهێنییەکانمان بدەین.

به هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران، دەوڵەتی ئێران له توانا کەوت و ئیتر نەیتوانی دژی ئێمە بەربەرەکانی بکات، بەڵام سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان گەلێک قازانجیان بەحکومەتی ئێران گەیاند و دەرفەتیان بۆ ڕەخساند. دەوڵەتی ئێران بەزانیاریی له ویستی بەرژەوەندی



خوازانەی سەرۆک عەشیرەتەکان، بەدانی پارە و قەند، ئەوانی دژی ئێمە ڕێکخست. له مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٣- خەرمانان و ڕەزبەری ١٣٢٢دا سێ ئەندامی ئێمە بەدەست سەرۆک عەشیرەتەکان له مهاباد گیران، بەڵام بەهۆی هەوڵی ئەندامانی حیزب گیراوەکان پاش دوو کاتژمێر ئازاد کران.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان له ڕۆژی ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢- ١٣ی مای ١٩٤٣ بەزۆربەی دەنگ بڕیاری داوە که لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت پێوەندیی دامەزرێنێ. له بەڵگەنامەکانی ژ. کدا نەهاتووە، کۆمەڵە کەنگێ و له چ ڕۆژێکەوە پێوەندیی لەگەڵ سۆڤیەت دامەزراندوە، بەڵام ڕاپۆرتی «کۆمیساریۆڤ» بەڕێوەبەری کۆنسوڵی سۆڤیەت له ورمێ، که ڕۆژی ٢٨- ٣٠ یانواری ساڵی ١٩٤٤ واتە ٨- ١٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢ سەردانی مهابادی کردووە و ڕاپۆرتی کاربەدەستە سۆڤیەتییەکانی تر وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە. کۆمیساریۆڤ له بەشێکی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ:

«دوای گەڕان بەناو شاری مهاباددا، لەگەڵ بەڕێز «مستەفای سوڵتانیان» چاوپێکەوتنم هەبوو. ئەو شەست ساڵ تەمەنیەتی و خۆی بەنوێنەری شورای شار بەمن ناساند. ناوبراو بازرگانە و یەکێک له ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەیەکە، که بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات دەکات. له وتووێژ لەگەڵ سوڵتانیان، ناوبراو گوتی: هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە له دە کەس پێک هاتووە[٣].

بەم جۆرە مستەفای سوڵتانیان یەکەم ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە بووە، که توانیویێتی کاربەدەستێکی سۆڤیەت ببینێ، بەڵام ئەو دیدارەی سوڵتانیان لەگەڵ کۆمیساریۆڤ بەواتای دامەزراندنی پێوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نییە.

بەپێی ڕاپۆرتی حەسەنۆڤ، عەبدولڕەحمانی زەبیحی دووەمین ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە بووە، که ڕۆژی ٢٦ی فیبرواری ١٩٤٤- ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٢ چووەتە تەورێز و چاوی بەناوبراو کەوتووە. حەسەنۆڤ له ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ زەبیحی سێ خاڵی زەق کردووەتەوە:

---

٣- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٤٩/ ئو ٣٠/ د ٦٦/ پ ٣٤٨، لاپەڕەی ١٢٤-١٣٦.

– هاودەنگی کردنی ژ. ک و کوردەکان بۆ دانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بەسۆڤیەت، کە بەوتەی زەبیحی، پتەوبوونی پێوەندیی نێوان ئێران و سۆڤیەت، بەرزبوونەوەی پلەی فەرهەنگیی گەلانی ئێران و دەستەبەرکردنی ئازادیی بەدواوە دەبێ:

– سەفەری فەهیمی ئەندامی پەرلەمانی ئێران بۆ مهاباد لە ڕۆژی ١٤ی یانواری ١٩٤٤– ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٢و ئاراستەکردنی گەڵاڵەیەکی پێشنیاری لەلایەن هەیئەتی ناوەندیی ژێکافەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ئێراندا:

– داوای زەبیحی لە سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز بۆ کڕینی چاپخانەیەک لە سۆڤیەت بۆ چاپی گۆڤار و نامیلکەی ژ. ک، کە حەسەنۆڤ ڕایگەیاندووە: بەداخەوە ئێستا ئێمە توانای جێبەجێ کردنی ئەم داواکارییەمان نییە(٤).

قاسمی ئێلخانی زادە سێیەم ئەندامی ناوەندیی ژ. ک بووە، کە ڕۆژی ٩ی سێپتەمبەری ١٩٤٤– ١٨ی خەرمانانی ١٣٢٣ چووەتە کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەوریز و چاوی بە«حەسەنۆڤ» سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت کەوتووە. حەسەنۆڤ لە بابەت ئەو چاوپێکەوتنەی ئاماژە بۆ وتەکانی ئێلخانی زادە دەکات و دەڵێ:

«ئێمە دەمانەوێ خوێندنگە و چاپەمەنیمان بەزمانی خۆمان هەبێت، بەڵام ئێمە بەبێ یارمەتیی دەرەوە زەحمەتە بگەینە مەبەستی خۆمان. کوردەکان لەو باوەڕەدان کە دۆستی گەلانی بچووک لەوانەش گەلی کورد یەکێتیی سۆڤیەتە. لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە ئازادیی گەلی کوردمان لە یەکێتیی سۆڤیەت دەوێت. لەبەر ئەوە داوا لە کۆنسوڵی سۆڤیەت دەکەین، کە داواکارییەکانمان بگەیەنێتە دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت تا کوردان لەژێر باڵی خۆی بگرێت و بۆ ئازاد کردنی کوردستان یارمەتیمان بدات.»

حەسەنۆڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ:

«منیش لە وەڵامدا گوتم ئێستا یەکێتیی سۆڤیەت لە شەڕدایە و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەی نییە.»

حەسەنۆڤ پاشان ئاماژە بۆ وەڵامی ئێلخانی زادە دەکات و دەڵێ: ئێلخانی زادە گوتی لەم بارەیەوە تێدەگات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە شەڕ خەریکە کۆتایی پێ دێت و بەم زووانە

٤– هەمان سەرچاوە، ف ٤٩٠/ ئو ٣٠/ د ٦٦/ پ ٣٤٨، لاپەڕەی ١٢٤–١٣٦.



وتووێژی ئاشتی دەست پێدەکات، دەیەوێ دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر دامەزران و مەبەستی ئەم ڕێکخراوەیە ئاگادار بکاتەوە. چونکە گەلی کورد هیوای بەیەکێتیی سۆڤیەتە. منیش گوتم کە داواکارییەکەی دەگەیەنمە دەوڵەتی خۆمان. حەسەنۆڤ لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی:

«لە وەڵامی پرسیاری مندا کە ئایا ئەو ڕێکخراوەی ئێوە بەرنامەی هەیە؟ ئێلخانی زادە گوتی: بەڵێ و بەڵێنی پێدام کە بەرگێکی بەرنامەکەیانم بۆ بێنێت. ١٣ی سێپتەمبەر بوو، بۆ دووەم جار ئێلخانی زادە و ئەمجارەیان لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی هاتەوە لام. بەرگێک لە پرۆگرامی پارتییەکەی خۆیانی بەزمانی کوردی بۆ هێنام (وەرگێڕاوە ڕووسییەکەی پێشکەش دەکرێت). زەبیحی وتەکانی ئێلخانی زادەی دووپات کردەوە و گوتی: ژ. ک بەتەواوی ڕێکخراوێکی نهێنییە و تا ئێستا شەش ژمارە گۆڤاری «نیشتمان»ی دەرکردووە. زەبیحی پێنج ژمارە لەم گۆڤارەی پێدام. نیشتمان لە تەواوی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئینگلیزەکان بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەیان لە عێراق یاساخ کردووە(٥).

کاربەدەستان و تیۆریسێنەکانی سۆڤیەت بیروڕای جیاوازیان هەبووە دەربارەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ژێکافدا. «کۆمیساریۆڤ» بەڕێوەبەری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ، لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٤ی خۆیدا کە بێگومان دوای گەڕانەوەی لە سەفەری مهاباد و چاوپێکەوتنی لەگەڵ «سەریعولقەلەم» فەرمانداری مهاباد و مستەفای سوڵتانیان نوێنەری شورای شاری مهاباد و ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ئەنجامی گرتووە، دەڵێ:

«... ئەم ڕێکخراوە بەهەموو توانای خۆیەوە دەیەوێت پشتیوانی و هاوکاریی ئێمە بۆ خۆی بەدەست بێنێ. دەکرێ بڵێین زۆربەی سەرکردە کوردەکان کە باسی «سەربەخۆیی کوردستان» دەکەن، دەڵێن ئەم سەربەخۆییە تەنیا بەیارمەتیی سۆڤیەت بەدەست دێت و بۆ ئەم کارەش ئامادەی هەموو چەشنە هاوکارییەکی یەکێتیی سۆڤیەتن و دەڵێن لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز تەنیا دەبێ چاوەڕێی کۆیلایەتیی کوردان بکرێت، بەڵام ئەم وتانە

٥– هەمان سەرچاوە.

پێ دەچێت مەبەستێکی گلاویان بەدواوە بێ. کوردان بەقازانجیانە ئێستا لەگەڵ ئێمە بەئاشتی بژین. ئەوان دەیانەوێ خۆیان لە پشت ئێمە بشارنەوە، بەڵام هیچ کاتێک سەرکردە گەورەکانی کورد بەدڵسۆزییەوە لەگەڵ ئێمە نابن و تا سەر هاوکاریکردنیان لەگەڵ ئێمە نامێنێت. سەرکردە کوردەکان لەسەر کێشە سەرەکییەکان و قۆناغە گرنگەکان پتر کەین و بەینیان لەگەڵ ئینگلیزەکان هەیە و سەربەخۆیی کوردستان لای ئەوان بەواتای بەش نەکردنی ئەو سەروەت و سامانەیە کە لە چەوساندنەوەدا بەدەست هاتووە. ئەوان دەیانەوێ ئەم سەروەت و سامانە بپارێزن و کەمتر لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بیردەکەنەوە. بەقازانجی ئینگلیزەکانیشە کە کوردەکان بەدروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بەئێمەوە هەڵاوەسن و بەم چەشنە شکوگومان لەسەر خۆیان لابدەن. لەبەر ئەوە ئەوان ئەمە بەباشتر دەزانن لەوەی کە خۆیان بشارنەوە، لە لایەکی ترەوە دەیانەوێ ئێرانییەکان بەم چەشنە دژی ئێمە هان بدەن. ئەم پرسیارە جێی سەرنجە و پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر بکرێت[٦].

هەروەکوو لە سەرەتای ئەم بەشەدا چاومان بەبەڵگەنامەی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت کەوت، جێگەی خۆیەتی کە بڵێین: ئەمە تیۆریی و هەڵوێست و بیروڕای گشتیی کاربەدەستانی سۆڤیەت بووە دەربارەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا. ئەوان کە ناوی پیرۆزی سۆسیالیزمیان لەسەر دەوڵەتەکەیان دانابوو، بەڕاشکاوی دژی پێوەندیی لەگەڵ گەلی کوردی کۆڵۆنی بوون و پتر کێشیان بۆ پێوەندیگرتن و نزیکایەتی لەگەڵ نەتەوە سەردەستە چەوسێنەرەکان هەبووە تا نەتەوەیەکی بندەستی کیان بەرەسمی نەناسراوی بێ دەوڵەت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو، کە بەفەرمانی ستالین کۆتاییان بەخودموختاریی «کوردستانی سوور» (٢٣-١٩٢٩) لە هەرێمی «لاچین»ی بندەستی سۆڤیەت هێناوە. سەرەڕای ئەوە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە لایەک دەیانویست ئەو بەشەی کوردستان هێمن ڕاگرن و بەرگریی لە سەرهەڵدان و ئاڵۆزیی لە ئێراندا بکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ کەلوپەلی

٦- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٤٩/ ئو ٢٩/ د ١٩٦/ پ ٣٣٢، لاپەڕەی ١٧-١٨.



جەنگی و یارمەتییەکانی بەبەرەی شەڕ بگەیەنێ و لە لایەکی ترەوە بۆ ئاگاداربوونی لە ڕووداوەکانی کوردستان و جموجۆڵی هێزەکانی سوپا و کاربەدەستانی ئینگلیز و سەرئەنجام بۆ ئەوەی لە کۆتاییی شەڕدا بتوانێ وەک ئاتۆیەک بۆ بەدەست هێنانی نەوتی باکوری ئێران لە بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کەڵک وەرگرێ. جیا لەوە، کاربەدەستانی سۆڤیەت بێ مەیل نەبوون کە لە دوورەوە و بەشێوەی نهێنی پێوەندیی بەژێکافەوە بگرن. و. م. مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت لە نامەی ژمارە **١٤٢م- ٣١ی ئاگۆستی ١٩٤٢- ٩ی خەرمانانی ١٣٢١یدا**، سنووری پێوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ گەلی کورد بەشێوەی خوارەوە بۆ باڵوێز، کۆنسوڵ و یەکەکانی سوپای سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاریی دەکات و دەڵێ:

بۆ باڵوێزی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران هاوڕێ سیمیرنۆف

**ژمارە ١٤٢م – ٣١ ئاوگۆستی ١٩٤٢**

لە ناو فەرمانەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە، کە لە ١٣ی مانگی مای ئەمساڵ بەتێلگراف بۆ باڵوێزخانە بەڕێ کراون، ئاماژە بۆ نادروستیی بیروبۆچوونی نوێنەرانی کۆنسوڵخانە و فەرماندەی یەکە سەربازییەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران کراوە و پێشگرتنی هێزەکانی ئێرانی لە کاتی چوونیان بۆ ورمێ هەر لەو هەڵوێستە ناڕاستانەی ئێوەوە سەرچاوە دەگرێ. ئێمە لە ١٣ی مانگی مای ئەمساڵ بەتایبەتی ئاماژەمان بۆ ئەو کارە کردووە، کە کۆنسوڵەکانمان نابێ «لە بەرامبەر سوپا و بەرپرسانی ئێرانیی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی، مەرجێکی تایبەتی دابنێن چونکە، یەکەم: بەهۆی ئەم کارە، ئەوان فەرمانەکانی ئێمە لەو بارەیەوە دەگۆڕن، دووەم: سنووردانان و مەرجی ئەوتۆ لەلایەن ئێمەوە، سەبارەت بەڕاگرتنی هێمنایەتی و ئاسایش بۆ ئێرانییەکان، لەلایەن ئەوانەوە بەپێشگیری بەحیساب دێ و هەموو بەرپەرسایەتییەکان دەربارەی وەدواخستن و لەناو بردنی نائارامییەکان دەخەنە سەر ئەستۆی ئێمە کە بۆ بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤیەت زیانبارن.»

سەرەڕای ئەو وریا کردنەوەیە، کارگێڕانی کۆنسوڵگەریی و فەرماندەکانی سوپا کە فەرمانەکانی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، بەپێی ئەو بڕیارانە نابێ لەمپەر بخەنە سەر ڕێگای هاتنی هێزەکانی ئێرانی بۆ ناو ورمێ. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئاکاری نادروستی ئێوە لە بەرامبەر سەربازگەی سوپای ئێران لە ورمێ، مەرجێکی

ئەوتۆتان دانا کە بەگوێرەی ئەوانەوە، سەربازگە بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی و ئاسایش لە ناوچەدا بەکردەوە نەیتوانی کارێک بکا. ئەو کارە لەوانەیە ئاوا وەربگرێ کە کاربەدەستانی ئێمە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ناوەندن لە باری سیاسییەوە هەڵەکانیان ڕاست نەکردووەتەوە و لەوان ئاکامی پێویستیان وەرنەگرتووە، ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە، هەڵەی کاربەدەستەکانمان شیبکەنەوە و هەروەها کارەکانیان تێهەڵێننەوە. سەرباری ئەوەش لە نامەی باڵوێزخانە، ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی مای بۆ کۆنسوڵەکان دەربارەی ڕووداوەکانی ورمێ، ئەو هەڵانەی لەلایەن کاربەدەستانی ئێمەوە کراون، بەئاشکرا داپۆشراون. لەو نامەیەدا کە هێندێک ڕێنوێنی بۆ کۆنسوڵەکان لەبەرچاو گیراوە، گوتراوە: «بەپێی زانیاری لە ڕووداوەکانی ورمێ، دەبێ بەبیر کارگێڕانی کۆنسوڵگەریی و یەکە سەربازییەکان بخرێتەوە کە چۆنیەتیی ئەوانیان دەرک نەکردووە و ئێرانییەکان وای لێحاڵیبوون کە ئێمە پشتیوانیمان لە کوردان کردووە و لەگەڵ ئەواندا خەریکی کەین وبەینین.» ئاکارێکی ئاوا لە کاربەدەستانی ئێمە ناوەشێتەوە.

کار لەوەدا نییە کە کردەوەی کۆنسوڵی سۆڤیەت و فەرماندەکانی سوپا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەهەڵە وەرگیراوە کە گوایە دەست بەسمێڵی کورداندا دێنین، بەڵکوو لەوەدایە کە کاربەدەستەکانمان لە پێکهەڵپڕژانەکانی ورمێدا، بەکردەوە لایەنی کوردە «زیزبووەکانیان» گرتووە و لە بەرامبەر کارگێڕانی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی لەناو کورداندا کە بێفەرمانییان کردووە، لەمپەریان پێکهێناوە. ئەو هەڵانە بەهەڵکەوت نین و لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرن کە کاربەدەستانمان، ڕێبەرانی کوردیان بەلایەنگریی سۆڤیەت بەحیساب هێناوە و ئەوانیان وەک ئەمەکناسترین و بەمتمانەترین پاڵپشتی ئێمە لە ئازەربایجان قبووڵ کردووە. بۆ دروستیی وتەکەمان، ئیدعای ساویلکانەی کۆنسوڵی ئێمە لە ورمێ، هاوڕێ ماکسیمۆڤ کە دەڵێ: «نزیکەی بەشی هەرە زۆریان (مەبەستی کوردەکانن) لایەنگری سۆڤیەتن» و هەڵوێستی بەرگریی لە «لایەنگرانی سۆڤیەت» کوردە «چەوساوەکان»ی نواندووە. کاربەدەستەکانمان ئاڵۆزیی ناکۆکیی نەتەوایەتییان لە ئێران و بەتایبەت دوژمنایەتیی لەمێژینەی کوردەکانی ئێران لەلایەک و ئێرانییەکان و ئازەرییەکانی ئێران لەلایەکی دیکەوە کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی شای پێشوو بەدی هاتبوو، لەبەرچاو نەگرتووە. کوردەکان کە لە دژی ئاکاری گێرەشێوێنانەی کاربەدەستە



خۆجێییەکانی ئێرانی ڕاپەڕیون، هەر ئەوانیش دەستیان کردووە بەتاڵانی خەڵکی بێتاوانی ئێران. خەڵکی زراوچوو ڕژاونە ناو شار تا کارگێڕانی خۆماڵیی ئێران پشتیوانیان لێ بکەن. بەڵام کاربەدەستانی خۆجێیی نەیانتوانیوە هیچ بەرگرییەکیان لێ بکەن، چونکە لە ئاست کوردە چەکدارەکان لاوازن. لەو کاتەدا مەسەلەی پێویست هاتنی هێزە چەکدارە ئێرانییەکان بۆ ورمێ بوو، کە نوێنەرانی کۆنسوڵگەری و فەرماندەکانمان بەرهەڵستییان کرد. لە ئاکامی ڕەوتی ڕووداوەکان، فەرمانبەرەکانمان لەپاڵ کوردەکان و لە دژی زۆربەی خەڵک ڕاوەستاون، ئازەربایجانی ئێران ئازەری و ئێرانی لەلایەن کوردانەوە تیرۆر و تاڵانیان دەکرێن. دیارە ئەو کارە بوو بەهۆی دوورخستنەوەی بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئازەری و ئێرانی کە لە ئێمە نزیک ببوونەوە؛ ئەویش بەهۆی نارەزی بوونیان لە ئاکاری نوێنەرانمان.

هەڵەی نوێنەرەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران دەستبەجێ بوونە هۆی کەڵک لێوەرگرتنی جاسوسەکانی تورکیا کە خۆیان وەک پشتیوانی ئازەرییەکان لە قەڵەم داوە و بەڵێنیان پێداون کە بەگوێرەی پێویست، چەک و تەقەمەنییان بدەنێ و سنووری تورکیاشیان بۆ بکەنەوە. بەم جۆرە ئاکاری کارگێڕەکانمان تەنیا دەتوانرا بەدەستی بەکرێگیراوانی تورکیا شکڵ بگرێ، کە لە ڕووداوەکانی ورمێ بۆ پەرەستاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ئازەربایجان کەڵکیان وەرگرتووە.

لەمپەر پێکهێنان لە بەرامبەر بەرپرسانی ئێرانیی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی لە ناوچە کوردنشینەکان، نوێنەرەکانمان بەوکارە کوێخایەتی و دەستێوەردانێکی بێجێیان لە کاروباری ئێراندا لەخۆپیشانداوە، کە نە قبووڵدەکرێ و نە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندیمانە. هەڵەی نوێنەرانمان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان هێشتا دەربارەی تێگەیشتنی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لە ئێران لاوازن، ئەوان لە خۆیان ڕوون نەکردووەتەوە کە خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و سەربەخۆیی بەپێی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییەکەی، دیفاعێکی کۆنەپەرستانەیە لە دەرەبەگی جیاوازیخوازی کورد دژ بەسیاسەتی سانترالیزم لە ئێراندا. کوردەکان بەچەند گرووپ دابەش بوون کە زۆرجار عەشیرەتەکان لەناو خۆیاندا دوژمنایەتییان هەیە و یەکێتیی نەتەوەییان نییە. جیاوازیخوازیی کوردان لە ئێران هەمیشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە بیانوویەک بۆ سیاسەتی ئینگلیز و تورکان. هەرچەند

خەباتی نەپساوەی کوردەکان بۆ جیابوونەوە لە ئێران لە ڕابردووشدا هەر هەبووە، بەڵام لەلایەن بەکرێگیراوەکانی ئینگلیز و تورکەکانەوە بووە بۆ وەرگرتنی هێندێک پشکی ئابووری و سیاسیی جۆراوجۆر لە ئێران. سەرۆکە کوردەکان کە خەڵکی ئاسایی کورد گوێڕایەڵیان نین، زۆربەیان بەکرێگیراوی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی ئیمپریالیستین و بگرە لە ناویشیاندا ڕاسپاردەی دەوڵەتە فاشیستییەکان کەم نین.

دەرەبەگایەتیی کورد دەسەڵاتی زەویداری و دەسەڵاتی عەشیرەتییان لێکگرێداوە. سەرکردەکانی کورد بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان، بەئاسانی ئەربابەکانی خۆیان گۆڕیوە. لەبەر ئەوە نابێ ئاکاری سەرۆکە کوردەکان کەوا ئێستا لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە خەریکی خۆشوبێشن، جێی بڕوابن. چونکە ئەوان کاتێک لە خەباتی خۆیان کەڵک وەردەگرن کە پاڵ بەهێزەکانی سوپای سۆڤیەتەوە بدەن. ئەو کارە لەوانەیە کاربەدەستانمان توشی هەڵە بکا کە لە ڕووی بێ ئەزموونیی و خۆشباوەڕیی پێیان وابێ کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکان بەڕاستی لایەنگری سۆڤیەتن. ئەو بڕوایە ئەگەر نەگوڕدرێ یان بەدروستی وەرنەگیرێ، ڕەنگە بەکردەوە ئاکامێکی زۆر زیانباری بۆ ئێمە هەبێ. کوشتار و بریندارکردنی سەربازانی سوپای سۆڤیەت لەلایەن کوردانەوە، درێژەدان بەتاڵان، بەپێچەوانەی ئاکاری بڕیاردراوی فەرماندەکانی ئێمە سەبارەت بەئاودیو کردنی مەڕ ومالات بۆ تورکیا و هتد... لەلایەن کوردانەوە، دەبێ چاوی کارگێڕانمان لە ئاست کورد و ڕێبەرانیان بکاتەوە.

بۆ بەرگریکردن لە بەهەڵەدا چوونی نوێنەرانمان دەبێ بەلێبڕاوی لە هێڵی نادروستی خۆشوبێش کردن لەگەڵ کوردان دووریی بکرێ و لە پێناو پتەوکردن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانمان لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی، لە پلەی یەکەمدا ئازەرییەکان هەنگاو بنرێت. هەروەک ئاشکرایە ئازەربایجانییەکان بەشی زۆری دانیشتوانی ئازەربایجان پێکدێنن و لەباری ئەتنۆگرافی و مێژووییەوە پێوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت (ئازەربایجانی سۆڤیەت) هەیە و هەمیشە بەشی زۆری هێزی بزووتنەوەی دیموکراتیی لە ئێران پێکدێنن.

کاربەدەستانمان لە ئازەربایجانی ئێراندا، نابێ بڕوایان بەسەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد هەبێ، بەڵکوو دەبێ حیساب بۆ ماکەی پێشکەوتوو لەناو دانیشتووانی ئازەربایجاندا بکەنەوە، ئەمە بەو واتایە نییە کە ئێمە لە تەواوی پێوەندییەکانمان لەگەڵ کوردان و کەڵک وەرگرتن لەو پێوەندییانە بۆ بەرژەوەندیی



خۆمان چاو بپۆشین. بەڵکوو لە کارە سیاسییەکانمان لە باکوری ئێراندا دەبێ لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین، بەتایبەت لەناو ئەواندا دەتوانرێ کەسانی باوەڕپێکراو و لایەنگری ئێمە لە جیاتی کوردان بدۆزینەوە. لە پێناو ئەو مەبەستەدا دەبێ بەلێبڕاوی لە پشتیوانیکردنی کوردان دوورەپەرێزیی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێک لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێرانی سەبارەت بەڕاگرتنی هێمنایەتی پێک نەهێنرێ. بەپێچەوانەوە دەبێ لە ئازەربایجاندا بۆ لەناوبردنی دزی و تاڵان لەلایەن کوردەکانەوە هاوکارییان لەگەڵ بکرێ تا ناوچەیەکی هێمن بۆ دانیشتووانی خۆجێیی لە دەستدرێژی و پەلاماری کوردان پێک بهێنرێ. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پشتیوانیکردن و یارمەتیدان بەکوردان لە پێناو هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بەدیهێنانی خودموختاری و دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە. چونکە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ئەوە داوایەکی بێ بناخە و دواکەوتووانەیە. بەکورتی پێویستە لە ئازەربایجاندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کاروباری نوێنەرەکانمان ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی پێگەکانمان لەناو دانیشتووانی ئازەربایجاندا پێک بێت.

پێویستە زۆربەی کاربەدەستانی باڵوێزخانە و کۆنسولگەرییەکان و فەرمانبەرانی سوپا و هەروەها فەرماندەکانی سوپامان لە ئێران لە ناوەرۆکی ئەو نامەیە ئاگادار بکرێن. دوای تێگەیشتن دەبێ نامەکە، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە بنێرنەوە.»

وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت

و. م. مۆلۆتۆف[٧]

٧- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری فیدراتیڤی ڕووسیە، ف 094 ـ ئو ٤ ـ د ١٨٨ـ پ ١٨، ل ١٠، ١١، ١٢، ١٣ و,١٤ وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامی، لە گزینگی ژمارە ١١، لاپەڕەی ٢٢-٢٣ وەرگیراوە.

بەم جۆرە، هەروەک ڕووسەکان بەڕاشکاوی دەڵێن، ئەوان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و ئاگاداربوونی پتریان لە دەنگوباس و جموجۆڵی دەوڵەتانی ئێران و ئینگلیز لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراندووە و لەو ڕێگایەوە دەنگوباسی ناوچەکە و بیروبۆچوونی کوردەکانیان بەهۆی بەشێک لە ئەندامانی ژێکاف کۆکردووەتەوە. کۆمیساریۆڤ لەم ڕوانگەیەوە دەڵێ:

«بە چاوخشاندنێکی خێرا بەمهابادا بەو ئاکامە دەگەی، کە ئەم ناوچەیە بایەخێکی زۆری هەیە. لە خۆوە نییە کە ئینگلیزەکان و ئێرانییەکان بایەخی زۆری پێ دەدەن. ئێمە زۆر کەم هاتوچۆی ئەو ناوچەیە دەکەین و فەرمانبەری پێویستمان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکردووە. ئێمە نە تەنیا ناتوانین دەورێکمان لەوێ هەبێت، بەڵکوو ناشتوانین ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەوێ بین[٨].»

لە جێیەکی تردا، «ماکسیمۆڤ.»م باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران، لە ڕاپۆرتی ١٣/١١/١٩٤٤- ٢٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٣ی خۆیدا ئەرکی باڵوێز و کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت لە ئێران بەرامبەر بەژ. ک ڕوون دەکاتەوە و دەنووسێ: «ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەو پارتە دەبێ ئەوە بێت کە بەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین[٩].»

بەر لەوەی کە ماکسیمۆڤ ئەو ڕاپۆرتە بنووسێ، حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە شاری تەورێز یەکەم ڕاپۆرتی ئاگاداریی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی لە ڕۆژی ٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٣- ٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٤٤ بەئیمزای عەبدولڕەحمانی زەبیحی بەدەست دەگات. بەپێی ئەم بەڵگەیەی خوارەوە، کۆمەڵە دوای تێپەڕبوونی پتر لە شانزدە مانگ بەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی قەڵای سارمێ دا، پێوەندیی لەگەڵ سۆڤیەت دامەزراندووە و ئەو شێوە پێوەندییە چەوتە تا هەڵوەشانی کۆمەڵە و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ڕوخانی کۆماری کوردستان بەردەوام بووە:

٨- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٤٩/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤، لاپەڕەی ١٢-١٣.

٩- هەمان سەرچاوە.



کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ٥ ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٧ سێپتەمبەر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە!

بۆ بەڕێز سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

بە ڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنم وەرگێڕاوی پرۆگرامی حیزبی ئێمە و وەرگێڕاوی ژمارەکانی «نیشتمان» بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەمان ئاراستەکردوون و ئێستاش هەواڵەکانی تازەی ئیدارەی ناوەندیی حیزبتان پێ ڕادەگەیەنین:

١- حیزب لەو سەروبەندەدا لە کرماشان «ئێران» و سلێمانی «عێراق» ئیدارەی محەلیی دامەزراند.

٢- بەپێی نامەی گەیشتوو لە ئیدارەی محەلیی سلێمانی، چونکە حیزبی ئێمە بیری ئازادیی هەیە و لایەنگریی لە یەکێتیی سۆڤیەت دەکات، لاوانی کوردی عێراق بەشەوقەوە نیشتمان دەخوێننەوە. هەر ژمارەی ٥٠-٦٠ دەست دەکات و نرخی نیشتمان گەیشتووەتە یەک دیناری عێراقی، کە دەبێتە ١٣ قڕانی ئێران.

٣- ئیدارەی محەلیی سلێمانی لە ئێمەی دەوێ لە ئۆرگانەکەماندا پتر پشتی یەکێتیی سۆڤیەت بگرین و ئاگاداریی پتریان دەربارەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێمە دەوێ.

٤- لەلایەن سفارەتی ئینگلیزەوە لە بەغدا گۆڤارێک بەناوی «دەنگی گێتیی تازە» لە ٤٨ پەڕ و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بەپۆستدا بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ئێران دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە. ئینگلیزەکان لەم ڕوانگەیەوە، کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە «نیشتمان» دەخوێننەوە، دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی «دەنگی گێتیی تازە.»

٥- لاوانی کوردی کوردستانی عێراق لەم دواییانەدا هاتبوونە مهاباد، دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق ئەو هەواڵانەیان بۆ نووسیوین.

مودیری بەشی ڕاگەیانەنی ژ. ک

عەبدولڕەحمانی زەبیحی

ئیـدارەی ناوەندیی ژ. ک بەدوای نامـەی ڕۆژی ٥ی ڕەزبەری ١٣٢٣یدا، بەبێ ئەوەی لایەنەکەی دیکە ئامادە بێ پێوەندیی لەگەڵ دامەزرێنێ، بەشێوەی یەک لایەنە، گەلێک نامەی جۆراوجۆری لە پێوەندیی لەگەڵ دەنگوباس و ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی کوردستان ئاراستەی سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەوریز کردووە و زۆر بەرێکوپێکی هەواڵەکانی کوردستان و ئارایشی هێزەکانی دوژمنی پێڕاگەیاندووە، کە لەم بەشە و بەشەکانی تردا ئاماژەیان بۆ کراوە.

هەیئەتی ناوەندیی ژ. ک جیا لەم جۆرە ڕاپۆرتانە، گەلێک داواکاریشی لە سۆڤیەت هەبووە. بۆ نمونە لە بەندی ٤ی نامەی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٣- ٥ی دیسێمبەری ١٩٤٤یدا، ئاماژە بۆ نامەی ژمارە ٣٥١ی هەیئەتی ناوەندیی کردووە کە دەڵێ:

٤- لە نامەی ژمارە ٣٥١ی هەیئەتی ناوەندییدا نووسراوە:

- دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت دەیەوێ پێوەندییەکی گەشەکراو لەگەڵ گەلی کورد ببەستێ، بەم بۆنەیەوە حیزبی ئێمە داوا لە یەکێتیی سۆڤیەت دەکات، ئەگەر دەکرێ یەکێتیی سۆڤیەت لە مهاباد، بۆکان، نەغدە و شنۆ خوێندنگە دابنێ. ئەگەر دەرەتانی کردنەوەی خوێندنگەی لەو شارانەدا نەبێ، جێگەی سوپاس و پێزانینە، کە لە مهاباد خوێندنگە بکەنەوە.

داواکاریی‌تری کۆمەڵە لە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بەرەسمی ناسینی کۆمەڵە لەلایەن سۆڤیەتییەکان و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کاتیی کورد بووە. ئیدارەی ناوەندیی ژ. ک لەم بارەیەدا نووسیویەتی: داوای حیزبی ئێمە لە دەوڵەتی مەزنی یەکێتیی سۆڤیەت

**بەپێی مادەی ١٢٩ی یاسای بنەڕەتی یەکێتیی سۆڤیەت داوا دەکەین:**

١- حیزبی ئێمە بەڕەسمی بناسن.

٢- بۆ پەرەستاندنی حیزبەکەمان یارمەتیمان پێ بکەن،

٣- ئیزن مەدەن سوپای ئێران لە مهاباد نزیک بێتەوە.

٤- بەهۆی کاربەدەستانی جێگیری یەکێتیی سۆڤیەت لە شارەکانی کوردستاندا، بەسەرۆک عەشیرەتە کوردەکان فەرمان بدەن کە بەکار و باری خۆیان ڕابگەن و خۆ لەکاری سیاسی وەرنەدەن و داوا دەکەین ژمارەی مەئمورەکانتان زیاد بکەن لە کوردستاندا.

٥- لە باری کەرەسە و پێداویستییەکانی فەننییەوە گرفتی ئێمە چارەسەر بکەن.



٦- دوای گەشە کردنی حیزبی ئێمە لە هەرێمەکانی سەردەشت، بۆکان، میاندوئاو، مهاباد، شنۆ، نەغەدە و ورمێ دەمانەوێ کۆتایی بەدەسەڵاتی ئێران لەو هەرێمانە بهێنین، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە یارمەتیی پێویستمان بکەن.

٧- دەخوازین ئەو هەرێمانەی ئاماژەمان بۆ کردن بە کوردستانی ئازاد بناسرێن و بەهۆی کوردە گەنج و خوێندەوار و زاناکانی کوردستانی ئێران، عێراق و سوریەوە دەوڵەتێکی کاتیی کوردی دابمەزرێ و دەسەڵاتی ئابووری و ئیداریی ئەو هەرێمانە بگرێتە دەست.

٨- بەپێی بەندی پ مادەی ٢٤ی یاسای بنەرەتی یەکێتیی سۆڤیەت داوا دەکەین، ئەو دەوڵەتە کاتییە بەڕەسمی بناسن و ئەو بەبرای کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت قەبووڵ بکەن و بیکەن بەئەندامی یەکێتیی سۆڤیەتی مەزن.

٩- بۆ ئازادکردنی هەرێمەکانی‌تری کوردستان داوای داڕشتنی پلان لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە دەکەین.

١٠- بۆ بەئەنجام گەیاندنی خاڵە باسکراوەکانی سەروو، داوا دەکەین دوو یان چەند ڕاوێژکاری خۆتان ڕەوانەی لای ئێمە بکەن.

بە ناوی مرۆڤ دۆستیی و شارستانییەتەوە داوا لە دەوڵەتی مەزنی یەکێتیی سۆڤیەت دەکەین و هیواداریـن بەچەشنی نەتەوە لاواز و ستەم لێکراوەکان بڕوانێتە گەلی کورد و لە دید و مەرحەمەت و عەداڵەتی دنیاداگری سۆڤیەت دوور ڕانەگیرێ.

بژی یەکێتیی سۆڤیەت لایەنگری نەتەوە چەوساوەکان

بژی مارشاڵ ستالین سەرکردەی وشیار و میهرەبانی نەتەوە چەوساوەکان

بژی پەیمانی برایەتیی نێوان کورد و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت

ئیدارەی ناوەندیی ژ. ک

کاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤیەت لە تەواوی ماوەی پێوەندیی خۆیاندا لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک، هەمیشە هەوڵیان داوە کۆمەڵە دەست لە بیری سەربەخۆیی‌خوازانەی هەڵگرێ و لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران، بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران هەوڵ بدات. کاتێک ئەو ویستەی بۆ نەچووەتە سەر و ڕێبەرانی کۆمەڵەی بۆ ڕازی نەکراوە و زانیویەتی ئەوان بەئامانجی حیزبەکەیان وەفادارن، شێوەی پێوەندی خۆی لەگەڵ ژ. ک گۆڕیوە و هەوڵی داوە کۆمەڵە هەڵوەشێنێ. کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٥یدا بەئیمزای هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ دەنووسێ:

«بە دەستوری مۆسکۆ ئێمە لە مانگی یونییەوە پێوەندیی خۆمان لەگەڵ پارتی ژێکاف گۆڕیوە و لە دیدارەکانماندا لەگەڵ ناسراوەکانی کورد بەپارێزەوە تێمانگەیاندوون، کە بیروباوەڕی «سەربەخۆیی بۆ کوردستان» واقعگەرایانە نییە و پتر دوژمنانی گەلی کورد پشتیوانیی لێ دەکەن و هەر ئەوانیش کەمتر لە هەموو لایەک بیر لە ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی گەلی کورد دەکەنەوە. بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی گەلی کورد، ئێمە بەئەندامانی پێشکەوتووخوازی پارتی ژێکاف پێشنیار دەکەین، بۆ مافی یەکسانیی کورد لە چوارچێوەی یاسای ئێراندا لەسەر بنچینەی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵ بدەن. کوردەکانیش گەلێک جار لەلایەن سەرکردەکانی پارتی ژ.ک درۆیان لەگەڵ کراوە و ژێکاف بەرەبەرە لەبەرچاوی خەڵک دەکەوێ[10].

---

١٠- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ئو ٣٠/د ٣٢٧ / پ ٣٦٩، لاپەڕەی ٥١-٥٤.



## چالاکییە سەرەکییەکانی کۆمەڵە

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەو کاتەوە کە ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە و هەتا دەگاتە ڕۆژی ٢٢ی گولانی ساڵی ١٣٢٢هە - ١٣ی مای ١٩٤٣ز چالاکییەکی بەرچاوی نەبووە و مێژووی خەباتی بەو ڕاپۆرتەوە بەستراوەتەوە، کە ئاراستەی مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی کراوە. کۆمەڵە لە سەرەتادا بەهۆی تەواو نهێنیبوونی زۆر لەناو خەڵکدا ناوی نەبووە و تەنانەت ئەندامانیشی تەنیا لە گروپی بچووکی چەند کەسییدا یەکتریان ناسیوە.

کۆمەڵە دوای کۆبوونەوەی «قەڵای سارمێ» لە ٢٢ی گولانی ساڵی ١٣٢٢دا، گەلێک چالاکیی زەق و بەرچاوی نواندووە. هەرچەندە بەشێک لەو چالاکییانە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئەنجامیان گرتووە و بۆ جەماوەر ڕوون نەکراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانن کە مێژووی خەباتی کۆمەڵە پرشنگدار دەکەن. کۆمەڵە جیا لەو هەنگاوانەی کە بۆ یەکێتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەڵیی گرتووە و بۆ ڕزگاریی کورد و تێکخستنەوەی خاکی لێکدابڕاوی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد هەوڵی داوە، لە پلەی ڕێکخراوەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییی کوردی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای فیۆداڵی کوردستاندا کە گەلێک کۆسپ و دژواری لەپێش هەڵسوڕانیدا هەبووە، کۆمەڵێک چالاکیی هەبووە، کە بەش بەشە لەجێی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

## چەککردنی شارەبانیی مهاباد

دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاکی کوردستان، سوپا و ژاندارمەری و شارەبانی و دەزگا پۆلیسییەکانی ئێران لە مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنۆ و پیرانشار ڕایانکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەوڵەتی ئێران لەسەر ئیزنی ڕووسەکان شارەبانیی و فەرمانداریی مەهابادی دەمەزراندەوە. ئەو دوو دەزگایە تا ٢٦/١١/ ١٣٢٣- ١٥/٢/ ١٩٤٥ لە مهاباد مانەوە، بەڵام ئەم جارە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستیان لە کاروباری خەڵک وەرنەدەدا و پیلانەکانیان بەهۆی دوو بەکرێگیراوی سەرەکیی خۆیان بەناوەکانی «قەرەنی ئاغای مامەش» و «عەلی ئاغای دێبوکری» (ئەمیر ئەسعەد) جێبەجێ دەکرد. لە پەنای ئەو دەزگا حکومەتییانەدا، خەڵکی مهاباد شورایەکیان هەبوو کە قازی محەمەد سەرۆکایەتی دەکرد و مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان)، محەمەد ئەمینی شەرەفی، سەید محەمەدی سەید نیزامی (سەید پیرە) و چەند کەسی تر[1] ئەندامی بوون. شورا سەرپەرشتیی کاروباری شار و ئاسایشی خەڵکی شاری لە ئەستۆ گرتبوو.

پێشتر لە بەشی ئامانجی کۆمەڵەی ژ. کدا، ئاگاداری هاتنی «خەلیل فەهیمی» وەزیری کاریی ئێران بۆ مەهاباد بووین. هەروەک بینیمان ناوبراو ڕۆژی ١٤ی یانواری ساڵی ١٩٤٤- ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٢ سەردانی مەهابادی کرد و چاوی بەئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان) نوێنەری هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە کەوت. خەلیل فەهیمی جیا لە دیتنی نوێنەرانی ژێکاف و ژمارەیەکی‌تر، سەردانی گوندی «قومقەڵا» لە شانزدە کیلۆمەتری باکوری مهابادی کردووە و لە ماڵی کەریم ئاغای کەریمی بابی جەعفەر ئاغای کەریمی یەکێک لە چوار ژەنراڵەکانی کۆماری کوردستان، ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەتی ناوچەشی دیوە. فەهیمی لەو دانیشتنەدا بەڵێنی ناردنی قەند و شەکری بەسەرۆک عەشیرەتەکان داوە.

دوای گەڕانەوەی فەهیمی، ڕژێمی ئێران قەند و شەکر دەنێرێتە مهاباد و لەناو سەرۆک

١- جیا لە قازی محەمەد، ئەوانی تر ئەندامی کۆمەڵە بوون.



عەشیرەتەکانی لایەنگرییدا بڵاویان دەکاتەوە، کە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نارەزایەتی لەناو جەماوەری خەڵکدا. لەبەر ئەوە، گۆڤاری نیشتمان چەندان شیعر و وتاری جۆراجۆری لەسەر بڵاو دەکاتەوە، تا سەرئەنجام حکوومەتی ئێران ڕازی دەبێ ئەرکی بڵاوکردنەوەی قەند و شەکر بەئیدارەی ماڵیەی مهاباد بسپێرێ.

دابەشکردنی قەند لەلایەن حوسێنی فروهەر بەرپرسی جیرەبەندیی ئیدارەی ماڵییەی مهاباد بووە، لەگەڵ کارمەندانی‌تری ئەو ئیدارەیە، دەبێتە خۆراکی پڕوپاگەندەی فەرماندار و شارەبانیی مهاباد دژی ژ. ک و دەیانەوێ ئەندامانی کۆمەڵە بەبەرتیل وەرگرتن تاوانبار بکەن، کە حوسێنی فروهەر و عەزیز خانی کرمانج بەنوێنەرایەتیی کۆمەڵە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣- ١٥ی فێبرواری ١٩٤٥، خەڵک لە مزگەوتی هەباس ئاغای شاری مەهاباد کۆ دەکەنەوە و دەربارەی بەسەرهاتی نەتەوەی کورد و زوڵم ستەمی ڕژێمی داگیرکەری ئێران قسەیان بۆ دەکەن و دژی گەڕانەوەی دەزگای فەرمانداریی و شارەبانیی ڕژێمی ئێران بۆ مهاباد و دەستتێوەردانیان لە کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، هەڵوێست دەگرن و بۆ چەککردنی شارەبانی بەرەو ئەو بنکەیە پێش خەڵکەکە دەکەون. خەڵک بەدروشمدان ڕێ دەپێون و هەرکە دەگەنە بەر شارەبانیی هێرش دەکەنە سەر ئەو بنکەیە و چەکی دەکەن[2].

لەو هێرشەدا پێنج پاسەوان و هاوولاتییەک بەناوی «عەبدوڵڵای مینە خاڵندی» دەکوژرێن و سەرۆکی شارەبانیی مهاباد بەناوی سەرگورد قوربانی، کە کوردی خەڵکی کرماشان بووە، لەگەڵ پاسەوانەکانی‌تر ڕادەکەن. «عەبدوڵڵای مینە خاڵندی» بەدەست پۆلیسێکی کورد بەناوی «عەبدوڵڵای خانە خەمیر» گیانی لەدەست دا. عەبدوڵڵای خانە خەمیر دوای ئەو جنایەتەی پەنا بۆ یەکەکانی سوپای ئێران لە سەقز دەبات و لە شەرمساریان هەرگیز ناگەڕێتەوە مهاباد[3].

هاوکات لەگەڵ چەککردنی شارەبانیی، فەرمانداری مەهابادیش کە ناوی «سەریعولقەلەم» بووە، ڕادەکات و شار بەتەواوی دەکەوێتە دەست شورای شار کە

٢- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست گ.م دیمیترۆڤ لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم.

٣- ئاڵەکۆک، ل ٢٦-٢٧، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی نووسەری ئەم کتێبە.

زۆربەیان ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک بوون. ئینجا لەسەر داوای شورای شار رووسەکان «کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت» لە مهاباد دادەمەزرێنن و ئەفسەرێکی سیاسیی ئازەربایجانی رووسیە بەناوی «ماژور عەبدوڵلائۆڤ» دەکەنە لێپرسراوی ئەو بنکەیە.

هەواڵی چەککردنی شارەبانی مهاباد لە دوو تێلگرافاندا بەرچاو دەکەوێ کە قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوس و ئەفشار پەنا لە میاندواوەوە بۆ فەهیمی وەزیری راوێژکاری ئێران و بەرێوەبەرایەتی شارەبانی ئێرانیان ناردووە. ئەفشار پەنا رایگەیاندووە کە شارەبانی مهاباد کاتژمێر چواری ئێوارەی رۆژی ٢٦ی رێبەندانی ١٣٢٣- ١٥ی فێبرواری ١٩٤٥ بەهاندانی کەسێک بەناوی عەزیز دەستبەسەرداگیراوە. هەردوو تێلگراف لە لاپەرەکانی ١-٨ی رۆژنامەی کوهستانی ژمارە یەکەمدا بلاوکراونەتەوە. حوسێنی مەدەنی لە کتێبی (کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم) و بهزادی خوشحاڵی لە کتێبی (قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا) کەڵکیان لەو بەڵگەنامەیە وەرگرتووە. چونکە لە تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەشدا چونیەتی راکردنی فەرمانداری مهابادیی تێدا تۆمار کراوە بەپێویستم زانی تێلگرافی ناوبراو جارێکیتریش بنووسمەوە:

تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوس ٢٣/١٢/١

بۆ جەنابی ئاغای فەهیمی وەزیری مشاویر

رۆژی ٢٣/١١/٢٦ کابرایەک بەناوی عەزیز خانی بەگزادە ئامۆزای ئەحمەد خان کە ئەویش لە هاوکارانی حەمە رەشید خانی بانە بوو و ئێستا لە خاکی عێراقە، لە مهاباد کۆمەڵێکی زۆر لە رەش و رووتی شار لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و دژی دەوڵەت و بەرپرسانی دەوڵەت قسەیان بۆ دەکا و دوایی هێرش دەبەنە سەر بەرێوەبەرایەتی شارەبانی مهاباد. پێنج پاسەوان دەکوژن و بنکەی شارەبانی تالان دەکەن. خەریکبوون پەلاماری فەرمانداریی مهاباد و سەرۆکی دەزگا دەوڵەتییەکانیش بدەن. بەختەوەرانە ئامۆزاکانم هەمزاغا، حەسەن ئاغای ئیلخانی، حەمەد ئاغا و براکانی عەولاغا سەرۆکی عیلی مەنگور، حوسێن ئاغای ئامۆزای باپیراغا، برایاغا برای عەلی ئاغای نەوزەری کە ئێستا لە تارانە لەگەڵ حەمەدەمین ئاغا و قەرەنی ئاغای سیرنی کە بۆ کاری شەخسی هاتبوونە مهاباد،



دەستبەجێ بڵاوە بەعەزیزخان و ئاژاوەگێران دەکەن. ئیزن نادەن فەرماندار و دەزگا دەوڵەتییەکان زیانیان پێبگات. فەرمانداریش هەر رۆژی ٢٦ داوای یارمەتی لێکردم، هەرچەندە لەلایەن دەوڵەتەوە فەرمان بەمن نەدرابوو، بەو حاڵەش دەستبەجێ ئەوەی لە دەستم هات ئەنجامدا و فەرمانم بەعەشایری مامەش، گەورک و پیران دا لە بەرامبەریاندا راوەستن و ئەگەر جارێکیتر عەزیز خان ئەو کارانەی دووپات بکاتەوە، بەگوللە وەڵامی دەدەینەوە. بەجەسارەتەوە پێتان رادەگەیەنم کە دوو ساڵ بوو ئەمنیەتی شاری مهاباد بەمن و ئاغاکانی مەنگور و گەورک سپێرابوو، بەڵام دوکتۆر (مەرزبان) کە بەپلەی پارێزگاریی ورمێ گەیشت، تەنیا بۆ قازانجی خۆی ئەو وەزعەی تێکدا. کورەکەم (عەزیز) پیشینەی منتان پێ رادەگەیەنێ. ئێستا وەزعی مهاباد، ئیدارەی فەرمانداری و ئیدارەکانی دیکەی دەوڵەت زۆر خراپە. ئەگەر کاربەدەستانی دەوڵەت زۆر زوو رێگا چارەیەک بۆ ئەو وەزعە نەدۆزنەوە، مانەوەی مووچەخۆرانی دەوڵەت زۆر دژوار دەبێ و لەوانەیە کێشە و دژواریی دیکەشی بەدواوە بێ.

قەرەنی ئاغای مامەش[٤]

حکوومەتی ئێران لیژنەیەک لە چەند فەرماندەی سوپا و بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی ئازوقە لە تەورێزەوە رەوانەی مهابادێ دەکات کە لە چۆنیەتی چەککردنی شارەبانی مهاباد بکۆڵنەوە. لێژنەی حکوومەت حوسێنی فروهەر بەتاوانباری سەرەکی ئەو رووداوە دەزانێ و رادەگەیەنێ: حوسێن فروهەر ناسراو بەحوسێنی زێرینگەران بەرپرسیاری دابەشکردنی ئازاقە بووە لە مهاباد. ناوبراو بەقەبلاندنی سجیلی قەڵب لە دابەشکردنی کۆپینەکانی ئازوقەدا زۆری فێڵ کردووە. ناوبراو بۆ ئەوەی کە پێش بەئاشکرابوونی ریسوایی خۆی بگرێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرتووە و ژمارەیەک چەکداریی بەپارە لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە و چوار هەزار تمەنی داوە بەکەسێک کە ناوی عەزیز خانە و گوایە شەریکی بووە و بەو شێوەیە پەلاماری شارەبانی داوە کە بەڵگە کۆکراوەکان دەربارەی فێڵکردنەکانی لەناو بەرێ[٥].

٤- رۆژنامەی کوهستان، ژمارە ١، لاپەرەکانی ١-٨

٥- رۆژنامەی کوهستان ژمارەی ٢، رووداوی مهاباد لاپەرەی ٤

دەوڵەتی ئێران دوای چەککرانی شارەبانیی و ڕاکردنی «سەریعولقەلەم» لە مهاباد، بۆ ئەوەی پێوەندیی مهاباد بەتاران و ورمێوە نەپچڕێ، لەسەر داوای قەرەنی ئاغای مامەش کە داواکارییەکەی لە تێلگرافی سەروودا ئاشکرا دەبێ، ئەمیر ئەسعەد دەکاتە فەرماندار و لە جێی سەریعولقەلەمی دادەنێ. عەلی ئاغا بە ٣٠٠ ڕەعیەتی چەکداری خۆی بەناوی «انتظاماتی عشایریی» لە مهاباد جێگیر دەبێ. عەلی ئاغای فەرماندار بۆ ئەوەی چەکدارەکانی لەناو خەڵکدا بناسرێنەوە، قۆڵبەندی سپییان لە قۆڵ دەکات و لەبەر ئەوە، خەڵک پێیان دەڵێن قۆڵ سپی[٦].

ڕژێمی ئێران بەو هیوایە عەلی ئاغای کردە فەرماندار، کە ناوبراو بتوانێ لەناو خەڵکدا خۆی ڕاگرێ، بەڵام چونکە ئەمیر ئەسعەد پێشتر بەپیاوی ڕژێم ناسرابوو و دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان جووڵابووەوە، زۆر زوو پەتەی کەوتە سەر ئاو و بەهۆی دەرگیربوونی لەگەڵ ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد[٧] بەسەرۆکایەتیی غەنی بلوریان، کەوتە بەر هروژمی خەڵک و بەفەرمانی ماژور عەبدوڵلائۆف لێپرسراوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت لە مهاباد شاربەدەر کرا. دوای دەرچوونی عەلی ئاغا و چەکدارەکانی لە مهاباد، ئەو شارە تا گەڕانەوەی سوپای ئێران و ڕوخانی کۆماری کوردستان بەدەست نوێنەرانی خەڵکەوە بووە.

٦- ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٢٩، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی نووسەری ئەم کتێبە.
٧- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٣١



## گۆڤاری نیشتمان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بایەخێکی تایبەتیی بەنووسین و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب داوە و خەباتی ڕۆشنبیری و کاروباری ڕاگەیاندی گشتیی وەک ڕادیۆ و خەباتی شانۆگەریی زۆر بۆ گرنگ بووە. کاتێک مرۆڤ دەڕوانییەتە دۆخی ئەوکاتی کوردستان، بەو ئاکامە دەگات، کە ئەو هەنگاوانەی ژێکاف بۆ گەشەپیدانی بیری نەتەوەیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک زۆر گرنگ و بەجێ بوون.

یەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، گۆڤاری نیشتمان بووە، کە دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر کۆبوونەوەی ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢- ١٣ی مای ١٩٤٣ز قەڵای سارمێدا بڵاوکراوەتەوە. نیشتمان سەرەتا لە تەورێز و لە چاپخانەیەک کە خاوەنەکەی ئەرمەنی بووە، چاپ کراوە و لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە و دوای بەدەستهێنانی چاپخانەیەکی دەستی، لەلایەن هەیئەتی ناوەندیی ژێکافەوە، سێ ژمارەی دوایی لە مهاباد چاپ و بڵاو بووەتەوە. بەم جۆرە، نیشتمان تەنیا نۆ ژمارەی لێ چاپ کراوە. دوکتۆر جەماڵ نەبەز شەش ژمارەی گۆڤاری نیشتمانی کۆکردووەتەوە و بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر گۆڤاری نیشتماندا، لە کتێبێکدا بەناوی «گۆڤاری نیشتمان- زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژی هوردە بورژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا» ساڵی ١٩٨٣ بڵاوی کردوونەتەوە. هەروەک لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا ڕامگەیاند، من سێ ژمارەکەیتری گۆڤاری نیشتمانم لەلایەن دوکتۆر ئەمیری حەسەنپور و کاک حەسەنی قازییەوە پێگەیشتووە، کە لەسەر ئیزنی خۆیان لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاوم کردوونەوە.

نیشتمان گۆڤاری هەرە دەوڵەمەندی سەردەمی خۆی بووە لە کوردستاندا. دەیان بابەتی بەنرخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەدەبی و ڕۆشنبیریی تێدا بڵاوکراوەتەوە. خۆی لە دووبەرەکی نانەوە و ئاژاوە خستنە ناو نەتەوەی کورد پاراستووە. گۆڤارێکی هاندەری بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بووە و لە ڕێگای گەشەپێدانی بیری نەتەوەییدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. بەرهەڵستی هەموو داگیرکەرانی کوردستانی کردووە. بۆ پەروەردە کردنی زمانی کوردیی هەوڵی داوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، ناوی مانگی

کوردیی داناوە. نیشتمان شوێنی تایبەتی هەبووە لەسەر لاوان و ژنان و دژی ئەو ژمارە دەرەبەگانە ڕاوەستاوە کە بۆ قازانجی خۆیان و بەوەرگرتنی قەند و پارە لە ڕژێمی داگیرکەری ئێران دژی بزووتنەوەی کورد پیلانیان گێڕاوە. جیا لەوە، نیشتمان دژی کاری ناحەزی وەک قومارکردن و مەیخواردنەوەی زۆر و جگەرەکێشانی لە ڕادە بەدەر بووە و خەڵکێکی زۆری هۆشیارکردووەتەوە، کە ئاگاداری سلامەتیی خۆیان و وڵاتەکەیان بن. نیشتمان هەروەها شیعری بەسۆزی وڵاتپارێزیی تێدا چاپ کراوە و فێرگەی خۆێندەوارکردنی خەڵک بووە و دەیان وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەری وەک هێمن، هەژار، حەقیقی، خاڵەمین، سەید تاهیری هاشمی و... هتدی پێگەیاندووە، کە ئێستا هەرچەندە بۆخۆیان لە ژیاندا نین، بەڵام نووسینەکانیان خوێندنگەی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانن.

نیشتمان تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکوو بەڕێگای ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵەوە سنووری دەستکردی بەزاندووە و سەری بەماڵی هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانەدا کردووە، کە تاسەی خوێندنەوە و نووسینی کوردییان هەبووە. هەیئەتی ناوەندیی ژ. ک لە خاڵی دووی نامەی ڕۆژی ٥ ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢٧ سێپتەمبەری ١٩٤٤یدا بۆ حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێزی نووسیوە:

> هەر ژمارەی نیشتمان لە کوردستانی عێراق ٥٠-٦٠ دەست دەکات و نرخی گەیشتووەتە یەک دیناری عێراقی، کە دەبێتە ١٣ قڕانی ئێران.

نیشتمان هەر لەو کاتەدا کە لای نیشتمانپەروەرانی کورد خۆشەویست بووە و لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێشوازیی لێکراوە، لە هەمان کاتیشدا دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەویان بەنەیاری خۆیان زانیوە و دەیان پیلانیان دژی دارشتووە و بۆ دۆزینەوەی چاپخانەکەی هەوڵیان داوە و ویستوویانە پێش بەچاپ و بڵاوکردنەوەی بگرن. تەنیا داگیرکەرانی کوردستان، نیشتمانیان بەدوژمنی خۆیان نەزانیوە، بەڵکوو لەم بابەتەوە کە نیشتمان هەوڵی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواریی داوە، کەوتووەتە بەر تانە و توانجی ژمارەیەک دەرەبەگ و کۆلکە مەلای کۆنەپەرست و پروپاگەندەی ژاراوییان دژی بڵاوکردووەتەوە و کاریان گەیاندووەتە جێیەک کە هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە ناچار بووە لە ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٢دا، بەیاننامەی خوارەوە دەربارەی ئاکاریی ئەوان بڵاوکاتەوە و گازەندە لە ڕەفتاری ناپەسەندی ئەوان بکات.



### بەیاننامەی ٣٢٢ی ڕۆژی ٢٥ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٢

بەناوی یەزدانی گەورە و بەرزی بێ هاوتا!

هەمیشە بیروباوەڕی تازە ئەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانیی خاوەندانی بیری کۆن و مێشکە ڕزیوەکان.

ڕۆژێکی ئێمە ئەم کۆمەڵەمان بنیاد نا دەمانزانی لەم دەستورە گشتی و تەبیعییە ڕزگار بوونمان نییە؛ درەنگ یا زوو لە جەنگەی کارکردندا ئەبینە نیشانەی لۆمە و تومانجی هێندێک لە کوردە بێ تعصب و کۆنەپەرستەکان، بەڵام نەماندزانی لە چی ڕێگایەکەوە پەلامارمان ئەدەن.

بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکانمان (مطبوعات) ئەم ئیشکالەی هەڵگرت، هێندێک لە خاوەندانی (ماڵ و مقام)، کە پێشکەوتنی ئێمە و پاشکەوتنی خۆیان لە ڕیزێکدا ئەدیت دەستیان کرد بەپروپاگەندە کە کۆمەڵەی ژ. ک کۆمەڵێکی شیووعی (بولشویک)یە و بەناوی کوردایەتییەوە کار ئەکا، بۆ دروستکردنی هەموو چەشنە بەرهەڵستێک لە ڕێگای پێشەوە چوونی ئێمەدا بەهەموو هێزی خۆیان کۆششتیان کرد، بەڵام بێکەڵک و سوود بوو، چونکە مەردوم وەک ئەوان لێکیان دابووەوە نەزان و نا تێگەیشتوو نەبوون و ئێمەیان زۆر چاک ئەناسی و ئەیان زانی ئامانجی ئێمە خۆشی ژیانی هەموو کوردییەکە.

لەبەر ئەمە تیری ئەم برا خۆشەویست و کۆنەپەرستانە لەباتی جەرگی کۆمەڵەی ئێمە وەبەردی قبووڵ نەکردنیی جامعە کەوت و گەڕاوە بۆ سینەی پڕ کینەی خۆیان و دەست و پێوەندییان، لەناو مەردومدا بێ قەدر و ئیحترام بوون. ئەمەیە دوایی تاڵوکەکردن لە کارەکاندا، ئەمەیە نەتیجەی بێ مێشکی و نەزانی. ئەم براخۆشەویستانە دەبوو بزانن کە چۆن هەتاو هەمیشە لەژێر هەوردا نامێنیتەوە، هەروەها درۆ و دەلەسەش لە باری دانیە کە ڕووی ڕووناکی حەقیقەت و ڕاستیی بپۆشێت. ئێمە ئارەزوومانە دیسان هەرچی لە توانایاندا هەیە بۆ بەربەست کردنی پێشکەوتنی ئێمە کۆششت بکەن تا نیرووی مەعنەوی کۆمەڵەیان چاو پێ بکەوێت.

بژی کورد و کوردستان بەسەربەستی و سەربەخۆیی

هیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ. ک[١]

١- گۆڤاری نیشتمانی ژمارەی ٣ و ٤، لاپەڕەی ٩-١٠، ساڵی یەکەم سەرماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢.

دوژمنە داگیرکەرەکان کە نەیانتوانیووە چاپخانەی نیشتمان بدۆزنەوە و دەستی بەسەردا بگرن، کەوتوونە کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکان و ویستوویانە لەم ڕێگایەوە پێش بەبڵاوکردنەوەی نیشتمان بگرن و نەهێڵن بەدەست خوێنەرانی بگات. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە دژی ئەم کردەوەیەی دوژمن هەڵوێستی گرتووە و ئەو دوو بەیانەی خوارەوەی بڵاو کردووەتەوە:

### بەغدا

لە ژمارەی پێشوودا لەژێر ناوی تاران- ئانکارا هێندێک لەم جەور و ستەمەی کە لەلایەن تورک و ئێرانییەکانەوە لە کورد کراوە نووسی بوو داواشمان لێکردبوون کە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا وەڵامان بدەنەوە، بەڵام وەکوو ئیداراتی ئێمە پێیان ڕاگەیاندووین ئەم دوو حکوومەتە بێداد و ستەمکارانە لە جیاتی بیرکردنەوە لەم داوایەی ئێمە و پێکهێنانی کەوتوونە سەروکاری دیتنەوەی چاپخانەی ژ. ک. ئێمە موژدەیان ئەدەینێ ئەگەر توانیان پێشی بڵاوبوونەوەی تیشکی هەتاو بگرن ئینجا دەشتوانن چاپخانەکەی ئێمەش ببیننەوە چونکە کۆمەڵەی ژ. ک بەهیمەتی گەنجانی وریای خۆی ئێستا لە بەشی زۆری پارچەکانی کوردستان دەستی دەڕوا و دەتوانێ لە کەمترین وەختدا گەورەترین شت بۆ دوورترین جێگەی کوردستان ڕەوانە بکات. ئەوا ئەو جارەش حکوومەتی بەغدا هۆشیاردەکەینەوە کە وەک ئێران و تورکیا نەکا، بزانێ کورد لەم بیست ساڵەی دواییدا چەندیان بۆ حکوومەتی عێراق کەڵک بووە. چاکەییەکی ئێمە تا ئێستا کردوومانە ئەم هەموو سەروەت لە بەرامبەر و سەرچاوەی ئابووری وڵاتەکەمان داوەتە دەستیان نەوتی کەرکوک وەکوو لە خاکی عەرەبەکاندا بێ ئیستفادەی لێ دەکەن خەراپەمان نەدەنەوە داوای کوردەکان بەچاکی تەماشا بکەن و بۆیان پێک بێنن خۆیان نەکەنە نیشانەی تیری ئێمە ئەگەر ئەوانیش بیانەوێ چاپخانەی ژ. ک ببیننەوە ئەبێ وشترێک بێنن دەستی بەکلکی بگرن ڕای بکێشن بیگەیەننە زەوی ئینجا ئەگەنە ئامانج. دیسان ئێمە دەمانەوێ تاران- ئانکارا و بەغدا وەڵامی ئێمە بدەنەوە بەڕادیۆ و ڕۆژنامە ئەو کوردانەش کە مەئموری دیتنەوەی جێگای چاپخانەی ئێمەن ئەگەر تا ٤٨ سەعات دوای خوێندنەوەی ئەم ژمارەیە دەست لەم کارە بێ شەرەفانەی خۆیان هەڵنەگرن وێنە و تاریخی ژیانیان چاپ ئەکەین[٢].

٢- گۆڤاری نیشتمان ژمارە ٥، لاپەڕەی ٢٣- ٢٤، ڕێبەندانی ١٣٢٣.



### بەیانی دووەمی هەیئەتی ناوەندی ژ. ک

ئەو ئاگایانەی لە عێراق و ئێران بۆمان هاتووە نیشان دەدەن ئەو دوو حکوومەتە دیکتاتۆر و ئیستعماریانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵەی ژ. ک و بڵاوبوونەوەی گۆواری نیشتمان کەوتوونە ترس و لەرزەوە؛ بۆ پێشگیری عملیاتی ئێمە بڕیاریان داوە نەهێڵن «نیشتمان» دەربچێت. لە شارانی: هەولێر، سلێمانی، بەغدا، کرماشان و سنە، چاپخانەکانیان پشکنیوە باڵوێزی ئێران لە «بەغدا» ڕاستەوخۆ نامەیەکی بۆ حاکمی یەکێک لە شارانی ئێران نووسیوە کە گوایە ناوچەی «ژ. ک» و ئیدارەخانەی نیشتمان لەم شارەیە لازمە کەشف و پێشی بگیرێت. گۆواری خوشەویستی گەلاوێژ کە بەپۆستە بۆ ئێران دەچوو لەلایەن «پۆستە»ی ئێران ڕەدی کرد...، لە مقابلی ئەم کارە پەستەی حکوومەتی ئێراندا ئێستا (پۆستەی «ژ. ک») بۆ زۆر شارانی کوردستانی ئێران گەلاوێژ، نیشتمان، ڕۆژانوێ و ڕوناهی دەبا و ئیرتباتی نێوان دوو پارچەی کوردستان حیفظ دەکات.

ئەگەر حکوومەتانی ئێران و عێراق بەعملیاتی ئێمە ڕازی نین لازمە دەگەڵ حکوومەتی ئستعماری تورکیا بۆ ئیجراکردنی پەیمانی شومی (سەعد ئاباد) کۆنفرانسێک بگرن ئەمما لازمە لە پێشدا بزانن دنیای ئازادی ئیمڕۆ بۆ ئەم کارە کەوینەییکە لە ڕێوشوێنی فاشیستە نەگریسەکان ئیجازەیان دەدا![٣]

کۆمەڵە بێجگە لە گۆڤاری نیشتمان، ڕۆژنامەی هەفتەی «مرۆ Miriv» تایبەتی ئەندامان لەلایەن بیژەن ٢ (زەبیحی) و «دیاریی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ لاوانی کورد» و دوو ڕۆژ ژمێری تایبەتی کۆمەڵە بۆ ساڵی ١٣٢٢هە- ٤٣-١٩٤٤ و ساڵی ١٣٢٣هە- ٤٤-١٩٤٥ز بڵاوکردووەتەوە. دیاریی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ لاوانی کورد بریتییە لە: «دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی» کە ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەی بیژەن ٢ (زەبیحی)ی لە لاپەڕەکانی ١٤-١٥ هەڵکێشراوە:

سەیاحەت کەن بچن بوو سووەتستان
بزانن چون بەخێرائی هەلستان
لە قەومی ڕوس چە ظلمیکی ئەکرد (چار)
هەموی زەهری ئەخوارد ملت بەناچار

٣- گۆڤاری نیشتمانی ژمارەی ٧، ٨ و ٩، لاپەڕەی ١١.

لەپڕ (لەنێن) هەڵستــــا وەک دلێــران
بناغـــــەی ظلمی چاری کــــرد ویران
بنای نا دەوڵەتیکی سـۆسـیـــالیــست
لە ناوی برد بەجـارێک ئیـمـپـریالیـست
لەناو کـــۆمـــەڵ بەزوری دەرکـرا (خـــان)
بەتیـــــلا (بەگ) خـــرایە بەندو زیندان
بەمـــەحـــضی هەڵکرانی بەیرەقی ســـوور
لەناو خەڵکا نەمـا فیـتنەو شەڕ و شـوور
ئەلەرزیت کـــاکی (ئاغــا) وەک بنی ئاو
کــــە ئالای ســـوورو ئاڵی دێتـــە بەرچاو
تەمـاشـا کـەن لە مـەیدانی هەراو شـەر
چلۆن سـەربازی ســـوور؛ ئازاد و دلاوەر
شـــەو ڕوژ بێ ووچان وا تێ ئەکـــۆشن
لە جـەبهـەی شـەڕ ئەڵێی شـەربەت ئەنۆشن
بە فـەرمـانی سـتـالین: پیـاوی شـەڕکـەر
ئەدەن بەربا هـەمـــوو نەیروی هیـــتلەر
بەیـانی بلبلی ســــووتاو لەبۆ گـــوڵ
وەها ئەیخـوێنێ بەدڵســوزی لەسـەر چڵ

کۆمەڵە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا ناوی مانگی کوردیی بۆ ڕۆژژمێرەکانی داناوە، کە بریتن لە: خاکەلێوە، بانەمەڕ (گولان) و جۆزەردان بۆ وەرزی بەهار؛ پوشپەڕ، گەلاوێژ و خەرمـانان بۆ وەرزی هاوین. ڕەزبەر، خەزەڵوەر و سەرماوەز بۆ وەرزی پاییز؛ بەفرانبار، ڕێبەندان و ڕەشەمە بۆ وەرزی زستان؛ «گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی» بلبلی نیشتمانی کورد و «دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمانپەروەری»دا، کە ئەویش بریتییە لە: چەند پارچە شیعری لاوێکی ٢٦-٢٧ ساڵەی ناوچەی موکریان، کە نەیویستوە ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەگەڵ هۆنراوەیەکی حەسەنی سەیف القضات، هۆنراوەیەکی خاڵەمین و هۆنراوەیەکی سەید تاهیری هاشمی ئەندامی



کۆمەڵە لە کرماشان. ناوی مانگە کوردییە دانراوەکانی ژ. ک ڕمزی خەبات و بزووتنەوەی ئەم ڕێکخراوەیە، کە بەپێی ئاو و هەوای سروشتی کوردستان دانراون و بێجگە لە ناوچەکانی دیاربەکر، جەزیر، موسڵ، کەرکوک، خانەقین، قەسری شیرین و ئیلام بەگشتی هەموو شار و گوندەکانی کوردستان و بەتایبەتی ناوەندی کوردستان دەگرنەوە.

کۆمەڵەی ژ. ک لەسەر ڕووبەرگی ڕۆژژمێرەکانی پەیامی هەیئەتی ناوەندیی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

**الله**

بە یارمەتی و ناوی خوای بەرز و گەورەی بێ هاوتا
بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا
ڕۆژ ئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ ساڵی ١٣٢٢
ساڵی ٦٣- ١٣٦٢هجری- ساڵی ٤٤-١٩٤٥ میلادی

**پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان**

ئەی دایکی نیشتمانی کورد دڵنیابە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژ. ک ناڵەی دەروونی و سکاڵای تایبەتی تۆ بەهەموو ناوچەکانی کوردستانا بڵاو ئەکەنەوە، لاوەکان بۆ خزمەتی تۆ هان ئەدەن. بەهەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر ڕائەگەیەنێن کە دنیای ئیمڕۆ دنیای شارستانێتی و تمدنە.

ئەوەندی لە توانایاندا بێت بەبروسکەی زانست و خوێندەواری سەرەربەی پێشکەوتنی کورد ڕوناک ئەکەنەوە پەیامی تۆ کە ئەڵەی سەرکەوتن لە ڕێککەوتنایە بەگوێی هەموو دانیشتوەکانی کوردستان ڕائەگەینێن.

**الله**

بەناوی خوای گەورەی بەرزی بێ هاوتا
بژی کورد و کوردستان و کۆمەڵەی ژ. ک
ڕۆژئەمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ وەرزی ١٣٢٣ی ڕۆژیی ٦٤-١٣٦٣ی هیجریی
و ٤٥-١٩٤٤ میلادیی
ئەم ساڵی تازەیە لە هەموو ئەندامەکانی ژ. ک و هیوا و هەموو کوردێکی کە لەپێناو
سەربەستی نەتەوەی کورد تێ ئەکۆشێ پیرۆز بێت.

## پەیامی کۆمەڵە بوو دایکی نیشتمان

ئەی دایکی نیشتمان! ئێمە لە نەورۆزی ڕابردوودا وەعدەمان پێدای کە بۆ ڕزگارکردنی تۆ لە هیچ تاڵیی و ناخۆشیێکی ژین نەپرینگێینەوە بەیارمەتی یەزدان و ناردراوی خۆشەویستی ئەم پەیمانەشمان بەجێگەیاند بۆ گەیشتن بەئامانجی پاکی خۆمان کۆششتێکی زۆرمان کرد و ڕۆڵە ناخەلەف و پارەپەرەستەکانت گەڵی قورت و تەگەرەی زلیان هێنایتە پێش، بەڵام یەزدان لانی حەقی بەرنەدا ئەم نەیروە نەگریسەمان بەرەو دوا کشاندەوە ئەوان دیسان هاتوونە پێش نازانن کۆمەڵی ئێمە پەنجەی شیری ژیانی میشەڵانی کوردستان گاڵتەی پێ ناکرێ.

ئەی دایکی نیشتمان! وا لە سەرەتای ئەم ساڵەشدا پەیمانت لەگەڵ ئەبەستین کە زۆر لە پار بەتینوتاوتر کۆششت بکەین تا بەیارمەتی یەزدان و ناردراوی گەورەی ئیسلام حضرەتی محمد صلی الله علیه وسلم لە هەموو شوێنێکی نیشتمان ڕەگوڕیشەی نفاق و دووبەرەکی دەربهێنین

ئەی دایکی نیشتمان! دڵنیابە کۆمەڵەی ژ. ک هەرچی دەبێ ببێ لەپێناو ڕزگاری تو بەهەموو هێزیی کە یەزدان داوێتییێ کۆششت ئەکا هەر کەسیش بەربەرەکانی بکا بێگومان بزانی ڕسوای شار و باژیری کوردستان ئەکرێ و تەپڵی بەدناوی بۆ دەکوترێت ئیتر پەنا بۆ یەزدانی مەزن نەکرێتەوە.

شاعیری نەتەوەیی کورد عەبدولڕەحمانی شەڕەفکەندی (مامۆستا هەژاری موکریانی) ئەندامی تێکۆشەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و خەباتگێڕی کۆماری کوردستان بەمەبەستی پتر ناساندنی مانگە کوردییەکان، ئەو هەڵبەستەی خوارەوەی هۆندۆتەوە:

کوردە گیان یاخوا جێژنت پیرۆز بێ
بەهاری ژینت جێژنی نەورۆز بێ
چەند دڵگوشایە خاکە لێوەکەت
پیرۆزە ڕەنگە شاخ و کێوەکەت
مانگی بانەمەڕ لە کوردەواری
بەهەشت لە دنیا خۆی داوە دیاری
کەژ پۆشی لەگوڵ چادرەی سوورو زەرد
هاڕەی هەڵدێران: دەرمانە بۆ دەرد



ڕەنجبەر با بەس بێ سەیری گوێسوانان
لە دەستی تۆیە چاوی ئەعیانان
وا جۆزەردانە و: کۆچی بەهارە
سەرەتای ڕەنجی مامی جوتیارە
یاخوا هەرکەسێ کوردی خۆش نەوێ
وەک پووشی پووشپەڕ بەروودا کەوێ
بە داسی مەردی پاڵەی کوردستان
بیدەن لە تایە بۆ ساردیی زستان
گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت، چابوو نەبوو ڕەنجەڕۆ
نرخی ئەم مانگە پارەی گیانە
چێژنی سەر ساڵی کۆمەڵەی ژیانە
وا ڕەنجی ساڵێت هاتۆتە بەرهەم
ڕۆژی ماو زۆرن، نەبی کەترەی خەم
ئەم ساڵ تۆ نەکەی بۆ ساڵی دوایی
مانگی خەرمانان دەکەی گەدایی
ڕەزمان هاتە بەر، لە خەم بووین ڕزگار
ڕەزبەر بەخێر بێی بۆ کوردی هەژار
پڕ بوو لە میوە ئەم دەور و دەشتە
ڕاستی کوردستان وێنەی بەهەشتە
دوژمنان بمرن بەدەرد و بەڵا
وەک بەخەزەڵوەر دادەڕژێ: گەڵا
ئاوردوو داخە کوردە زستان دێ
بەفر بەرێوە، بۆ کوردستان دێ
سیخوار خۆی نواند لەبەر پەساران
سەرما هات، دڕا بەرگی هەژاران
نا، نا، تۆ مانگی دڵخۆشی و شادی
تێدا هەڵکرا: ئاڵای ئازادی

وا بەفــرانبــاری ڕوو گــرژ و: تاڵە
کــوردە گــیـان وەخـتی خـزانە مــاڵە
هاوین پەیدا کــە، ئەمــڕۆ بی پۆشــە
پیاو بەنیرو بێ ؟ زستان زۆر خۆشە
ڕێبــەندان گــەرچی ڕێگە بەندانی
گلێنەی چاوی گــەلی کــوردانی
لەنێو مانگاندا جوان و ڕوو سوری
لە تۆدا کرا جێــژنی جومــهوری
ڕەشــەمــە... نامــەی بەهاری هێنا
کــۆچی بەخــێـڵی ســەرمــای لێنا
رنو ڕووخــاندن: تۆپخــانەی شــەمــاڵ
کــوردە دڵخــۆش بە. نەمــا ژینی تاڵ[٤]

٤- ڕۆژژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ ساڵی ١٣٢٢. بڕوانە ڕۆژژمێرەکە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا.



## وەرگرتنی قازی محەمەد بەئەندامەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

محەمەدی قازی کوڕی عەلی قازی کوڕی قازی ئەبولقاسم ڕۆژی ١ی ئاپریلی ١٩٠٠ زایینی لە مەهاباد چاوی بەژین کردووەتەوە و لە ٣٠ مارسی ١٩٤٧ لەگەڵ ئەبولقاسمی سەدری قازیی برای و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازیی ئامۆزای لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆریی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوییەوە لە چوارچراری شاری مهاباد لە سێدارە درا.

محەمەدی قازی لە خزمەت قازی عەلی بابی و «ابولحسن سەیف القضات »ی مامی کە مامۆستایەکی فرەزانی سەردەمی خۆی بووە لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. لەلایەن مامۆستایان میستر میلێر و میسس میسداڵ فێری زمانی ئینگلیزیی بووە. لە لای مەلا حوسێنی مەجدی قورئانی خوێندووە و هەر لەو ڕێگایەشەوە فێری زمانی عەرەبیی بووە. مامۆستا عەبدولرەحمانی (گیو موکریانی) لە فێربوونی زمانی فەرانسیدا یارمەتی داوە.

سەرەتا بەرگی ئایینی (عەبا و عەمامەی عەرەبی) پۆشیوە و دوایی تەنیا عەمامەکەی هێشتووەتەوە و لە جیاتی عەبا، کۆت و پانتۆڵی ئەوروپیی لەبەر کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە لای باب و سەیف القضاتی مامی و مامۆستایانی ئەو سەردەمە، بەپلەی قازییەتی گەیشتووە، بەڵام هەتا قازی عەلی بابی لە ژیاندا بووە، بەشێوەی ڕەسمیی ئەرکی قازییەتی بەڕێوە نەبردووە و سەردەفتەری، دەفتەرخانەی ژمارە دووی مهاباد بووە.

ساڵی ١٩٢٣-١٩٢٥ سەرۆکی ئیدارەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی شاری مهاباد بووە و ساڵی ١٣٠٥- ١٩٢٦ بەخۆکشاندنەوەی سەیف القضات لە ئیدارەی فەرهەنگ واتە ئیدارەی پەروەردە محەمەدی قازی کراوە بەسەرۆکی ئەو ئیدارەیە.

محەمەدی قازی لە سەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا لە ئیدارەی پەروەردە دوو خوێندنگەی دامەزراندووە. یەکێکیان بەناوی (پەهلەوی) کە خوێندنگەیەکی ئیجباریی بووە و ئەویتریان، خوێندنگەی (پرماس)، کە دوایی ناوی کراوە بەخوێندنگەی (پەروانە) واتە پەپولە.

سالّی ١٩٣١، محەمەدی قازی بەدوای کۆچی دوایی قازی عەلی بابیدا، لەلایەن حکوومەتی ناوەندیی ئێرانەوە کراوە بەقازی ناوچەی مهاباد، بەڵام ساڵی ١٩٣٦، بەتاوانی قسەکردنی بەزمانی کوردی بۆ سەربازەکانی سەربازگەی مهاباد و ڕەخنەگرتنی لە کردەوەی دزێوی مەئمورانی حکوومەت، لەلایەن حکوومەتی ڕەزا شاوە، پلەی قازییەتی لێ وەرگیرایەوە و دوای داگیرکردنی ئێران و کوردستان لە ٢٥ی ئاگۆستی ١٩٤١، لەلایەن سوپای دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە و ڕاکردنی ڕەزاشا لە ئێران، قازی محەمەدیان گەڕاندوە سەر کارەکەی.

لە ١٩٤١دا کە لەشکری سووری سۆڤیەت لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بوو، بۆ کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێردەستی و بەهاوکاریی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستان، سی (٣٠) دەرەبەگ، خاوەن موڵکی گەورە و کەسایەتیی زۆر ناسراوی کوردی بۆ «باکۆ» بانگهێشت کرد. محەمەدی قازی یەکێک بوو لەو کەسایەتییانە، کە لەگەڵ ئەو گروپە لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤١ سەردانی «باکۆ» پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی کرد.

محەمەد قازی بەهۆی پلەی چینایەتی و کار و بەرپرسایەتییەکەی، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچە هەبووە. لەبەر ئەوە، سەرەتا بەدڵ ڕێزی لە کۆمەڵە نەگرتووە و بۆ خۆشی زۆر جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی ڕێبەرانی کۆمەڵە نەبووە و تەنانەت لەلایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. لەم ڕوانگەوە، کاتێک کۆمیساریۆڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ٢٨-٣٠ی یانواری ١٩٤٤- ٨-١٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٢ سەردانی مهابادی کردووە و چاوی بەمستەفای سوڵتانیان ئەندامی شورای شار و ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە کەوتووە و دەربارەی قازی محەمەد پرسیاری لێ کردووە، ناوبراو گوتویەتی:

«قازی محەمەد سیاسەتێکی ناڕونی هەیە، یارمەتیی کۆمەڵەی ژێکاف دەدات، هەر لەوکاتەشدا لەگەڵ ئێرانییەکاندا هاوکاریی دەکات، بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای ئەو دەوڵەتە.»

کۆمەڵە لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەیدا، لە نامەیەکی ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٣دا، بەئیمزای عەبدولڕەحمانی زەبیحی بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز بۆ حەسەنۆڤ دەنووسێ:



کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ١١ ڕەزبەری ١٣٢٣- ٢/١٠/١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە!

گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ، کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نەبووەتەوە. بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک «قەرەنی ئاغای مامەش»، «عەولاغای مەنگوڕ»، «بایزئاغای گەورک» و «قازی محەمەد» دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.

موديری بەشی مطبوعات

عەبدولڕەحمانی زەبیحی

بەرلەوەی کە قازی محەمەد بەئەندامەتی کۆمەڵە ژ. ک وەربگیرێ و بەر لەوەی کە ئیدارەی شارەبانیی بکەوێتە دەست خەڵکی مهاباد، لەلایەن خەڵکی شارەوە کرابووە سەرۆکی شورای شاری مهاباد و پاراستنی ئاسایشی خەڵکی مهابادیان پێ سپێرابوو.

کەسایەتی بەرز و ڕادەی ئیحترامی محەمەدی قازی لەناو خەڵک و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەدا و زەقبوونەوەی ڕادەی لێهاتوویی لە کارەکاندا بۆ خەڵک و بەتایبەتی ڕووسەکان، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ناچار کردووە، داوای ئەندامەتی لێ بکات، ئەویش وەڵامی داخوازیی ئەوان دەداتەوە و بەر لەوەی کە ڕێبەرانی کۆمەڵە سازمانی جەوانانی کورد بەئەندام وەرگرن لە خەزەڵوەری ١٣٢٣- ١٩٤٤دا، داوای ئەندامەتییان لە قازی محەمەد کردووە و لە کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرەتای نۆڤێمبەری ١٩٤٤دا سەرۆکایەتی کۆمەڵەی پێ سپاردووە.

کاتێک مائۆیڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت دوای تێپەڕبوونی یازدە مانگ بەسەر چوونی کۆمیسایۆڤ، لە ڕۆژانی ١١-١٢ی یانواری ١٩٤٥- ٢١-٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٣، سێ مانگ دوای چوونی قازی محەمەد لە ژێکاڤەوە، سەردانی مهاباد دەکات و لەلایەن نوێنەرانی کۆمەڵەوە بەناوەکانی ئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان)، مستەفای سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەدی ئیلاهی، خەلیلی خوسرەوی، قادری قازی و محەمەد دڵشادی ڕەسوڵی پێشنیازی دامەزراندنی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت و کوردی لە مهاباد پێ دەکرێ، لە وەڵامی پرسیاری مائۆتڤدا سەبارەت

بەئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی فەرهەنگیی دەڵێن:

«گونجاوترین و باشترین مرۆڤ بۆ ئەم کارە قازی محەممەدە.»

قازی محەممەد بۆ گۆڕینی ناو و ئامانجی کۆمەڵە و دامەزراندنی حیزبی دیموکرات ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. ناوبراو لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤- ٢٢ی یانواری ١٩٤٦، لە چوارچرای مهاباد لەو جێیەی کە کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیاند لەلایەن خەڵکەوە نازناوی پێشەوای پێبەخشرا. پێشەوا بەکردەوە پێشانیدا نیشتمانپەروەرێکی فیداکاری نەسرەوتوو بووە. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر لە خەباتی سیاسیدا بەشداریی نەکردبوو، بەڵام خۆبەختکردنەکەی لە پێناو نەتەوەی کورددا، ئەوی گەیاندە پلەیەک، کە بۆ هەمیشە لە دڵی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندا زیندوو دەمێنێتەوە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ دوو نوسراوە دەربارەی قازی محەممەد بکەم، کە لە کتێبی «کوردەکان»ی حەسەن ئەرفەع و ڕۆژنامەی «مرد امروز»ی ١٣٢٥/٩/٢٣هە ئێران وەرگیراون و ئینجا پەنجە بۆ وتەی پێشمەرگەیەک ڕاکێشم، کە شاهیدی دیدارێکی قازی محەممەد لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە. حەسەنی ئەرفەع دەڵێ:

«لەو سەرووبەندەدا بوو، کە قازی محەممەد و سەیفی قازی هاتنە تاران. ڕۆژێک سەدری برای قازی محەممەد کە نوێنەری پەرلەمانیش بوو، بەتەلەفۆن داوای لێ کردم چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەو و براکەی هەبێ. ئەوان هاتنە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سوپا و گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە و دوورودرێژمان پێکەوە کرد. سەدر و سەیف تا ڕادەیەک خۆیان دەپاراست و هێمن بوون و بەپێچ و پەنا قسەیان دەکرد و دەیانگوت هیوادارین دەوڵەتی ئێران لە تایبەتمەندییەکانیان بگات و مافی نەتەوەیی ئەوان بسەلمێنێ و ئەوانیش بۆ پێشخستنی تەواوی میللەتی ئێران هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. قازی محەممەد کە ڕاستوڕەوانتر لەو دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە ئازارەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵیی و بێلیاقەتیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە کە بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری ئیداریی ناوچە کوردنشینەکان کەڵک وەرناگرن دوا[1].»

١- کوردەکان، لاپەڕەی ١٠٠، نووسینی حەسەنی ئەرفەع، وەرگێڕانی نووسەری ئەم کتێبە.



مەلا ڕەحمانی پێشنماز پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان دەڵێ:

«من ئەو کاتە پێشمەرگەی کۆمار بووم. ڕۆژێک کە عەشیرەتەکان خەریک بوون بەرەبەرە پشتی کۆماریان بەردەدا، من و پێشمەرگەکانی تر لە سەرا گەڕابووینەوە و من لە خزمەتی پێشەوادا بووم، کە مەلا مستەفای بارزانی هاتە خزمەت پێشەوا و پێی ڕاگەیاند: دەوڵەتی ئێران لە تۆ خۆش نابێ و ئەگەر بۆ چاوترساندنی خەڵکیش بێ دەتکوژێ. داوات لێ دەکەم لەگەڵ ئێمە بکەوە، ئێمە لەسەر چاومان ڕاتدەگرین. ئەگەر سەرکەوتین ئەتۆ هەر پێشەوا و سەرۆکی ئێمە و میللەتی کوردی، ئەگەر هات و شکاین، دەتوانی بڵێی مەلا مستەفا منی بەدیل گرتووە. پێشەوا لە وەڵامی بارزانییدا گوتی هەرچەندە دەزانم کە دەمکوژن، بەڵام پشتی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕوتی مهاباد بەرنادەم! باشترە بکوژرێم و خەڵک ئازار نەدرێن[2].»

ڕۆژنامەی «مرد امروز» لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٣یدا نووسیویەتی:

«قازی محەممەد لە دوایین دیفاعی خۆیدا بەئاشکرا ڕایگەیاند کە پێتان وا نەبێ من ئاگام لە چارەنووسی خۆم نەبووە، بەڵکو بەچاکی دەمزانی و بەر لە هاتنی سوپا و هێزە ناوەندییەکان بۆ مهاباد گوتوومە کە من لە دار دەدەن.... بۆ چی سەرەڕای ئەو چۆنیەتییە هەڵنەهاتووم؟ لەبەر ئەوە نەبووە کە نەمتوانیوە بەڵکوو شەش دەزگا ماشێنی سواری و جیپم لە دەستدا بوو و هەر دەقیقە و سەعاتێک بڕیارم دابا، دەمتوانی لە سنوور تێپەڕم و خۆم نەجات بدەم. بەڵام بزانن کە من وەکوو پێشەوەری ترسەنۆک نەبووم کە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی ڕابکەم؛ بۆ کوێ هەڵاتبام؟ ئێرە زەویی کوردستانە و هێشتا قەبری هەشت بەرە باب و ئەژدادی منی تێدا ماوە، پێویست بوو کە من بۆ مانەوەی میللەتی کورد ئەو فیداکارییە بکەم[3].

٢- گوتنی مەلا ڕەحمانی پێشنماز پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان. بۆخۆم لەسەر شریتی ڤیدیۆ تۆمارم کردووە. تۆمار کراوە.

٣- ڕۆژنامەی مرد امروز، ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٣.

هەرچەندە مێژوو بەرەوپێش دەچێ، مەزنایەتی پێشەوا قازی محەمەد پتر خۆ زەق دەکاتەوە. سەروان کەیومەرسی ساڵح هەواڵنێری گۆڤاری (مهنامە)ی سوپای ئێران، کە دەردەکەوێ بۆخۆی لە هۆڵی دادگایی کردنی پێشەوا قازی و سەدر و سەیفی قازیدا بەشدار بووە، دەقی دادگاییکردنی پێشەوا و هەڤاڵانی بڵاوکردووەتەوە. لەو بڵاوکراوەیەدا گەلێک رازی نهێنی دەبینرێ، کە زانینیان پێویستە. من ئەو بەشەی دادگاییکردنی پێشەوا دەنووسمەوە، کە پێوەندیی بەئاڵای کوردستانەوە هەیە و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە جێگەی سەرسوڕمان نییە. سەرهەنگ عەتایی سەرۆکی دادگا لە پێشەوا دەپرسێ:

– دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی؟

– پێشەوا قازی: لەبەر چەند هۆیەک!

سەرهەنگ عەتەیی: ئەو هۆیانە چین؟

– پێشەوا قازی: چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دوارۆژی میللەتی کوردن و منیش پەرچەمی کوردستانم بەئەوان سپاردووە، ئەوان پارێزگاریی ئەو پەرچەمە بکەن تا رۆژی خۆی. ئاڵای کوردستان لای ئەوانە، نەک ئەوەی کە سەرهەنگ نیکوزاد تفی لێکرد و پێی لەسەر دانا! هیوام بەو خوایە، رۆژێک بێت و ئەو ئاڵایە بەدەستی بەتوانا و بەهێزی بارزانی لەسەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە[٤]!

٤– ویژەنامەی تاج کیانی، تایبەت بە ستادی ئەرتەشی ئێران. گۆڤاری ماهنامەی ئەرتەشی ئێران. ژمارەکانی ٤٤ و ٧٥. ئەم نووسراوە لە گۆڤاری خەبات وەرگیراوە.



## بە ئەندام وەرگرتنی سازمانی جەوانانی کورد

دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا دژی جموجۆڵ و دەستدرێژیی ئاڵمانی نازی لە دووی خەرمانانی ١٣٢٠- ١٩٤١ و پاشەکشەی دەسەڵاتدارییەتی ئێران لە ناوچەی موکریان، ژمارەیەک لە لاوانی بنەماڵە ساماندارەکانی مهاباد لەژێر کارتێکریی ئەفسەرە کورد و ئازەربایجانییەکانی سەربەسۆڤیەت لە مهاباد و خوێندنەوەی رۆژنامەی «رێیا تازە» کە لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی «ئێرەوان»ەوە لە ئەرمەنستان چاپ و بڵاو دەکرایەوە، بەکۆکردنەوەی ٢٥٠ ناوی لاوانی مهاباد لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١- سەرەتای ئاپریلی ١٩٤٢، «سازمانی جەوانانی کورد» دامەزرا.

دامەزرێنەرانی سازمانی جەوانان بریتی بوون لە: غەنی بلوریان، سەدیقی سیاسەری، عەبدوڵڵای حەکیم زادە، سەدیقی خاتەمی، عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموودزادە، سەید عەبدوڵڵای زەکی، عەزیزی فەرهادی و مستەفا ساوجبلاغچی. لە یەکەم کۆبوونەوەی سازمانی جەوانانی کورددا، عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی بەرێبەرایەتی هەڵبژێرران و غەنی بلوریان کرا بەسەرۆکی سازمانی جەوانان[١].

سازمانی جەوانان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەشێوەی سەربەخۆ درێژەی بەخەبات دا و یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانی ئەو رێکخراوەیە ئامادەکردنی زەمینەی شاربەدەرکردنی «عەلی ئاغای دێبوکری» (ئەمیر ئەسعەد) فەرمانداری بەکرێگیراوی شای ئێران بوو لە مهاباد.

هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ. ک دوای وەرگرتنی قازی محەمەد بەئەندامەتیی کۆمەڵە پێوەندیی بەسازمانی جەوانانەوە گرت و ئینجا لە کۆبوونەوەیەکدا لە ماڵی محەمەدی راتبی (حەمەدی مەولودە چرچی) لە گەرەکی خرێی شاری مهاباد لەگەڵ نوێنەرانی سازمانی جەوانان، پێشنیازی ئەندام بوونی ئەو سازمانەی لە ژ. کدا کردووە. محەمەد دڵشاد رەسوڵی، سەدیقی حەیدەری و عەبدولڕەحمانی زەبیحی بەنوێنەرایەتیی کۆمەڵە و

١– ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٢٣، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم کتێبە.

غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی و قادری مەحموودزادە بەنوێنەرایەتیی سازمانی جەوانان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون. نوێنەرانی سازمانی جەوانانی کورد دوای ئەو کۆبوونەوەیە، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی ئەنداماندا ویستی کۆمەڵەیان هێناوەتە بەر باس و ئەندامانی سازمانی جەوانان بەتێکڕایی دەنگ ئامادە بوون سازمانەکەیان بەئەندامەتیی ژ. ک وەرگیرێ. بەم جۆرە دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ بەسەر کۆبوونەوەی قەڵای سارمێی کۆمەڵەدا، سازمانی جەوانانی کورد لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٣- نۆڤێمبەری ١٩٤٤دا ناوی خۆی گۆڕی و بوو بەڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژێکاف[٢].

---

٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٢٤.



## شانۆی دایکی نیشتمان

دوای چوونی سازمانی جەوانانی کورد بۆ ناو کۆمەڵەی ژ. ک و گۆڕینی ناوی خۆی بەڕێکخراوەی لاوانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٣- نوڤێمبەری ١٩٤٤دا، ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی هەستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵک و کۆکردنەوەیان لە ڕیزی ڕێکخراوەکەیاندا، بڕیاریدا شانۆی دایکی نیشتمانی پێشان بدا. شانۆی دایکی نیشتمان کە گرنگایەتییەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی کۆمەڵەی ژێکافدا، لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٢٤- ١٩٤٥دا، بەهۆی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەوە لە مهاباد، نەغەدە و شنۆ هێنرایە سەر شانۆ و کارێکی زۆری کردە سەر مێشکی جەماوەر و بەتایبەتی ژنان و لاوانی کوردی ناوچەی موکریان.

شانۆی دایکی نیشتمان پێنج پەردەی هەبووە. پەردەی یەکەم فریشتەیەکی سپی باڵ بووە، کە شیعری «ئەی بێنەزیرو هەمتا»ی حاجی قادری کۆیەی خوێندووەتەوە. پەردەی دووەم باسی پیلانی هاوبەشی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کردووە لە پەیمانی «سەعد ئاباد»دا. پەردەی سێیەم دایکی نیشتمان بووە بەجلوبەرگی ڕەش و قژی سپی و لەشی زنجیرکراوی، کە داوای لە ڕۆڵەکانی کردووە لە بەندی ڕزگار بکەن. پەردەی چوارەم، ڕزگارکردنی دایکی نیشتمان بووە بەدەست ڕۆڵەکانی بەهاوکاریی سەربازانی ڕووسی و سەرئەنجام لە پەردەی پێنجەمدا بزاڤی شۆڕشگێڕانەی خەڵک پێشان دراوە، کە چۆن و بەچ شێوەیەک سەرۆک کۆماری کوردستانیان هەڵبژاردووە. کۆڕی مۆسیقای کۆمەڵە لەنێوان پەردەکاندا مارشی لێ داوە و هەستی خەڵکی بزواندووە. ئاکتەرەکانی شانۆی دایکی نیشتمان بریتی بوون لە:

١- سیروسی حەبیبی بەنازناوی «داڵی»، لە نەخشی فریشتەدا. سیروس کوڕی «حوسێنی حەبیبی» و خانمێک بوو بەناوی «میسداڵ.» ناوبراو خانمێکی ئەمریکایی دانیشتووی وڵاتی «نۆروێژ» بوو، کە لەگەڵ گروپێکی خاچهەڵگر هاتبووە مهاباد و لەوێ مێردی بەحوسێنی حەبیبی کردبوو و لە مهاباد گیرسابووەوە.

٢- عەبدوڵڵای نەهری (شەمزینی) لە نەخشی دایکی نیشتماندا. ناوبراو خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵ بووە و نەخشی خۆی زۆر بەجوانی لە دایکی نیشتماندا بەڕێوە بردووە.

٣- غەنی بلوریان لە نەخشی نوێنەری ئێران، پێشمەرگە و سەرۆک کۆماری کوردستاندا.

٤- محیەدینی ماوارانی لە نەخشی نوێنەری ئەفغانستان و پێشمەرگە.
٥- عەبدوڵڵای حەکیمزادە لە نەخشی نوێنەری تورکیا و پێشمەرگە.
٦- قادری حامیدی لە نەخشی نوێنەری عێراق و پێشمەرگە.
٧- محەمەدی ڕاتبی بەرپرسی پێشمەرگەکانی چاودێریی ئاکتەرەکان.
٨- محەمەدی سەلیمۆکەی پێشمەرگەی چاودێر.
٩- سمایلی پیرۆزێ پێشمەرگەی چاودێر.
١٠- مستەفای جەنەتی (مستەفای مۆسیقاچی) شەیپوورژەن.
١١- ئەسکەندەر تەپڵژەن.
١٢- خەلیل قەرەنی (کلارنێت) ژەن.
١٣- محەمەد دڵشادی ڕەسوڵی تەرحی جلوبەرگی ئەکتەرەکانی دایکی نیشتمانی داڕشتووە.
١٤- بەرگی ڕەسمیی سوپاکانی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان، هاوپەیمانانی پەیمانی «سەعدئاباد» لە دایکی نیشتماندا لە بەرچاو گیرابوو.
١٥- عەبدوڵڵای نەهری بۆخۆی داڕێژەری تەرحی بەرگی دایکی نیشتمان بووە و لە خۆڵەمێش بۆ گریم کردنی سەروڕووی کەڵکی وەرگرتووە.
١٦- مارف حەتەمی دارتاش بەپارەی خۆی سەکۆی شانۆی دایکی نیشتمانی ئامادە کردووە[1].

١- ئەم بەشە لە ئاڵەکۆک، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم کتێبە وەرگیراوە و هەروەها وێنەی ئاکتەرەکان لە بنەماڵەکانیان وەرگیراوە.



## سەفەری دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ ئازەربایجان

دوای جێگیربوونی لەشکری سووری سۆڤیەت لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠-١٩٤١دا کاربەدەستانی سۆڤیەت بەم مەبەستە کە پتر بەسەر ناوچەکانی موکریان، ورمێ، خۆی و سەڵماسدا زاڵ بن، هەوڵیان دا ڕای کوردان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و لەم ڕێگایەوە پێش بەتێکهەڵچوونی چەکدارانە و خولقانی ڕووداو و کارەساتی چاوەڕوان نەکراو بگرن.

بەرلەوەی کە کۆمەڵەی ژ. ک خۆی ئاشکرا بکات و بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت بناسرێ، کاربەدەستانی سۆڤیەت بۆ کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێردەستیان لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان کەڵک وەرگرن. بۆ ئەم مەبەستە سی (٣٠) کەس لەنێوان دەرەبەگ، خاوەن موڵکە گەورەکان و کەسایەتییە زۆر ناسراوەکانی کورد دەستنیشان دەکەن و ئەوانیان بانگهێشت دەکەن کە بچنە باکۆ و سەردانی سۆڤیەت بکەن. پێشەوا قازی محەمەد یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو، کە لەگەڵ ئەو گروپە لە دیسێمبەری ساڵی ١٩٤١-بەفرانباری ١٣٢٠دا سەردانی «باکۆ» پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی کرد.

سەفەری دووەمی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ ئازەربایجان لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٢٤- کۆتایی سێپتەمبەری ١٩٤٥، لە کاتێکا ئەنجامی گرت، کە قازی محەمەد سەرۆکی کۆمەڵەی ژ. ک بوو. قازی محەمەد لەو سەفەرەیدا، کە لەسەر داوای «ئاتاکشی ئۆف» ئەفسەری سیاسیی سۆڤیەت لە تەورێز ئەنجامی گرت، لەگەڵ عەلی ڕیحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، قاسمی ئیلخانی زادە[1]،

١- قاسمی ئیلخانیزادە کە لە سەفەری باکۆ گەڕایەوە بۆی دەرکەوت ڕووسەکان لەگەڵ ویستی ژ. ک هاودەنگیی ناکەن و کێشەی کورد بە ئێران و تەنانەت بە ئازەربایجانی ژێردەستی ئێرانەوە دەبەستنەوە. لەبەر ئەوە دوای گەڕانەوە لە باکۆ پشتیی لە ژێکاف دەکات و دەچێتە تەورێز و پێوەندیی بە کاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانەوە دەگرێ. مامۆستا هەژاریی موکریانی لە «چێشتی مجێوردا دەڵێ: «ناوبراو یەکەم کەس بوو، کە تۆوی خیانەتی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵەدا دژی ڕێکخراوەکەی چاند.» قاسمی ئیلخانیزادە هەر بەو خیانەتە ڕازیی نەبووە، بەڵکوو بەپێی نامەی ڕۆژی ١١ی سپتەمبەری ١٩٤٦ی سەفیری پاشای بەریتانیای مەزن لە تاران، کە کەریمی حسامی =

عەبدوڵڵای قادری، هەمزە ئاغای نەڵۆسێ، نوری بەگی بەگزادە و قازی خدری شنۆیە کە هەموویان ئەندامی کۆمەڵە بوون، لە باکۆ چاوی بە«باقرۆڤ» سەرۆک کۆماری ئازەربایجان کەوت. دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لەو سەفەرەدا گەڵاڵەیەکی پێشنیازیان دەربارەی چارەنووسی دوارۆژی کورد و کوردستان ئاراستەی باقرۆڤ کرد. بەوتەی ویلیام ئیگلتن جۆنز لە کتێبی (کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان)، باقرۆڤ لە کۆبوونەوەیەکدا دەربارەی گەڵاڵەی پێشنیازکراوی نوێنەرانی کورد دوا و ڕایگەیاند:

– «بیروباوەڕی یەکێتیی سۆڤیەت لە بارەی مەسەلەی میللی بەم جۆرەیە، خەڵکێک کە زمان و کلتوری تایبەت بەخۆی هەبێ، بێگومان دەبێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی کەڵک وەرگرێت. دەبێ ڕێگای بدەن کولتوری خۆی زیندوو بکاتەوە و پەرەی پێ بدا. دەبێ لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا ئازاد و سەرپشک بێ. ئێرانیش وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. نەتەوە جۆربەجۆرەکان بەزمانی جیاوازەوە، لەوانە: (کوردی، تورکی، عەرەبی، گیلەکی و....) لەوێدا دەژین. بخوازن یا نەخوازن ئەوانە ڕۆژێک بەگشت مافی ڕەوای خۆیان دەگەن. لەم بوارەدا تێکۆشەرانی تورکی ئازەربایجانی یەکەم ئاڵاهەڵگرن. لەبەر ئەوە پێویست نییە کوردەکان زۆر پەلە بکەن. جگە لەوە سەرکەوتنی خەڵکی کورد لەگەڵ سەرکەوتنی کوردەکانی عێراق و تورکیا پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە. ئازادیی وڵاتی کوردی هەموو هەرێمەکان لەبەر چاومانە. دڵنیاتان دەکەم کە هەرکاتێ ئازەربایجان خودموختار بوو، ئازادی و ڕزگاریی ئێوەشی تێدا دەستەبەر دەکرێ.»

بۆ قازی محەممەد ئەمە یەکەم جار نەبوو، کە دەیبیست کێشەی کورد لەگەڵ خودموختاریی ئازەربایجان تێکەڵ دەکەن، لەبەر ئەوە لە وەڵامی باقرۆڤ دا دەڵێ: «خەڵکی کوردیش وەک خەڵکی ئازەربایجان بۆ بەدەست هێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدات»، باقرۆڤ لە وەڵامی قازی محەممەد و لە درێژەی قسەکاندا بەڵێنی دا و گوتی: تا ئەو ڕۆژەی یەکێتیی سۆڤیەت هەبێ، ئازادیی و ڕزگاریی کورد دەستەبەر دەکرێ»، باقرۆڤ ئینجا تیشکی خستە سەر ئەم خاڵە سیاسییە و گوتی:

– «کۆمەڵەی ژ. ک بەم تەشکیلاتەوە هەرگیز ناتوانێ سودی هەبێ.

= لە لاپەڕەی ٣١٨- ٣٢٤ی پێداچوونەوەدا بڵاوی کردووەتەوە، چووەتە لای «ج. دوبلیو. واڵی» کۆنسوڵی گشتیی بەریتانیا لە تەورێز و سەرەڕای دانی بەڵێنی هاوکاریی و داوای یارمەتیی کردن، نهێنییەکانی ژێکافی بە کۆنسوڵی بەریتانیا ڕاگەیاندووە.



ئەمرۆ تەواوی دەرگاکان بۆ لای دیموکراسی دەکرێنەوە. تەماشای ئەمریکا، بەریتانیا و سۆڤیەت بکەن. بزووتنەوەی خەڵکی کورد تەنیا لەژێر ئاڵای حیزبێکی دیموکراتدا دەتوانێ پێش بکەوێ و دوارۆژی هەبێ[٢].»

ئەمە کاکڵی ئەو قسە و بۆچوونانە بوو کە کاربەدەستانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت سەبارەت بەنەتەوەی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە هەیانبوو. لە بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبەدا زۆرجاران چاومان بەبیروبۆچوونی کاربەدەستان و ڕێبەرانی دەوڵەتی سۆڤیەت دەربارەی کێشەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد کەوتووە. ئەوان تەنانەت لە وەڵامی هەیئەتی ناوەندیی ژێکافدا بۆ دامەزراندنی پێوەندیی هاوبەش، ئەو داوایەیان بەپیلانی ئینگلیزەکان زانیوە و سەربەخۆیی کوردیان بەدژی بەرژەوەندیی ئەو نەتەوەیە و بەقازانجی دەوڵەتە بۆرژوازییەکان هەڵسەنگاند. لەبەر ئەوە بوو، هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، کۆمیسارۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٤- ١٣٢٣یدا دەڵێ:

«بە قازانجی ئینگلیزەکانیشە کە کوردەکان بەدروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بەئێمەوە هەڵاوەسن و بەم چەشنە شکوگومان لەسەر خۆیان لابدەن. ئەوان لە جیاتی ئەوەی خۆیان بشارنەوە، ئەوە بەباش دەزانن، لە لایەکیترەوە دەیانەوێ ئێرانییەکان لەم ڕێگایەوە دژی ئێمە هان بدەن.»

دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لەو سەفەرەیدا وەک سەفەری پێشووی هیچ دەستکەوتێکی بنەڕەتیی بەدەست نەهێنا، کە لە بەرژەوەندیی گەلی کورددابێ و نەیتوانی ڕای باقرۆڤ بۆ یارمەتیدانی سۆڤیەت بەکوردان بۆ ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بەدەست بێنێ و تەنانەت داوای ئەوەشی لێکرا، کە ناوی کۆمەڵە و ئامانجەکانی بگۆڕن و هەوڵ بدەن چارەنووسی کورد بەچارەنووسی تورکە ئازەرییەکانی ئازەربایجانی سەر بەئێران گرێ بدەن، تا ئەگەر ئەوان خودموختارییان لە ئێران وەرگرت، کوردەکانیش لەژێر باڵی ئازەرییەکاندا بەمافی فەرهەنگی بگەن.

باقرۆڤ لە دیدارەکانیدا لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف، ئەوانی هاندا کە چیتر هیواداری سەرکەوتنی ژ. ک نەبن و باشترە بەشوێن دامەزراندنی حیزبێکی دیموکرات

٢- کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، ویلیام ئیگلتن جۆنز، لاپەڕەی ٨٩- ٩٠، وەرگێڕانی سەید محەممەدی سەمەدی.

بکەون، کە لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی تری دانیشتووی ئێران بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران هەوڵ بدەن. ئەو ویستەی باقرۆڤ لە ڕێبەرانی ژ. ک، بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا، ئەم تیۆرییەی بۆ کوردی بەشە لێک دابڕاوەکانی کوردستان داڕشت، کە بەخۆیان بسەلمێنن، هەر بەشەی جیاوازیی لەگەڵ بەشەکەی تر هەیە و دەبێ لە چوارچێوەی سنووری دەستکردی دوژمندا، لەگەڵ نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب بۆ تواندنەوەی هەست و بیری کوردایەتی هەوڵ بدەن و لە هەوڵی خەبات بۆ تێکخستنەوەی پارچە لێک دابڕاوەکانی کوردستان واز بێنن. قەبووڵکردنی ویستی باقرۆڤ لەلایەن ڕێبەرانی ژێکافەوە زیانێکی قەرەبوو نەکراوی گەیاندە نەتەوەی کورد. بەکردەوە قەڵشی خستە ناو یەکێتیی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، بەچەشنێک ئێستاش ئەم برینە سارێژ نەکراوە و مەوجوودییەتی خاکی کوردستانی لە مەترسی خستووە.

باقرۆڤ و کاربەدەستانی سۆڤیەت دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان و چوونی بارزانییەکانیش بۆ سۆڤیەت، هەربەو شێوەیە دژی بارزانییەکان ڕاوەستان. سەرۆک مستەفا بارزانییان بۆ شارۆچکەی (چەمپای) لە ڕۆخی کەنداوی ئۆراڵ دوورخستووەتەوە و بەشێک لە هەڤاڵانی بارزانییان ناردووەتە سەمەرقەند و دورگەی مونیاک لە ناوەڕاستی گۆلی ئۆراڵ و لە کۆماری ئۆزبەکستاندا بڵاویان کردوونەوە. بەچەشنێک هەتا ساڵی **١٩٥٣** و مردنی ستالین لە ڕەنج و مینەت و ئازاردا بوون[٣].

٣- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ٢٠٠-٢٠١، نووسینی مسعود بارزانی.



## کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پێوەندییەکانی خۆی بەیەکێتیی سۆڤیەتەوە و ڕاکێشانی هەرچی زیاتری ڕای ئەو دەوڵەتە بۆ لای چارەسەرکردنی کێشە بنچینەیەکانی نەتەوەی کورد، داوای دامەزراندنی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی کورد و سۆڤیەتی لە مهاباد کردووە. ئەم داواکارییەی کۆمەڵە بۆ یەکەم جار لە دیداری بەشێک لە نوێنەرانی کۆمەڵە بەناوەکانی ئیبراهیمی ئیبراهیمیان (نەوجەوان)، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەدی ئیلاهی، محەمەد دڵشادی ڕەسوڵی، خەلیلی خەسرەوی و قاسمی قادری لەگەڵ ماتۆیڤ کۆنسوڵی سۆڤیەت کە ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ١٣٢٣- ١١ی یانواری ساڵی ١٩٤٥ لە ماڵی محەمەد ئەمینی شەرەفی لە مهاباد بوویانە، ئاراستەی ناوبراو کراوە. ماتۆیڤ لە بەشێک لە یاداشتەکانی ١١ و ١٢ی یانواری لەم بارەیەوە دەنووسێ:

– لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ژێکافدا داوایان کردووە:

١- لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە ئاگادار کراوین، کە کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگیی سۆڤیەت و ئێران لە شارەکانی تر دامەزراوە. ئێمەش زۆر حەز دەکەین ئەم ناوەندە لە مهابادیش بکرێتەوە.

٢- بۆ پەرەپێدانی کاروباری ڕاگەیاندن لەنێو دانیشتووانی کوردستاندا، پێویستیمان بەدەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی هەیە، بەڵام دەرەتانمان نییە و داوا دەکەن، بۆ بەدەست هێنانی دەزگایەکی چاپ یارمەتییان بدەین.

٣- داوای کردنەوە و بەڕێخستنی بەرنامەی ڕادیۆیی بەزاراوەی کوردی دەکەن، کە کوردەکانی عێراقیش لێی تێبگەن و لە مۆسکۆ ئەم بەرنامەیە بڵاو بکرێتەوە.

٤- بۆ ڕزگاربوونی گەلی کورد لەژێر چەوسانەوەی سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکیا و هەروەها یەکگرتنەوەیان لە دەوڵەتێکی کوردیدا یارمەتییان بدرێت.

لەسەر پرسیاری من سەبارەت بەنوێنەرایەتیی ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگی، ناوبراوان ڕایانگەیاند: «گونجاوترین و باشترین کەس بۆ ئەم کارە قازی محەمەدە، کە ئێستا لە تارانە.» من پێڕەوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی و هێندێک

چاپەمەنییترم پێدان و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی تا گەڕانەوەی قازی محەمەد ئامادەمان کردن[١].

دوای ئاراستەکردنی داوای کردنەوەی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت لە مهاباد، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و قاسمی ئیلخانی زادە ڕۆژی دووی فیبرواری ١٩٤٥ دەچنە تەوریز و چاویان بە«شەریفۆڤ» لێپرسراوی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان دەکەوێ و ئەم داوایە دووپات دەکەنەوە. شەریفۆڤ لە ڕاپۆرتی ژمارە ٨ی ڕۆژی ٦ فیبرواری ١٩٤٥یدا نووسیویەتی:

> لە ڕێکەوتی دووی فیبرواری ١٩٤٥، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و قاسمی ئیلخانی زادە هاتنە لام و داوایان لێ کردم، کە ئیزنیان پێبدرێ ڕێکخراوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی لەگەڵ سۆڤیەت لە کوردستان دامەزرێنن و سەربەخۆش بێت. کاتێک ئەم پرسیارەم بۆ ڕێزدار عەبدولڕەحمانی زەبیحی ڕوون کردەوە و پێم گوت، ئێمە ناتوانین پێشنیازی ئەوتۆ قەبووڵ بکەین. گوتی: «ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم ڕێکخراوە دامەزرێنین و ناوی بنێین (کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگی لەگەڵ سۆڤیەت) ڕای ئێوە چ دەبێ؟» لە وەڵامیدا پرسیم بۆچی دەتانەوێ ئەم ناوەی لێ بنێن و ناوی «کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێران و سۆڤیەت»ی لێ نانێن؟ زەبیحی گوتی: «چونکە ئێرانییەکان ئێمەیان خۆش ناوێت و ڕێزمان لێ ناگرن و بەچاوی سوک و خراپ سەیرمان دەکەن، ئێمە حەز ناکەین ناوی بەشی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت و ئێرانی لەسەر بێ.»
>
> من جارێکی تر هەوڵمدا بۆ زەبیحیی ڕوون بکەمەوە کە بۆچی ئێمە پێشنیاز ئەکەین ناوی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی ئێران لەگەڵ سۆڤیەتی پێوە بێت، لەبەر ئەوەیە کە ئێران دەوڵەتێکی دۆستە و ئەمە دەبێ لە بەرچاو بگیرێ. هەروەها ئێمە دەمانەوێ ئەو پێوەندییە فەرهەنگییە بەهێز بکرێ.
>
> بەکارهێنانی وشەی «ئێران» هەمووجارێ زەبیحی و ئیلخانی زادەی توڕە

١- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٩٤ / ئو ٣٠ / د ٦٥ / ب ٣٤٨ / ل ٢١- ٢٢.



> دەکرد. زەبیحی گوتی: «ئەگەر وڵاتێکی وەک سۆڤیەت کە سوپای ئاڵمان دەشکێنێ لە ئێران بترسێ، دەبێ دانیشتووانی بێبەختی کورد چ بکەن، کە زۆر بەزەحمەت دەکرێ بڵێین پێنج لە سەدیان خوێندەوار و بەفەرهەنگن.» زەبیحی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ئێمە چارەڕەشترین گەلین، هیچ کەس یارمەتیمان نادات.» منیش گوتم بۆچی وا دەڵێی، مەگەر لەشکری سووری ئازادی ئێمە کەمی قازانج بۆ گەلی کورد هەبووە..[٢].

بەدوای ئەوەدا کە ژ. ک کۆتایی بەدەسەڵاتدارەتیی ئێران لە مهاباد هێنا و شارەبانیی و فەرمانداریی مهابادی خستە ژێردەستی خۆی، کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕۆژی ٢٢ی گوڵانی ١٣٢٤- ١٢ی مارسی ١٩٤٥، کۆمەڵەی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی سۆڤیەتیان لە مهاباد دامەزراند و ئەفسەرێکی ئازەربایجانیان بەناوی «ماژور عەبدوڵلائۆڤ» کردە لێپرسراوی ئەو کۆمەڵەیە.

٢- یاداشتەکانی شەریپۆڤ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ف ٠٩٤ / ئو ٣١ / د ٦٤ / ب ٣٥٣ / لاپەڕەی ٧٩- ٨٠.

## میتینگ و خۆپێشاندانە سیاسییەکان

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان جگە لە خەباتی چەکدارانە، لە هەموو شێوەیەکی خەبات بەدژی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و بەتایبەتی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران کەڵکی وەرگرتووە. یەکێک لە تاکتیکەکانی کۆمەڵە پێکهێنانی میتینگ و کۆبوونەوەی سیاسی و کۆکردنەوەی ئیمزا و ناردنیان بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ئێران و ڕۆژنامەکانی تاران بووە.

کۆمەڵە لەو بەشە چالاکییەیدا گرنگایەتیەکی تایبەتی داوە بەدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بەیەکێتیی سۆڤیەت و وەلاانی «حەبیبی موحیب» لە پۆستی نوێنەرایەتیی خەڵکی مهاباد لە پەرلەمانی ئێراندا، کە بەبێ وەرگرتنی دەنگ لەلایەن خەڵکی کوردەوە، ویستوویانە بەفرۆفێڵ پۆستی نوێنەرایەتیی خەڵکی مهابادی لە پەرلەماندا پێ بسپێرن.

ژ. ک لە ڕاگەیاندراوەکانیدا زۆرجاران دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی ئێران ڕاوەستاوە. بۆ نموونە لە پاییزی ١٩٤٤دا بەناوی کوردەکانی ئێرانەوە، دوای وەلاانی حکوومەتی کۆنەپەرستی «ساعید» و دانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانی بەیەکێتیی سۆڤیەت کردووە. ژ. ک لەگەڵ حیزبی تودە و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تری ئێرانی دژی سیاسەتی کۆنەپەرستان هاودەنگیی دەربڕیوە و لە هەرێمە کوردنشینەکاندا چالاکانە لە بەرامبەری کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ئێران ڕاوەستاوە. هەروەها دژی تاقمی «سەید زیائەدین» و لایەنگرانی لە ڕێکخراوی «یەکێتیی هۆزە ئێرانییەکان» ڕاوەستاوە، کە ژمارە دەرەبەگێکی کوردیشی ئەندام بووە. نموونەیەک کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، کۆبوونەوەی ژمارەیەک دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتی کوردە بووە، کە ڕۆژانی ١٩-٢٢ ئاپریلی ١٩٤٥- ٣٠ی خاکەلێوە تا ٢ی گوڵانی ١٣٢٤، لە دەوروبەری مهاباد پێک هاتووە. پرسیاری هەرە گرنگ لەم کۆبوونەوەیەدا، لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتیی هەنگاوهەڵگرتن دژی پارتی ژێکاف و لەمپەر خستنە سەر ڕێگای گەشەستاندن و پەرەگرتنی ئەو پارتییە بووە(١).

١- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م. دیمیترف» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە ١٢ی =



حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ٢٦ی فیبرواری ساڵی ١٩٤٤- ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٢یدا کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا چاپ کراوە، دەربارەی دیداری لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی دەنووسێ:

– زەبیحی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف ڕایگەیاند، ژ. ک کارێکی زۆری لەناو کورداندا کردووە. بۆ نموونە بەیاننامەیەکی تایبەتیی سەبارەت بەدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بەسۆڤیەت بەزمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە و ڕەخنەی لە حکوومەتی «ساعید» گرتووە و لەلایەن نۆ ملیۆن کوردەوە داوای دانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانی بەسۆڤیەت کردووە. ئەم بەیاننامەیە لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

لە مهاباد کاریکاتۆرێکی هیتلەر و ساعید سەرۆک وەزیری ئێرانیان کێشاوەتەوە و لە شەقامی سەرەکیدا هەڵیانواسیوە. لەو کاریکاتۆرەدا هیتلەر بەتەلەفۆن بەساعید فەرمان دەدات، کە ئیمتیازی نەوتی ئێران بەیەکێتیی سۆڤیەت نەدرێت.

پارتی ژێکاف تێلگرافێکی بەئیمزای (٣١٢) کەس لە پیاوە ماقوڵ و ناسراوەکانی کورد بۆ پەرلەمانی ئێران و ڕۆژنامەکانی تاران ناردووە و داوای کردووە ئیمتیازی نەوتی ئێران بدرێتە سۆڤیەت. لە زۆربەی گوند و ناوچە کوردنشینەکاندا، بەم مەبەستە میتینگیان پێکهێناوە. ڕۆژی ١٠ی فیبرواریی ئەم ساڵ لەلایەن ژێکافەوە، میتینگێکی سێ هەزار کەسیی لە شاری مهاباد پێک هات. لاوێکی کوردی ئەندامی ژ. ک بەناوی «محەمەد» ڕووی لە بەشدارانی میتینگەکە کرد و گوتی:

> «برایانی خۆشەویست و ئاغایانی بەڕێز، بەبۆنەی بەشداریی کردنتان لەم میتینگەدا سوپاستان دەکەم. من کە ئێوە دەبینم خۆم بەبەختەوەر دەزانم. گەلی کورد کێشەی زۆری لە پێشە و دەبێ ئێمە باسیان بکەین. بەڵام ئیمڕۆ من تەنیا لەسەر یەکێک لەو کێشانە دەدوێم. ئیمڕۆ بەرامبەر بەگەلی کورد کێشەیەکی گەورە لە ئارادایە، کە دەمەوێ بۆ ئێوەی ڕوون بکەمەوە، ئەویش کێشەی نەوتە. هەروەک دەزانن لەم دواییانەدا دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت داوای دەرهێنانی نەوتی باکوری ئێرانی لە دەوڵەت کردووە، بەڵام حکوومەتی ساعید ئەم پێشنیازەی ڕەتکردووەتەوە و چارەسەرکردنی ئەم

=ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ لاپەڕەی ٧٢-٧٩.

پرسیارەی بۆ دوای شەڕ هێشتووەتەوە. حکوومەتی ساعید[2] بڕیارێکی بەپەلە و هەڵنەسەنگێنراوی وەرگرتووە، چونکە دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا چاکییەکی زۆری بەرامبەر بەخەڵکی ئێران کردووە. وەک دەزانن سێ ملیۆن کوردیش لەم خێرو بەرەکەتەدا بەشدار بوون. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییشدا دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت هێندە چاکەی بەرامبەر بەگەلی کورد کردووە کە هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر ناتوانێ لەبیری بکات. کێ لە ئێوە ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە کوردەکان لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیی ڕەزا شادا لەژێر چەوسانەوەدا بوون؟ هیچ مافێک بەکورد نەدرا و ڕێزیان لە هیچ کوردێکی ناودار نەدەگرت و ئازاریان دەدان. دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ نێو ئێران، کۆتایی بەکوێرەوەری و هەژاریی گەلی کورد هات.

لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی ساعیددا ناحەقییەکی زۆر لە کورد کراوە. شاری بانە و گوندەکانی دەوروبەری سوتێنراون. براکانمان بەبێ ماڵ و خانوو مانەوە و ناچارکران هەڵوەدای شاخەکان بن. ئەمە سەرەتای هەڵوێستی ساعید بەرامبەر بەگەلی کورد بووە و ئێمە نابێ ئەمە لەبیر بکەین. ئێستا ساعید بەنەدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بەسۆڤیەت دەیەوێ قەیرانی ئابووری لە وڵات دروست بکا، کە بەم چەشنە دەکرێ بڵێین دەبێتە هۆی خراپترکردنی بارودۆخی ئابووریی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی سێ ملیۆن کوردی ئێرانی.

دەوڵەتی ئێران دەترسێت ئیمتیازی نەوت بدات بەدەوڵەتی سۆڤیەت، چونکە ئەو دەزانێ کە دوای تەواوبوونی شەڕ دۆستایەتی لەنێوان گەلی ئێران و سۆڤیەت بەهێزتر دەبێت. ئاستی فەرهەنگیی ئێران گەشەی پێ دەدرێت و ئەوکاتە گەلان داوای مافی خۆیان دەکەن. وەک ئاشکرایە دوای

٢- ساعید بەر لەوەی ببێتە سەرۆک وەزیر، لە خولی ١٤ی پەرلەمانی ئێراندا، وەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەتی سوهێلی بووە. جارێک لە ٨ی خاکەلێوەی ١٣٢٣- مارسی ١٩٤٤ بۆ ماوەی ٨ مانگ بوو بە سەرۆک وەزیر و جاری دووەمیش لە خەزەڵوەری ١٣٢٣-١٩٤٤ کابینەی نوێی بە خولی پازدەی پەرلەمانی ناساندووە. بازیگران عصر پهلوی، محمود طلوعی، تاران.



هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران و دوای بەستنی پەیمانی نێوان ئێران، سۆڤیەت و ئینگلیز، دەڵەتی ئێران نایەوێ دانیشتووانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی سوپای سۆڤیەت پێوەندییان هەبێ. گەلی کورد بەتایبەتی لەنێو گەلانی ئێراندا چیتر دەسەڵاتدارییەتی ساعید قەبووڵ ناکات و نایەوێ ئەو سەرۆکی حکومەتی ئێران بێ و پێوەندیی ئێران و سۆڤیەت تێک بچێت.

گەلی کورد باش دەزانێ کە ئەگەر ئیمتیازی نەوت بدرێتە یەکێتیی سۆڤیەت، کوردی هەژار دەتوانێ بچێ لەوێ کار بکا و زانیاری و شارەزایی بەدەست بهێنێ و لە کاروباری فەرهەنگییەوە بەرەوپێش بچێت. کوردەکان باش دەزانن کە یەکێتیی سۆڤیەت دۆستی هەرە نزیکی گەلانی بچووکە و بۆ گەیشتن بەمافی خۆیان یارمەتییان دەدات. لەبەر ئەوە، ئێمە بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە بەهەموو توانا و ڕێگایەکەوە لەم بارەیەدا هەوڵ بدەین کە دەوری یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێراندا پەرە بستێنێ و بەهێز بکرێت، چونکە بەهێزبوونی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەرژەوەندیی ئێمە دایە.

سڵاو بۆ نەبەزیی یەکێتی سۆڤیەت

بژی کورد و کوردستان

نەمان بۆ ساعید و ساعیدییەکان[3].

ژ. ک جیا لەو بەشە چالاکییانە، گەلێک چالاکیی تریشی هەبووە، کە لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کراوە. بۆ نموونە دەکرێ پەنجە بۆ دیداری نوێنەرانی ژ.ک لەگەڵ خەلیلی فەهیمی وەزیری کاری ئێران، ناردنی تێلگرافی حەمە ڕەشید خان بۆ پەرلەمانی ئێران، پێکهێنانی میتینگ بۆ گرتنی شارەبانیی و فەرمانداریی مهاباد و...... و سەرئەنجام پێکهێنانی جەژن بەبۆنەی سەرکەوتنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەسەر فاشیزمدا و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوایەتیی کورد ڕاکێشین.

٣- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ ف ٠٩٤/ ئو ٣٠/ د ٦٦/ پ ٣٤٨/ لاپەڕەی ١٢٤-١٢٦. ئەم راپۆرتە هەروەها لە لاپەڕەی ٥٤ی ڕابوونی ژمارە ٢٢- ١٩٩٧دا بڵاوکراوەتەوە.

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بووە، کە ئەمڕۆ بەهێمای نەتەوایەتیی کورد دەژمێررێ. هاشمۆف و عەلی ئەکبەرۆڤ لە ڕاپۆرتی خۆیاندا، کە بەناوی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ساڵی ١٩٤٥دا ئاراستەیان کردووە، دەربارەی دروستکردنی ئاڵا لەلایەن ژێکافەوە دەڵێن:

> پارتی ژ. ک ئاڵای نەتەوایەتیی بۆ کوردستان دروستکردووە، کە بریتییە لە سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیشی بەپێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانن. ڕەنگی سووری لە سەرەوەیە، لەژێر ئەو ڕەنگی سپییە و لە خوارەوەش ڕەنگی سەوزە و لە ناوەندەکەشی هەتاو کێشراوە[1].

ڕاپۆرتی ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ی باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێرانیش ئاماژە بۆ ئاڵای ژ. ک دەکات و دەڵێ:

> ڕۆژی ٩ مای ١٩٤٥- ١٩ی گوڵانی ١٣٢٤، کۆمەڵەی ژێکاف بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا لە مەیدانی ناوەندی شاری مهاباد[2] جەژنی گرت. لەو جەژنەدا ئاڵای سووریان هەڵکرد و لەسەر بانی ساختمانی کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەتیش لە مهاباد ئاڵای نەتەوایەتیی کورد هەڵکرا. بەوتەی دەسەڵاتدارانی خۆجێی کورد، ئەم کردەوەیە بەنیشانەی ئەوەیە، کە کوردەکانی مهاباد چیتر ئامادە نین دەسەڵاتدارییەتی ئێران قەبووڵ بکەن[3].

بەرلەوەی کە کۆمەڵەی ژ. ک بیرلە دروستکردنی ئاڵای نەتەوایەتی بۆ گەلی کوردستان

١- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ، ئو ٣٠/د ٣٢٧/ پ ٣٦٩/لاپەڕەی ٥١-٥٤.
٢- مەبەست لە مەیدانی چوارچرای شاری مهابادە.
٣- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م. دیمیترۆف» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ لاپەڕەی ٧٢-٧٩.



بکاتەوە، «جەمعیەتی تەعالی کوردستان» یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠دا ئاڵای بۆ کوردستان دروست کرد. زەمینەی ئەو ئاڵایە لەسەر کارتی پێناسی ئەو ڕێکخراوەیە کێشراوەتەوە، ڕەنگی سەوزە و لە نێوەڕاستەکەیدا شکڵی هەتاو چاپ کراوە. ئەو ئاڵایە لەلایەن کاتب (نووسەر)ی گشتیی کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە بەناوی «زەینەلعابدین» دروست کراوە[4].

بە وتەی زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا) ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان لەلایەن «تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی جەمعیەتی تەعالی کوردستان»ەوە دروست کراوە و بەئاڵای نەتەوایەتی کورد ڕاگەینراوە و شکڵەکەشی بەم جۆرە بووە: لەسەرەوە سوور، ناوەند سپی (لەسەر سپییەکە ڕۆژ) و لە خوارەوە سەوز[5]. جیا لەوە ئیحسان نوری پاشاش لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەئاڵای کوردستان کردووە و دەڵێ: برۆ حەسکی تێللی لە هۆزی جەلالی، ساڵی ١٩٢٦ ڕاپەڕیی و بەرەو چیای ئاگری کشایەوە. من ساڵی ١٩٢٧ خۆم گەیاندە ئاگری و سەرۆکایەتیی بزووتنەوی ئاگرییم پێ سپێررا. هەروەها لەلایەن خۆیبوونەوە کۆمیتەیەکی تایبەتی سەربازیی هەڵبژێررا. لەو ساڵەدا ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان، کە ساڵی ١٩٢٠، جەمعیەتی تەعالی کوردستان پەسەندی کردبوو، هێنرایە ئاگری و بۆ یەکەم جار من ئەو ئاڵایەم لەسەر بەرزترین لوتکەی چیای ئاگری هەڵکرد. من پۆستی سەربازییم لە ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان پێکهێنا. پاسەوانە دلێرەکانی ئاگری لە دوورەوە هورایان بۆ ئاڵای کوردستان دەکێشا. بەم جۆرە لە ئاگری تەشکیلاتی سەربازیی و ئیدارەیەکی کوردیی هەبوو و ئاڵای کوردی دەشەکایەوە[6].

هەروەها «سورەییا بەدرخان» لەسەر بەرگی کتێبی «ڕاپەڕینی کورد دژی تورک»، کە ساڵی ١٩٢٨ لە فیلادلفیای ئەمریکا، بەزمانی ئینگلیزیی بڵاوی کردووەتەوە، شکڵی

٤- جێگەی کەماڵ فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوی کوردیدا، نووسینی مالمیسانژ بە زمانی تورکی، لاپەڕەی ١٢٧- ١٢٩ و ١٤٨. دادگای ئیستقلال ١٩٢٧- ١٩٢٣ نوسینی د. ئەرگون ئای باس، ل ١٥٢، ساڵی ١٩٨٢ بە زمانی تورکی، ئانکارا. ئاکیس، گۆڤاری هەفتەنامەی خەبەریی، بە زمانی تورکی، ژمارە ١١، ل ٢٤، ٢٥ی دیسیمبەری ١٩٦٧.
٥- ئاڵای کورد، نوسینی مەحمود لەوەندی بە زاراوەی کرمانجی، ئارمانج ژمارەی ١٤١، ل ٧-٦، ئاگۆستی ١٩٩٣، سوید.
٦- بیرهاتنی ئیحسان نووری (هیوی گۆڤاری کلتوری گشتیی، لاپەڕەی ٢٨- ٢١، ژمارە ٢، پاریس گوڵانی ١٩٨٤.

ئالای هەڵکراوی کۆمەڵەی خۆبیبوونی لەسەر بەرگی کتێبەکەی چاپ کردووە، کە ئەو ئالایەیە، ئیحسان نوری ئاماژەی بۆ کردووە. کتێبی نوری پاشا بۆ جاری دووەم ساڵی **١٩٩٤**، لەلایەن کتێب فرۆشی سارا لە سوید لە چاپ دراوەتەوە.

جیا لەوە، شێخ مەحموودی حەفیدیش لە ساڵی **١٩٢٣**دا، ئالایەکی سەڵتەنەتی بۆ کوردستان دروست کرد. «سیسیل ج ئیدمۆندس» لە لاپەڕەی ٤٠٠ی کتێبی «کورد، تورک و عەرەب»دا ئاماژەی بۆ ئەو ئالایە کردووە، کە لە هێرشی هاوبەشی هێزەکانی ئینگلیز و عێراقییەکاندا بۆ سەر شاری سلێمانی، لە ڕۆژی ١٦ی مای **١٩٢٣- ٢٦**ی گوڵانی **١٣٠٢**، لە هۆدی کاری شێخ مەحموود لە خوێندنگەی ناوەندیی ئەو شارە بەدەستی هێناوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێ:

«...... ئالایەکی کوردستان و تاجێکی پوولەکەرێزیشم دۆزییەوە، کە ئامادەی پێکەوەدان بوون و دەیانویست بیکەن بەئالای دەوڵەتی شێخ مەحموود(٧). ئیدمۆندس ڕەنگی ئالای دەوڵەتی شێخ مەحموود ئاشکرا ناکات، بەڵام ئاماژە بۆ تاجێک دەکات، کە شێخ مەحموود ویستوویەتی وەک هێمای دەوڵەتی پاشایەتیی کورد لەنێوەڕاستی ئالاکەدا هەبێ.

ئەو باسانە و ئالای سەربەرگی کتێبی سورەییا بەدرخان پێشاندەری ئەم ڕاستییەن، کە شکڵ و ڕەنگ و نیشانەی ئالای هەڵکراو لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆمەڵەی خۆبیبوونەوە لە ئالای «تەشکیلاتی کۆمەلایەتی جەمعیەتی تەعالی کوردستان» وەرگیراون، کە ئەویش «زەینەلعابدین» دروستی کردووە و بێگومان ئەویش ڕەنگ و نیشانەی ئالای کوردستانی بەچەشنی ئێرانییەکان، هیندییەکان، ئیتالیاییەکان و زۆر وڵاتی تری جیهان لە ڕەنگ و نیشانەی ئالای مادەکان وەرگرتووە. چونکە بەگوتنی هیرودۆت و کتسیاس مێژوونوسانی کۆنی یۆنانی، میتانییەکان، کاوییەکان و ئیمپراتۆرییەتی ماد، کە پایتەختەکەیان «ئەکباتانە» هەمەدانی ئەمڕۆ بووە، خاوەنی ئالای سێ ڕەنگی سور، سپی و سەوز بوون و نیشانەی جۆراوجۆری وەک تاج، هەتاو و شێریان لە ناوەندی ئالاکەیاندا هەبووە(٨).

---

٧- کورد، تورک و عەرەب، نووسینی ج. ئیدمۆندس. وەرگێڕانی نوسەری ئەم کتێبە.

٨- هیرودۆت بە زمانی ئینگلیزی. کتسیاس مێژووزان و لێکۆڵەرەوەری یۆنانی کۆن بە زمانی ئینگلیزی.



دوای هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوو گوڵە گەنم و قەڵەمێکی بەرۆژی ناو ئالای کوردستان زیاد کرد. چەند شاعیری نیشتمانپەروەری سەردەمی کۆماری کوردستان، وەک مامۆستایانی نەمر هەژار، قانع و هێمن بەدەربڕینی هەستی خۆیان بەشێوەی شیعر ڕەنگ و نیشانەکانی ئالای کۆماری کوردستانیان شی کردووەتەوە. مامۆستا هەژار لەم بارەیەوە دەڵێ:

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وابوو کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وا بوو تەمی نیگبەت لەسەرمان نارەوێ
داری ئالاکەم وەکو چقڵە لەبۆ چاوی عەدو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ، ڕەببی وەبەر خەنجەر کەوێ
پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ، ڕەنگی سوور دەڵێ
تا تنۆکێک خوێنی کورد مابێ دەبێ هەر سەرکەوێ
سپیەکەی موژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو نەما پەردەی شەوێ
ڕەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەوڕۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ
دوو گوڵە گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت بێ
خۆت کە برسیی بۆچی دوژمن پێی بژی لێرە و لەوێ
پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشو پێ دەوێ
غەیری من دەست ناکەوێ بۆ ڕێی تەرەققی پێڕەوێ
لاوەکان ناموسی نۆ میلیونە ئەو ئالایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ناموسەتان لەمنو کەوێ
ڕێی نەجاتە پەنا بۆ ئیتیحادی شوورەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە خوێنپاکەیە
ژێرکەوێ، کۆستی کەوێ، ڕەببی سەعاتێک نەسرەوێ(٩)

---

٩- پێداچوونەوە، نووسینی کەریمی حسامی، لاپەڕەی ٢٣٦- ٢٣٥.

ماموستا هێمن کە پلەی شاعیری نەتەوەیی کوردی پێ براوە، ڕەنگ و نیشانەکانی ئاڵای کوردستان بەم جۆرە شی دەکاتەوە:

پەرچەمی سوور و سپی و سەوزی ئەمە
شادیهێنە لابەری دەرد و خەمە
سوورەکەی یانی ئەوی بێتە بنم
خوێنی خۆی بڕژێنێ بۆ پاراستنم
سپیەکەی یانی کەسێکە ڕوو سپی
هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
سەوزەکەی دێنێتە بەرچاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر ئەنگاوتی وا لوتکەی چیا
دوو گوڵە گەنمیشی یانی کشت و کاڵ
زۆر بکەن مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێو دەڵێ یاران قەڵەم، نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر چاتر دەپارێزێ عەلەم[١٠]

ماموستا قانع شاعیری شۆڕشگێڕی کوردیش ئەم پارچەی شیعرەی خوارەوەی دەربارەی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان هۆندۆتەوە:

ئەی ئاڵای بەرزی سێ ڕەنگی جوان
هەر شەکاوە بیت تا ئاخر زەمان
سووریت نیشانەی شەهیدانمانە
سەوزیت نیشانەی دەخڵ و دانمانە
سپیت نیشانەی ئاشتیی وڵاتە
ڕۆژت ڕووناکیی ڕێگای نەجاتە
گەنمت یانی های! کوردە بزانە
نانی خۆت مەنێ دەستی بێگانە

١٠- هەمان سەرچاوە.



قەڵەمت مانای تا ڕۆژی مردن
تێکۆشی لە ڕێی زانین و خوێندن
تا سەر هەر بژی ئاڵای کوردستان
هەر پایەدار بی تا چەرخی دەوران[١١]

١١- هەمان سەرچاوە.

## پێوەندیی ژ. ک بەکوردی بەشەکانی‌تری کوردستانەوە

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەپێی ئامانجی دیاریکراوی بۆ ئازادکردنی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستان ناچار بووە ڕەگاژۆیی بکاتە ناو پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە. کۆمەڵە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەڵکی لە دوو شێوە تاکتیکی سەرەکی وەرگرتووە. یەکەمیان بەپێی توانا لە کەسانی لایەنگری خۆی لقی ژێکافی لەو هەرێمانە دامەزراندووە و دووەمیان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو جێیانە یەکی گرتووە و بەهاوکاریی ئەوان بۆ ئامانجەکانی خەباتی کردووە.

کۆمەڵە جیا لە هەولێر و سلێمانی کە ئیدارەی محەلیی لێ دامەزراندوون، سەرەتا لەگەڵ کۆمەڵەی هیوا بەسەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی[1] و دوایی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی بزووتنەوەی چەکدارانەی کورد لە باشووری کوردستان و ئینجا لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و سەرئەنجام پارتی ڕزگاریی کوردستان هاوکاریی برایانەی هەبووە. هەیئەتی ناوەندیی ژێکاف لە نامەی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٣یدا ئاماژەی بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی هیوا و ڕێکخراوەکانی باشووری کورستان دەکات و دەنووسێ:

کۆمەڵەی ژ. ک

ئیدارەی ناوەندی

بەرواری ١٤ سەرماوەزی ١٣٢٣- ٥ی دیسێمبەر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گەورە!

بۆ بەڕێز سەرکۆنسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێز

١- حیزبی «هیوا» لە کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی ئێمە دوو ئەندامی خۆی بۆ لای ئێمە ناردووە. ئێمە و نوێنەرانی حیزبی هیوا

١- کۆمەڵەی هیوا ساڵی ١٩٣٩ لە باشووری کوردستان دامەزرا و ساڵی ١٩٤٣ بەهۆی ناکۆکی لەناو ئەندامانیدا هەڵوەشایەوە.



بڕیارماندا بەهەموو هێزەوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ئەو دوو حیزبە یانی «ئازادکردنی نەتەوەی کورد» تێبکۆشین. ئەوان قەبووڵیان کرد، هەرکاتێک بخوازن لەگەڵ حکوومەتێک پێوەندی بگرن، پرس بەئێمە بکەن. ئیدارەی محەلیی ئێمە لە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی حیزبی هیوا گفتوگۆی کردووە. بۆ ئاگاداربوون لە بیروبۆچوونی ناوبراو، پرسیارمان لێ کرد. بەپێی نامەی ١٧ی نۆڤێمبەر- ٢٦ی خەزەڵوەری ئیدارەی محەلی حیزبی ئێمە لە هەولێر، هەیئەتی محەلیی ئیدارەی ئێمە لەگەڵ هەیئەتی محەلیی حیزبی هیوا لە هەولێر چاوپێکەوتنیان هەبووە. لە نامەیەکدا باس لە پێوەندی و لایەنگریکردنی ئەوان لە ئینگلیزەکان دەکات. ئیدارەی ئێمە لە هەولێر دەیەوێ ڕای ڕێبەرانی دیکەی حیزبی هیوا لە شارەکانی تر بزانێ.

٢- لە عێراق ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی هەیە، کە لەم دوایانەدا بەنهێنی ڕۆژنامەیەک بڵاو دەکاتەوە. ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕۆژنامەی خۆیدا سڵاو بۆ نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی ئێمە دەنێرێ. پارتی کۆمۆنیست دەیەوێ لەگەڵ ئێمە پێوەندیی هەبێ. چونکە باوەڕی بەئیدارەی محەلیی ئێمە لە عێراق نەکردووە، بۆخۆی نوێنەری ناردووەتە لامان.

٣- بڵاوکراوەی ئێمە دەربارەی نەخشی باکوری ئێران گەیشتووەتە عێراق و بڵاو بووەتەوە.

هەیئەتی ناوەندیی ژ.ک لە نامەیەکی تریدا دەربارەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی هیوا بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز دەنووسێ:

جیا لە ڕێکخراوەکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق، حیزبێکی‌تر هەیە بەناوی هیوا، کە لەو بەشەی کوردستاندا بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد تێدەکۆشێ. چەند ئەندامی ئەو حیزبە پێوەندییان بەئەندامانی حیزبی ئێمەوە گرتووە، کە دوایی ئەو پێوەندییە شێوەی ڕەسمیی پێدراوە. ئامانجە بنچینەییەکانی حیزبی هیوا لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی ئێمە یەک دەگرنەوە و تەنیا جیاوازیی ئێمە لەگەڵ حیزبی هیوا لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی ئەندام وەرگرتن و سیستمی ئیدارەکردنی حیزب دایە.

چونکە کۆمەڵەی ژێکاف و کۆمەڵەی هیوا خاوەنی یەک ئامانج بوون، ژ. ک بەشێک لە

ڕاپۆرتە ناردراوەکانی بۆ سۆڤیەت و لاپەڕەکانی نیشتمانی بۆ پیشاندانی هەستی برایەتیی خۆی لەگەڵ هیوا تەرخان کردووە. بۆ نموونە لەسەر لاپەڕەی ٢ی نیشتمانی ژمارە یەکدا نووسیویەتی «بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا[٢].» ژ. ک هەروەها لە لاپەڕەکانی ٢٠-٢١ی نیشتمانی ژمارە ٣-٤دا بەبۆنەی پێوەندیی بەهێزی بەهیوا، ئەو شیعرەی خوارەوەی لە شاعیرێکی ناسراو بەناوی نهێنیی «ئا- ل. ب» بڵاو کردووەتەوە:

**کۆمەڵەی هیوا و حەرفی «ژ. ک»**

ئەی خدایا بوم بنیرە قاصیدیکی سینە صاف
بچتە خزمەت کومەلی هیواو حەرفی ژی و کاف
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بلێ
ئەی مدیری اتحاد و ئەی مەداری ائتلاف
من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق و بێ عیلم و سەواد
یا دەبێ بمرم وەیا هجرەت بکەم بۆ کێوی قاف
عنصر و ماهییەتی ئەم قەومە هەر کیبرە و غروور
هیچ لە باریاندا نییە غەیرە درۆ و لاف و گەزاف
حەق نەناس و ناسوپاس و بێ ئەساس بێ حەواس
مفسد و ئەهلی غەرەض مایل بەجەور و اعتساف
گەر دەچن کەر دزین و ڕاو ڕووت و ڕێگری
وا دەزانن دەچنە سەر شایی و زەماوەند و زەفاف
کەس نییە پێ یان بلێ ئەی پۆڕ نیفاقی بێ ویفاق
تا بەکەی تۆ خدا هەتا کەی ئەو شیقاقە و اختلاف
غەیرە کوردی بێ تعصب میللەتی دنیا هەمو
بونە صاحیب سەروەت و عیلم و سەواد و موشکاف

نوێنەرانی ژ. ک و هیواساڵی لە بناری چیای داڵانپەر لەنێو ڕەشماڵەکانی شێخ زنجیرە کۆبوونەیەکیان بۆ گرێدانی خەباتی هاوبەش پێکهێناوە. بەپێی نووسینی مامۆستا هەژار

٢- ژ.ک لە گۆڤاری نیشتمانی ژمارە پێنجەمەوە دروشمی «بژی کورد و کوردستانی گەورە»ی بەرز کردووەتەوە.



لە چێشتی مجێوردا، کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی نوێنەر لەو کۆبوونەوانەدا بووە، نوێنەران لەسەر ١٢ خاڵ پێک هاتوون. کۆمەڵەی ژ. ک کاتێک خەریکی چاپی بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لە نیشتماندا بووە، لەلایەن ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی هیواوە ئاگادار کراون، کە ئەوان خاڵی ١٢ی پێک هاتنەکەیان قەبووڵ نییە. لەبەر ئەوە ڕێبەرایەتی ژ. ک لە چاپی بڕیارەکانی داڵانپەر پاشگەز بووەتەوە. خاڵی ١٢ی پێک هاتنی داڵانپەر کە بەکۆبوونەوەی «سێ سنوور» ناوبانگی دەرکردووە بریتییە لە:

«ئەگەر ئینگلیز لە عێراق بەشێ بدەن بەکورد، نابێ کوردی دەرەوەی عێراق هەڵاوێرێ، چونکە کوردستان یەکپارچەیە. با بلێین ئێمە بەشی کورد بەهەق دەزانین و بەپێی توانا یاریدەی هەموو کوردێک دەدەین. ئێمەش لەگەڵ ڕووسان هەر ئەو هەوڵە دەدەین و موکریان لە کوردی تورکیا و عێراق بەجیا نازانین[٣].»

بەڵگەنامەکانی ژ. ک هەروەها باس لە حیزبێکی تازەدامەزراو لە باشووری کوردستان دەکەن. هەیئەتی ناوەندی لەم بارەیەوە بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەتی لە تەورێزی نووسیوە:

بەپێی نامەی گەیشتوو لە ئیدارەی محەلیی حیزب لە هەولێر، لەو دوایانەدا لاوانی کوردی عێراق حیزبێکی کۆمۆنیستیان دامەزراندووە و دەیانەوێ لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندی دامەزرێنن و نوێنەر بنێرنە لای ئێمە. بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە، نوێنەرایەتی بەئیدارەی محەلیی هەولێر دراوە[٤].

بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م. دیمیترۆف» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت، باس لەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییە دەکات و دەنووسێ:

.... دەتوانین لەسەر ئیشوکاری لقی کوردی «پارتی کۆمۆنیستی عێراق» بدوێین. ئەم پارتیە ماوەیەک لەمەوبەر دامەزراوە و لەناو کرێکارانی کوردی دانیشتووی بەغدا و موسڵ و کارگە نەوتییەکانی عێراق و هەروەها لەناو ئاژەڵدار و جوتیاران و ڕۆشنبیرانی کوردی ناوچەکانی باکوری عێراق

٣- چێشتی مجێور، ل ٦٤- ٦٥، نوسینی هەژار.
٤- بەڵگەنامەی ژ. ک .

و ناوچەکانی تورکیا نزیک بەسنووری عێراق چالاکە. ئەم پارتییە هەروەها لە هەولێر، سلێمانی، بارزان و بادینان شانە و ڕێکخراوی هەیە. لقی کوردیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق گۆڤارێکی هەیە بەناوی «یەکێتی تێکۆشین»، کە تا یونی ١٩٤٥، چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و هەر ژمارەیەکیشی ٢٤ لاپەڕەیە... پرۆگرامی لقی کوردیی «پارتی کۆمۆنیستی عێراق» لەژمارەکانی ٣-٤ی یەکێتیی تێکۆشیندا بڵاوکراوەتەوە، کە ئاراستەتان دەکەم... هتد[٥].

کۆمەڵەی ژ. ک هەروەها پێوەندیی زۆر بەهێزی بەمەلا مستەفای بارزانیی سەرۆکی بزووتنەوەی چەکدارانەی باشووری کوردستانەوە هەبووە و سەرەڕای ئەوە کە لە لاپەڕەی ١٨ی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٢دا بەخەتێکی درشت نووسیویەتی: «ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد (مەلا مصطفی بارزانی) هەڵیایساندووە اختلالیکی میللی کوردە.» لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٢-١٩٤٣شدا لەلایەن ئیدارەی محەلیی شاری ئا-خ «مهاباد»ەوە نامەی خوارەوەی ئاراستەی سەرۆک بارزانی کردووە و نووسیویەتی:

بۆ جەنابی زەعیمی ئازادی مەلا مصطفی بارزانی

بژی کوردو کوردستانی گەورە

بەناوی هەیئەتی کۆمەڵەی ژ. ک لە شاری ئا-خ لە پاش زانینی دەنگوباسی شۆڕشی ئازادیی موقەددەسی ئێوە ئەم موخابەرەیە ئەکەین هیوامان وایە بەتەفصیل وەڵاممان بدەنەوە:

١- لە پێش هەموو شتێک تەبریکی زەعیم و لەشکری ئازادی کوردستان دەکەین کە زاڵ بووە بەسەر دوژمندا.

٢- بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو عاطیفە جوانەی کە بەرامبەر ئێوەمان هەیە و شعوری برایەتی، کوردایەتی، یەکێتیی یارمەتییەکی عەمەلی و فیعلی بێ وایە ئەم

٥- بەشێک لە ڕاپۆرتی نێرراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م. دیمیترف» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف ١٧/ ئو ١٢٨/ د ٤٤/ لاپەڕەی ٧٢-٧٩.



مەعلوماتەی خوارەوە بزانی، چونکە خۆمان تەقدیری مەوقیفی ئەمە دەکەین بەرامبەر بەمەسئولییەتی دوەل.

٣- براعەتی ثەورەی ئێوە چییە، ئایا ئیدیعای ئازادیی کوردستانی عێراق دەکەن وە یاخود هەموو کوردستانی گێتی وە ضیمنەن کوردستانی تورکیا.

٤- مەوقیفی ئێوە بەرامبەر سیاسەتی ئەجنەبی لە عێراق دا چییە و ئەگەر هاتو لە طەرەف ئەم سیاسەتە تەهدید وە یاخود ئیقناع کران ثەورە ڕادەوەستێنن وە یاخود دەوام دەکەن.

٥- ڕەئی ئیمە ئەوەیە کە ثەورەی موقەددەسی ئێوە ناوێکی عومومی وەربگری یەعنی ئیدیعای ئازادکردنی هەموو کوردستان بکەن وە بۆ ئەمە دەبێ کوردی گێتیی بەمەشوەرەت تەعاونتان لەگەڵ بکا وە لە ژێر قیادەی ئێوە لەشکرێکی کوردی لە هەموو کوردی گێتی تنظیم بکرێ بۆ ئەوەش دەبێ ئامادە بن لە عقدی موئتەمەرێک لە حاڵی حازر لە ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێمە تەنزیم بکرێ و جێگە و زەمان تەعین بکرێ بۆ ئەم موئتەمەرە چ لە ئەرزی عێراق چ لە ئەرزی کوردستانی ئیران لەم موئتەمەرە هەموو مطالبی کورد بەشکڵی پەیمانێکی میللی تەعیین بکرێ وە لە طرف هەموومان ئیمزا دەکرێ وە لەم موئتەمەرەدا میزانی عەسکەری تەعیین دەکرێ وە واجیباتی هەموو لایەک تەعیین دەکرێ.

٦- پێویستە مەوقیفی حەربی خۆتان لەگەڵ مەوقیفی حەربی دوژمن بۆمان موفەصەلەن وە بەدیققەت تەعیین بفەرموون لەگەڵ مەوقیفی عەشایری کوردی عێراق بەرامبەر ئێوە.

٧- بۆ ئازادبوونی کوردستان دەبێ سیاسەتیی یەک لە دوەلی موعەظەمە لەگەڵمان بێ بەرەئی ئێمە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی شۆرەوییە. ڕای ئێوە بەم خصوصە چییە چونکو نابێ علی الحیاد بین لەگەڵ هەموو دەوڵەتان.

٨- لە هەمووی موهیمتر پێویستە بەصورەتێکی موستەعجەل ئیجتیهادی خۆتان بەیان بکەی بەخصوصی ڕای ئینگلیز بەرامبەر ثەورەی ئێوە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئێوە چییە چونکی ئێمە ئەزانین بەتەحقیق نابێ ئینگلیز لەم ثەورەیە بێ دەخل بێ.

٩- ئیوه زەعیمێکی ئازادپەرستن هیچ نەبێ موکافەحەی زوڵم ئەکەن بۆ عەشیرەتی خۆتان وە کوردی ئیران بەروحی برایەتی کوردایەتی زۆر ئیشتیاقی هەیە بۆ موفەق بوونی ئێوە بەهەرچ نەوعێک ببێ وە ئامادەیە بۆ یارمەتیی ئێوە بەگوێرەی موسامەحەی زرووفی سیاسیی مەملەکەتمان وە کە ئەم سوئالانە ئەکەین مەقصودمان ئەوەیە کە تەئمینی یارمەتییەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە بکەین و حەرەکەتی موبارەکی ئێوە بکەینە حەرەکەتی میللی عمومی تاکو لە تاریخدا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ.

لە لایەن هەیئەتی شوورای شاری ئا-خ «٢٠»

لە بەڵگەنامە رووسییەکانیشدا ئاماژە بۆ پێوەندیی ژێکاف و بارزانی لە باشووری کوردستان کراوە و هاشمۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ڕاپۆرتی ١٨ی مارسی ١٩٤٥یدا دەڵێ:

> ... چالاکیی ژ. ک لە کوردستانی عێراق لەژێر دەستی مەلا مستەفا دایە و بەپێی هەواڵی گەیشتوو ژێکاف لەوێش پەرەی ستاندووە. لەسەرەتای ١٩٤٥وە کۆمەڵەی ژێکاف لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هاوسنووری ئێران و عێراق دەستی کردووە بەڕێکخستنی شانەکانی.

زۆربەی ئەندامانی ژ. ک لە عێراق و تورکیا و هەروەک کوردستانی ئێران ڕۆشنبیرانی پێشکەوتوو، بازرگانی بچووک، پیشەساز، کوردی ئاسایی و ئاژەڵدار و جوتیارن. هەروەها ژمارەیەک فیوداڵی کوردیش لە ڕیزی ژێکافدان. چالاکی ژ. ک لە عێراق و تورکیا بەچالاکیی پارتییە کوردییەکانی ئەو هەرێمانە گرێ دراوە و هەموویان لە بەرەیەکدا خەبات دەکەن. بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق گروپی «ڕزگاریی کوردستان» لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ پێک هاتووە و شان بەشانی کۆمەڵەی ژ. ک هەڵدەسوڕێ. گروپی ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەکانی باکوری عێراق لەژێر دروشمی «بژی کورد و کوردستانی گەورە و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان» خەبات دەکات[٦]. سەرکردەکانی ئەو گروپە و

٦- بەشێک لە لقی کوردستانیی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق بە یەکێتیی تێکۆشین (وحدة النضال) دەناسرا. ساڵح حەیدەری سکرتێری یەکێتیی تێکۆشین بوو. کۆمیتەی ناوەندییەکەی لە عەلی عەبدوڵڵا، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدولسەمەد محەمەد، نافیع یونس، کەریم تۆفیق و نوری=



چالاکی‌تری بۆ ئێمە ڕوون نییە و ئاگاداری پرۆگرامەکەشی نیین[٧].

پێوەندیی کۆمەڵە لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستانیش (تورکیا و سوریە) بەکوردی ئەو دوو بەشەی کوردستانەوە گرێدراوە و پەرەیستاندووە. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵە، ئیدارە محەلییەکانی کۆمەڵە لە باشوور و حیزبی هاوپەیمانی «هیوا» داوایان لێ کردووە، کۆمەڵە کۆتایی بەپێوەندییە غەیرە ڕەسمییەکانی خۆی لەگەڵ کوردی «سوریە» بێنێ و شێوەی ڕەسمی بەپێوەندییەکانی بدات[٨]. هەروەها، هاشمۆف لە ڕاپۆرتی ١٨ی مارسی ١٩٤٥یدا ئاماژە بۆ پێوەندیی ژ. ک بەکوردەکانی بەشی باکوری کوردستانەوە دەکات و لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێ:

> ڕۆژی ٢٧ی مارسی ١٩٤٥ چاوم بەکەسایەتیی بەناوبانگی کورد شێخ «عوبەیدوڵڵا» کەوت. گوتی ئەرکی سەرشانی کورد و سەرکردە ناسراوەکان، ئێستا هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن پارتی ژێکافەوە زۆر هەوڵ دەدرێ کە کوردەکان یەکتر بگرن. ئەمڕۆ زۆربەی کوردەکان ئەندامی پارتی ژێکافن. هەروەها کارێکی زۆر بۆ دابینکردنی یەکێتیی لەگەڵ کوردی بەشەکانی عێراق و تورکیا دەکرێت. بەفەرمانی ژ. ک چەند کەس لە عێراقەوە بەڕێگای سوریەدا نێرراونە تورکیا، تا کوردەکانی تورکیە ڕێکبخەن و چالاکیان بکەن، بەڵام نێرراوەکان لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە گیراون و تا ئێستا هیچ هەواڵێکیان لێ نەزانراوە.

شێخ گۆیا ناوی گیراوەکان نازانێ، بەڵام لەنێوان سەرکردەکانی کوردی عێراقدا ناوی

= محەمەد ئەمین پێکهاتبوو. ئەو بەشە دژی چوون بۆ ناو حیزبی شیوعی بوو، دەیویست هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکان یەکبگرن و لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیموکراتی کورد دژی داگیرکەران خەبات بکەن. ئەو حیزبە گەلێکی هەوڵدا بۆ دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کوردستان و سەرئەنجام بەشێک لە ئەندامانی پارتی ڕزگاری و ژمارە خەباتگێڕێکی تر، پارتی دیموکراتی کوردیان بە سەرۆکایەتیی سەرۆک مستەفا بارزانی دامەزراند. گۆڕانکارییە ڕامیارییەکان لە عێراق ١٩٤١-١٩٥١ نووسینی جەعفەر عەباس حەمیدی، وەرگیڕانی فەهد گردوانی.

٧- ئەرشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیو ف ٠٩٤/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤/ لاپەڕەی ٨٧- ٨٢.

٨- بەڵگەنامەی ژ.ک.

«ماجید بەگ» وەزیری کشتوکاڵی عێراق و «ئەمین زەکی بەگ» پرۆفیسۆری زانستی مێژووی برد. هەروەها ناوی میرزا «برایمی حاجی قادر»، «حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا»ی هۆزی دێبوکری کە ئێستا دانیشتووی تەورێزە و زەبیحی ئاشکرا کرد، کە پێوەندیی لەگەڵ کۆنسولی سۆڤیەت هەیە و گوتی ئەوانی تر ناناسێ، چونکە ڕێبەرایەتیی پارتی ژێکاف نهێنییە.

لە بارەی قازی محەمەدەوە شێخ عوبەیدوڵڵا گوتی، دوای گەڕانەوەی لە تاران چالاکانە لە پارتی ژێکافدا کار دەکات. شێخ عوبەیدوڵڵا لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ قازی محەمەد و پیاوە ناسراوەکانی‌تری کورد چاوپێکەوتنی هەبووە و دەسەڵاتیان بەشێخ داوە، لەنێوان کوردەکانی سەرسنووری ئێران و تورکیا کار بکات و هەوڵ بدات کۆتایی بەدوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتەکان و ڕاوڕووت لە ناوچەکان بێنێ. بۆ ئەوەی کۆتایی بەدووبەرەکی بێ، بڕیارە هەرکام لە سەرکردە کوردەکان لە ناوچەی خۆیاندا خەبات بکەن و عومەر خانی شەریفیش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدات. شێخ گوتی، دوای تەواو بوونی ئەو ئیشوکارە، بڕیارە کۆبوونەوەیەکی گەورە بکرێت. ئەم کۆبوونەوەیە سێ کەس دەستنیشان دەکات، بچنە مۆسکۆ بۆ لای هاوڕێ مۆلۆتۆڤ. ئەم دەستە نوێنەرانە بڕیارە داوای لێکۆڵینەوەی کێشەی کورد لە کۆنفرانسی «سانفراسیسکۆ» بکەن.

شێخ عوبەیدوڵڵای گەیلانی نامەی ژێکافی لە کۆنسولخانە بەجێهێشت کە بەهۆی ئەو نامەیە دەسەڵاتی درابوویە لەناو کوردەکانی دانیشتووی ناوچەکانی نزیک سنووری ئێران و تورکیا هەڵسوڕێ... هتد(٩).

٩- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیەی فیدراتیڤ ف ٠٩٤/ ئو ٣١/ د ٧٠/ پ ٣٥٤/ لاپەڕەی ٨٧- ٨٢.



## دامەزرانی حیزبی دیموکرات و هەڵوەشانی ژ. ک

پێشتر ئاگاداری هۆی هەڵوەشانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووین. لە ڕاستیدا ناکۆکیی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، کە هەڵوەشانی ئەو کۆمەڵەیەی بەدواوە بوو، دەگەڕایەوە سەر بیروڕای ئەندامانی کۆمەڵە سەبارەت بەدەستێوەردانی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە کاروباری کوردستاندا. عەزیزی زەندی و غەفوری مەحموودیان دژی دەستێوەردانی سۆڤیەت بوون لە کاروباری کوردستاندا. ئەو ناکۆکی و بەربەرەکانییەی ئەندامانی کۆمەڵە بەڕادەیەک بەرزبووەوە، کە عەزیزی زەندی و مەحموودیان بەلایەنگرییکردن لە ئاڵمانی نازی و ئێران تاوانبار کران و کۆمەڵەیان بەجێهێشت. عەزیزی زەندی چوو لە تاران نیشتەجێ بوو، مەحموودیان لە گەڕەکی جولەکانی شاری مهاباد تیرۆر کرا. دوای ئەم ڕووداوانە و جێگیربوونی سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئینگلیز و سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەندامانی کۆمەڵە ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان گۆڕی و کردیان بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کورستان.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە جەوێکی ئارام و لەباری سیاسییدا چالاکییەکانی دەست پێ کرد، بەڵام چونکە لە بەرامبەر دەرەبەگە کوردەکاندا کە لە تارانەوە پشتیان دەگیرا، دەسەڵاتیان نەبوو، هەڕەشەی لێ دەکرا و تەنانەت ئەندامانی دەگیران و ئازار دەدران. هەرچەندە کۆمەڵە پتر پەرەی دەستاند و گەشەی دەکرد، دەرەبەگە بەرهەڵستکارەکان هارتر و بەفڕوفێڵتر دەبوون، تا سەرئەنجام بەشێکی مەزنیان تەشەنەیان کردە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەوە و چەنگیان بەجەرگی داگرت. هۆی بەربەرەکانی کردنی دەرەبەگەکان دژی کۆمەڵە دەگەڕایەوە سەر هەوڵی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ گەشەپێدانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەلی کورد. بەرگرییکردنی کۆمەڵە لە مافی جوتیاران و زەحمەتکێشان و بەدەست گرتنی دەسەڵات لە کوردستاندا، زەبری کاریی لە دەسەڵاتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی دەرەبەگەکان دەدا و بەرژەوەندیی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە بەرژەوەندیخوازانی نێوخۆیی و لە ڕیزی یەکەمدا دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی کوردستان دوژمنی سەرەکیی کۆمەڵە بوون. ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە زۆرجاران لە گۆڤاری نیشتمان و بەڵگەنامەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو دیاردەیە کردووە و تەنانەت لە بەڵگەنامە ڕووسییەکانیشدا پەنجەیان بۆ ڕاکێشراوە.

جیا لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی کورد، کۆمەڵی کوردەواریش بەهۆی لاوازیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەمپەری بەر پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵە بووە. لەو کۆمەڵە کاڵ و نارەسە دواکەوتووەی ئەوکاتی کوردستاندا، کە هێشتا سەردەمی دەرەبەگایەتی پشت سەر نەنابوو و بورژوازیی بچووک لە شارەکاندا، دەورێکی کاریگەری نەبوو، خەڵک و لە پێشەوەی هەمووان توێژی ڕووناکبیری بورژوازی بچووکی کورد خۆی بۆ ساخ نەدەکرایەوە و هەرجارەی بەلایەکدا دەکەوت و سازێکی لێ دەدا و کەم بوون ئەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان فیدای بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کورد بکەن. هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ لە ڕاپۆرتیساڵی ١٩٤٥ی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ، لەم ڕوانگەیەوە پیاوە ناودارەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییان دابەشکردووە بەسەر سێ گروپاندا و نووسیویانە:

– بەشێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد بەم سێ مەبەستەی خوارەوە چوونەتە نێو ڕیزی پارتی ژێکافەوە.

١– ژمارەیەک بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، لە ڕیزی یەکەمدا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و دەستکەوتەکانی خۆیان لە بواری کشتوکاڵ و بازرگانیی و... هتد بپارێزن.

٢– ژمارەیەکی تریان بەم مەبەستە چوون لە ژێکافەوە، کە ڕای یەکێتیی سۆڤیەت بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، چونکە ئەوانە وا بیردەکەنەوە، کە ژێکاف بەپێی مەبەستی سەرەکی خۆی کە دابینکردنی سەربەخۆیی کوردستانە، هیوا و پشتیوانی سۆڤیەتە.

٣– گروپی سێیەم کە ژمارەیان زۆر کەمە، تەنیا بەهۆی هەستی نیشتمانپەروەرانەیان هاتوون لە ڕیزی ژێکافەوە و والەو پارتییە گەیشتوون، کە ڕزگاریکەری تەواوی کوردستانە(١).

بەپێی ئەو ڕووداوانەی کە لە بەشە جیاوازەکانی ئەو کتێبەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەتوانین بڵێین دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی دەستیان دایە دەستی یەک و هۆکاری دەرەکی لەباری مادی و مەعنەوی و فیکرییەوە زەمینەی بۆ هۆکاری نێوخۆیی خۆشکرد تا ڕۆڵی کاریی خۆی بۆ هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بگێڕێ.

بەرلەوەی کە بەوردی ئاماژە بۆ هۆکاری نێۆخۆیی بکەم، دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە

---

١– ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیف ئو ٣٠/د ٣٢٧/پ ٣٦٩/ لاپەڕەی ٥١– ٥٤.



هەرکام لە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان و دۆست و لایەنگرانیان، شۆڤینیستەکانی فارس، تورک، عەرەب و ئۆرگانەکانیان، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ لەناوبردنی هەستی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و بزووتنەوەکانی، لە پێشەوەی هەمووان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەڵگری ئەم بیرە کۆتاییان نەکردووە و بەشێوە و ڕێگای جۆراوجۆر بەربەرەکانییان لەگەڵ کردووە. هێشتا دوای تێپەڕبوونی پتر لە سەدەیەک بەسەر بزووتنەوە نەپساوەکانی گەلی کورد لە کوردستاندا، نەتەوە سەردەستەکان دەرسیان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە و پروپاگەندەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیان ڕێگای نەداون لە تەنگژەی بیری مەزنخوازی دەرچن و فیکری ئازادیخوازی لە مێشکیاندا چەکەرە بکات و بەلانی کەمەوە خۆ لە دوژمنایەتیی گەلی کوردی کۆلۆنی بپارێزن. ڕاستی تاڵە، بەڵام گوتنی پێویستە. لە سەردەمی ئەمڕۆشدا کە دەیان حیزب و ڕێکخراوی ڕەنگاوڕەنگی هەڵگری دروشمی دیموکراتی دژ بەدیکتاتۆرەکانی ئەنقەرە، بەغدا، دیمەشق و تاران دامەزراون و دروشمی دابینکردنی مافی مرۆڤ و تەنانەت چینایەتی، ئیسلامی و مافی بەرامبەریی مرۆڤیان بەرز کردووەتەوە، ئەگەر تەنانەت بۆ تاکتیکیش پێویست بێ باسی مەسەلەی کورد بکەن، دیموکراتییەکەیان ڕەنگ دەداتەوە و لە بەرامبەر ویستی ڕەوای نەتەوەی کورددا، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان نامێنێ و بگرە لە هێندێک حاڵەتدا لەوانیش توند و تیژتر دەبن.

لە هۆکارییەکانی نێوخۆییدا ناتوانین ڕەخنە لە ستراتیژی کۆمەڵە بگرین، چونکە کۆمەڵە ستراتیژێکی ڕوونی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبووە. ئامانجی کۆمەڵە بۆ «تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازاد کردنی نەتەوەی کوردی بندەست»، دروشمی ئەوکاتی هەموو کوردێکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بووە و ئەم دروشمە، کوردی لە ئۆرگانێکی سەرتاسەری فیکرییدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی کۆکردووەتەوە و هەڵگرانی بەکردەوە ڕێبەرایەتی خەباتی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانیان کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، کوردە نیشتمانپەروەرەکانی بەحەق کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان بەڕێکخراوەی خۆیان زانیوە. ئەوەش دەبێ لەبیر نەکەین کە دروشمی کۆمەڵە، تەنیا دروشمی نیشتمانپەروەرانی کورد نەبووە، بەڵکوو دروشمی گەلانی کۆلۆنی و چەوساوەی هەموو جیهان بووە و کۆمەڵە بەزانیاری لە باری سایکۆلۆژیی گەلی کورد، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیونالی کوردیی داوە. کۆمەڵە هەروەها هەم بۆ سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و هەم بۆ دوای تەواوبوونی شەڕ، تاکتیکی تایبەتیی هەبووە و ڕێبازی

خۆی بەدروستی دەستنیشان کردووە و بۆ هەر قۆناغێک پرۆگرامی تایبەت بەو قوناغەی دارشتووە.

کەمایەسیی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پتر لەوەدا بووە، کە دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٢٢ی قەڵای سارمێ، بەبێ وەرگرتنی هیچ چەشنە بەڵێنییەک لە کاربەدەستانی سۆڤیەت و ئاگاداربوونیان لە تیۆریی و نیازی ناپاکی سیاسیی ئەوان سەبارەت بەگەلی کوردی دراوسێی ئازەربایجان و هەڵسەنگاندنی دوارۆژی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا، ڕەمەکی خۆیان هاویشتووەتە باوەشی سۆڤیەتەوە و کاریان گەیاندووەتە جێیەک، کە کۆنسوڵەکان و فەرماندەکانی سوپای سۆڤیەت لە ژێر پەردەی لایەنگرییکردن لە بیری ئینترناسیۆنالیستیدا، ڕاستەخۆ شوێن لەسەر ئەندامانی کۆمەڵە و تەنانەت لە بەشێکیان بەقازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن. کۆمەڵە لەم بارەیەدا سیاسەتێکی دروست و حیسابکراوی نەگرتووەتە بەر و بەرپرسایەتییەکەشی پتر دەکەوێتە سەرشانی عەبدولرەحمانی زەبیحی کە لێپرسراوی پێوەندیی ژ. ک لەگەڵ حەسەنۆف سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت بووە لە تەورێز. پێشتر لە بەشی ژ.ک و یەکێتیی سۆڤیەتدا ئاگاداری بیروبۆچوون و بڕیاری بەرژەوەندییخوازانەی سۆڤیەت دەربارەی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکانی گەلی کورد لەوانە بزووتنەوەی شێخ مەحموود و کۆمەڵەی خۆیبوون بووین. بینیمان کە ئەوان ویستوویانە بەچەشنی بازرگانێک بۆ گەیشتن بەستراتیژی خۆیان لە کورد کەڵک وەرگرن و نەیانشاردووەتەوە، کە ویستوویانە هەستی کوردایەتیی گەلی کورد لاواز بکەن و قەڵش بخەنە ناو ڕیزی بزووتنەوەگەلییەکانی و لە ئاکامدا کورد و کوردستان بەئازەربایجانی ژێردەستی ئێرانەوە بلکێنن و بەڕێگای ئازەربایجانەوە گوشار بخەنە سەر ئێران و ئەگەر بۆیان بکرێ ئەو بەباکوری ئازەربایجانەوە بلکێنن، ئەگەرنا لەوێوە هەوڵی دیموکراتیزەکردنی ئێران بدەن و ئەو وڵاتە بکەنە پێگەیەکی سیاسیی، سەربازیی و ئابووریی سەربەخۆیان و دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کەڵکی لێ وەرگرن.

ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە هەروەها دوای کۆبوونەوەی قەڵای سارمێی بەمەبەستی ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕووناکبیر بۆ ناو ژ. ک، دەرگای ڕێکخراوەکەیان خستووەتە سەرپشت و لە پرنسیپی پەسەندکراوی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەندام لایان داوە. کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٤- ١٩٤٥وە، لە کاتێکا زۆربەی هەرە زۆری ڕووناکبیرانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پاڵپشتی بوون، ڕێبەرایەتییەکەی لەباری ئیدارەکردنی حیزبەوە تووشی ئاڵۆزیی



فیکریی و سەرلێشێواوی بووە و پرۆگرام و پرنسیپەکانی حیزبی لە ژێرپێ ناوە و بۆ ڕازی کردنی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، ئەوانی کردووەتە نوێنەری کۆمەڵە لە ناوچەی خۆیاندا و ڕێکخستنەکانی ژێکافی پێ سپاردوون، کە ئەمە دەستی دەرەبەگە خۆبەدەستەوەدەرەکانی لەناو ژێکافدا کردووەتەوە و زەمینەی هەڵوەشانی خۆشکردووە. تەنانەت شکانی کۆماری کوردستانیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەرەبەگەکان خیانەتیان پێ کردووە.

ئەو ئاڵۆزییە لەناو کۆمەڵەدا پتر دوای گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتییە نێرراوەکەی بۆ باکۆ و وەرگرتنی ئامۆژگاری و بەڵێنی یارمەتیدانی سۆڤیەت بەکورد لەلایەن «باقرۆڤ» سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بەشەرتی وازهێنان لە بیری ڕزگاریخوازانە سەری هەڵداوە و گەیشتووەتە لوتکەیەک کە شیرازەی کاری کۆمەڵە بپچڕێنێ. ڕێبەرانی کۆمەڵە لە لایەک لەژێر گوشاری کاربەدەستانی سۆڤیەت و لە لایەکی‌ترەوە لە ژێر گوشاری پیلانگێڕی دەرەبەگەکاندا کە هەرکامەیان لە ناوچەی خۆیاندا بەشێوەیەک پێوەندییان بەلێپرسراوانی سەربازی و کۆنسولخانەکانی سۆڤیەتەوە هەبووە و ڕاپۆرتی کار و خەباتی ڕۆژانەی کۆمەڵەیان داونەتێ و ئامۆژگاریی ئەوانیان بەڕێوە بردووە، ناچار بوون بۆ ئەوەی هەلی ڕەخساو لە کیس نەچێ، گوێڕایەڵیی کاربەدەستانی سۆڤیەت بن و لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٤- ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا بەنهێنی کۆمەڵەکەیان هەڵوەشێنن و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەجێ دامەزرێنن. غەنی بلوریان سەرۆکی سازمانی جەوانانی کورد، کە لە کۆبوونەوەی هەیئەتی ناوەندی ژێکافدا بەشداریی کردووە، دەربارەی گۆڕینی ناو و پرۆگرامی کۆمەڵەی ژ. ک، لە ئاڵەکۆکدا ئاماژە بۆ وتەکانی قازی محەمەد دەکات و دەڵێ:

> «دروشمی کۆمەڵەی ژ. ک بۆ هەموومان جێگەی ڕێزە و دەزانین بەتەواوی بەرگری لە مافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکی لە داخوازەکانی ئەمڕۆی ژ. ک ناکات. گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی پڕ هەوراز و نشێوە و ئەمڕۆ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتە بەدی ناکرێ. کەواتە پێویستە ئێمە چاو بەداخوازەکانماندا بخشێنین و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین و لایەنگرییان بۆ بدۆزینەوە. بەڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێ لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێنرێ و شتێک لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کە لەگەڵ دەقی یاسا و دەستووری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێ. بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی

کۆمەڵەش بگۆڕدرێ و قاڵبێکی نوێ دانێن کە لەگەڵ دروشمە تازەکەمان بێتەوە[2].»

بەم جۆرە هۆکاری دەرەوە کە بەبڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و دانی دەرەتانی ماڵی، کەلوپەل و ئامۆژگاریکردن دژی هەڵگرتنی دروشمی رزگاریخوازانەی ژ. ک جوڵاوەتەوە و باڵی خودموختاریخوازی لەناو کۆمەڵەدا بۆ هەڵوەشانی ئەو ڕێکخراوەیە بەهێز کردووە، یەکێتیی سۆڤیەتی دۆست بووە، کە ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانی بەقازانجی ئیمپریالیزمی ئینگلیز هەڵسەنگاندووە. لەچوارچێوەی ئەم بۆچوون و بڕیارەی سۆڤیەتدا، کۆنسوڵی سۆڤیەت لە «ماکۆ» نووسیویەتی:

– عومەر خانی شەریفی و هاوڕێیانی بۆ پێکهێنانی لقی کۆمەڵەی ژ. ک و کۆنترۆڵی ئیشوکاری خەڵکی ناوچەی ماکۆ، لەنێوان مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥دا چەند جاران نوێنەری خۆیان ناردووەتە لای سەرۆک خێڵە کوردەکانی ئەم ناوچەیە، کە کۆنسوڵی خۆمان لە تەوریز و باڵوێزخانەمان لە تاران ئاگادار کردووە. لە هەر چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ نوێنەرانی کورد، هەموو جارێ پێمان ڕاگەیاندوون کە کێشەی پێکهێنانی سەربەخۆیی کورد لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆ ناگونجێ و داواکارییەکی پێشوەختە. ئێمە ئامۆژگاریمان کردوون، کە پێوەندی بەڕێکخراوە دیموکراتییە ئێرانییەکانەوە بکەن و بەم چەشنە دەتوانن بەمافە دیموکراتیەکانی گەلی کورد بگەن. ئەوان بەڵێنیان داوە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانمان بن. بەم چەشنە عومەر خان نەیتوانی لەناو کوردەکانی ناوچەی ماکۆدا لقی کۆمەڵە دامەزرێنێ[3].

هەروەها لە هۆکارییەکانی دەرەوەدا بۆ گۆڕینی ستراتیژی ژ. ک و هەڵوەشاندنی، دەوڵەتانی ئینگلیز و ئەمریکاش ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە. ئەوانیش دژی سەربەخۆیی کورد بوون و ویستوویانە کێشەی کورد و کەمەنەتەوەکانی تری دانیشتووی ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەچەشنی دامەزراندنی شورا و ئازادکردنی زمانی کەمەنەتەوەکان چارەسەر بکرێ. کۆمیسیۆنێک لەو دوو دەوڵەتانە و یەکێتیی سۆڤیەت لە ٢٥ی مانگی دیسێمبەری ١٩٤٥– ٤ی بەفرانباری ١٣٢٦دا، دەربارەی چارەنووسی ئێران ڕایگەیاندووە:

---

٢– ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٥٧ ، نووسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری ئەم کتێبە.
٣– ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ، لاپەڕەی ١١٣–١٥٣، ساڵی ١٩٤٥.



### کۆمیسیۆنی سێ لایەنە دەربارەی ئێران

١– دەوڵەتانی بەریتانیای مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت لەسەر پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سێ لایەنە دەربارەی ئێران ڕێککەوتن.

٢– کۆمیسیۆن دەبێ لە کاروباری خۆیدا ئەو بەڵگانەی لە بەرچاو بێت کە لە ماوەی جێگیربوونی هێزەکانی سێ وڵات لە ئێراندا، ئابووری و دامودەزگای ئێران تووشی زەرەر و زیان بوون و لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و دانیشتووانی هێندێ ناوچە گیروگرفت پەیدا بووە. هەر سێ هێز دان بەوەدا دەنێن کە لەم بارەیەوە هێندێک بەرپرسیارن، لەبەر ئەوەشە کە ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن یارمەتیی ئێران بدەن بۆ بەدیهێنانی بارێکی ئاسایی لەو ناوچانەدا، کە ڕازی بوونی هەموو لایەنەکانی دانیشتووی ئەوێ و ڕاگرتنی دۆستایەتیی نێوان ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی تری تێدا بێت.

٣– بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەنیگەرانییەکانی دەوڵەتی ئێران و نەهێشتنی هۆیەکانی گێرەوکێشەی نێونەتەوایەتی، کۆمیسیۆن دەبێ خەریکی خێراترکردنی دەرچوونی هێزەکانی سێ وڵات لە ئێران بێت، تا ئەو جێیەی کە بکرێ بۆ دابینکردنی ئەو ئەرکە پێشنیازە پێویستەکانی ئاڕاستەی دەوڵەتی ئەو سێ وڵاتە بکات.

٤– کۆمیسیۆن دەبێ ئاگاداری:

ئا– بەڵێنییەکانی بەریتانیای مەزن و یەکێتیی سۆڤیەت لە پەیمانی یانواری ١٩٤٢ دەربارەی ڕێزلێنانی سەربەخۆیی سیاسیی ئێران، دەسەڵاتدارییەتی، پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران بێت.

ب– دەبێ ڕاگەیانراوی هاوبەشی سەرۆک ڕۆزڤێلت، ژەنراڵ ستالین و ئاغای چرچیل سەبارەت بەئێران لە کۆنفرانسی تاران لەبەرچاو بێ.

٥– کۆمیسیۆن دەبێ بۆ ئاشتکردنەوە و لابردنی ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی ئێران و هێندێک لە هەرێمەکانی وڵاتدا هەیە، ڕێنوێنی بدات و بۆ ڕێکخستنی شورای هەرێمییەکان بەپێی یاسای بنەڕەتی ئێران یارمەتیی دەوڵەتی ئێران بدات.

٦– پێشنیازەکانی کۆمیسیۆن– بەبێ پەسەند کردنیان لەلایەن سێ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە تا ڕاگەیاندنیان بەدەوڵەتی ئێران– دەبێ بۆ هەموو ئێران بێ و هەروەها ئازەربایجانیش بگرێتەوە.

٧- یاساکانی ئێستا، لەو بەندانەی کە تەواوکەری یاسای بنەڕەتین دەربارەی شورای هەرێمییەکان دەبێ سەرچاوەی کار بن، بەڵام کۆمیسیۆن دەبێ پێشنیاز و ڕێنوێنی پێویست دەربارەی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک بۆ هەڵبژاردنی شورای هەرێمییەکان بدات. ماف و ئەرکەکانی شوراو هەروەها چۆنیەتی دابینکردنی وەزعی ئابووریی شوراکان ڕوون بکاتەوە.

٨- کۆمیسیۆن هەروەها دەبێ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی پێویست ئاراستە بکات دەربارەی بەکارهێنانی ئازادیی زمان بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان وەک: عەرەبەکان، تورکەکان و کوردەکان بۆ مەبەستی پەروەردەکردن و بارهێنان و مەبەستەکانی تر.

٩- لە پرۆسەی ڕێکخستنی ئامۆژگارییەکاندا، کۆمیسیۆن دەبێ بەشێوەی نەپساوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و نوێنەرە ناسراوەکانی هەموو چین و توێژەکانی ناوچەکان لە وتوویژ و گفتوگۆدا بێت.

١٠- سێ وڵاتی هاوپەیمان دەبێ بەتەواوی بۆ سەلماندنی ئامۆژگارییەکانی کۆمیسیۆن هەوڵ بدەن، کە دەوڵەتی ئێران وەک یاسا ئەوان بەکار بێنێ و تێبکۆشێ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەڕێوە بچن یا جێبەجێ بکرێن.

١١- کۆمیسیۆن نابێ ئامۆژگاریی وا بدات کە ببێتە هۆی لاوازکردنی بنچینەی یەکێتیی دەوڵەتی ئێران.

١٢- یەکەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمی دەبێ لەژێر چاودێری کۆمیسیۆن بەڕێوە بچن[٤].

بەر لەوەی کە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەڵوەشانی ڕێکخراوەکەیان ڕابگەیەنن، چەند سەرۆک عەشیرەتی ناوچەی خۆی، ماکۆ و سەڵماس بەنوێنەرایەتیی خەڵکی ناوچەکەیان دەچنە مهاباد. لەوێ ڕێبەرانی کۆمەڵە پێیان ڕادەگەیەنن، کە خۆیان بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادە بکەن. کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ لەم بارەیەوە لە بەشێک لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٤٥یدا نووسیویەتی:

«لە نیوەی یەکەمی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا بەپێشنیازی ژمارەیەک

٤- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ ئو ١، د ٨، پ ٢، لاپەڕەی ٧و٨، دیسێمبەری١٩٤٥، وێڕای ڕاستکردنەوە و پێشنیارەکانی نوێنەرانی سۆڤیەت لە ٢٥ی سێتەمبەری ١٩٤٥دا.



کوردی مهاباد، چەند گرووپێکی دەستپێشخەر بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتنە ئەم ناوچەیە و داوایان لە خەڵک کرد ناوی خۆیان لەو حیزبەدا بنووسن و ئامادەی هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بن.

ئەو نوێنەرانەی کە لە ماکۆوە چوون بەشداریی بکەن لە کۆنگرەی حیزبی دیموکراتدا بریتی بوون لە: شێخ عەبدولقادر، عومەر ئاغای خالیدی، عەبدوڵڵا ئاغای حاجی قارەمان، حەسەن ئاغای حاجی تێلو، عومەر ئاغای ئەموی.

لە سەڵماسەوە: عومەر خانی شەریفی، عەباس فەنەک، قۆیتاس مەمەدی، عەبدەوی عەبدول، سۆفی شێرانی، شێرۆ پس ئاغا، تاهیرخانی سمکۆ، حەسەن تێلو، موراد نەپسانی و مەلا مەجید.

ئەو ژمارەیە، دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرە، لەناو تایفە و تیرە کوردەکاندا دەستیان کرد بەڕوونکردنەوەی خەڵک، کە کارەکەیان زۆر چالاکانە نەبوو. ئەمە دەریدەخات کە لەناو کورداندا خوێندەوار کەمە، بەڵام کوردەکان بەگشتی لە دامەزرانی ئەم پارتییە ئاگادار بوون و هەموو خۆیان بەئەندامی ئەو حیزبە دەزانن بەبێ ئەوەی حیزب وەرگرتنی ئەندامی ڕێکخستبێ.

سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد (نوێنەران) کە لە کۆنگرە گەڕاونەتەوە بەباوەڕپێکراوانی خۆیان گوتووە، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئاگاداریی و پشتیوانیی دەزگاکان و کاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤیەت پێک دێ. ژمارە کوردێکی زۆر بەو ئامانجە گەیشتوون کە کورد لەگەڵ ڕووسەکان یەکدەگرن. لەناو زۆربەی تایفە کوردەکانی ناوچەکانی ماکۆ و خۆی، بەبۆنەی پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان شایی و هەڵپەڕکێ کراوە. ئەوانەی کە تا ئێستا لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ناوی خۆیان نووسیوە ژمارەیان دەگاتە هەشت هەزار کەس.

لێپرسراوان هێشتا ڕێکخراوەکانی ناوچەیان دانەمەزراندووە. کار و خەباتی ڕێکخستنی ڕۆشنبیری لاواز بەڕێوە دەچێ. سەرۆکە کوردەکانی

ناوچە شارەزای کاری ڕێکخستن نین و هێشتا کەسێک لە ناوەندەوە نەهاتوونەتە ئێرە[٥].

بەم جۆرە بەبێ ئەوەی کە هیچ باسێک لە هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بکرێ، لە کادیر و ئەندامانی کۆمەڵە، حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێ. گۆڤاری کوردستان «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان» لە لاپەڕەی ١١ی ژمارە یەکی خۆیدا کە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤- ٦ی دیسێمبەری ١٩٤٥ دەرچووە، لەژێر ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نووسیویەتی:

لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر (آبان)ی ١٣٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە لە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢ هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بەتەرتیبی ژێروو:

١- لە ماکۆ و ئارارات:

ئاغای عمر خانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای کی، ئاغای حەسەن ئاغای دلالی، ئاغای عەبدوڵلا ئاغای ملان، ئاغای فەخری.

٢- لە سۆما، برادۆست، دەشت و مەرگەوەڕ:

ئاغای عومەر خانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس ئاغای فەنک، ئاغای قۆیتاس مەمەدی، ئاغای حاجی وتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای عەبدەوی، ئاغای حەسەن تێلو، ئاغای تەمەر خان، ئاغای موراد، ئاغای نوورکو، زوبێد، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵلای ئافەندی.

٣- لە شنۆ:

ئاغای مووسا خانی زەرزا، ئاغای قەرەنی ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەمەد، ئاغای کاک هەمزە.

٤- سندووس:

ئاغای ئەحمەدی کا خدری، ئاغای قاسم ئاغای زەرزا، ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

---

٥- ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ لاپەڕەی ١٥٢- ١٥٣ ساڵی ١٩٤٥.



٥- لاجان:

ئاغای عەبدوڵلا ئاغای قادری، ئاغای کاک مامەندی قادری، ئاغای کاک حوسێن محەمەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایری، ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

٦- پیران:

ئاغای محەمەد ئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنی ئاغا.

٧- میاندوئاو:

ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی.

٨- بۆکان:

ئاغای عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلی زادە.

٩- مەنگوڕ:

ئاغای برایم ئاغای ئەدهەم، ئاغای مام حوسێن، ئاغای کاک سلێمان، ئاغای کاک هەمزە، ئاغای میناغا و باقی برایانی کورد تەشکیل دا و لەلایەن سەران و ڕەوشنفکرانی حیزبەوە نوطقی زۆر چاک دایر بەدیموکراتی و یەکێتیی ئیراد کرا. لەم کۆنگرەیەدا هەموو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تصویب کرا و نوێنەری تایبەتییان بۆ دانرا. هەر یەک لە جیی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد.

هەروەها لە وتاری «پەیامی من بۆ میللەتی کورد» کە لە یەکەم ژمارەی «گۆڤاری کوردستان»دا بڵاوکراوەتە، بۆ یەکەم جار وشەی خودموختاری خراوەتە ناو فەرهەنگی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد و نووسیویەتی:

«تشکیل حیزبی موقەدسی دیموکراسی و خودموختاری کوردستان بەهەموو اهالی ڕەشید و جانبازی کوردستان تەبریک عەرز دەکەم...»

لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە مەزن و پڕ لە هەڵەیەدا، کە شوێنەواری خراپی بزووتنەوەگەلییەکانی کوردستانی پچڕپچڕ و تووشی قەیران کردووە، یەکێتیی سۆڤیەت بەرەبەرە بەشێکی کەم لە داخوازەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی بۆ حیزبی دیموکرات جێبەجێ کرد. لەوانە دەزگایەکی چاپی دەستی دایە، ڕێگای بازرگانی لەگەڵ ئازەربایجان بۆ کردەوە، بۆ دانانی خوێندنگەی کوردی لە شارەکانی مهاباد، بۆکان و شنۆ یارمەتی دا و لەگەڵ حیزبی توده و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجای ڕێکی خست تا ئێران دیموکراتیزە بکەن!!؟

بەم جۆرە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٤- ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ لە بێدەنگییەکی تەواودا و بەبێ هیچ چەشنە ڕاگەیاندنێک هەڵوەشا و حیزبی دێموکراتی ئێران بەناو و ستراتیژی نوێ جێی گرتەوە.

بەشێک لەو یارمەتییانە و هاتنی هێزی بارزانییە پڕچەکەکان بەسەرۆکایەتیی مستەفای بارزانی نەمر لە لایەک و دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤- ١٢ی دیسێمبەری ١٩٤٥ لایەن فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و خۆبەدەستەوەدانی لەشکری ٣ی تەورێز و چەند یەکەی لەشکری ٤ی ورمێ لە لایەکی دیکەوە، دەستیان دایە دەستی یەک و هەلیان بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەخساند، کە ئەوانیش بەشێوەیەک بەویستە نیشتمانییە دەستنیشانکراوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بگەن. بەم مەبەستە، ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٤-١٥ی دیسێمبەری ١٩٤٥، خەڵکی مهاباد ئاڵای دەوڵەتی ئێرانیان لەسەر بینا دەوڵەتییەکانی ڕژێمی ئێران کێشایە خوارێ و حیزبی دێموکراتیش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز- ١٧ی دیسێمبەر ئاڵای کوردستانی لەسەر ئەو بینایانە و چوارچرای شاری مهاباد هەڵکرد و لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ٢٢ی یانواری ١٩٤٦، سێ مانگ دوای دامەزرانی، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، کە حیزبێکی خودموختاریخواز بوو، وەرچەرخانێکی گرنگی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، کە بیری زاڵی کوردایەتیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای کوردەواریی بەسەر فیکری بەزۆر داسەپاوی خۆدموختاریخوازدا زاڵ کرد.

کۆماری کوردستان دامەزرا و دەزگای دەوڵەتی، سیستمی ئیداری و بەڕێوەبەری حکوومەتی، سوپای نەتەوەیی، دەزگای پەروەردە و بارهێنان و ڕاگەیاندنی گشتیی دامەزراند؛ بەڵام ئەویش بەپیلانی دوژمنی داگیرکەری ئێران و یارمەتی دەرەبەگە خۆفرۆش و خۆبەدەستەوەدەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتبەردانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥- ١٧ی دیسێمبەری ١٩٤٦، دروست یەکساڵ دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئاشبەتاڵی پێ کرا. بەر لەوەی مهاباد بکەوێتەوە دەست دوژمن، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهانی، عەلی ئاغای ئەمیر عەشایری (ئەمیر ئەسعەد) و چەند کەسێکی‌تر، ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز، بۆ پێشوازیکردن لە سەرتیپ هومایونی فەرماندە سوپای هێرشکەر چوونە میاندواو.

ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز، قازی محەمەد، سەیفی قازی و حاجی باباشێخ سەرۆک



وەزیرانی کوردستان و چەند کەسی تر لە ڕووی ناچارییەوە و بۆ ئەوەی خەڵکی مهاباد وەک شارەکانی تەورێز و عەجەبشێر تووشی کارەسات نەبن، ئەو دیدارەیان نوێ کردەوە و پەیمانی تەسلیم بوونی کۆماری و دورخستنەوەی بارزانییەکانیان لە مهاباد مۆر کرد.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز قازی محەمەد و سەرکردەکانی تری کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی «گۆک تەپە» لە ١٣ کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی مهاباد، بەپێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپایان بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ «غەفاری» هێنایەوە مهاباد.

پێشەوا قازی لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی چەند ڕۆژ دوای جێگیربوونی سوپا لە مهاباد، دەستبەسەر کران و لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦- ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ لە دادگایەکی فەرمایشی ئێراندا، کە لە مهاباد پێک هات، بەفەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزا شا، سەرلە بەیانیی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لەو جێیەی کە کۆماری دێموکراتی کوردستانیان لێ دامەزراندبوو، لە سێدارە دران. سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چوار و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان، لە سەعاتی ٨ی بەیانی ئەو ڕۆژە ڕاگەیانراوی خوارەوەی دەربارەی تاوانباری و لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی بڵاوکردەوە.

سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ «ڕوکنی دووەم»

ژمارە: ١٩١٢٥- ١٣٢٦/١/١٠ (١٩٤٧/٣/٣٠) سەعات ٨ی بەیانی

## ڕاگەیانەن

لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠-١٩٤١دا، محەمەدی قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە مهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکییەکی دژ بەئاسایش و هێمنایەتی ناوچە و بەرەبەرە کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرە پێدا، کە بوو بەهۆی هێندێ ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانیی مهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تاڵانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستاوێژی پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی «مەحموودیان» بازرگانی مهابادی و «قازی زادە» سەرۆکی ئیدارەی ئامار، کە هەموویان بوونە قوربانیی زێدەخوازیی ئەوان، هەروەها تاڵانکردنی گوندەکان و ڕووداوی دیکەی ناوچەکە.

محەمەدی قازی بەهاوکاریی براکەی بەناوی سەدری قازی کە بەڕواڵەت نوێنەری

خەڵکی مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێراندا، بەڵام لە ئەسڵدا ماکەی بەڕێوەبردنی سەرەکیی نەخشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێک لە ئێران بوو، هەروەها سەیفی قازی بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجی ناپیرۆز و گڵاوی خۆیان، سەرۆکی هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مهاباد دەرکرد و لە ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤- ١٥ی دیسێمبەری ١٩٤٥دا ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکوومەتییەکان دابەزاند و ئاڵایەکیان بەناوی ئاڵای کوردستان لەجێ هەڵکرد.

محەمەدی قازی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ٢٢ی جانواری ١٩٤٦دا خۆی بەسەرۆک کۆماری کوردستان ناساند و تاقمێک خیانەتکاری ڕابردوو خراپی بەناوی وەزیری حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکار دانا، کە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بوون و ئینجا بۆ بەربەرەکانی کردنی هێزی دەوڵەت، تاقمێکی چەکداری لە خەڵکی مهاباد و بارزانییەکان پێکهێنا و ژمارە چەک و تەقەمەنییەکی بەرچاوی لە نێو دانیشتووان و عەشیرەتەکاندا دابەشکرد و ڕەوانەی سەقز و سەردەشتی کردن. ئەوەش بووە هۆی گەلێک ڕووداوی خوێناوی، هەرچەندە هێزی دەوڵەت چەند جار لە کوردستان داوای فەرمانبەرداریی لێ کردن هیچ سوودی نەبەخشی. هەروەها بەڕێوەبەرانی خاوەن ڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێک هەوڵیان دا لەو بیرە نابەجێیە دووریان بخەنەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو، هەمان ڕێبازی خۆیان درێژە پێ دا. دانیشتووانی شار و ئەندامی عەشیرەتەکانیان هاندا، دژی هێزەکانی حکوومەتی بەربەرەکانی بکەن و بەنووسینیش، فەرمانی هێرش بردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەرکرد، بەڵام بەخۆشییەوە عەشیرەتەکان بەبیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان درێژەیان بەچوونە پێشی خۆیان دا و هەموو پیلانی خیانەتکارانیان بێ سوود هێشتەوە. لە ئاکامدا ئەم خیانەتکارانە دەستبەسەر کران و کەوتنە بەر پەنجەی دادگەری. دەوسێیان نێردرایە «دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ» و هەر سێ کەسیان بەئیعدام مەحکووم کران. دادگای پێداچوونەوە (تجدید نظر) و هەروەها خاوەنشکۆ شاهەنشا حوکمەکەیان پەسند کرد و لە سەعاتی ٦ی بەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە- ٣٠ی مارسی ١٩٤٦، حوکمەکە بەڕێوە چوو.

فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان

سەرلەشکر هومایونی



لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، بۆ ئەوەی کە خوێنەرانی بەڕێز پتر ئاگاداری ڕای دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت دەربارەی سەربەخۆیی کورد و ئازەربایجان بن، ڕوو دەکەینە نامەی ڕۆژی ٨ی مای ١٩٤٦- ١٨ی گوڵانی ١٣٢٥ی «یوسف ستالین»، کە بۆ سەرکۆماری دیموکراتی ئازەربایجان «جەعفەری پێشەوەری» نووسیوە:

بۆ هاوڕێ پێشەوەری

پێموایە ئێوە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و هەروەها نێونەتەوایەتیشتان ڕاست هەڵسەنگاندووە.

یەکەم: ئێوە دەتانەوێ ئێستا هەموو داخوازە شۆڕشگێڕییەکانی ئازەربایجان بەدەست بێنن، بەڵام هەلومەرجی ئەمڕۆ بواری گەیشتن و بەدیهێنانی ئەو پرۆگرامانە نادات. لینین کاتێک داوا سەرەکییە شۆڕشگێڕییەکانی هێنایە گۆڕێ، کە بەکردەوە بەدی بکرێن- دەستنیشانی دەکەمەوە لە کردەوەدا بەدی بکرێن- ئەویش کاتێک کە قەیرانێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە ناوەوەی وڵات و هەروەها سەرنەکەوتنی سوپای لەگەڵ دوژمنی دەرەوەدا هەبێت، لە ساڵی ١٩٠٥ کاتێ کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن سەری نەگرت، هەرواش بوو لە کاتی شەڕی سەرنەکەوتوو لەگەڵ ئاڵمان لە ١٩١٧دا. ئێوە دەتانەوێ لەم بارەدا لاسای لینین بکەنەوە، ئەمە زۆر باشە و جێگەی ڕێزلێنانیشە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران بەپێچەوانەی ئەوەیە. ئێستا لە ئێران قەیرانی قووڵی شۆڕشگێڕانە نییە. جوتیارانی ئێران هەتا ئێستا چالاکییەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە. ئێران ئێستا خەریکی شەڕ لەگەڵ دوژمنی دەرەوەی نییە، کە بتوانێت دارودەستەی کۆنەپەرستی ئێرانی ئەگەر بێت و لە شەڕدا سەرنەکەوێت، لاواز بکات. دوای ئەمە لە ئێراندا هەلومەرجێکی وا نییە کە بکرێت تاکتیکی لینینی ساڵەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ی بۆ بەکار بهێنرێت.

دووەم: بێگومان ئێوە دەتانتوانی بۆ سەرکەوتنی خەباتتان و داخوازە شۆڕشگێڕییەکانی ئازەربایجان هیوادار بوایەن ئەگەر سوپای سۆڤیەت لە ئێراندا مابایەوە، بەڵام چونکە مانەوەی پتریان لە ئێران سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەی لە ئاسیا و ئەوروپادا کەمبایەخ دەکرد، ئێمە

نەمانتوانی لەوە زیاتر لە ئێران بیانهێڵینەوە. ئەمریکاییەکان و ئینگلیزەکان بەئێمەیان دەگوت، ئەگەر سوپای سۆڤیەت بتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە، بۆ دەبێ سوپای ئینگلیز نەتوانێ لە میسر، سووریە، ئەندۆنزی و یونان و سوپای ئەمریکاش لە چین، ئیسلەند و دانمارک بمێننەوە. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا سوپاکەمان لە ئێران و چین بکێشینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بیانوویە لە دەستی ئەمریکا و ئینگلیزدا نەهێڵین و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لە کۆلۆنییەکان فراوان بکەین و بەم چەشنە سیاسەتی ڕزگاریخوازانە مەشرووع و کاریگەرتر بکەین. ئێوە وەک شۆڕشگێڕێک لە ئێمە تێدەگەن کە نەماندەتوانی بەشێوەیەکی دی هەڵسوکەوت بکەین.

سێهەم: بەلەبەرچاو گرتنی گوتراوەکان دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە لە هەلومەرجی ئێران بگەین. لە ئێران قەیرانی بەهێزی شۆڕشگێڕانە نییە، ئێران لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەدا نییە، کە سەرنەکەوتنی ببێتە هۆی لاوازبوونی کۆنەپەرستی و قووڵبوونەوەی قەیران. تا ئەو کاتەی سوپای سۆڤیەت لە ئێراندا بوو، ئێوە دەرەتانی درێژەدان بەخەباتتان لە ئازەربایجان هەبوو، دەتانتوانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک بەداخوازییەکی دوور و درێژ و فراوان ڕێک بخەن، بەڵام سوپای ئێمە دەبوایە لە ئێران بکشێتەوە، کە کشایەوە. ئێستاش لە ئێران ئێمە بەرە و ڕووی چین؟ ئێمە کێشەمان دەگەڵ حکوومەتی «قەوام» و لایەنگرانی ئینگلیز هەیە، کە کۆنەپەرستترین دارودەستەن لە ئێراندا. ڕابردووی کۆنەپەرستانەی قەوام هەرچۆنێک بووە، ئێستا ئەو ناچارە بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پاراستنی حکوومەتەکەی، هێندێک ڕیفۆرمی دیموکراتییانە بکات و دوای پاڵپشت لەناو هێزە دیموکراتەکانی ئێرانیدا بگەڕێت.

تاکتیکی ئێمە لەو کەینوبەینەدا دەبێ چ بێ؟ من وا بیر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ لەم تێکهەڵچوونە کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی قەوام لەو بڕیارەی پاشگەز نەبێتەوە. دەبێ پشتی بگیرێ تا لایەنگرانی ئینگلیزی وەلا بخرێن و بەم چەشنە هێندێک بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران پێک بێین. هەموو ئامۆژگارییەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ئەساسەڕا سەرچاوە دەگرێ، بەڵام دەکرێ تاکتیکێکی دی بگرینە پێش: واز لە هەموو شتێک بهێنرێت و پێوەندی



لەگەڵ قەوام بپچڕێت و بەم چەشنە سەرکەوتنی لایەنگرە کۆنەپەرستەکانی ئینگلیز مسۆگەر بێت، بەڵام ئەوە تاکتیک نییە بەڵکو نەزانییە. ئەمە لە ڕاستیدا خیانەت بەگەلی ئازەربایجان و دیموکراسیی ئێرانە.

چوارەم: ئێوە لەوانەیە بڵێن کە ئێمە لەسەرەتادا ئێوەمان گەیاندە ئاسمان، بەڵام دوایی پشتمان بەردان و ڕیسوامان کردن. ئەگەر وابێ، جێی سەرسووڕمانە، بەڵام لە ڕاستیدا چ ڕووی داوە؟ ئێمە لێرە شێوەی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانەمان بەکار هێناوە کە لای هەموو شۆڕشگێڕێک ڕوون و ئاشکرایە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ئێران بگونجێنین و لانی کەمی داخوازییەکانی بزووتنەوە جێبەجێ بکرێت، پێویستە لە داخوازی کەمەوە دەست پێ بکرێت و پێشڕەوی بکرێت و بۆ حکوومەت مەترسی دروست ببێت و پاشەکشەی پێ بکرێ، بەڵام ڕاکردنتان بۆ پێشەوە، لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا ڕێگەتان پێ دەگرێ بەو داخوازانە بگەن کە حکوومەتی قەوام ئەمڕۆکە ناچارە جێبەجێیان بکات. ئەمە یاسای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام قسەی ڕیسواکردنی ئێوە بەهیچ شێوەیەک لە گۆڕێدا نییە. جێی سەرسووڕمانە ئەگەر ئێوە وا بیر بکەنەوە، کە ئێمە ئێتر ئێوەمان ڕیسوا کردووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێوە ژیرانە بجووڵێنەوە، بەپشتیوانیی مەعنەویی ئێمە بەو داخوازانە دەگەن، کە ئاماژەم پێ کردن و زۆربەیان لە هەلومەرجی ئازەربایجاندا هەیە. هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێرانییەکان وەک پێشڕەوانی بزووتنەوەی پێشکەوتوخواز- دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دوعای خێرتان بۆ دەکەن.

ی. ستالین ٨ی مای ١٩٤٦[٦]

٦- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیەی فیدراتیڤ. ئو ٧، د ٥٤٤، پ ٣٤، لاپەڕەی ٨ و ٩، ڕێکەوتی ٨ی مای ١٩٤٦. وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامی. ئەم نامەیە لە گزینگی ژمارە ١٣شدا چاپ کراوە.

# پاشکۆ

الله

ه ژ ، ك ه

بۆی کووره و کووردو ستانی گەوره

## نیشتمان

بلاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ ـ ك

گووارێکی ئەدەبی ، خوێندەواری ، کۆمەلایەتی ، سیاسیو مانگی کووردی

زمارەی ۷ ـ ۸ ـ ۹ | سالی یەکەم | خاکەلێوە ، بانەمەر ـ جوزەردان ۱۳۲۲



سلطان صلاح الدین ایوبی



## فهرست


| مطلب | لاپەرە | نوسەر |
|---|---|---|
| ۱ ـ کووردستان قوت نادری | ۱ | بیزەن |
| ۲ ـ گووا ری نیشتمان | ۳ | نادری |
| ۳ ـ ووتارێکی شیخ سعید | ۴ | گوواری هاوار |
| ۴ ـ موسکو ـ واشنگتون ـ لولدون | ۵ | مرو |
| ۵ ـ شیخ یوسف شمس الدین البرهانی | ٦ | هیمن |
| ٦ ـ لەوەی کووره لایقی ژیانە | ۷ | آریا |
| ۷ ـ هاوار | ۸ | آذەر |
| ۸ ـ دوکچەکوورد لە تورکیەدا لەداری سیاسەت دران | ۱۰ | نیشتمان |
| ۹ ـ آشتی | ۱۲ | رزدی |
| ۱۰ ـ برون : برون | ۱۳ | فەرروخ |
| ۱۱ ـ دمەتەقەیێکی دوکەسی | ۱۴ | هەزار |
| ۱۲ ـ یا سەربەستی یا مردن | ۱۵ | نادری |
| ۱۳ ـ گەنجینەی لەدەبیات ( خەوی غەفلەت بەسە ) | ۲۰ | هونەر |
| ۱۴ ـ خەونم دیت | ۲۱ | هیمن |
| ۱۵ ـ وەتەن !! | ۲۲ | عیشقی |
| ۱٦ ـ دەمەتەقەی دوبارێکەوە | ۲۳ | هەزار |
| ۱۷ ـ خورشەختی | ۲۷ | نادری |
| ۱۸ ـ کورد چی دەوی | ۲۹ | هیمن |
| ۱۹ ـ مەلاعلی اشنوی شیخانی | ۳۱ | گرشاسب |
| ۲۰ ـ ئیفلوس | ۳۲ | ئیرەج |


وەگەڵ باسی دیکەش دەخوێندرێنەوە



كل حزب بما لديهم فرحون!

بژی کورد و کوردستانی گەورە!

J.K

# نیشتمان

بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ك

گوواریکی ئەدەبی، خوێندەواری، کۆمەلایەتی، سیاسی و مانگیی کوردیە

ژمارەی ۷،۸و۹ ☆ سالی یەکەم ☆ بەهاری ۱۳۲۳

☆«(کوردستان فووت نادریت)»☆

آ : ل . ب ـ ع . یژەن ـ۲

«... کوردن هیچ تی ناگەن چەند پیاویکی زربنگ، هیندیك مال و دراو دەگەل چەند وەعدەیکی درو و فریو دانی گەورەکانیان بەسە گەنجەکانیش بەزوری لەم گاورانە دادەمرکینن» ئەو رستەیە بیروخەیالی دەولەتانی تورکیا، ایران و عراقە کەچەندین ساڵە وەك زەرووبەکوردستانەوە نوساوون، خوینی دەمژن و بیهیزی دەکەن، بەلی خوین‌خوری پەردەیکی ئەستوور لەنیوان عەقلو میشکدا پەیدا دەکاو دە ـبیتە هوی تی نەگەیشتنو نەفامین! جا پیاوی نەفامیش آرەزـووی سەیری دیتە میشکیو وەکوو هیتلەر دەکەویتەخولیای جیهانگیریو شاهەنشاهی ـ ایتر نازانی لەم هەموو دونیایە فاخریتە دەست یەکیکەوە تا آغاییتی بەسەردا بکات

دەولەتانی تورکیا، ایران، عراقیش پیتوبەرەکەتی کوردستان زورلەمیژە چاوی سوورکردووتو ختوونیە خـولیای قووت دانی لەم وولاتە گەورەیە کەنیزیکەی ۴۰۰۰۰۰ کیلومترەی چوارگوش پانایی و (۹) میلیونی دانیشتوو هەیە بەلام وو شیار بوونەوەی کوردقامچیکی زور توندبوو کەلەجەنگی رابوردوودا لەدەمیلەودەولەتە استعماری یانەدراو حالی کردن: کورد هەتا هەتایەلە ژیردەستی لەوان دانامینیتەوەو بی گومان حەقی خوی داوا دەکا. هەروەکو گردیشی بەلام «عصبة الامم» «جامیعەی میلەل» پاوەکوبویژیکی کوردیژ بوویتی: «کوتەکی دەستی میستەر هیندەرسون» چلون کە نەیتوانی ببیتەهوی راوەستانی آشتی لەآیتی داهەروەها حەقی ایمەو زور نە تەوەی بچووکی دیکەشی خستە گوری تەماعی خاوەنەکەی خویەوە

دووروویی، تەزویرو حەق کوژی لەو کارخانەی فەسادە لەلایکا حەقی ایمەلە معاهدە نامەی (سەور) دا تصدیق دەکاو لەلایکی دیکەشەوە (پەیمانی لوزان) قیامی کمال پاشابەرەسمی دەناسیو اجازەدەدا سەرلەنوی کوردستان لەنیوان تورکیا، ایران، عراق و سووریادابەش بکریت سەیری ئەم راستی و حقیقتە! سەیری ئەو عدالتو دادپەروەریە!! سەیری ئەم شەرەف و ویجدانە!!!

هەموو کەس دەیزانی کرداری عصبة الامم یکی وەها



لاپەرەی ۲ ☆ نیشتمان ☆ ژمارە ۷،۸،۹

☆«وولاریکی شیخ سەعید پشوولی انقلابیە ملی کورد»☆

لەژمارەی ۲۲ ساڵی یەکەی کوواری هاوار

لەریگای نیشتمان دا مردن! چما چی لی جوانترە؟ دەست لە وولات بەردەن! آوارە بوون لە مال و منداڵ لە باغ و بیستان، لەمیرگو چیمەن و وەتەن دوور بوونەوە! لە غربت و بی کەسیدا پەریشان بوون! چما چی لی خراپترە لەوانی دەستلە نیشتمان هەل دەگرن: بی داك و باب، بی ژن و منداڵ لەوولاتی بیگانان بی قەدرو حورمەت دەگەرین دڵی کەسیان بودە آگری دوستایەتی و خوشویستن دانیە هەموو کەسیان لی بیزارو دلساردە

مسروی وا بی ناموس! چارە رەشی، بی بەختی لە اگەنت لاوە دەوری دەگرن دەپرسن وولاتی تو کوییە؟ توبوچی وولاتی خوت بەجی هیشتووە؟ لەترسی دوژمن لەگەر تو دوژمنت بوو دەبوو وولاتی خوت بپاریزیت.

کانی لەو پرسیارانەی بیست دلی دەشوی رەنگ و رووی دەچرژیو بەخوی دەلی: وای بومنی بی بەختو چارە رەش! لەی لاو دلی تو بی ناموسی وا قبول ناکا لازمە پیاوانە بی ترس و خوف خوت بهاویژیتە ژیر پیی وولات بورزگاری نیشتمان و بوزبانی خوت دەست لە پایداری و خەبات هەل مەگرە سینگی خوت بەپارەلی خو بو وولات وژن و منداڵ و خیرانت بکەمە تال

(آخا شیخ سەعید سالی ۱۹۲۵ دەر ئەسنایە(هیمن) بەزمانی لاوانی کورد خصوصا گەنجانی ـ ژ.ك ـ هاوار دەکاتە وولات و نیشتمانی آزیزو دەلی:

لەبو پاراستنو حفظی سنورت☆لەباتی مازینو سینگم قەلای تو)

رابن رابن ئەی لاوان آمادەی جەنگ بی دڵتان سست نەبی وای بو دلی ترسەنوك! وای بو ـو زەند و باسکانەی روژی هیرش سست دەبنو دینە لەرزین

دەبی زەوی ژیر پی تان و دیوی دوژمن رووبەرووتان لەآزایی ایوە بترسن و سست بین

دەبی دلتان پولایین و قایم بی بی بەمە تال بولان!

وەك منداڵانی دلتان بەدیزاوە نەبی مروی جوانمیر جاریك دەمری بو ترسنوك هەزاران جارا مردن؟ ناترس ناخوش و ناله دەلاتوو ژن و منداڵ، وولاتو ناموسی خوی دەگری و زبوکەلاکی بیکاری ژاویژیتە ناریکایی و چارەرەشی.

راوەستن! بابیگانان بەگولالان لەشەری نیشتمانانا هەل پنکوبیت ئوپیاوان رووی زەرد نا سینگی خوینین جیانە!

راوەستن! بلا خوینی سوورو گەرمتانلە سینگ جاری بی ئەندای خویناوی لاوێك دلاو میرگ و چیمەنی کوردستان دا لەناره بووکان جوانتر و زیبابیرە.

رابن رابن! شەرو کوشتن هیرش و هجوم زور زور لەراکردن و بی بەختی هاسانترە

«ویلترا هیرش بەرن لاوانی آزای کوردستان»

«دەست بەشیرو تفنگ وەك شیری نیر بەنعرە لی دان

وەك باپیرانی خومان ایمەش خوینمان گەرمە»

«نیشتمان بژی آزادبە ! ☆ ئەی آلای کوردستان بلیندبە»

کورانی راستی کوردستان رابن وا دەمی شەرە رابن بەمیرانی یزدان یاری لەمروی خودان ناموس و وەچاو نەبە ژمارەی دوژمن زورو بوری یان هیچ نیە هجوم بکەن لەزبانی خو ترسوو لەبی یادل خوش بن

آزادی و استقلالی وولات بەخت یاری و آسایشتی کوردی داماو گەورەیانی و ناوبانگی خوتان دەبن سیبەری مردنی ایوە دایە

ایمە تالاوی ژیردەستی و دیلی، ژەهراوی چارە سایی و مردنمان زور جار تام کردووەو نابی لی یان بترسین دایکی گەورە، نیشتمانی آزیز، کوردستانی خوشەویستمان بریندارە! دلمان پرخوین و اوا مان بوی بەپارە بی ترس و پیاوانە هەلمەت بەرن بو دوژمن دلنیابن ناکەوون!

پیاوی ترسەنوك مالی خو، وولاتی خو و ناموسی خوبان بە با دەدەن ایوە دەبی وولاتی خو وەزیتن کەس لە شەر بترسیو دەست لەناموسی خو بەربدا لەو کارە شەرێنو چاکەی بی ناکریت

**ئەمریکا — واشنتون**
**لەندەن**

لەوە هاواری هەموو کوردالەو لەو سی دەولەتە گەورانە کە بوورژگاربو خودبەختی گیتی بەدەردیین لاکورو بابو برای خویان بەکوشت دەدەن لاکورو بابو برای ئەلەو بچووکەکان یەك شادو شوکری زەوبوزاری کیلدراوو پر حاصلی خویان بەسووتان دەدەلو دەیکەنە بی شیل وەماڵو مندالی خویان برسی دەکەن لادەشتو کیوی بەیار و رەقو لەقی لەوان بیتە کیلگەو بی خوێت لەبو کورو کالیان لیرو لەسە زبن ! لەو هەموو کارخانە گەورەو [redacted]شك و بالەخانە رازاوەو آوەدانانەی خویان دەکەنە لیشانگەی بومبو توپ آوور ، وەبە لیکدانو ویران بوونی د دەن ، بەکەم بەرگی و بی خالوویی میللەلی خویان راضی دەبن لادەزگای جولابی وخەرەکو آشی لەوان بەآرای بگەریو جاو و بووزووو آردی وورد بو بەرگ و خواردەمەلی لەوان ساز بکاو بە کوك و پوشەنی ودل خوشی دەکوخ وخانوە ئەویو بچووکەی خویا لدابژین.

لەورەوو شتە لای زوورووی پیاوەلی و السانیت وبشرێتەو دەبی بینە سەرمەتلی هەموو دەستوریوبك .

خەلو خو رازالد ئەوەی پیاوان آکاری چاکەنەلو بگرەو بەردەو زبروزبوەرو دیمەنی چاللو دلو دەروو لی ئیس وخراپ لەو سی دەولەتە گەورانە بریاریان داوە هەر بەچاویك ئەماشای گشت ئەتەوەکان بکەنو نەهیلن زوردار بیزور بخوا ، هیزدار بی هیزقووت نداو آزادی و سەر بەخوبی بە تەواوی ئەتەوەکان ببەخشن.

[redacted]وردیش کە یەکیك لە گەلانی بەش خوراوو زور لی کراوە لەسەر لەو بریارە لە آزادیو سەربەستی و رزگاری خوی دل لیا یەوەعیندەی هەمەیو دونیا بەم بریارە دل خوشەو دلناری پیرە دەکا : چوڵاو هیچ میللەلی

آ : ك . ع م ر و ١٧

وا زیر چەپرکەو سووکو جرووکو بەش خوراو نەبوە.

دراوسیکانی ایمە ( تورك ،عەرەب وفارس ) ایمەیان لەناو خویاندا بەش کردوەو بەچاوی دیلی و بەخسیری لەمادامان دەکەن وهیچ چاکیکمان پیرەوا نابینو لەهیچ خراپیك دەرپارەمان خو ناپار بزن

بو لەوەی وورد ووردە لە ناو خویاندا بمان تویتنە ناپەلی بەزمانی خو مان تحو بنیں و بووسین لەلالەت لە فرلاپەدانەکاندا دەبی آخاونیتیان بە زمانی وان بی ، ناپەلی خو بە حو ریك بکەوین ، ئەگەر دوو کەس پیکەوە [redacted]ربینەوە بە ناوی سیاسەت دەمان گرن و دەمان کوژن

خەریکن لەلای ایوە کە ربیاري زيالی سەر بەحوتان برهەموو نەتەوییکی بچووك داوە رەگەزمان بەرنەوە سەرخویان : بۆ ( تورك ، عەرەب و فارس ) مان بیاسن تا هاوار مان لەگالە پینگای عەدالەتی ایوە .

خو ایوەش دەزانن دیزوش گەوایی دەدا کە کورد لەتەوەیکی جیاوازو بە ئامالیکی سەر بەخویو پاکە نە عەرەب ، نە تورکو نە فارسە تەدەش بنە هیچ یەك لەوانە

کور ابە هیچ باریك لەو نەتەوانەی کە دەزیر سایەی ایوەدا آزادو مستقل دەزیی کەمتر نین تکامان وایە ایمەش لە فەرمانی ز هەل ناوبرن وەزیاد لەو هەموو امانەوە گەورەو بچووکانە کوردان دل دکاوو ..ە رگ ابراو نەکەنو آهو زوولەی لەو هەموو زن و مندالە بی کەس و هەزارانە مەهینە سەر حوتان لەوەندەش سران ، عەرەب و تورك و فارسە کابنیان ئی بکەهینی کە کورد چاویان کراوەتە وەو دەزانن زەمانی بەخسیریو بەندەیی نەماوە، لەو دەمەوو شەرو [redacted]نارە لە پیناو ووتەی





**شیخ یوسف**
**شمس الدین البرهانی**

«چەندیك لەمەوپیش بەسەرا هالیکی دوورو دریژی آغم ذالەم لوو سیبوسوەو پیشکەشی ادارەی ناوەندیم کرد بو تا بو چاپ بی لورلە دایرەی چاپەکانی کو مەلە بەلام عینی رسالە یان بو ردە کردمەوە تا چاویکی آری پی دا بخشینم ایستا خەریکسی آەو کارەم بەلام تا حاضر بوونی بە سەراهالی مفصلی شیخ چەند دیریك دەر بارەی ژیانی لەم ذالە دەاوو سم»

کەمهری گەورەی رەواندز لە داگیر کردنی وولا تانی (سوماو برادوست )بوەوە (١٢٣١هـ) وەوولاتی لاجان دا دەگەراوە رەواندز، بەگوندی (نەلوس)دا کە گوندێکی زل و دارای قەلائیکی بلیندبراد ،رد خەلکی أەم گو ند کە بە «بەگزادەی لیتمان» کردبوو پییان وابوو میر شکاوە

پیروزی ( رزگاری-آزادی)یەو تازە ناچنەوە زیر بارە آغاو نوکەری هیچ کەر ! هەرکەس بە لەمای داگیر کرد ـلی [redacted]وردستان بی لازمە سەرو لەشی سەربازانی خوی و [redacted]وردان بکاتە پردەباز و [redacted]تی تالە زر-پەی خوینی خویو کوردان بەریتەوە بەری کوردستانی گەورە.

[redacted]ورد گەلیکی گەورە ، دارای وولاتیکی گەورە ی پر خیر و بەرەکەتە کەبەخوین گیراوەو پاریزراوە

رستەیێکی کوردی هەیە کە هەموو کورد باوەریان پی هەیە و دەلین ؛ دزین وەك لی یان کردوتە هەرا واخوش نیە ، مردنیش وەك لی یان کردوتە هەرا وا ناخوش نیە .

پیداویستە (عەرەب، تورك و فارس ) ەکان چاك بیر لە داوای میللی ایمە (کوردان) بکەنەوەو چی زیـ[redacted] خومان لی گیل نەکەنو لی مان نەبنە (ووشتری ناو پەمیو) دەستی ایمەو داوینی ایوە ! لەی حکوومەتە گەورەو داد پەروەرەکانی گیتی

آ :ل . ب ـ ل ؛م . ش.هیمن هە

و بە شیرزەیی هاتونەوە دەستیان کردە گەپ پی دان و « قەبو،قەبو » یان لی داناوە ! میر رلی هە لسا گەراوە کوشتاریکی زلی لی کردن، نەبازنیك بە کوریکی ساوای مەمك مژ دەرە رزگاری بوو بو لای (سابلاخ) هەلات لە گوندی (عیسا کەند) جیگیر بوو کورەکەی (ووسو)بە خیو کرد تا گەورەبوو کرا بە گویلکە وانی (آغا) بەلام (ووسو) کە دیتبووی لە مزگەوتی، فەقییان دە خوینن ئەویش آرەزووی خویندنی کرد ، هەموو بەهانیك دە چوەو کن مەلای آوەدانی دەرسی دەخویند تا بیتە ( مەلا) .

«آغا» کە زانی «ووسو» دەرسی دەخوینی بانگی کردو لیی توورە بوو کووتی:«ئەگەر جاریکی دیکە بزانم دەرست خویندوە دەتکوژم » بەلام هەرەشەی آغا گیانی پاکی «ووسو»ی لەخویندن نەگیراوەو اجا زەی لە دایکی وەرگرت رو یشتە شاری «سابلاخ» لەمزگەوتی «روستەم بەگ» دەستی بەخویندن کرد،چەندیك علوومی دینی خویند پاشان سەودای تصوفی کەوتەمیشکی وەکو دەگیرنەوە خەو نیك دەبینی یی-ی دەلین وەرە شیخ عثمان بانگت دەکا ، ئەویش لە بەرسادەیی خوی وا دەزالیت شیخ فقط لەمکە،ئەز«مدینە»ی دەبی دەست دەداتە گوچان و تووریتی نان و ملی ریگادەگریت

نازالم لە چی شاریکی کوردستانی عراق پیاویك پرسیاری لی دەکا : «بو کوی دەچی ؟» وەلامی دەداتەوە دەلی : «دەچم بو(مکە)ی خذمەت شیخ عثمان »کابرا پیـ دەکەنیو دەلی : « لەقی ! شیخ عثمان وا لە «طەویلە» أەو لیزیك بونەوەی ریگا دلخوشیك بو ( ووسو ) ساز دە کا ریگای طەویلە دەگریتە پیش دە خذ مت حضرەتی شیخ عثمان«سراج الدین»دا تاچند سال ریاضت دەکیشیت پاشان

## ☆(قەومی کورد لایقی ژیانە!) ☆

آ : ل ، ب ؛ م ، آ ر ٣٦

بی‌گومان بوونی نەتەوەی کورد لەچەرخی ههما پو رجەچژی (اثباتی) نەمریی أمم رولە آزاو زر پتگەی رەگەزی «آری» دەلیلیکی گەورەو بەهیزەو هەر وەها پیشان دەدا لەوەو دواش (کورد) بو ژیان لیاقتی هەیە

زور میللەتی هیز دار وگەلیك حکومتی زلی وا بوون کە بو مانەوەو نەمردنی خویان لەوەندە لی کوشا وون تا بەجاریك لەناو چوونو پووچ بوونەوە پاش گەل بەلەتەوێکی لەخویان جیاواز بوون ! بەلام کورد دەگەل

لەو هەموو موانع و بەرهە لستانەش کە دوژمنانی بویان سازکردوە بەهوی زانایاوو بلیمەتانی خوی بەرانبەر سورانی چەرخی زەمان هیرانە زاوەستاوەو لافاوی روزگار نەیتوانیوە لەناوی بابات .

هەر لاپەرەیکی لە دیروکدا هەلبدەیتەوە بەزمانی بی‌دەنگی بوت دەگیریتەوە کە لە قرونی پیشوو دا کورد چەند حکوومەتی گەورەیان بنیاد ناوەو لەم دوا ! نەشدا کە کورد دە ژیر پەیداغی دەولەتی عثمانی دا ژیاوون وە نەبی بەزوری شمشیر ملوان بو أمم دەولەتە کەچ کردبی بەلکو حکوومەتی عثمانی کە أدو دەمی بەناوی (خەلافەتی اسلام) ەوە ادارە دەکرا أمەوانی بانگ کردە ژیر پەیداغی اسلام ! کوردی بەستەزمانیش کە دلیکی سادە و پاك وخاوینی هەیە هەموو کەس وەکو خوی دەزانی بو پێشکەوتنی کاروباری اسلام ملی بو جەزانی خەلیفە ! کەچ کرد ، ایتر خو نهینی دلی خەلکیش کوردی سادەو دل پاك بەجیی خوی نەنەوە پیشکەوتوکانیش زور کەی لی دەگەن کورد وای دەزانی خەلیفە ! سیبەری خوایە لەسەر زەوی هەر کەس لەفەرمانی دەرچیت خوا دەی پاتە جەهەنەم ! ایدی نەیدەزانی لەدوایی دا دەستی دەگریت بەزاخا ، هەموو ریوو شوینیکی کوردایەتی‌ لی مەنع دەکریت ، کوفتی برینیکی بی‌مانەندی لی دەخری و هەموو حقوقیکی لی‌غەصب دەکەن.



٥٥٥ -

لەلایەن لەم ذاتە معظمە فەرمانی ارشادی بو موکوریان دەدریتی پارانەوەو تکای زور بتی نەیتسوانی بلری لەم وەظیفە بورسە . لەسەرشانی (ووسمو) یا وەکو جعفرەلی سراج‌الدین فەرموویانە «مەلاو ووبەو ەی لاپەریت بەناچاری دیتە موکوریان ئە گوندی (بورهان) دادەنیشت مەشهور دوایی بە (شمس‌الدین البرهانی)! دوای چەند سالیك دەچیتە گوندی «شەرەف کەندە» لەزەو یکی بی کەلك خانەقایك بنا دەنێو دەست دەکا بە ارشاد ! لەسالی ١٣٢٨ ـ ە دەتەمەنی ٩٧ سالی دا لەم جیگایە وەفاتی کردو حو ـ نیژراوە

شیخ یوسف پیناوچکی زور ـ متعصب بووە بو قوی کورد ـ هەمیشە بەکوردیکی پەتی دواوە ، بەفەرمانی لوم ذاتە مقدسە گەلیك کتیبی شەرعی وەکو (ابن‌حجر) لە لایەن مەلاکانەوە کراوەتە کوردی ، مال وبراو نەیتوانیوە هیز بخاتە سەر میشکی ، دەولەمەند وهەژار لە بەر چاوی وەکوو یەك بووە خوای لی خوش بی.



## هـــاوار !

آ : ل ، ب ! م . ش آ ذەر ٨٣٦

پیگەیە لەبەر کەسیك کە وەك درکو دالی نەگەت بە رەوبو رازی کوردستاندا بلاو بووەتەوەو وا دراتی هەموو مندرانی لەوی کورد بەدەست وانەوەیە ، لارم نیە باسی داستوانی ئەوی کوردستان بکەم پیش چاوی خو بدەوا رانی خوی وابی جراکو جارەکانی میللی کورد ایمرو لە سەیەمی . بەر هەنو و میللەتانی رووی زەوی دەرانی ... قەومی کورد بەروری کەم و گەورەو چوك لە ... هەلساوی وەلیەی وجدانی خویان ... وون

روزگاری پیشوو دەرسی عیبرەت بوو ایتر کورد ... ووو دەماسە وفروقیانی هیچ کەس نا بیت بەتیا ناخیی راسپو حەایەیە .

... دایکی نیشتمان کە بە چاوی فرمیسکاوی بو دالی ... لە سەرە مەرگا دەلالاوە بە جاریك کوردی خەوا لووی ... ووسەودای حوورگار کردنی لەمیشکی گشت مورانی کورد دا بە حطیکی نورانی هەلکەند ، کوردی بلاو بالی ریك داو پەردەی رەشی دوو بەرەکیو نفاق بەدەستی ... رووی ... لە رووی کوردستان لادرا ، سەرەنجام ... بامەرگ یارزگاری ، نوێ ... زمانی هەموو کوردیك

... هاواری من لەدەست لەو کەسانەیە کە پەردە ... بەسەر چاو یان کشاوەو ... دوزمان ... کوردستان خەریکی ... کردنی فعالیتی گەنجان

تمانە هەلحەلەناوی دروو دەلەسەی دو زمانی دراو کاسی ... زور چاك دەرانی ئەگەر ئەو جار کورد بە هەواوی آزاد بکریت بوخویان لە هەموو کەس

زیاتر ئالاوی ژیردەستیان بە گەرووی دادەگریت جوتکو کەسیك بە ضدی مصالحی میللەتی خوی وە نەنیابو خاطر منافی شخصیە خزمەتی بیگانە بکا هەمیشە سووك و چروك و رەذیلو سەفیلە ، لە مەوقعی مناسبدا رەوانەی مردنی دەکەن نەوەك خەیانەت بەواتی بکات :

لەو گلەیی هاوارەش ناپی بینە واسطەی خو لی گوورانی لەوانەی رووی قەبیان لی گراوەو وا بزانن کە ووجوودیان بو ژیانی نەتەوەی کورد و دوا روژی کوردستان دا چاکەو خراپەی لی دەوەشینە وە نەز یانە هەرگیز نابی لەو خەیال پلاوانە بەر موون ! دواروژی هەموو میللەتیك مربروط بە کوشش و خەباتی لاوانی لەم قەومەیە هەروەها مندرانی کوردو کوردستان بە دەست گەنجانی بە غیرەتو نامووسە کەلە هەموو شوینیکی وولات پالیان ریك داوەو شیرانەو میرانە بو بەرزیتی قەومی کورد و رزگاری کوردستان بەگیانو دل ئیدە کوشن ، هەر چی کوششیك لەمقابل خەباتی ئەوان دا بکریت بە فیرو دەچیو هەر تیریك بو لەو آمانجە پرتاو بکرە وە سوبەری عزم و ارادەی آسنینی لاوانی نیشتمان پەروەر دەکەوێو دەگەریتەوە بو سینەی پر کینەی تیر لەئنداری بەدکار .

ایمەلە رووی دلسوزی کوردایەتیوە آموژگاریان دەکەین کە لەم ریگا خوارەی گرتوویانە بگەرینەوەو ریگای راستی بگرنە پیش تا لەدوایی‌دا خەجالەت نەبنەوە و پەشیمانی نەکیشن کە بی‌کەلکو سوود دەمێنێتەوە

ـــــــ ٥٥٥ ـــــــ

کورد لەوەندکوردن بە حەد شەیطان لەکوردی ناکەوون أیکە خەلکی بوچی ! بو خو دەردی سەر پەیدا دەکەن



هەر کەس جنێو بدابە کەسێك بێ ـ ی دەلی برو
بی غیرەتیت وەکوو ژنی دەر پێت ژنا نە بی
کوانی لە گیتیا وەکوو لەو دوو کچە کوریك
بو نیشتمان لە داری سیاسەت نیشا نە بی !
لەو دیو لە مە بوون بە فیدای نیشتمانی کورد
لەی خوزگە بەو کورەی وەکو لەو دوو کچا نە بی





❁❁ ئەو آگایانەی لە عراق و ایران بومان هاتوە نیشان دەدەن ئەو دوو حکومەتە

دیکتاتور و استعماریانە لە پێشکەوتنی کومەلەی (ژ.ك) و بلاو بوونەوەی کوواری نیشتمان کەوتوونە ترس و لرزەوە ؛ بو پێشگیری عملیاتی ئیمە بریاریان داوە نەهێلن « نیشتمان » دەر بچێت لە شارانی : هەولێر ، سلیمانی ، بەغدا ، کرماشان و سنە ، چاپخانەکانیان پشکنیوە بالیوزی ایران لە « بەغدا » راستەخو نامەیێکی بو حاکمی یەکێك لە شارانی ایران نووسیوە کە گویا ناوچەی « ژ.ك » و ادارەخانەی نیشتمان لەم شارەیە لازمە کەشف و پێشی بگیرێت کوواری خوشەویستی گەلاوێژ کە بە پوستە بو ایران دەچوو لە لایەن « پوستە »ی ایرانەوە ردی کرەوە ، لە مقابلی ئەم کارە پەستەی حکوومەتی ایران ایستا (پوستەی « ژ.ك ») بو زور شارانی کوردستانی ایران گەلاوێژ ، نیشتمان ، روژنامەی ورو ناهی دەبا و ارتباطی نیوان دوو پارچەی کوردستان حیفظ دەکات .

لەگەر حکوومەتانی ایران و عراق بە عملیاتی ئیمە راضی نین لازمە دەگەل حکوومەتی استعماری تورکیا بو جرا کردنی پەیمانی شوومی (سەعدآباد) وکنفرانسێك بگرن اما لازمە لە پێشدا بزانن دونیای آزادی ئەمرو بو ئەم کارە کە وینە یەکە لە رێ و شوێنی فاشیستە نەگریسەکان اجازەیان دەدا ؟!!

❁❁ هێندێك لە ئەندامان دەسیاوی صندووقی کومەلەیان کردوە نیو و مەبلەغێکی داویانە دە دوایی کوواره‌کەماندا دەینووسین

❁❁❁

> کەسانێکی نووسراو و هەلبەستمان بود ەنێرن لازمە لە سەر روویێکی کاغەذ بە ئەندازەی لاپەرەی ئەم ژمارە بە پاك و خاوێنی بینووسن ؛ نیوو نیشان و ژمارەی ئەندامەتی ، جێگای دانیشتن و تەشکیلاتی کومەلیان زور چاك لە سەرەوەی نووسراوە کە دا دەرج بکرێت
> گەرینەندەی چاپەکانی کومەلەی « ژ . ك » ع . بیژەن ـ ٢

لاپەڕەی ١٢ — نیشتمان — ژمارە ٩،٨،٧

# ئاشتی

- لە گیتی دا بە هۆی ڕێ و شوێنی مرۆڤی پایدار نابیت پێویستە
پەنا ببرێتە بەر قانوونێکی یەزدانی و ئاسمانی

آ : ل ، پ ؛ ا . ا . رۆژی ٢٤

زۆر چاك دەزانین لەو ڕۆژەوە كە گیتی دروست كراوەو باوك آدەم لە بەر گەنم خواردن فڕێدرایە سەر زەوی جەنگ و آزاوەو پێوی لە ناو آدەمیزادەوە نەبڕاوەتەوە یەكەم جار «قابیل» «هابیل»ی كوشتو ڕێی براكوشتنی پەیدا كرد بەم جۆرە تا ئیمڕۆ و دوای یەك زۆر هەڵكەوت (حادثە)مان پەیدان دەدا كە هەر یەكەی چەند سالێك گیتی شلەژاندوە و هەردوو پی خستووە داماو بو زەبوو ئیوە؛ لە لە تجابی هەر جەنگێك دا بو ڕێكیو آشتیكی هەمیشەیی هێندێك ڕێ و شوێن دانراوە بەلام هیچ كامێكیان نەیان توانیوە تا سەر لەم آرەزووە پیك بهێنن لەوانەیە «عصبة الامم»ی جەنگی ڕابردوو ش كە زۆر كەسی پی دڵ نیا بوو لەم جەنگەی ایستای بو بەربەست نەكرا.

لەمن لەگێم وایە هەر وەكوو قوانینی بەری تا ئیمڕو نەیان توانیوە آسایشت و خوشی لە گیتی دابلاو بكەنەوە لەمەو دواش لەو كەڵكەیان لی وەر ناگیریت ،چونكوو دەستووریكی مرۆك (بشر) دانی بنێ عەدالەت و دادی یان تەواو تیدا نابێت یان لیشی دابی بەلەواوی اجرا ناكریت حەقی یەكێك دەدری بە یەكیكی دیكە اینجا گلەیی لەناوا پەیدا دەبیو جەنگ و شەرو شووز لە هەموو گیتی دا هەڵ دایسیت ،دوور لەچین لەم كوردستانەی خومان كە سیاسەتی استعمار خستوویە نە ژیر چەنگالی جەورو ستەمی دەوڵەتانی تورکیا ، ایران و عراقی هیچو پووچ !چاوی وورە بینی دونیای متمدن گەوایەكە ماوەیەكی زۆر دریژە هیچ كامێك لەم حكوومەتانە نانی ڕەحمەتیان نەخواردووەو دایما لە گوشەیێكی كوردستاندا آگری هەڵو نعورەت گری بو آسمان بەرز بووەو گەلیك زیانی مالی وگیانی لەم دەوڵەتە نەگرتیانە داوە بوچی !؟ لەبەر ئەوەی كورد هەستی بە مظلوومی خوی كردووەو دەیەوێت خو ڕزگار بكات.

لەم چەند دێڕانەی سەرەوە چاك دەر دەكەوی كە هەر قانونێك بشر دای بنێ بو آشتی و صلحی گیتی كفایت نیە ، جا بویە دەبی پەنا ببرێتە بەر دەستووریكی آسمانی و یەزدانی ، من لەم بابەتەوە پیم وایە لە نیوان دەستوورەكانی آسمانی دا بو بلاو كرنەوەی عدالت و خوشی لە گیتی دا هیچیان ناگەنە ( دەستووری اسلام)، لەژمارەكانی دیكەدا لەم موضوعە بە دریژی دەدویم :



لاپەڕەی ١٢ — نیشتمان — ژمارە ٩،٨،٧

# بروون : بروون

آ : ل . پ ؛ م . ه . ڕووح — ١١

ایرە كوردستانە — ایرە نیشتمانی خوشەویستی مەیە : ایرە بە خوینی گەنی و پاكی لاوانی كوورد كردراوە — و لە لایەن باپیرەكانیانەوە داگیر كراوە — ایرە بە زوری پاسكی كوردان آوەدان كراوەتەوە — ایرە مالی كووردە،و بە میرات بوی بەجی ماوە لە دی لە و دراوسیی ظالمانە : لەو بیگانە خوێن مژانە ایرە دا ،چ دەكەن چیان لە گیانی مە دەوی : بودەستمان لی هەڵناگرن .

مەگەر هیشتا چاوتان تیر نەبووە هیشتا هەر بەهەوسیان وەك جاران لە و خاكە پڕ پیت و بە پیزەوەی كوردوستان ولە و زە و زاری زار و هەنگاوتان بە پرشتانەی ایمە كەلك بەستینن بو بو خوتان،لە برسان بكوژن — نوبە مەگەر بە نەمان لە وەش زیاتر آزار و جازرە بەمان بدەن — بوچما دەیانەوی دیسان هەلمان بخەلەتینن و بە درو و دەلەسەو زمانی شیرین بمان لاویننەوەو بمان كەنەوە بە دیل و ژیر چەپوكەی خویان .

نا نا . دەبی لەی بیرانە لە سەری خوتان وەدەرنێن : خراهی و نەخراهی بزانن كە دونیای ئەورو دونیای زور و استبداد نیە : كوردیش لە خەوی نەزانی ڕاپەڕیوە : و چاو و گوی كراوەتەوە و ئەوان تازە نا توانن ظلمی لی بكەن و حەقی بخون .

بە لیبراوی و ڕاستی پیتان دەلیم — تازە زۆر دژوارە ئەوان بتوانن لە سەر كوردوستان حكمڕانی و لە سەر كوورد آغایەتی بكەن .

ایمە ایتر لە نوكەری و ژیر دەستی جارز اربین و حاضر نین چیدیكە نوكەری وان بكەین و دەمانەوی لەوەی پاش آزاد و سەربەست لە نیشتمانەكەی خوماندا بژین .لەی بیگانە خوین مژەكان : بروون : بروون و لیمان گەڕێن با ایمەش وەك نەتەوەكانی دیكەی گیتی لە آزادی ودیموكراتی بەش دار بین .

بروون بروون و دلنیابن تازە نەتەوەی كوردنایە نەوە ژیر باری ظلم واستبدادی ایوە و هیچ كووردیك حاضر نیە چیدی ژیر دەستی بكا .

دەردی دەروون !

## دمەتەقەیەکی دوو کەسی !

بایز — لەهوی مام باپیر خەرارە هرە
باپیر — دووشاخەت لی دا چت دەوی کورە
بایز — آی لەم کابرایە بوچ وا توورەیە !
گویت لی بی قسەی حسابیم دەبێ
باپیر — دەها گویم لیە توچت بستووە ؟
بایز — چم دەگوت ، بەکوو لە بیرم چووە
باپیر — هەناووت رەش بی چە ووریاو زیری
جا چون پیاو قسەی دەچی لە بیری ؟
بایز — ئیم توورەمە باب و باپیرم
راوەستە لەوا هاتەوە بیرم
دووبنی لەو دەمەی لە لای آغا بووم
باپیر — دەگەلت چون بوو ؟ ( بایز ) والله دا ینا بیرم
باپیر — آغا گەلگی وا بە احترامە !
خەبری وەکو تو دابنی مامە
بایز — بەکویری چاوت دایانم لە لای خوی
بومنی دانا ! کە چاش هات لە بوی
باپیر — چاکە ، چی دەگوت - ( بایز ) دەیگووت دەفەقیرە
بایز — ئەری تو - و ئەم مام باپیرە
دەخەرکەمان و بوچی کیشاووم
بوچ بە خورایی پیس دەکەن ناوەم
چە سووچم هەیە تاوانم چیە ؟
خومن بو ئیوە ژیانم نیە
وازم لی بینن وازو لی دینم
قەولوو پی دەدەم قەندی لە ستینم »
باپیر — ئەری تو لە جواب چت گوت بایز پی - ی
بایز — گوتم آغا گیان ئەگەر راست دەلی - ی
بە قەند و کووتال شەرەف مەفروشە
لە بو آزادی کورداو لی کوشە
بەمنو مام باپیر پیت دەکەین دوعا
دەلین یارەبی هەر بژی آغا
کە دەست هەل نەگری هەر هەجووت دەکەین
بە ( دمەتەقە ) آبروت دەبەین
باپیر — هەی بارك الله آفەرین لاوە
وەبالبە لەستوم چاکت جواب داوە
گەنم بفروشی هیچ مەخو غەمی
لەو کە وا شرەی خومت دەدەمی
بایز — خودا دووژمنمان فەوت وفەنا کا
لە من و لە تو ، آغاشمان چاکا





## یا سەربەستی یا مردن !

م . نادری ٧٦

برایانی خوشەویست [illegible]

[illegible] دەمە [illegible] جەنگی عالەمگیر خاموش [illegible] کوردستان هەر کەس بە مەیلو مرای [illegible] راستی دور دەستەونەوە بە [illegible] چونکە روز ناخوینە بە چاوی [illegible] بیتی [illegible] ئازادی [illegible] نەدەی .

